حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی مێژوو

# پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدارانی
# کورد و مەسیحییەکان لە سەدەکانی (٤-٧ك/١٠-١٣ز)

## (لێکۆڵینەوەیەکە لە پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکان)

**نامەی ماستەرە لەلایەن:**

**نهاد جلال حبیب الله**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی مێژوو/ پسپۆڕیی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست

بە سەرپەرشتی:

**پرۆفیسۆر د. ئاراس فەریق زەینەڵ**

٢٧٢٢ کوردی ٢٠٢٣ زاینی ١٤٤٤ کۆچی

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەی خوێندکار (نهاد جلال حبیب الله) بە ناونیشانی (پەیوەندی نێوان دەسەلاتدارانی کورد و مەسیحییەکان لە سەدەکانی (٤-٧ک/١٠-١٣ز) (لێکۆلینەوەیەکە لە پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکان)) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بروانامەی ماستەر لە زانستی مێژوو لە پسپۆڕیی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەلسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار: د.ئاراس فەریق زەینەل

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

ڕێکەوت: ٥ / ١ / ٢٠٢٣

بە پێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەلسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو: پ.د.پشکۆ حمەطاهر عبدالرحمن

سەرۆکی بەشی (مێژوو).

ڕێکەوت: ٥ / ١ / ٢٠٢٣



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەی خوێندکار (نهاد جلال حبیب الله) بە ناونیشانی (پەیوەندی نێوان دەسەڵاتدارانی کورد و مەسیحییەکان لە سەدەکانی (٤-٧ک/١٠-١٣ز) (لێکۆڵینەوەیەکە لە پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکان)) مان خوێندەوە. گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کردووە، بڕیارمان دا بە پلەی (            ) بڕوانامەی (ماستەر)ی لە (مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست) پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو: د. کەیوان ئازاد ئەنوەر
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت:٢٨/ ٣/ ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: د. حەمزە کاکەیاسین
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت: ٢٢/ ٧/ ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: د. مهدی عثمان حسین
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
ڕێکەوت: ٢٢/ ٧/ ٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: د. ئاراس فەریق زەینەڵ
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: ٢٢/ ٧/ ٢٠٢٣

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی-پەسەند کرا.

واژۆ:
ناو: پ. یاریدەدەر د. پاڤێ جەمیل ئەحمەد
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
ڕێکەوت: ٤/ ٩/ ٢٠٢٣



الممسوحة ضوئيا بـ CamScanner

## پێشکەشە بە

- دایکی ئازیزم، برا و خوشکەکانم، هاوسەر و منداڵەکانم، هاوڕێ و خۆشەویستانم.
- هەموو ئەو مامۆستایانەی لە سەرەتای ژیانمەوە هەتا ئەمڕۆ بوونەتە چرای ڕووناکیی ڕێم.
- هەر کەسێک وێڵیی ڕاستییە و لای پەسەندە.

## سوپاس و پێزانین


- سوپاسی سەرپەرشتیاری بەڕێزمان (پ.د. ئاراس فەریق زەینەڵ) دەکەین کە لە ماوەی نووسینی ئەم نامەیەدا بەردەوام ڕێنیشاندەر و هاوکار و پشتیوانمان بوو.
- سوپاسی سەرجەم مامۆستایان و سەرۆکایەتی بەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی دەکەین.
- سوپاسی هەموو ئەو دۆست و برا و خوشکانە دەکەین کە لە ماوەی رابردوودا هاوکارمان بوون بۆ تەواوکردنی ئەم توێژینەوەیە.

# ليستى هێما و كورتكراوەكان

| | |
|---|---|
| ب | بەرگى |
| ز | زايينى |
| چ | چاپ |
| ک | کۆچى |
| ل | لاپەڕە |
| ل ل | لاپەڕەكانى |
| و | وەرگێڕانى |
| ت | توفي |
| تح | تحقيق |
| تر | ترجمة |
| ج | الجزء |
| مج | المجلد |
| د. | الدكتور |
| ص | الصفحة |
| ص ص | الصفحات |
| ط | الطبعة |
| م | السنة الميلادية |
| هـ .ش | السنة الهجرية الشمسية |
| Page | P |

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پێشەكی | ١ |
| بەشی یەكەم: دەسەڵاتە كوردی و مەسیحییەكان لە سەدەكانی )٤-٦ك/١٠-١٢ز) | ٧-٤٥ |
| دەسەڵاتە مەسیحییەكان | ٧ |
| باسی یەكەم: دەسەڵاتە كوردییەكان لە سەدەكانی(٤-٦ك/١٠-١٢ز) | ٨ |
| تەوەرەی یەكەم: دەیسەمی كوردیی (٣٢٦ - ٣٤٥ك/ ٩٣٧ - ٩٥٦ز) | ٨ |
| تەوەری دووەم: شەدادیەكان (٣٤٠- ٤٦٨ك/ ٩٥١- ١٠٧٥ز) | ١١ |
| تەوەری سێیەم: میرنشینی ڕەوادیی (٣٣٧-٤٦٣ك/ ٩٤٨-١٠٧١ز) | ١٤ |
| تەوەرەی چوارەم: میرنشینی دۆستەكی -مەڕوانی- (٣٧٣-٤٨٩ك/ ٩٨٣-١٠٩٦ز) | ١٦ |
| تەوەری پێنجەم: ئەیووبییەكان | ١٩ |
| باسی دووەم: دەسەڵاتە مەسیحییەكان | ٢٣ |
| تەوەری یەكەم: ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی | ٢٣ |
| تەوەری دووەم: ئەرمەنەكان | ٢٦ |
| تەوەری سێیەم: جۆرجیەكان | ٢٩ |
| تەوەری چوارەم: لان و رووسەكان | ٣٣ |
| تەوەری پێنجەم: ئەرمەنستانی بچووک | ٣٦ |
| تەوەری شەشەم: خاچییەكان | ٣٩ |
| بەشی دووەم: پەیوەندیی دەیسەم و شەدادیەكان لەگەڵ هێزە مەسیحییەكان | ٤٦-٨٠ |
| باسی یەكەم: پەیوەندیی دەیسەم و شەدادیەكان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەرمەنستان | ٤٧ |
| تەوەری یەكەم: پەیوەندیی دەیسەم لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەرمەنستان | ٤٧ |
| تەوەری دووەم: پەیوەندیی شەدادیەكان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەرمەنستان هەتا سەردەمی شاوری كوڕی فەزلۆون | ٥١ |
| تەوەری سێیەم: پەیوەندیی شەدادیەكان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەرمەنستان لە سەردەمی شاوری كوڕی فەزلوونەوە هەتا رووخانی میرنشینەكە | ٥٨ |
| باسی دووەم: پەیوەندیی شەدادیەكان لەگەڵ لان و رووس و جۆرجی و بیزەنتییەكان | ٦٥ |

| | |
|---|---|
| تەوەری یەکەم: پەیوەندی نێوان شەدادییەکان و لان و رووسەکان | ٦٥ |
| تەوەری دووەم: پەیوەندییەکانی شەدادی و جۆرجییەکان | ٦٧ |
| تەوەری سێیەم: پەیوەندیی شەدادی و بیزەنتییەکان | ٧٤ |
| بەشی سێیەم: پەیوەندیی رەوادی و مەڕوانییەکان لەگەڵ دەسەڵاتە مەسیحییەکان | ٨١-١٠١ |
| باسی یەکەم: پەیوەندیی رەوادییەکان لەگەڵ دەسەڵاتە مەسیحییەکان | ٨٢ |
| تەوەری یەکەم: پەیوەندیی رەوادی و هێزە مەسیحییەکان لە سەردەمی میر موحەممەد و ئەبولهەیجای کوڕیدا | ٨٢ |
| تەوەری دووەم: پەیوەندییەکانی رەوادی و هێزە مەسیحییەکان لە سەردەمی میر مەملان و میر وەهسوزاندا | ٨٥ |
| تەوەری سێیەم: پەیوەندیی نێوان رەوادی و بیزەنتییەکان | ٨٨ |
| باسی دووەم: پەیوەندیی مەڕوانیەکان (٣٧٣-٤٨٩ک/٩٨٣-١٠٩٦ز) لەگەڵ دەسەڵاتە مەسیحییەکان | ٩٠ |
| تەوەرەی یەکەم: پەیوەندیی میرنشینی مەڕوانی و ئەرمەنستان و جۆرجیەکان | ٩٠ |
| تەوەری دووەم: پەیوەندیی دۆستەکیی- مەڕوانی و بیزەنتییەکان | ٩٤ |
| بەشی چوارەم: پەیوەندیی نێوان ئەیووبییەکان و خاچییەکان | ١٠٢-١٣٩ |
| باسی یەکەم: بەریەککەوتنی نێوان ئەیووبی و خاچییەکان هەتا مردنی سەلاحەدین | ١٠٣ |
| تەوەری یەکەم: بەریەککەوتنی ئەیووبی و خاچییەکان لە سەردەمی زەنگییەکاندا | ١٠٣ |
| تەوەری دووەم: بەریەککەوتنی ئەیووبی و خاچییەکان هەتا سێیەم هەڵمەتی خاچییەکان | ١١٠ |
| تەوەری سێیەم: سێیەم هەڵمەتی خاچییەکان (٥٨٥ک/١١٨٩ز) | ١١٩ |
| باسی دووەم: بەریەککەوتنی ئەیووبی و خاچییەکان لە دوای سەلاحەدینەوە | ١٢٥ |
| تەوەری یەکەم: لەدوای سەلاحەدینەوە هەتا هەڵمەتی شەشەمی خاچییەکان (٥٨٩-٦٢٢ک/١١٩٣- ١٢٢٤ز) | ١٢٥ |
| تەوەری دووەم: هەڵمەتی شەشەمی خاچییەکان (٦٢٢ک/ ١٢٢٤ز) | ١٣٢ |
| تەوەری سێیەم: هەڵمەتی حەوتەمی خاچییەکان | ١٣٦ |
| بەشی پێنجەم: پەیوەندیی نێوان ئەیووبییەکان و هێزە مەسیحییەکانی خۆرهەڵات | ١٣٩-١٦٤ |
| باسی یەکەم: پەیوەندی نێوان ئەیووبییەکان و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی | ١٤٠ |

| | |
|---|---|
| تەوەری یەکەم: پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی ئەیووبی و بیزەنتییەکان | ١٤٠ |
| تەوەری دووەم: پەیوەندیی دۆستانەی نێوان ئەیووبی و بیزەنتییەکان | ١٤٥ |
| باسی دووەم: پەیوەندی نێوان ئەیووبییەکان و میرنشینی جۆرجیا و ئەرمەنستانی بچووک | ١٤٨ |
| تەوەری یەکەم: بەریەککەوتنی نێوان ئەیووبی و جۆرجییەکان | ١٤٨ |
| تەوەری دووەم: پەیوەندیی دۆستانەی نێوان ئەیووبی و جۆرجییەکان | ١٥٥ |
| تەوەری سێیەم: پەیوەندی نێوان ئەیووبییەکان و ئەرمەنستانی بچووک | ١٥٨ |
| ئەنجام | ١٦٣ |
| پاشکۆکان | ١٦٥-١٧٢ |
| سەرچاوەکان | ١٧٣ |

# پێشەکی

لە سەرەتاکانی سەدەی چوارەمی کۆچییەوە هەتا نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی کۆچی، کۆمەڵێک دەسەڵات و میرنشینی کوردیی بوونیان هەبوو، یەکێک لە خاڵە زەقەکانی ئەو هێز و دەسەڵاتە کوردییانەش هاوسنوورییان بوو لەگەڵ هێز و دەسەڵاتە مەسیحییەکان، نەوەک تەنها دەسەڵاتە ناوچەییە مەسیحییەکان، بەڵکو هاوسنوور بوون لەگەڵ زلهێزە مەسیحییەکانی وەک ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی و میرنشینە خاچییەکان، ئەو هاوسنوورییەش شێوەیەکی نیچمەبازنەیی وەرگرتبوو، هەر لە سنووری دەسەڵاتی رووس و جۆرجی و لانەکانەوە بەرەو لای ئەرمەنستان و لەوێوە بەرەو ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی دەکشا، لەوێیشەوە بەرەو شام شۆڕ دەبوویەوە کە چوار میرنشینی خاچیی تێیدا خاوەن قەوارە بوون و بەریەککەوتنیان هەبوو لەگەڵ ئەیووبییەکاندا کە لە شام و میسردا دەسەڵاتدار بوون، ئەمە وێڕای پەیوەندییەکان لەگەڵ بوندوقییەکاندا کە هێزێکی کارای مەسیحی بوون بەتایبەت لە رووی بازرگانییەوە.

بەم چەشنە دەبینین هەم لە رووی جوگرافییەوە سنوورێکی فراوانی نێوان هێز و دەسەڵاتە کوردییەکان لەگەڵ دەسەڵاتە مەسیحییەکاندا هەبووە، هەم لە رووی کاتیشەوە ماوەکە فراوان بووەو زیاتر لە سێ سەدە درێژەی کێشاوە، بۆیە گرنگە بزانرێت پەیوەندی نێوان کورد و دەسەڵاتە مەسیحییەکان لەو ماوەیەدا لە چ ئاستێکدا بووە لەکاتێکدا لەلایەکەوە ناکۆکی نێوان میرنشینە کوردییەکان و ململانێیان لەسەر دەسەڵات لەنێو خۆیاندا بەدیدەکرا، لەلایەکی دیکەشەوە بەهۆی زاڵبوونی بیروباوەڕی ئایینیەوە جیاوازی ئایینی نێوان ئەو میرنشینانە لەگەڵ دەسەڵاتە مەسیحییەکاندا خاڵێکی زەقی لێکترازانی پەیوەندییەکانی ئەو سەردەمە بووە، وێڕای ئەوەی بەشێکی زۆری بەریەککەوتنی گەورەی نێوان دوو بلۆکی جیاوازی جیهانی مەسیحی و جیهانی ئیسلامی لەسەر سنووری ئەو هێز و دەسەڵاتە کوردییانەدا روویداوە.

بێگومان هەر توێژینەوەیەک وێڕای لایەنە ئەرێنییەکانی، کۆمەڵێک گرفت و لایەنی نەرێنی دێتەڕێ، چ لە رووی زمان، یاخود کەمی زانیاری، گرفتە دیارەکانی بەردەم ئەو توێژینەوەش خۆیان لە دوو خاڵدا دەبیننەوە:

یەکەم: نەبوونی سەرچاوەیەکی وا کە زانیارییەکانی نزیک بن لەم ناونیشانەوەو پەرتبوونی زانیارییەکان لەنێو سەرچاوە مێژووییەکاندا بە چەشنێک بۆ هەندێک بەشی توێژینەوەکە دەبوو وەک

گوڵەچنە زانیاری کەم و ورد لە سەرچاوە جیاوازەکاندا کۆبکرێنەوەو بەراورد بکرێن و لەگەڵ ڕێکردەی ڕووداوەکاندا ڕێکبخرێنەوە.

دووەم: گرفتی زمان و نەگونجانی دەرفەتی گەشت بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەی تایبەت بەم توێژینەوەیە، چونکە بابەتەکە سنوورێکی جوگرافی زۆری لەخۆدەگرت، بۆیە پێویستی بەوە بوو شارەزایی هەبێت بەو زمانانەی سەرچاوە جۆرجی و ئەرمەنی و ڕووسی و تورکی و فارسی و عەرەبی و ئینگلیزییەکانی پێ نووسراوە، لەکاتێکدا بازنەی شارەزایی ئێمە لە سەرچاوە کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزییەکاندا سنووردار بوو، بۆ چارەسەری ئەم گرفتەش هەوڵمانداوە دەستمان بگات بە وەرگێڕدراوی ئەو سەرچاوە جیاوازانە.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بەستراوە بە ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی شیکاری، ئەم توێژینەوە بە شێوەیەکی گشتی جگە لە پێشەکی و ئەنجام دابەشکراوە بەسەر پێنج بەشدا:

بەشی یەکەم تایبەتکراوە بە ناساندنی دەسەڵاتە کوردی و مەسیحییەکان لە ماوەی سەدەکانی ٤-٦ک/١٠-١٢ز)، ئەم بەشەش دابەشکراوە بۆ دوو باسی سەرەکی و هەر باسێکیش لە چەند تەوەرێک پێکدێت، باسی یەکەم ئەو دەسەڵاتە کوردییانە دەناسێنێت کە لەو ماوەیەدا دەرکەوتون، لە تەوەری یەکەمدا باسی دەیسەمی کوردی کراوە، تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ ناساندنی شەدادیەکان، تەوەری سێیەمیش لەبارەی ڕەوادییەکانەوە نووسراوە، هەرچی تەوەری چوارەمە باس لە میرنشینی مەڕوانی دەکات، تەوەری پێنجەمیش تایبەتە ناساندنی ئەییووبییەکان، باسی دووەمیش بریتیە لە ناساندنی دەسەڵاتە مەسیحییەکانی ئەو ماوەیەو لە تەوەری یەکەمدا باس لە ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی کراوە، تەوەری دووەم تایبەت کراوە بە ناساندنی ئەرمەنستانی گەورە، هەرچی تەوەری سێیەمە باسی جۆرجییەکانی کردووە، تەوەری چوارەمیش ناساندنی لان و ڕووسەکانە، تەوەری پێنجەمیش ناساندنێکی کورتی ئەرمەنتسانی بچووکە، تەوەری شەشەمیش باسی لە خاچییەکان کردووە.

بەشی دووەم بۆ پەیوەندی نێوان دەیسەم و شەدادیەکان لەگەڵ هێزە مەسیحییەکان دانراوە و لە دوو باس پێکدێت، باسی یەکەم پەیوەندییانە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەرمەنستان و لە تەوەری یەکەمیدا پەیوەندی دەیسەم لەگەڵ ئەرمەنستاندا خراوەتە بەرباس، لە تەوەری دووەم و سێیەمدا پەیوەندی شەدادیەکان لەگەڵ ئەرمەنستان خراوەتەڕوو، باسی دووەمیش تایبەتە بە پەیوەندیی شەدادیەکان لەگەڵ لان و ڕووس و جۆرجی و بیزەنتییەکان و لە تەوەری یەکەمدا پەیوەندی نێوان

شەدادیەکان و لان و رووسەکان خراوەتە بەرباس، لە تەوەری دووەمیشدا لەسەر پەیوەندییەکانی شەدادی و جۆرجییەکان نووسراوە، هەرچی تەوەری سێیەمە نووسینە لەسەر پەیوەندی نێوان شەدادیەکان و بیزەنتییەکان.

بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەش پەیوەندی ڕەوادی و مەڕوانیەکان لەگەڵ دەسەڵاتە مەسیحییەکانی لەخۆگرتووەو لە دوو باس پێکدێت، باسی یەکەم پەیوەندی ڕەوادییەکان لەگەڵ دەسەڵاتە مەسیحییەکانی باسکردووە، لە تەوەری یەکەم و دووەمدا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەرمەنەکان و هێزە مەسیحییە ناوچەییەکانی تردا باسکراوە، لە تەوەری سێیەمیشدا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیدا خراوەتەڕوو، باسی دووەمیش پەیوەستە بە پەیوەندی مەڕوانییەکان و دەسەڵاتە مەسیحییەکان، لە تەوەری یەکەمدا پەیوەندییەکانی مەڕوانییەکان لەگەڵ هەریەک لە ئەرمەنستان و جۆرجیا باسکراوە، لە تەوەری دووەمیشدا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بیزەنتییەکان قسەی لەبارەوە کراوە.

بەشەکانی چوارەم و پێنجەمیش تایبەت کراون بە پەیوەندیی نێوان ئەیووبییەکان و هێز و دەسەڵاتە مەسیحییەکان، لە بەشی چوارەمدا پەیوەندیی نێوان ئەیووبییەکان و خاچییەکان باسکراوەو لە دووە باس پێکهاتووەو هەر باسێکیش لە چەند تەوەرێک پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا بەریەککەوتنی نێوانیان هەتا مردنی سەلاحەدینی ئەیووبی خراوەتەڕوو، باسی دووەمیش بەریەککەوتنەکانی نێوانیانە لە دوای سەلاحەدینی ئەیووبییەوە هەتا کۆتایی دەسەڵاتی ئەییووبییەکان.

هەرچی بەشی پێنجەمە پەیوەندییەکانی نێوان ئەیووبییەکان و هێزە مەسیحییەکانی خۆرهەڵاتی لەخۆگرتووە و لە سێ باس پێکهاتووە، باسی یەکەم پەیوەندییەکانی ئەیووبییەکان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیدا خراوەتە بەرباس، لە تەوەری یەکەمدا پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی نێوانیان خراونەتە بەرباس، تەوەری دووەمیش تایبەت کراوە بە پەیوەندییە دۆستانەکانی نێوانیانەوە، باسی دووەمیش پەیوەندی ئەییووبییەکان لەگەڵ هەریەک لە میرنشینی جۆرجیا و ئەرمەنستانی بچووکی باسکردووە، تەوەری یەکەم بەریەککەوتنی نێوان ئەییووبی و جۆرجییەکانی باسکردووە، تەوەری دووەمیش تایبەتە بە پەیوەندییە دۆستانەکانی نێوان ئەو دوو دەسەڵاتە، تەوەری سێیەمیش بۆ پەیوەندی نێوان ئەییووبییەکان و ئەرمەنستانی بچووک تەرخانکراوە.

**شیکردنەوەی سەرچاوەکان**

بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە کۆمەڵێک سەرچاوەی رەسەن و گرنگی پەیوەست بە بابەتەکە بەستووە کە دەکرێت بەم چەشنە شیکارییان بۆ بکەین:

**یەکەم:** بەشێک لەو سەرچاوانەی سوودمان لێوەرگرتون بریتین لەو سەرچاوە رەسەنانەی نووسەرەکانیان خۆیان لەنێو رووداو و پێشهاتەکاندا بوون، چ ئەوانەی سەربە هێز و دەسەڵاتە کوردییەکان بون، یان ئەوانەی سەر بە هێز و دەسەڵاتە مەسیحییەکان بون، بۆ نموونە لەوانەی سەر بە دەسەڵاتە کوردییەکان بون

دیوانەکەی (قەترانی تەبریزییە /٤٦٥ک- ١٠٧٢ز) کە هاوسەردەم و نزیکی هەریەک لە میر وەهسووزانی کوڕی موحەممەدی رەوادی (٤١٦-٤٥١ک/ ١٠٢٥-١٠٥٩ز) و میر لەشکریی دووەمی شەدادی (٤٢٥-٤٤١ک/١٠٣٤-١٠٤٩ز) بووەو لە دیوانەکەیدا کۆمەڵێک زانیاریی وردی سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان میرنشینە کوردییەکان و هێز و دەسەڵاتە خاچییەکان تۆمارکردووە، هەرچەندە بەهۆی ئەوەی شاعیرێکی نزیک لە دەسەڵاتداران بووە، زیاتر بە شێوەی وەسف و پیاهەڵدان زانیارییەکانی بە شێوەی شیعریی هۆنیوەتەوە.

کتێبی(تاريخ الفارقي) ی (ئەحمەدی کوڕی یووسف/ ٥٧٧ک- ١١٨١ز) کە خۆی لەنێو میرنشینی مەڕوانیدا ژیاوەو نزیکی دەسەڵاتدارانی مەڕوانی بووەو زانیاری وردی سەبارەت بەو میرنشینە تۆمارکردووە. هەروەها کتێبی(مفرج الكروب في أخبار بني أيوب) ی (ئیبن واسل/ ٦٩٧ک – ١٢٩٧ز) کە بە وردی رۆچۆتە نێو وردەکارییەکانی مێژووی ئەیووبییەکان و پەیوەندییان لەگەڵ هێزە دەرەکییەکان و لەنێویشیاندا هێز و دەسەڵاتە مەسیحییەکان. یاخود (النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية) ی (ئیبن شەداد /٦٣٢ ک -١٢٣٤ز) کە خۆی لەنێو دەوڵەتی ئەیووبیدا وەک دادوەر کاری کردووەو نووسەری نزیک و هاوەڵی زۆروەختەی خودی سەلاحەدینی ئەیووبی بوو و شایەتحاڵی رووداوەکانی وەک گەمارۆی سەر عەککا و جەنگی ئەرسووف بوو.

لە بەرەی جیهانی مەسیحیشدا هەریەک لە (الحروب الصليبية) ی (وليم الصوري/ ٥٨١ک -١١٨٥ز) تایبەت بە مێژووی خاچییەکان کە خۆی لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیووبیدا ژیاوەو لەنێو کۆشکی میرنشینی بەیتولمەقدیسدا بووەو نێردراوی ئەو میرنشینە بووە بۆ لای ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی و سەرۆکایەتی قەشەکانی کڵێساکانی شاری صووریشی کردووەو لەنێو رووداوەکاندا ژیاوە. یاخود کتێبی (وصف الأراضي المقدسة في فلسطين) ی (يوحنا ڤورزبورگ/ ٦٢١ک-١٢٢٤ز) کە خۆی

کەسایەتیەکی ئایینیی مەسیحی بوو و پاش گەشتێکی بەرفراوانی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خاچپییەکان لە شام ئەو کتێبەی نووسی. هەروەها کتێبی (تاریخ بیت المقدس) ی (یەعقووب ئەلڤێتری/ ٦٣٨ک-١٢٤٠ز) بە ناونیشانی کە نووسەرەکەی پۆستی گەورەی ئایینی لە شارەکانی عەککا و قودسیش وەرگرتووەو لە هەڵمەتی خاچپییەکانیش بۆ سەر دمیات بەشداریی کردووە، نووسەر هەرچەندە نەیتوانیوە خۆ بوێرێت لە کاریگەریی ئایینی بەسەر نووسینەکەیدا، بەڵام بە سپاردەکارییەوە هەندێ زانیاری وردی تۆمارکردووە کە لە بەرژەوەندی خودی شاڵاوە خاچپییەکاندا نەبوو، بە چەشنێک لە زۆر نووسەری دیکەی هاوسەردەمی خۆی راستگۆیی پێوە دیارە.

**دووەم:** بەشێکی دی لە سەرچاوەکان بریتین لە سەرچاوە رەسەنەکان کە بە گشتیی لەبارەی ماوە مێژووییەکانەوە دواون، وەک

کتێبی (تجارب الأمم و تعاقب الهمم) ی (مەسکەویە٤٢١ک - ١٠٣٠ز) کە زانیاری وردی لە بارەی دەیسەمی کوردیی تێدایە، زانیارییەکانی پەیوەست بە دەیسەم لە سەرچاوەکانی دیکەشەوە دەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەم کتێبە، یان (الكامل في التأريخ) ی (ئیبنولئەسیر/ ٦٣٠ ک - ١٢٣٢ز) کە بۆ مێژووی میرنشینە کوردییەکان و مێژووی ئەیووبییەکانیش سوودمان لێوەرگرتووە، بەتایبەت کە خۆی هاوسەردەمی ئەیووبییەکان بووە، هەرچەندە نەیتوانیوە بێلایەنانە لەبارەی ئەییووبییەکانەوە بدوێت و لە هەندێ شوێندا بە نەرێنی لەبارەیانەوە نووسیویەتی، هەروەها نووسینی (شەدادیەکان)ی (مونەجم باشی ١١١٣ ک- ١٧٠٢ز) کە بەشێکە لە کتێبی (جامع الدول) و هەر نووسین و توێژینەوەیەک سەبارەت بە شەدادیەکان بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەو سەرچاوەیە کەلێن و کەموکورتیی زۆری دەبێت.

**سێیەم:** هاوکات لەنێو ژێدەرەکانیشدا کە پەیوەست بون بە توێژینەوەکەمانەوە، بریتین لە هەریەک لە نووسینە کوردییەکانی وەک کتێبەکەی د. زرار صدیق تۆفیق بە ناوی (کورد و کوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا) هەرچەندە زۆر بە وردی رۆنەچۆتە نێو زانیاری و رووداوەکان، پێدەچێت هۆکارەکەشی ئەوە بێت نووسەر ویستبێتی بە پوختی مێژووی ئەو ماوەیە بخاتەڕوو و خوێنەر وەڕس نەبێت بەدەست دووورودرێژی نووسینەکەوە، هاوکات سوودمان وەرگرتووە لە کتێبی (هۆکارەکانی سەرهەڵدان و رووخانی میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی عەبباسیدا) لە نووسینی د. کامەران عەزیز عەبدوڵا.

گرنگیش دراوە بە نووسینە فارسییەکانی وەک کتێبی (شهریاران گمنام) ی ئەحمەدی کیسرەوی کە زۆر بە وردی زانیارییەکانی پەیوەست بە میرنشینەکانی شەدادی و رەوادی هێناوە.

بەشێکی بەرچاوی سەرچاوە نوێکانیش بۆ بابەتەکانی پەیوەست بەو دوو میرنشینە گەڕاونەتەوە بۆی، یاخود نووسینە عەرەبییەکانی وەک کتێبی (لقاء الأسلاف الكرد و اللان) ی د. جەمال رەشید ئەحمەد کە بەشێکی باشی زانیاریی پەیوەست بە پەیوەندی لانەکان و ئەرمەنەکان لەگەڵ شەدادیەکاندا باسکردووە، گرنگی ئەم نووسینە لەوەدایە کە دەستی گەیشتووە بە بەشێکی دیاری سەرچاوە بیانییەکان کە بە زمانە جیاوازەکانی رووسی و ئەرمەنی و ئینگلیزی نووسراون، هەروەها بەشێک لە نووسینەکانی موحەممەد سوهەیل تەقووش بە ناونیشانەکانی (تأريخ الاكراد) و (تأريخ الأيوبيين) و (تاريخ الحروب الصليبية)، یاخود کتێبەکانی فەتحی سالم لهێبی بە ناونیشانەکانی (مملكة ارمينيا الصغرى) کە ماستەرنامەیە و (مملكة جورجيا في العصور الوسطى) تێزی دکتۆراکەی بووە، نووسەر تا ئاستێکی باش توانیویەتی زۆربەی زانیارییەکانی پەیوەست بەو دوو دەسەڵاتە کۆبکاتەوەو بە دابەشکارییەکی ورد زانیارییەکان بخاتەڕوو.

هەروەها کتێبی (الأكراد في حقبة الخلافة العباسية) ی نووسەری ئەرمەنی ئارشاک پۆلادیان کە زۆر بە وردی باسی لە دەسەڵاتی دەیسەمی کوردی کردووە، نووسەر تا ئاستێکی باش بێلایەنبوونی خۆی لە خستنەڕووی زانیارییەکاندا و شیکارییاندا پاراستووە، هەروەها کتێبی(تاريخ الحملات الصليبية) ی نووسەری بەریتانی ستیڤن رنسیمان و  کتێبەکەی توێژەری رووسی مینۆرسکی بە ناونیشانی (Studies in caucasian history) کە یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکان تایبەت بە مێژووی کوردەکانی ئازەربایجان و ئەرمەنستان و دەوروبەری.

وێڕای ئەو نووسینانەی تایبەت کراون بە بەشێکی دیاریکراوی مێژووی هێز و دەسەڵاتە کوردی و مەسیحییەکان، وەک کتێبی (الامارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران) ی د.ئیسماعیل شوکر رەسوول.

# بەشی یەکەم

# دەسەڵاتە کوردی و مەسیحییەکان

# لە سەدەکانی (٤-٦ک/١٠-١٢ز)

باسی یەکەم

دەسەڵاتە کوردییەکان لە سەدەکانی(٤-٦ک/١٠-١٢ز)

باسی دووەم

دەسەڵاتە مەسیحییەکان

# باسی یەکەم

## دەسەڵاتە کوردییەکان لە سەدەکانی(٤-٦ک/١٠-١٢ز)

## تەوەرەی یەکەم

### دەیسەمی کوردیی (٣٢٦ - ٣٤٥ک/ ٩٣٧ - ٩٥٦ز)

دەیسەم کوڕی ئیبراهیمی کوردییە، سەبارەت بە ناوی خۆی و باوک و باپیری، لە سەرچاوەکاندا بە چەند شێوەیەک هاتووە: دەیسەمی کوڕی ئیبراهیمی کوردی،[١] رۆستەمی کوڕی ئیبراهیمی کوردی،[٢] دەیسەمی کوڕی شازلەوەیهی کوردی،[٣] دەیسەمی کوڕی شادکەوەیهـ.[٤]

ئیبراهیمی باوکی یەکێک بوو لەو سەرکردانەی سەر بە خەواریجەکان بوو، دەیسەمی کوڕیشی بە هەمان شێوەی باوکی،[٥] ئیبراهیم یەکێک بوو لە کەسە نزیکەکانی هارون شاری کە سەرکردەیەکی شوراتەکان بوو، کاتێک هاروون کوژرا، ئیبراهیم هەڵهات بۆ ناوچەی ئازەربایجان، لەوێ لەگەڵ کچی یەکێک لە سەرۆک خێڵە کوردەکاندا هاوسەرگیریی کرد و دوای ماوەیەک دەیسەم لەدایک بوو.[٦]

سەردەمی دەرکەوتنی دەیسەمی کوڕی ئیبراهیم، سەردەمی دووەمی عەبباسی بوو، ئەو کاتەی قەڵەمڕەوی تورکەکان بەسەر خیلافەتەوە زاڵ بوو و هەژموونیان هەبوو بەسەر سەرجەم جومگەکانی خیلافەتدا (٢٣٢-٣٣٤ک/ ٨٤٦-٩٤٥ز)، بە دوای ئەوانیشدا هاتنی بوەیهییە شیعەکان بوو (٣٣٤-٤٤٧ک/ ٩٤٥-١٠٥٥ز)، وردە وردە لامەرکەزییەت شوێنی دەسەڵاتی ناوەندیی گرتەوە، بۆیە لە بەشە جیاجیاکانی خیلافەتی عەبباسیدا چەند دەسەڵاتێکی جوداخوازیی یان نیمچە سەربەخۆ

---

(١) - التنوخي: الفرج بعد الشدة، تح: عبود الشالجي، دار صادر، بيروت، ١٩٧٨م، ج٤/ ص ١٦٦.

(٢) - ابن خلدون: ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر، تح: خليل شحادة، ط٢، دار الفكر، بيروت، ١٩٨٨م، ج٤/ ص ٦٦٨.

(٣) - امين الدولة الطرابلسي: المجموع اللفيف، ط١، دار الغرب الإسلامي، بيروت، ١٤٢٥هـ ص ٣٢٧.

(٤) – عبدالقادر البغدادي: خزانة الأدب و لب لباب لسان العرب، تح: عبد السلام محمد هارون، ط٤، مكتبة الخانجي، القاهرة، ١٩٩٧م، ج٢/ ص ٣٦١.

(٥) - ابن الأثير: الكامل في التأريخ، تح: عمر عبدالسلام تدمري، ط١، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٩٧م، ج٧/ ص ١٠٨؛ ابن خلدون: ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر، ج٤/ ص ٦٦٨.

(٦) - ابن خلدون: ديوان المبتدأ والخبر في تاريخ العرب والبربر، ج٤/ ص ٦٦٨.

دەرکەوتن، زیاترینی ئەو دەسەڵاتە نیمچە سەربەخۆیانەش ئەوانەیان بوون کە کەمێک دوورەدەست بوون لە ناوەندی خیلافەتەوە، بەو چەشنە هەوادارییەکی رۆحییان نیشان دەدا بۆ خەلیفەی عەبباسی و لە شوێنی خۆیانەوە فەرمانڕەواییەکی نیمچە سەربەخۆیان دەبوو.[١]

خەلیفە موقتەدیر (٢٩٥-٣٢٠ک/ ٩٠٨-٩٣٢ز) لە ساڵی (٣١٤ک/٩٢٦ز) دا داوای لە یووسفی کوڕی ئەبی ساجی بەرپرسی بەشێک لە ناوچەکانی ئاران و ئازەربایجان کرد بۆ بەرنگاربوونەوەی قەرمەتیەکان[٢] رووبکاتە واسیت، ئەویش فەرمانی بەجێگەیاند، لە ساڵی (٣١٥ک/ ٩٢٧ز) دا کوژرا و هەرێمی ئاران و ئازەربایجان بێ والی مایەوە.[٣]

دوای ئەوە کەسایەتییەک بە ناوی نەزیفی ساجی فەرمانڕەوایی کرد هەتا لە ساڵی (٣٢٦ک/٩٣٧ز) دا لەشکریی هێرشی برد بۆ ناوچەکە و دەستی بەسەردا گرت، دەیسەمیش هاودەم بە ئیبنودەیلەمیی و سوپایەک هێرشیان بردە سەری و سەرکەوتن بەسەریدا، ئیتر لەو کاتەوە دەیسەم دەسەڵاتی گرتەدەست،[٤] هەرچەندە دۆزینەوە شوێنەوارییەکان باس لەوە دەکەن لە ساڵی (٣٢٥ک/٩٣٦ز) دا بەناوی دەیسەمەوە دراو لێدراوە.[٥]

لە ساڵی (٣٢٦ک/٩٣٧ز) ەوە پەیوەندییەکانی نێوان لەشکریی کە سەرکردەیەکی دەیلەمی بوو، لەگەڵ دەیسەمی کوردیدا تێکچوون[٦] و چەندین جار بەریەککەوتن لەنێوانیاندا روویدا هەتا دواجار

---

(١) - محمد سهيل طقوش: تأريخ الدولة العباسية، ط٧، دار النفائس، بيروت، ٢٠٠٩م، ص ص ١٥٦-١٥٧.

(٢) - قەرمەتییەکان: گرووپێکی شیعە ئایینزا بوون کە لە کووفەوە سەریانهەڵدا و سەرەتاکەیان لە ساڵی (٢٧٨ک/ ٨٩١ز) دا بوو، بانگەشەی گێڕانەوەی شکۆیان بۆ ئالوبەیتی پێغەمبەر (د.خ) دەکرد، دواتر لە بەحرەین دەرکەوتن و دەسەڵاتیان پەیدا کرد و دژی خیلافەتی عەبباسی وەستانەوە. بڕوانە: (ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٦/ ص ص ٤٦١، ٥٠٤، ٥٠٩.

(٣) – المسعودي: التنبيه والإشراف، تصحيح: عبد الله إسماعيل الصاوي، دار الصاوي، القاهرة، ١٩٣٨م، ص ٣٣١؛ مسكويه: تجارب الأمم و تعاقب الهمم، تح: أبوالقاسم إمامي، ط٢، مطبعة سروش، طهران، ٢٠٠٠م، ج٥/ص٢١٥؛ أبو الفداء: المختصر في أخبار البشر، ط١، المطبعة الحسينية المصرية، ج٢/ ص ٧٢.

(٤) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٧٤؛ الذهبي: تأريخ الإسلام، تح: د.عمر عبدالسلام تدمري، ط٢، دار الكتاب العربي، بيروت، ١٩٩٣م، ج٢٤/ ص ٤٠.

(٥) - ارشاك بولاديان: الأكراد في حقبة الخلافة العباسية، تر: الكساندر كشيشيان، ط٢، دار الفارابي، بيروت، ٢٠١٣م، ص ٧٦.

(٦) - ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٧٤؛ ابن كثير: البداية و النهاية، تح: عبد الله بن عبد المحسن التركي، ط١، دار هجر، جيزة، ١٩٩٧م، ج١٥/ ص ١٠٦.

بە لەناوچوونی لەشکری و هاتنی لەشکرستانی کوڕی و دواتر شکستی ئەویش،[1] دەیسەم توانی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئازەربایجاندا بچەسپێنێت.[2]

لە ساڵی (٣٣٠ک/ ٩٤١ز) دا مەرزەبان[3] لەگەڵ وەزیرەکەی دەیسەمدا دەستی تێکەڵ کرد[4] و بە پیلانێک دەیسەم بەدیل گیرا[5] هەتا دواتر لە ساڵی (٣٣٧ک/ ٩٤٨ز) دا بۆ بەکارهێنانی لە یەکلاکردنەوەی ناکۆکی نێوخۆیی سەرکردە بوەیهییەکان ئازاد کرا.[6]

لە ساڵی (٣٤٢ک/ ٩٤٢ز) دا پاش ئازادبوونی لە بەندیخانە، مەرزەبان هێزێکی پێکەوەنا و هێرشی بردە سەر دەیسەم و توانی بەسەریدا سەربکەوێت و دەیسەمیش بەرەو بەغداد هەڵهات.[7]

لە ساڵی (٣٤٤ک/ ٩٥٥ز) دا دەیسەم بە پشتیوانی سەیفودەولە بەرەو ئازەربایجان رۆیشت و توانی سەلماس بگرێتەدەست،[8] مەرزەبانیش سوپایەکی بۆ نارد و دەیسەم لە جەنگێکدا تێکشکا، بە گەڕانەوەی خودی مەرزەبان بۆ ئازەربایجان، دەیسەم بەرەو ئەرمەنستان رایکرد،[9] دواتر بە رێککەوتنی نێوان دەسەڵاتدارانی ئەرمەنستان و مەرزەبان، دەیسەم درایە دەست مەرزەبان[10] و سەرەنجام لەو بەندییەیدا کوژرا.[11]

---

(١) – مسكويه: تجارب الأمم، ج٦/ ص ص ٧-١٣؛ أحمد كسروي: شهرياران گمنام، چ٢، چاپخانه نوبهار، تهران، ١٣٨٨ هـ .ش، ص ٧٥؛ ارشاك بولاديان: الأكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص ٧٨.

(٢) – مسكويه: تجارب الأمم، ج٦/ ص ٦٢؛ ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٧٥.

(٣) – مەرزەبان کوڕی موحەممەدی کوڕی موسافیری دامەزرێنەری دەوڵەتی سالارییەکانە، کەسێکی شیعە ئایینزای باتینی بوو، سنووری دەسەڵاتەکەی رۆژ بە رۆژ فراوانتر دەبوو. بڕوانە: (احمد كسروى: شهرياران گمنام، ص ص ٦٨-٧١).

(٤) – مسكويه: تجارب الأمم و تعاقب الهمم، ج٦/ ص ٦٧-٦٨؛ ارشاك بولاديان: الأكراد في حقبة الخلافة العباسية، ٧٩.

(٥) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ ، ج٧/ ص ١٠٩.

(٦) – مسكويه: تجارب الأمم، ج٦/ ص ١٨٤؛ ابن الأثير: الكامل في التأريخ ، ج٧، ص ١٨٤؛ ارشاك بولاديان: الأكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص ٨١.

(٧) – مسكويه: تجارب الأمم، ج٦/ ص ١٨٣؛ ارشاك بولاديان: الأكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص ٨٢.

(٨) – مسكويه: تجارب الأمم، ج٦، ص ١٩٩.

(٩) – ابن خلدون: ديوان المبتدأ والخبر، ج٤/ ص ٦٧٣.

(١٠) – ابن حوقل: صورة الأرض، دار صادر، بيروت، ١٩٣٨م، ص ٣٥٤؛ ابن الأثير: الكامل في التأريخ ، ج٧، ص ٢٠٣.

(١١) – مسكويه: تجارب الأمم، ج٦/ ص ١٩٩؛ أحمد كسروي: شهرياران گمنام، ص ١٠٢.

## تەوەری دووەم

## شەدادیەکان (٣٤٠- ٤٦٨ک/ ٩٥١- ١٠٧٥ز)

شەدادیەکان بنەماڵەیەکی خانەدانی کوردی موسڵمان بوون،[١] توانییان لە ناوچەی ئاران[٢] دەسەڵاتێک بۆ خۆیان دابمەزرێنن[٣] و ماوەی پتر لە دوو سەدە و نیو فەرمانڕەوایی ناوچەگەلێکی سەر بە ئەرمەنستان و ئاران بکەن،[٤] هەڵکەوتەی شوێنی دەسەڵاتەکەشیان کەوتبووە نێوان دەسەڵاتی دەیلەمیە سالارییەکان و ئەرمەنییە مەسیحییەکانەوە.[٥]

مونەجم باشی سەبارەت بە شەدادیەکان نووسیویەتی ''فەرمانڕەوایانی شەدادی دە کەس بوون، پێم وایە ئەمانە کورد بون، پێگەی دەسەڵاتیان شاری دوبەیل و دواتر (جەنزە/گەنجە)[٦] بوو، سەرەتای دەرکەوتنیشیان لە ساڵی (٣٤٠ک/٩٥١ز) بوو، نەمان و لە ساڵی (٤٦٨ک/ ١٠٧٥ز) دا کۆتاییان پێ هات، ماوەی فەرمانڕەواییشیان (١٣٨) ساڵ بوو. [٧]

---

(١) - مونەجم باشی: شەدادیەکان، و: نهاد جلال – ڕێکەوت عزیز، چ١، چاپخانەی زانا، سلێمانی، ٢٠٢١ز، ل ١٣؛ زرار صديق تۆفيق: کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، چ١، چاپخانەی خۆرهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠ز، ل ١٣٤.

(٢) - ئاران هەرێمێکی ناسراوەو لە بەرەی خۆرئاوایەوە هاوسنووری ئازەربایجانە و لەولاوە سنووری ئەرمەنستان و لە خۆرهەڵات و باشووریشەوە ئازەربایجان و لە باکوورەوە شاخەکانی قبق، لە بنکە و مەڵبەندەکانی بریتیە لە شارەکانی نەشوا و بابولئەبواب و گەنجە و تفلیس و شکور و بەیلەقان و سەریروللان. بڕوانە (مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ١٥).

(٣) – محمد على مرجونة: تاريخ الاكراد في الخلافة العباسية، مؤسسة شباب الجامعية، اسكندرية، ٢٠١٠م، ص ص ١٨١- ١٨٥.

(٤) - زرار صدیق تۆفیق: کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، ل ١٣٤.

(٥) - مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ل ٢١-٢٣؛ محمد على مرجونة: تاريخ الاكراد في الخلافة العباسية، ص ص ١٨١-١٨٥.

(٦) - گەنجە: شارێک بوو لە ناوچەی ئاران و هاوسنووری جۆرجیا بوو، شارێکی بەپیت و دەوڵەمەند بوو، خەڵکەکەی سەر بە ئاییزای سوننە بوون، شارەزاییەکی باشیان هەبوو لە هونەری جەنگیدا. بڕوانە (القزويني: أثار البلاد وأخبار العباد، بيروت، دار صادر، ص ٥٢٢).

(٧) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ل ١٣- ١٤.

دامەزرێنەری ئەم میرنشینە کەسایەتیەک بوو بە ناوی موحەممەدی کوڕی شەداد، هۆکاری دامەزراندنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ گیرانی سالار مەرزەبان لە ساڵی (٣٣٧ک/ ٩٤٨ز) لەلایەن بوەیهییەکانەوە کە بەو هۆیەوە لە ناوچەی ئاران و ئازەربایجان بۆشاییەکی سیاسی دروست بوو و موحەممەدی کوڕی شەداد توانی لە ساڵی (٣٤٠ک/٩٥١ز) دەسەڵات بگرێتەدەست.[١]

خەڵکی ژێر دەسەڵاتی ئەم میرنشینە وابەستەی ئایینی ئیسلام و بەتایبەت پابەندی ئەهلی سوننەو جەماعە بوون، وەک قەزیونی لەبارەی دانیشتوانی شاری گەنجەوە نووسیویەتی: ''خەڵکەکەی سەر بە ئەهلی سوننەو جەماعەن، خەڵکی چاکە و چاکەکاری و ئاییندارین، ڕێگە نادەن کەس لە شارەکەیاندا نیشتەجێ ببێت ئەگەر سەر بە ڕێباز و بیروباوەڕی خۆیان نەبێت بۆ ئەوەی ڕێباز و بیروباوەڕەکەیان نەشێوێنرێت''.[٢]

لە ماوەی فەرمانڕەوایی ئەم میرنشینە بەردەوام ململانێ لەگەڵ هێزە مەسیحییەکانی ئەرمەنستاندا هەبوو و چەندجار بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی ڕوویدا، ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی پەیوەندیی ئەم میرنشینە لەگەڵ خیلافەتی عەبباسیدا لە ئاستێکی باش و ئەرێنیدا خۆی ببینێتەوە.[٣]

بە داخەوە لەلایەن مێژوونووسانی کورد و موسڵمانانیشەوە گرنگیەکی ئەوتۆ نەدراوە بە مێژووی ئەم میرنشینە و زۆر زانیاریی لە بارەیانەوە بە نادیاری ماوەتەوە، سەرچاوەیەکی گرنگ کە لەوبارەوە هاتبێت، بریتیە لە بەشێکی تۆمارکراوی مێژوونووسێکی هاوسەردەمی شەدادیەکان کە گومان وایە مەسعوود نامدار بێت و مێژوونووسی عوسمانی (مونەجم باشی)[٤] لە کتێبەکەیدا (جامع الدول) ئەو بەشەی تایبەت بە شەدادیەکانی هێناوە لەژێر ناونیشانی (باب في الشدادیه)،[٥] هاوکات دیوانی قەترانی

---

(١) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ١٨؛ ئاکۆ بورهان محەمەد: میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەبباسی، چ١، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٨/ ل ل ١١-١٣.

(٢) - آثار البلاد وأخبار العباد، ص ٥٢٢.

(٣) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٤٨؛ محمد علی مرجونة: تاریخ الاکراد في الخلافة العباسیة، ص ١٩٨.

(٤) – (احمد بن لطف الله) ی سلانیکی ڕۆمیی مەولەویی لە ساڵی(١٠٤١ک/١٦٣١ز) لەدایک بوو، یەکێک بوو لە کەسە نزیکەکانی سولتان موحەممەدی چوارەم، بەڵام دواتر لەو پۆستە لابرا و چوو بۆ میسر و لەوێشەوە بۆ حیجاز، لە ساڵی (١١١٣ک/١٧٠٢ز) لە شاری مەککە وەفاتی کرد. بڕوانە: (مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ل ٧-٨).

(٥) – زرار صدیق تۆفیق: کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، ل ١٣٤.

تەبریزیی زۆر وردەکاریی سەبارەت بە میرانی شەدادیی تێدا تۆمارکراوە، بەتایبەت وردەکاری ئەو جەنگانەی لەنێوان میرانی شەدادی و هێز و دەسەڵاتە مەسیحییەکاندا روویانداوە.[1]

دوابەدوای ئەوە زانیارییەکان لە نووسینەکانی مێژوونووسە ئەرمەنەکانی وەک ئاسۆلیک و ڤارتانەوە لەبارەیانەوە هاتون کە ئەوانیش بەهۆی هەوادارییی ئایینیانەوەو لەپێناو پشتیوانیی ناوچە و ئایینەکەی خۆیاندا زۆرجار زانیاریی هەڵەیان خستۆتەڕوو.[2]

لە نووسەرانی سەردەمی نوێیشدا مێژوونووسی ئێرانی (أحمد کسروی) لە کتێبەکەیدا (شهریاران گمنام) گرنگیەکی زۆری داوە بە مێژووی ئەم میرنشینەو وردەکاریی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێز و دەسەڵاتە مەسیحییەکانی دەوروبەریدا.

(١) - دیوان حکیم قطران تبریزي، چ١، چاپخانه فردین، تهران، ١٣٦٣هـ.ش.

(٢) – جمال رشید أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ط١، رياض الريس للكتب والنشر، بيروت، ١٩٩٤م، ص ٢١٦.

## تەوەرەی سێیەم

## میرنشینی ڕەوادیی (٣٣٧-٤٦٣ک/ ٩٤٨-١٠٧١ز)

ڕەوادییەکانماڵباتێکی ڕەسەنی کوردن کە لە ناوچەکانی ئەرمەنستان و ئازەربایجان نیشتەجێ بوون،[١] بنەچەی ئەیووبییەکانیش دەگەڕێتەوە سەر ئەوان و ئیبنولئەسیر لە وەسفیاندا نووسیویەتی "ئەوان خانەدانترینی نێو کوردانن". [٢]

بوونی دوو دەسەڵاتی ڕەوادی لە ناوچەکانی ئازەربایجاندا، گومانێکی دروستکردووە سەبارەت بەوەی ئایا ڕەوادیەکان کورد بن یان نا، ئەویش بوونی ڕەوادیە عەرەبەکانە کە لەوێ دەسەڵاتیان هەبوو، هاوکات ڕەوادیە کوردەکانیش لەوێ میرنشینێکیان دامەزراند، بۆیە ئەوانەی پێیان وایە ڕەوادیەکان کورد نین و عەرەبن، لەوەدا بە هەڵەدا چوون کە هەردوو دەسەڵاتە ڕەوادیەکە تێکەڵ بە یەک دەکەن.[٣]

لەبەرئەوەی سەرچاوە عەرەبی و فارسییەکان لە ماوەی ساڵانی (٣٥٠-٤٢٠ک/ ٩٦١-١٠٢٩ز) زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر ڕەوادیەکان باس نەکردووە، بۆیە سەختە بە وردی کاتی دەستپێکی دەسەڵاتی ڕەوادیەکان دەستنیشان بکرێت،[٤] بەڵام ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن کە لە ساڵەکانی ناوەڕاستی سەدەی چوارەمی کۆچیدا ئەم میرنشینە دامەزرابێت،[٥] ئەمین زەکی بەگ نووسیویەتی "لە ساڵی (٤٢٠ک/١٠٢٩ز) حکوومەتی ڕەوادیی کوردی لە تەورێزدا تەشەکولی کرد"،[٦] هەرچەندە

---

(١) – ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦/ ص ص ٤٣٧-٤٣٨؛ المقريزي: اتعاظ الحنفاء بأخبار الأئمة الفاطميين الخلفاء، تح: د. محمد حلمي، ط١، المجلس الأعلى للشئون الإسلامية، القاهرة، ج٣/ ص ٣٠٥؛ احمد كسروی: شهرياران گمنام، ص ١٥٥؛ ئاکۆ بورهان محەمەد: میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەبباسی، ل ٤٦.

(٢) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٩/ ص ٣٤٢.

(٣) - احمد كسروی: شهرياران گمنام، ص ١٥٥؛ محمد على مرجونة: تاريخ الاكراد في الخلافة العباسية، ص ١٢٣.

(٤) - حسام الدين النقشبندي: أذربايجان إيران في العهد السلجوقي، مؤسسة ژين، السليمانية – ٢٠١٢م، ص ٩٩.

(٥) - زرار صديق تۆفيق: کورد و کوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، ل ١٢٥.

(٦) - محەمەد ئەمین زەکی: خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، پێداچوونەوەو پەراوێزنووسین: د. حوسامەمدین نەقشبەندی و چەندێکی دی، چ١، تاران، ٢٠٢١ز/ ب١، ل٢٥٦.

جەمال ڕەشید ساڵی (٣٤٣ک/٩٥٤ز) بە سەرەتای دەسەڵاتیان دادەنێت و پێی وایە تەبریزیان کردووە بە پایتەخت و نزیکەی ١١٧ ساڵ فەرمانڕەواییان کردووە.[١]

دواجار میرنشینی ڕەوادی لە ساڵی (٤٩٢ک/١٠٩٨ز) لەسەر دەستی سەلجووقییەکان[٢] کۆتایی پێهات،[٣] ئەمەش پاش ئەو پاشکۆییە دوو دەیەییەی لە هاتنی سەلجووقییەکانەوە بەخۆیەوەدی، کاتێک میر وەهسووزانی کوڕی مەملان لە ساڵی (٤٤٦ک/١٠٥٤ز) ەوە وەک گوێڕایەڵێکی سەلجووقییەکان فەرمانڕەوایی ناوچەکەی دەکرد و پاش کۆچی دوایی ئەم میرە لە ساڵی (٤٥٠ک/ ١٠٥٨ز)، لەسەر پێشنیاری سەلجووقییەکان و بە ڕەزامەندی ئەوان مەملانی کوڕی وەک میری ڕەوادییەکان دەستنیشان کرا،[٤] بەڵام لە ساڵی (٤٦٣ک/ ١٠٧٠ز) دا سوڵتان ئەلب ئەرسەلانی سەلجووقی پاش سەرکەوتنی لە جەنگی مڵازگرد و گەڕانەوەی، ئەم میرەی کەنارخست و لە شوێنەکەیدا والیەکی سەلجووقیی دانا،[٥] هەرچەندە ڕەوادییەکان بە لاوازی و لە سنوورێکی بچووکدا هەتا سەرەتاکانی سەدەی شەشەمی کۆچیش مابوونەوە.[٦]

---

(١) – لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢١٢.

(٢) - سەلجووقیەکان: بەشێکن لە تورکە غوزەکان کە لە دەشتاییەکانی قرغزیەوە بەرەو وڵاتی ئەودیو ڕووبار کشان و لەوێ هاتنە ناو ئیسلامەوەو بەرەو خوراسان کشان، دواتر بەرەو بەغداد هاتن و توانییان بوەیهییەکان لەناوببەن. بڕوانە (سعيد عبدالفتاح عاشور: أوروبا العصور الوسطى، مكتبة الأنجلومصرية، القاهرة، ٢٠٠٩م، ج١/ ص ص ٤٠٧–٤٠٨)

(٣) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٨/ ص ٤٢٨؛ قادر محمد حسن: الإمارات الكردية في العهد البويهي، ط١، مؤسسة موكرياني، اربيل، ٢٠١١م، ص١٦٠؛ نيشتيمان بەشير محەمەد: كورد و سەلجووقییەکان، و: ئیدریس عەبدوڵا موستەفا، چ٢، چاپخانەی وەزارتی پەروەردە، ٢٠٠٦ز، ل ل ٢٧٩–٢٨٠.

(٤) - ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٨/ ص١٦٢؛ الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٣٠/ص ٢٧٣.

(٥) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٨/ ص ص١٦٢، ٢٢٥؛ محمد على مرجونة: تاريخ الاكراد في الخلافة العباسية، ص ص ١٧٥ – ١٧٦.

(٦) - ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٨/ ص ٦١٢.

## تەوەرەی چوارەم

## میرنشینی دۆستەکی -مەڕوانی- (٣٧٣-٤٨٩ک/ ٩٨٣-١٠٩٦ز)

یەکێکە لە میرنشینە کوردییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە لە ناوچەکانی دیاربەکر و میافارقین لە سەروبەندی ساڵی (٣٧٢ک/ ٩٨٢ز) و لەسەر دەستی ئەبووعەبدوڵا حوسەینی کوڕی دۆستەک دامەزرا،[١] سەرەتای دامەزراندنی ئەم میرنشینە لەسەر بنەمای فراوانخوازیی میر باد بوو لە ناوچەکەدا و بەتایبەت لە ناوچەکانی جیهانی مەسیحیدا،[٢] چونکە ئەم میرە زیاتر سەرقاڵ بوو بە بواری سەربازی و فراوانخوازییەوە.[٣]

لە ساڵی (٣٨٠ک/ ٩٩٠ز) کە میر بادی کوردیی کوژرا، دەسەڵات گوازرایەوە بۆ مەڕوانییەکان و لەوێ بە دواوە میرنشینەکە بە میرنشینی مەڕوانی ناوزەد دەکرێت.[٤]

ئەم میرنشینە یەکێک بووە لە بەهێزترین میرنشینە کوردییەکان کە ڕۆڵێکی کارای لە ناوچەکەدا هەبووەو ئاستی پەیوەندییەکانی لە یەک کاتدا پەیوەست بووە بە پەیوەندیی لەگەڵ خیلافەتی عەبباسی و سەلجووقییە سوننە و بوەیهی و فاتیمیە شیعەکان و بیزەنتییە مەسیحییەکان،[٥] بۆ نموونە هەریەک لە خیلافەتی عەبباسیی و دەوڵەتی فاتیمی و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی دانیان نا بە دەسەڵاتی ئەحمەدی کوڕی مەڕوان و فەرمانڕەواییەکەیدا، هەروەها هەر سێکیان لە یەک کاتدا نێردراوی خۆیان بە دیارییەوە نارد بۆ لای ئەحمەد.[٦]

---

(١) – الفارقي: تأريخ الفارقي، تح: د. بدوي عبداللطيف عوض، ط١، الهيئة العامة لشؤون المطابع الاميرية،، القاهرة، ١٩٥٩م، ص ص ٤٩- ٥١؛ ابن شداد: الأعلاق الخطيرة في ذكر أمراء الشام والجزيرة، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩١م، ج٣/ ص ١٢٩؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الأكراد، ط١، دار النفائس، بيروت، ٢٠١٥م، ص ٦٠.

(٢) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٤٠٢.

(٣) – الفارقي: تأريخ الفارقي، ص ٥٢.

(٤) – ابن شداد: الأعلاق الخطيرة في ذكر أمراء الشام والجزيرة، ج٣/ ص ٢١٧؛ عماد الأصفهاني: البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، تح: عمر عبدالسلام تدمري، ١، المكتبة العصرية، بيروت، ٢٠٠٢م، ص ٢٦٥؛ زرار صديق تۆفيق: كورد و كوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، ل ل ٢٠٠-٢٠١.

(٥) – فرست مرعي: الامارات الكردية في العصر العباسى الثانى، ط١، دار سپيرێز، أربيل، ٢٠٠٥م، ص ٢٢٣.

(٦) – الفارقي: تأريخ الفارقي، ص ص ١٠٩ – ١١٠؛ عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، ط٣، مؤسسة دلير، السليمانية، ٢٠٠٤م، ج١/ ص ١٧٣؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الأكراد، ص ص ٧٢-٧٨.

پێشکەوتن و بەهێزیی ئەم میرنشینە تەنها لە روانگە سیاسی و سەربازییەکەوە نەبوو، بەڵکو بە بەراورد بە میرنشینە کوردییەکانی دیکە، گرنگی زیاتر دراوە بە بوارەکانی شارستانیەت،[١] بەهێزییەکەی لە هەندێ قۆناغدا گەیشتۆتە ئاستێک وێڕای تێری و حەسانەوەی خەڵکەکەی،[٢] خەمی باڵندەکان خوراوەو لە ناوچەکاندا دانەوێڵەیان بۆ داکراوە هەتا برسیی نەبن.[٣]

ململانێ دەرەکییەکانی ئەم میرنشینە هەندێ جار وایدەکرد کەمتر بیر لە ململانێی نێوخۆیی ناو میرنشینەکە بکرێتەوە، بۆ نموونە ململانێی میر باد لەگەڵ ئەرمەنەکان[٤] و بیزەنتییەکان[٥] و بوەیهییەکان[٦] و حەمدانی و عوقەیلیەکان.[٧]

پەیوەندییەکانی ئەم میرنشینە هەمیشە بەریەککەوتن و جەنگی بەخۆیەوە نەدەبینی، بەڵکو هەندێ جار ئاگربەست و رێککەوتن و پەیوەندی دۆستایەتیی و هاوسەرگیریشی بەخۆیەوە دەبینی، بۆ نموونە: ئەبووعەلی حەسەنی کوڕی مەڕوان بۆ پاراستنی میرنشینەکەو چەسپاندنی ئارامی تیایدا، ئاگربەستی دە ساڵەی لەگەڵ بیزەنتییەکاندا ئەنجام دا،[٨] یاخود ئەحمەدی کوڕی مەڕوان یەکێک لەو خشڵە گرانبەهایانەی بە دیاریی نارد بۆ توغرولبەگی سەلجووقی.[٩]

دواجار لە دەیەی هەشتەمی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا میرنشینی مەڕوانی بەرەو رووخان هەنگاوی نا و هەر لەو دەیەشدا کۆتایی بە دەسەڵاتی میرنشینەکە هات، بەهێزبوونی زیاتری سەلجووقییەکان و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتە ناوچەییەکان و نەبوونی میرێکی بەهێز و بەتوانای

---

(١) – ئاکۆ بورهان محەمەد: میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەبباسی، ل ١٠٥.

(٢) – الذهبي: تأريخ الإسلام، ج١٠/ ص ٣٥.

(٣) – الصفدي: الوافي بالوفيات، تح: أحمد الأرناؤوط وتركي مصطفى، دار إحياء التراث، بيروت، ٢٠٠٠م، ج٨/ ص ١١٥.

(٤) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٤٠٣.

(٥) – عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى، ج١/ ص ٥٥؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الأكراد، ص ٦١؛ ئاراس زەینەڵ: دیپلۆماسیەتی کورد لە سەردەمی بوەیهییەکاندا، چ٢، ٢٠١٩ز، ل ٢١٨.

(٦) – الفارقي: تأريخ الفارقي، ص ٥٣؛ عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية، ج١/ ص ٦٩؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الأكراد، ص ٦١.

(٧) – أرشاک بولاديان: الأكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص ١٧٢.

(٨) – الفارقي: تأريخ الفارقي، ص ٦١.

(٩) – الذهبي: سير أعلام النبلاء، ط١، دار الحديث، القاهرة، ٢٠٠٦م، ج١٣/ ص ٣٤٠؛

مەڕوانی لەو سەروبەندەدا، هۆکار بوو بۆ ئەو رووخانە، چونکە میر مەنصووری مەڕوانی نەیتوانی مەلەکشاهی سەلجووقی (٤٦٥-٤٨٥ک/١٠٧٢-١٠٩٢ز) رازیی بکات بە مانەوەی میرنشینەکەی و بە بڕیار و پاڵپشتی ئەو سوڵتانە، ناوچەکانی میرنشینی مەڕوانی دران بە فەخرودەولەو لەنێوان ساڵانی (٤٧٦-٤٧٨ک/ ١٠٨٣-١٠٨٥ز) یەکەیەکە ناوچەکانی میرنشینەکە کەوتنە ژێر دەسەڵاتی وەزیر فەخرودەولە و لە ساڵی (٤٨٦ک/١٠٩٣ز) کۆتایی بەم میرنشینە کوردییە هات.[١]

(١) – الفارقي: تأريخ الفارقي، ص ص ٢٤٥-٢٤٧؛ ابن العبري: تأريخ الزمان، تر: الأب إسحاق أرملة، دار المشرق، بيروت، ١٩٩١م، ص ١١٧؛ زرار صديق تۆفيق: كورد و كوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، ل ٢٤٧-٢٤٨.

## تەوەری پێنجەم

## ئەیووبییەکان

ئەیووبییەکان بنەماڵەیەکی کوردی سەر بە شاری دوین بوون،(١) لە گوندێکی سەر بە دوین کە پێی دەوترا ئەجدانقان و سەرجەمی دانیشتوانەکەی لە کوردانی ڕەوادی بوون، ئەیووبی باوکی سەلاحەدین کە دواتر ناوەکەی زاڵبوو بەسەر بنەماڵەکەدا لەوێ لەدایکبوو. (٢)

سەبارەت بە کوردبوون، یان کوردنەبوونی ئەیووبییەکان، چەند دەقێکی جیاواز لە سەرچاوەکان بەدیدەکرێن، لەوانەش:

''کۆمەڵێک لە پادشایانی ئەیووبی نکووڵییان دەکرد لە کوردبوونیان و دەیانوت ئێمە عەرەب بوین، بەڵام لای کوردەکان مانیەوەو هاوسەرگیریمان لەگەڵ کردن''. (٣)

''ئەسەدەدین شێرکۆ(٤) و نەجمەدینی برای کوڕانی شازی لە شاری دوین لەدایکبوون و ڕەچەڵەکیان لە کوردانی ڕەوادیە''. (٥)

''لە کتێبی مێژووی حەلەبدا کە قازی کەمالەدین ئەبولقاسم عومەری کوڕی ئەحمەدی ناسراو بە ئیبنولعەدیمی حەلەبی کۆیکردۆتەوە، بینیومە باسی جیاوازی ڕەچەڵەکیانی کردووە، دەڵێت: موعیز ئیسماعیلی کوڕی سەیفولئیسلامی کوڕی ئەیووبی پادشای یەمەن بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە سەر بەنی ئومەییە و بانگەشەی خیلافەتی دەکرد، منیش لە مامۆستامان قازی

---

(١) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٩/ ص ٣٤٢؛ ابن الوردي: تاريخ ابن الوردي، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٦م، ج٢، ص ٧٤؛ ابن كثير: البداية و النهاية، ج١٦/ ص ص ٤٣٧-٤٣٨.

(٢) – ابن خلكان: وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان، تح: إحسان عباس، دار صادر، بيروت، ١٩٧٢م، ج٧/ ص ١٣٩.

(٣) – ابن واصل: مفرج الكروب في أخبار بني أيوب، دار الكتب والوثائق القومية، المطبعة الأميرية ، القاهرة -١٩٥٧م، ج١/ ص ٣.

(٤) – شێرکۆی کوڕی شادی کوڕی مەڕوانی کوردی کە لە شاری دوین لەدایک بوو، هاودەم بە نەجمەدینی برای بەرەو تکریت چوون و دواتر چوونە لای زەنگییەکان و لەوێ هەرکامیان پۆستیان وەرگرت، شێرکۆ بوو بە پاڵەوانێکی سەربازیی وا کە فرەنجەکان کاتێک ناوی ئەویان دەبیست ترس دایدەگرتن، شێرکۆ توانی لە میصر ببێتە وەزیری فاتیمییەکان، لە ساڵی (٥٦٤ک/ ١١٦٨ز) لە میصر کۆچی دوایی کرد. بڕوانە (الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١٥، ص ٢٦٥).

(٥) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٩/ ص ٣٤٢.

بەهائەدینی ناسراو بە ئیبن شداد بیستوومە کە لە سوڵتان سەلاحەدینەوە دەیگێڕایەوە نکوولّی لەو ڕەچەڵەکی ئومەوی بوونە دەکرد و دەیوت: هەرگیز ئەوە ئەصڵ و بنەڕەتێکی نیە''.[1]

''بنەڕەتیان لە دوین بوو کە شارێکی بچووک بوو لە ناو عەجەمدا، دەوترێت لە کوردانی ڕەوادین، ئەمەش ڕاستترین ڕاوبۆچوونە''.[2]

''ئەمانە لە کوردانی ڕەوادین و ئەو هۆزەش لە ناودارترین و هەڵکەوتەترین هۆزەکانی کوردن''.[3]

''گەورەی موسڵمانان لە خاکی میسر.. یووسفی کوڕی ئەیووبی کوردی''.[4]

ئەیووبییەکان لە شاری دوینەوە بەرەو عێراق هاتن و سەرەتا لە بەغداد مانەوە،[5] پاشان لە تکریت نیشتەجێ بوون، لەوێ ڕێزیان لێنرا و پۆستیان پێ درا،[6] بەڵام زۆری نەخایاند پەیوەندییەکانیان لەوێ تێکچوو و ئەوانیش چوون بۆ لای عیمادەدین زەنگیی لە موصڵ، ئەویش ڕێزێکی زۆری لێگرتن و ناوچەیەکی دیاریکراوی پێ بەخشین،[7] دواتر لەناو سوپاکەیدا بەکاریدەهێنان و پۆست و پێگەی گرنگی پێدەدان.[8]

---

(١) – ابن خلكان: وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان، ج٧/ ص ١٤١.

(٢) – ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة في ملوك مصر و القاهرة، دار الكتب، مصر، ١٩٦٣م، ج٦/ ص ٤.

(٣) – أبوشامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، تح: إبراهيم الزيبق، ط١، مؤسسة الرسالة، بيروت،١٩٩٧م، ج١/ ص ٤٠٣؛ ابن كثير: البداية و النهاية، ج١٦/ ص ص ٤٣٧-٤٣٨.

(٤) – كاتب مراكشي: الإستبصار في عجائب الأمصار، دار الشؤون الثقافية، بغداد، ١٩٨٦م، ص ١٠٤.

(٥) – ابن خلكان: وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان، ج٧/ ص ١٤٠؛ ابن واصل: مفرج الكروب، ج١/ ص ٧.

(٦) – أبوشامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، ج٢/ ص ٢٥٢؛ ابن كثير: البداية و النهاية، ج١٦/ ص٤٣٨.

(٧) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٩/ ص ٣٤٢؛ ابن كثير: البداية و النهاية، ج١٦/ ص٤٣٨؛ المقريزي: السلوك لمعرفة دول الملوك، تح: محمد عبدالقادر، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٧م، ج١/ ص ٢٨١.

(٨) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج١/ ص ص ٨-٩؛ ابن كثير: البداية و النهاية، ج١٦/ ص٤٣٨؛ محمد سهيل طقوش: تأريخ الأيوبيين، ط١، دار النفائس، بيروت، ٢٠٠٨م ص ١٨.

به کوژرانی عیمادەدین زەنگیی لەساڵی (٥٤١ک/١١٤٦ز)، ئەسەدەدین شێرکۆی ئەیووبی ڕۆڵی هەبوو لە دانانی نوورەدین زەنگیدا،[1] دواتریش ڕۆڵێکی کارای هەبوو لە لێدانی نەیارەکانی دەوڵەتی زەنگیدا، بەتایبەت هێزە خاچییەکان کە مەبەستیان بوو دەستبگرن بەسەر شامدا،[2] لە بەجێگەیاندنی ئەجێندای دەوڵەتەکەش لە میسردا ڕۆڵی سەرەکی لەدەست ئەیووبییەکاندا بوو[3] کە دواجار لێکەوتەکەی لە بەرژەوەندی خۆیان بوو و دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیووبی لێکەوتەوە.

پاش مردنی نوورەدین زەنگیی، شیرازەی زەنگییەکان تێکچوو و مەترسی خاچییەکانیش لەسەر شام زیادی کرد، ئەمە دەرفەتێک بوو بۆ سەلاحەدینی ئەیووبی کە دوای مەرگی هەریەک لە ئەسەدەدین شێرکۆی مامی و کۆتا خەلیفەی فاتیمی عازید لیدینیللاە (٥٥٥-٥٦٧ک/١١٦٠-١١٧١ز) جڵەوی میسری بکەوێتەدەست، هەتا بیر لە گرتنی شامیش بکاتەوەو ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی یەکبخات بۆ بەرنگاربوونەوەی مەترسی خاچییەکان، ئەم هەوڵانەی بەردەوام بوون هەتا ساڵی (٥٨١ک/ ١١٨٥ز) و دواجار توانی دەوڵەتێکی بەهێزی یەکگرتوو دابمەزرێنێت کە شەرعیەتی لە خیلافەتی عەبباسی وەرگرتبوو، ئیتر لەوێوە هەنگاو بنێت بۆ لێدانی خاچییەکان و گرتنەوەی ئەو ناوچانەی دەستیان بەسەرداگرتبوون.[4]

دوای ئەوە سەلاحەدین هێرشەکانی بەرەو خاچییەکان دەستپێکرد و توانی لە ساڵی (٥٨٣ک/١١٨٧ز) یەکێک لە گرنگترین مەڵبەندە دیارەکانی شامیان لێوەربگرێتەوە کە قودس بوو[5] و لە رووی ئاینییەوە لای موسڵمانان پیرۆزیەکی زۆری هەبوو و بوو بە گەورەترین دەستکەوتی ئەیووبییەکان لە ماوەی دەسەڵاتدارییاندا.

---

(١) - ابن واصل: مفرج الكروب، ج١/ ص ١٠؛ عطا عبدالرحمن محی الدين: ئەسەدەدین شێرکۆ، چ١، سلێمانی، ناوەندی رۆشنبیر، ٢٠٠٣ز، ل ل ٧٢-٧٤.

(٢) - ابن عساكر: تأريخ مدينة دمشق، تح: عمرو بن غرامة، دار الفكر، بيروت، ١٩٩٥م، ج٢٣/ ص ٢٨٤؛ أحمد محمود خليل: تأريخ الكرد في العهود الإسلاميه، ط١، دار ئاراس، أربيل، ٢٠١٣م، ص ١٨٧.

(٣) - ابن خلكان: وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان، ج٢/ ص ٤٤٠.

(٤) – ابن الراهب: تاريخ ابن الراهب، مطبعة الآباء اليسوعيين، بيروت، ١٩٠٣م، ص ٧٦؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الأيوبيين، ص ص ٥١ – ٨١.

(٥) - أبوشامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، ج٣/ ص ص ٣٣٣-٣٥٣؛ ابن كثير: البداية و النهاية، ج١٦/ ص ٥٨٥.

دوای ئەمەش قۆناغی وەڵامدانەوەی هێرشی سێیەم و مەرگی سەلاحەدین هۆکار بوون بۆ وەستانی فراوانخوازی ئەیووبییەکان، وەرگرتنەوەی قودس لێیان و دواتر گێڕانەوەی بۆ جاری دووەم (٦٤٢ک/١٢٤٤ز) و بەریەککەوتنی بەردەوامی نێوان خاچی و ئەییبووبیەکان و درووستبوونی دووبەرەکی لەنێو ماڵی ئەیووبیدا دیارترین دیمەنە سیاسیەکانی ئەو دەوڵەتە بوون هەتا دواجار بە هاتنی مەملووکییەکان کۆتایی بە دەسەڵاتەکەیان هات.[١]

پەیوەندییەکانی ئەیووبییەکان لەگەڵ دەسەڵاتە زلهێزەکانی ناوچەکەش دیوێکی دیکەی مێژووی ئەو دەوڵەتە بوو کە لە پەیوەندی لێکتێگەیشتن و تەبایی و هەواداری لەگەڵ خیلافەتی عەبباسی[٢] و پەیوەندی دیبلۆماسی و ناتەبایی و تەبایی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی[٣] و چەند دەسەڵاتێکی تری ناوچەیی مەسیحی وەک میرنشینی جۆرجیا[٤] و پەیوەندی بەریەککەوتن و ململانێ لەگەڵ میرنشینە خاچییەکان و دەوڵەتە مەسیحییە ئەورووپییەکان خۆی دەبینیەوە کە لە رێگەی شاڵاوە خاچییەکانەوە لەگەڵ ئەیووبییەکاندا بەریەکدەکەوتن.[٥]

---

(١) - قاسم عبده قاسم و علي السيد علي: الأيوبيون والمماليك، عين للدراسات، ص ص ٧١ – ٧٧، ٨٣-١١١، ١٢٧-١٣٢.

(٢) - ابن واصل: مفرج الكروب، ج٣/ ص ٣٥٧؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الأيوبيين، ص ص ٨٣-٨٩.

(٣) - ابن شداد: النوادر السلطانية، تح: د. جمال الدين الشيال، ط٢، مكتبة الخانجي، القاهرة، ١٩٩٤م، ص ٣١١؛ المقريزي: السلوك لمعرفة دول الملوك، ج١/ ص ١٨٥؛ زبيدة محمد عطا: الشرق الإسلامي و الدولة البيزنطية زمن الأيوبيين، ط٢، دار الأمين، القاهرة، ١٩٩٤م، ص ٦.

(٤) - ابن نظيف: التاريخ المنصوري، تح: أبوالعيد دودو، مطبعة الحجاز، دمشق، ١٩٨١م، ص ص ٢١٨-٢٢٠؛ ابن واصل: مفرج الكروب، ج٣/ ص ٢٠١؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١٦/ ص ١٢٩؛ فتحي سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ط١، دار غيداء، عمان، ٢٠١٥م، ص ص ١٧٥-١٩٢.

(٥) - يعقوب الڤيترى: تاريخ بيت المقدس، تر: سعيد البيشاوي، ط١، دار الشروق، عمان، ١٩٩٨م، ص ١٥٩؛ أبوشامه: مفرج الكروب، ج٣/ص٢٥٤؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ط١، دار النفائس، بيروت، ٢٠١١م، ص ٥٧٢.

## باسی دووەم

## دەسەڵاتە مەسیحییەکان

### تەوەری یەکەم

### ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی

سەبارەت بە سەرەتاکانی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی بۆچوونی جیاواز هەیە، لەنێوان کۆتاییەکانی سەدەی سێیەمی زاینی هەتا نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی زاینیدا، بەڵام بۆچوونی دروستتر ئەوەیە کە دامەزراندنی شاری قوستەنتینیە وەک پایتەختی نوێ سەرەتای دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتییە،(١) مەسەلەکەش پەیوەندی هەبوو بە سیاسەتی رووکردنە خۆرهەڵات.(٢)

لە سەردەمی دەسەڵاتی قوستەنتین و لە کۆنگرەی میلان لە ساڵی (٣١٣ ز) دا سەرەتایەکی کرانەوەی ئیمپراتۆریەتەکە بە رووی ئایینی مەسیحییەتدا دەستپێکرد کاتێک تیایدا بڕیار درا لەسەر ئازادی پەرستش و داننان بە کڵێسای مەسیحیدا،(٣) دواتر خودی قوستەنتین لە ساڵی (٣١٨ز) هوە هێمای ناوی مەسیحی لەسەر پۆشاکی ئیمپراتۆریەت نەخشاند، دواتریش لە قوستەنتینیەی پایتەختی نوێدا کە دروستی کرد، کڵێسای گەورەی دامەزراند و تیایدا لەبری قوربانی بۆ خواوەندەکانی رۆما، رێوڕەسمی مەسیحییەت پەیڕەو دەکرا،(٤) بەم چەشنە قوستەنتین لە رووی بنیادەوە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیی بنیادنا، لە رووی ئایینیشەوە ئایینی ئیمپراتۆریەتەکەی دەستنیشانکرد.(٥)

دوای هاتنی ئایینی ئیسلام و دروستبونی ململانێی فرەلایەنەی نێوان هەردوو جیهانی ئیسلامی و بیزەنتی، یەکەم بەریەککەوتنەکانی موسڵمانان لەگەڵ مەسیحییەکان لە سەردەمی پێغەمبەردا (د.خ)

---

(١) - محمد مؤنس عوض: الإمبراطورية البيزنطية، ط١، عين للدراسات، ٢٠٠٧م، ص ص ١٢٥-١٢٧.

(٢) - نورمان بينز: الإمبراطورية البيزنطية، تر: حسين مؤنس و محمود يوسف، القاهرة، ١٩٥٠م، ص ص ١-٤.

(٣) - سيد أحمد الناصري: تاريخ الإمبراطورية الرومانية السياسي و الحضاري، ط٢، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩١م، ص ٤٣٤؛ کەیوان ئازاد ئەنوەر: مێژووی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی، چ٢، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٢٢ز، ل ٤٠.

(٤) – البكري: المسالك والممالك، دار الغرب الإسلامي، تونس، ١٩٩٢م، ج١/ص ٣١١؛ أ.ب. تشارلز ورث: الإمبراطورية الرومانية، تر: رمزى عبده و محمد صقر خفاجة، الهيئة المصرية العالمية للكتاب، القاهرة، ١٩٩٩م، ص ص ٢١٠-٢١١.

(٥) - ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج١/ ص ٢٦٢.

دەستیپێکرد و[1] لە سەردەمی خیلافەتی راشیدیندا تۆخبوویەوەو سەرکەوتن و پێشڕەوی موسڵمانان زیادی کرد،[2] ئەم حاڵەتە لە سەردەمی ئومەوی‌و عەبباسیشدا رەنگی دایەوە، هەندێ جار سەرکەوتن بۆ موسڵمانان بوو و هەندێ جاریش دەبوویە بەختی بیزەنتییەکان، جاری وایش هەبوو ئاگربەستی نێوانیان بۆ ماوەیەک بەریەککەوتنەکانی کەمتر دەکردەوە،[3] بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەریەک لەو دوو دەسەڵاتە گەورەی کە وەک پێگەی هێز و هێمای دوو ئاینی گەورەی ئیسلامی و مەسیحی خۆیان نیشان دەدا، لەسەر سنوورەکانی نێوانیاندا بەریەککەوتن و ململانێی سەختیان هەبوو و ئەو هێز و دەسەڵاتە ناوچەییانەی سەر بە هەرکام لەو دوو هێزەش کە لەو سەرسنوورانەدا بوون، دەبوونە چەکی دەستی ئەو دوو هێزە گەورە.[4]

لە سەردەمی دامەزران و دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەبباسیدا، بەشێک لەو میرنشینانە هاوسنووری ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی بوون، لەوانەش شەدادیەکان و رەوادیەکان و مەڕوانییەکان، ئەم هەندێ جار پەیوەندی ناڕاستەوخۆیان هەبوو لەگەڵ بیزەنتییەکاندا، ئەویش لە رێگەی ئەو هێزە مەسیحییە هاوسنوورانەیانەوە کە وەک شوێنکەوتەی بیزەنتییەکان مامەڵەیان دەکرد، بۆ نموونە جاری وا هەبوو بیزەنتییەکان دژ بە میرنشینە کوردییەکان ئەو هێزە مەسیحیانەیان هاندەدا، جاری وایش هەبوو بەپێچەوانەوە هانی میرنشینە کوردییەکانیان دەدا دژ بەو هێزانە،[5] گەلێ جاریش هەوڵیاندەدا دەست بخەنە نێو پەیوەندی نێوخۆیی میرنشینە کوردییەکانەوەو دژ بە یەک بەکاریان

---

(١) – الطبري: تأريخ الرسل والملوك، ط٢، دار التراث، بيروت، ١٣٨٧ هـ ج٣/ ص ٣٦ وما بعدها؛ الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٢، ص ٤٨١.

(٢) – ابن بطريق: التأريخ المجموع على التحقيق والتصديق، مطبعة الآباء اليسوعيين، بيروت، ١٩٠٩م، ص ١٠-١٥، ١٧، ٢٥.

(٣) – المسعودي: التنبيه والإشراف، ص ٢٧٥؛ ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٢/ ص ص ٢٦٨، ٥٠٣، ج٣/ ص ص ٥٦، ٩١، ٣٥٨-٣٥٩؛ ابن الجوزي: المنتظم في تاريخ الأمم والملوك، تح: محمد عبد القادر و مصطفى عبد القادر، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٢م، ج٤/ ص ١٩٣؛ کەیوان ئازاد ئەنوەر: مێژووی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی، ل ل ١١٩-١٢٢.

(٤) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٧٦٤.

(٥) – احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ص ٢٨٩-٢٩٤؛ کەیوان ئازاد ئەنوەر: کوردستان و کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، چ١، چاپخانەی پەنجەرە، تاران، ٢٠١٥ز، ل ٨٩.

بهێنن،[1] هەندێ جاریش پەیوەندیی راستەوخۆیان دەبوو، وەک چۆن میر موحەممەدی کوڕی شەداد کاتێک لەبەردەم مەرزەباندا شکستی خوارد پەنای بردە بەر ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی هەتا پشتیوانی بکەن،[2] یان دانانی بارمتە لای ئیمپراتۆری بیزەنتی لەلایەن ئەبولئەسواری شەدادیەوە،[3] یاخود دیداری میر مومەهیدودەولەی مەڕوانی و ئیمپراتۆری بیزەنتی و پێدانی نازناوی بەو میرە کوردە لەلایەن باسیلی دووەمەوە (٣٦٦-٤١٦ک/ ٩٧٦-١٠٢٥ز).[4]

---

(١) - ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٧٦٤.

(٢) - محمد على مرجونة: تاريخ الاكراد في الخلافة العباسية، ص ٢٠٠.

(٣) - جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٣١؛ ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، و: عەلی نادر، چ١، چاپخانەی تاران، ٢٠٢١ز، ل ٢٤.

(٤) - الأنطاكي: تأريخ الأنطاكي، تح: عبدالسلام تدمري، جروس بروس، طرابلس، ١٩٩٠م، ص ٢٤٧.

## تەوەری دووەم

## ئەرمەنەکان

ئەرمەنستانی کۆن لە رووی جوگرافیەوە بریتی بوو لەو ناوچانەی دەکەوتنە نێوان کۆتایی باشووری قەفقاس و باکوروی خۆرئاوایی ئێران و باکووری خۆرهەڵاتی ئاسیای بچووک،[١] پێش هاتنی ئەرمەنەکان ئەو ناوچەیە بە ئورارتوو یان ئارارات ناسرابوو،[٢] بەڵام هاتنی ئەرمەنەکان ناوەکەی گۆڕی و لەوە بەدوا بە ئەرمەنستان ناسرا، لە دیارترین شارەکانی ئەو ناوچەیەش بریتی بوون لە ئانی[٣] و ورمێ و سەڵماس و خوێ و وەستان و قالیقلا.[٤]

راو بۆچوونی دروست ئەوەیە کە ئەرمەنەکان لە گەلە ئارییەکانن.[٥]

دوو سەدە پێش هاتنی مەسیح، ئەرمەنەکان سەر بە دەوڵەتی سلووقی[٦] بوون، دواتر بە شکانی سلووقیەکان، ئەرمەنەکان سەربەخۆییان راگەیاند و دوو دەسەڵاتی ئەرمەنستانی گەورە و ئەرمەنستانی بچووکیان پێکهێنا، دواتر لە سەدەی دووەمی زاینیدا رۆمانەکان ئەرمەنستانیان خستە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیانەوە، لاوازبوونی رۆمانەکان دەرفەتی بە فارسەکان بەخشی هەتا دەسەڵاتیان

---

(١) - يوسف عزت باشا: تاريخ القوقاز، تح: عبدالحميد غالب بک، مطبعة عيسى البابي الحلبي و شرکاؤە، القاهرة، ١٩٣٣م، ص ٢٠.

(٢) - مروان المدور: الأرمن عبر التاريخ، ط٢، منشورات دار نوبل، دمشق، ص ٤٩.

(٣) - شارێکی گەورە بوو لە ئازەربایجان کە زۆر بەهێز بوو و بە ئاسانی زەفەری پێ نەدەبرا، سێ لای رووباری ئاراس بوو و لاکەی دیکەشی رووبارێکی قووڵ بوو و لەرێی پردەوە هاتوچۆی بۆ دەکرا. بڕوانە (ابن الأثير: الکامل في التأريخ، ج٨/ ص ١٩٦).

(٤) - زياد علاءالدين محمود قداوي: الأوضاع السياسية في بلاد القفقاس في القرنين ٦-٧هـ ط١، دار غيداء، عمان، ٢٠٢٠م، ص ص ٣٩-٤٢.

(٥) - يوسف عزت باشا: تاريخ القوقاز، ص ٢٠؛ فتحي سالم حميدى اللهيبي: مملکة ارمينيا الصغرى، ط١، دار غيداء، عمان، ٢٠١٩م، ص ٢٥.

(٦) - ئیمپراتۆریەتی سلووقی لە پاش هاتنی ئەسکەندەری مەکدۆنی لە خۆرهەڵات دامەزرا و هەتا هاتنی ئیسلام درێژەی کێشا و چەندین شانشین و ناوچەو رۆشنبیری جیاواز تیایدا کۆبووبوونەوە وەک عیلام و سۆمەر و فارس و بابل و فینیقیا و ئاسیای بچووک. بڕوانە: (ول ديورانت: قصة الحضارة، تر: زکي نجيب و آخرون، دار الجيل، بيروت، ١٩٨٨م، ج٨، ص ص ٣٦-٣٧).

بەسەر ئەرمەنستاندا بسەپێنن،[١] بەو چەشنە هەتا هاتنی ئیسلام و دەستپێکردنی فتووحاتی ئیسلامی، ئەرمەنستان جێی ململانێی نێوان فارسەکان و رۆمەکان بوو.[٢]

لە ساڵی (١٨ک/٦٣٩ز) لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا (ر.خ) فەتحی ئەرمەنستان دەستپێکرد و چەند ناوچەیەکی خرانە ژێر قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئیسلامیەوە، دواتر چەندجارێک ئاگربەست لەنێوان دەسەڵاتە ئیسلامیەکان و ئەرمەنەکاندا دەبەسترا و تاوەتاوەش بارگرژیی لەنێوانیاندا سەریهەڵدەدایەوە، جاری وایش هەبوو هێزە ئیسلامی و مەسیحییەکان پێکەوە بەرنگاری نەیارانی ئەرمەنستان دەبوونەوە، وەک ئەو هێرشانەی کە خەزەرەکان دەیانکردە سەر خاکی ئەرمەنستان و لەلایەن موسڵمانان و ئەرمەنە مەسیحییەکانەوە بەرپەرچ دەدرانەوە.[٣]

لە سەروبەندی دەرکەوتنی میرنشینە کوردییەکانی هاوسنووری ئەرمەنەکاندا، ژیانی سیاسی ئەرمەنەکان لە نیشتمانی خۆیاندا مۆرکی پەرتبوونی پێوە دیاربوو، ئەوان دابەش بووبوون بەسەر شەش میرنشینی بچووکدا و بەردەوام لە ململانێی نێوخۆییدا دەژیان، ئەمەش رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر بارودۆخی دەرەکییان و هێزە ئیسلامی و مەسیحییەکانی دیکەش هەوڵیان دەدا دەستبگرن بەسەر ناوچەکانی ئەرمەنستاندا،[٤] بۆ نموونە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەبولئەسواری شەدادیدا ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی نامەیەکی نارد بۆ ئەبولئەسوار و هانی دا هەتا ناوچەکانی ئەرمەنستان بگرێت،[٥] ئەویش هێرشی بردە سەر ناوچەکانی ئەرمەنستان و چەند شار و قەڵایەکی گرت،[٦] یاخود جۆرجییەکان لە سەرەتای دامەزراندنی

---

(١) - موريس خورينانيسى: تأريخ الأرمن من البداية حتى القرن الخامس الميلادي، نقله عن الأرمنية: نزار خليلي، ط١، دار اشبيلية، دمشق، ١٩٩٩م، ص ص ٢٠٦ وما بعدها.

(٢) - يوسف عزت باشا: تاريخ القوقاز، ص ص ٢٠ – ٢٤؛ ك.ل. استارجيان: تأريخ الامة الأرمنية، مطبعة الإتحاد الجديدة، الموصل، ١٩٥١م، ص ص ١٢٥-١٦١.

(٣) - مروان المدور: الأرمن عبر التاريخ، ص ص ١٩٧- ٢٠٦.

(٤) – موريس خورينانيسى: تأريخ الأرمن من البداية حتى القرن الخامس الميلادي، ص ص ٣٥، ٥٥، ١١٨، ١٢٢-١٢٨؛ فتحي سالم اللهيبي: مملكة ارمينيا الصغرى، ص ص ٢٧-٢٨.

(٥) - احمد كسروى: شهرياران گمنام، ص ٢٩٢؛ ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل ٦٦.

(٦) - احمد كسروى: شهرياران گمنام، ص ٢٩٢؛ جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٣٥.

میرنشینەکەیانەوە دەستیان برد بۆ گرتنی چەند ناوچەیەکی ئەرمەنستان،[1] بەڵام ئەوەی زیاتر دەربڕی دەسەڵاتی ئەرمەنەکان بوو میرنشینی بەقرادۆنی بوو.[2]

سەبارەت بە ئایینی ئەرمەنەکایش ئەوە زانراوە کە خواوەندەکانی فارسیان دەپەرست، هاوکات پەرستشی خواوەندی تایبەتی ئەرمەنەکانیان دەکرد هەتا هاتنی مەسیحییەت،[3] بە هاتنی ئایینی مەسیحییەت و موژدەبەری ئەو ئایینە لەنێویاندا، دواجار ئایینی مەسیحییەتیان وەرگرت و لە سەرەتای سەدەی چوارەمی زایینیدا یەکەم دەوڵەتی مەسیحییان دامەزراند[4] و بە درێژایی مێژوو وابەستەی ئەو ئایینە ئاسمانییە بوون، هەرچەندە لە سەرەتاوە هاوئایینزای بیزەنتییەکان بوون، بەڵام دواتر لە سەرەتای سەدەی شەشەمی زاینیەوە لە رووی ئایینزایەوە لە کڵێسای بیزەنتی جیابوونەوە، ئەمەش رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی نێوانیان.[5]

---

(١) – صبا سالم شيت: الأوضاع السياسية في أرمينيا الكبرى، رسالة ماجستير، جامعة الموصل، كلية التربية للعلوم الإنسانية، قسم التأريخ، ٢٠١٩م، ص ١٥٤؛ فتحي سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ٩٣.

(٢) – اديب السيد: ارمينيا في التاريخ العربي، ط١، ١٩٧٢م، ص ١٧٨.

(٣) – فتحي سالم اللهيبي: مملكة ارمينيا الصغرى، ص ٢٦؛ ك.ل. استارجيان: تأريخ الامة الأرمنية، ص ١٢٠.

(٤) - ك.ل. استارجيان: تأريخ الامة الأرمنية، ص ١١٦؛ محمد زرقوق: مملكة أرمينيا الصغرى بين المغول والمماليك، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة الجزائر٢، كلية العلوم الإنسانية والإجتماعية، قسم التاريخ، ٢٠١٢م، ص ٢٩.

(٥) – فتحي سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ٧٠.

## تەوەری سێیەم

## جۆرجییەکان

جۆرجیا دەکەوێتە ناوچەی قەفقاس لە باکووری خۆرئاوای کیشوەری ئاسیاوە، بەم چەشنە لاپاڵەکانی باشووری خۆرئاوای شاخەکانی قەفقاسی گەورە لەخۆدەگرێت،[1] جۆرجییەکان لە نێو شاخەکان قبق و لە وڵاتی سەریر نیشتەجێ بوون،[2] لە دیارترین شارو ناوچەکانی جۆرجیا بریتی بوون لە (تفلیس[3]، کارز، سوخوم، باتووم).[4]

سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوونی جۆرجییەکان، ئیبن خەلدوون وای نووسیوە ''وڵاتەکەیان لە ناوچەی خەزەر بوو لە رووی باکوورەوە لەنێو کۆمەڵە شاخێکی سەختدا لەنێوان ئەرمەنستان و قوستەنتینیەدا''.[5]

سەبارەت بە خودی جۆرجییەکانیش یاقووتی حەمەوی لەبارەیانەوە نووسیویەتی''ئەوان مەسیحین، لە شاخەکانی قبق و وڵاتی سەریر نیشتەجێ بوون''.[6]

هەروەها نووسیویەتی''ئەبخاز.. گەلێک لە مەسیحییەکانی تێدا نیشتەجێیە کە پێیان دەوترێت الکرج''.[7]

---

(١) - فتحي سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ص ٢٦-٢٧.

(٢) - ياقوت الحموي: معجم البلدان، ط٢، دار صادر، بيروت، ١٩٩٥م، ج٤/ ص ٤٤٦.

(٣) - تفليس: ئەم شارە دەکەوتە نێو ئەرمینیای گەورەوەو نزیک بوو لە بابولئەبوابەوەودواتر کەوتە دەست جۆرجییەکان هەتا لە ساڵی (٥١٥ك/ ١١٢١ز) دا لەلایەن سەلجووقییەکانەوە لە چنگیان دەرهێنرا. بڕوانە (ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٢، ص ٣٦).

(٤) - زياد علاءالدين: الأوضاع السياسية في بلاد القفقاس، ص ص ٣٣-٣٤.

(٥) – ديوان المبتدأ والخبر، ج٢/ ص ٢٧٧.

(٦) – معجم البلدان، ج٤، ص ٤٤٦.

(٧) - معجم البلدان، ج١/ ص ٦٤.

جۆرجییەکان لە رووی نەژادەوە دەچنەوە سەر هەمان بنەچە کە ئەرمەنەکانی لێوە هاتوون و لە رەگەزی ئاری هیندۆ ئەورووپین،[١] ئیبن خەلدون بە برای ئەرمەنەکان ناویان دەهێنێت،[٢] دەوترێت ئەوان و چەرکەسەکانیش لە رەگەزی سپین،[٣] بەلازوری دەسەڵاتدارانی جۆرجیا (جورزان) ی بە خەزەرەکان ناو بردووە،[٤] یاقووتی حەمەوی جۆرجییەکان سەر بە شانشینی ئەپخازیا دەناسێنێت،[٥] ئیبنولئەسیر جۆرجییەکان و خەزەرەکان بە یەک رەچەڵەک ناو دەهێنێت،[٦] ئیبن خەلدوون پێی وا نەبوو ئەوە راست بێت، بەڵام ئەگەری ئەوەی داناوە کە جۆرجییەکان بەشێک بن لە خەزەرەکان،[٧] قەلقەشەندی لەگەڵ کورددا بە یەک رەچەڵەک هەژماری کردون.[٨]

ئیبن فەزلوڵاهـ ئەلعومەریش سەبارەت بە جۆرجییەکان نووسیویەتی"سەربازگەی گورجەکان خاچین و لەسەر ئایینی خاچین، ئەوان بەهێز و فریادڕەسن، موسڵمانەکان بە کورد و مەسیحییەکانیش بە گورج ناسراون".[٩]

جۆرجییەکان لە سەرچاوەکاندا بە ناوی جیاواز ناویان هاتووە، بۆ نموونە لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا بە (کەرەج)[١٠] و (جورزی)[١١] ناویان هاتووە، عیبرانیەکان بە (مەشەخ) یان (مەسەخی)

---

(١) - زياد علاءالدين: الأوضاع السياسية في بلاد القفقاس، ص ٤٣.

(٢) - ديوان المبتدأ والخبر، ج٥/ ص ١٤٨.

(٣) - يوسف عزت باشا: تاريخ القوقاز، ص ٢٨.

(٤) - فتوح البلدان، بيروت، دار ومكتبة الهلال، ١٩٨٨م، ص ١٩٣.

(٥) - معجم البلدان، ج٢/ ص١٢٥.

(٦) – الكامل في التأريخ، ج٨/ ص ٦٥٢.

(٧) – ديوان المبتدأ والخبر، ج٥/ ص ٥٨.

(٨) -قلائد الجمان في التعريف بقبائل عرب الزمان، ط٢،دار الكتاب المصري، القاهرة، ١٩٨٢م، ص ٣١.

(٩) - التعريف بالمصطلح الشريف، تح: محمد حسين شمس الدين، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٨٨م، ص ٧٨.

(١٠) - ابن حوقل: صورة الأرض، ص ٣٤٠؛ ناصر خسرو: سفرنامه، تح: يحيى الخشاب، ط٣، دار الكتاب الجديد، بيروت، ١٩٨٣م، ص ٩٥.

(١١) - ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٢/ ص ١٢٥.

ناویان هێناون، فارسەکان بە جۆرجیستان ناویان هێناوە، هەروەها بۆچوونێک پێی وایە یەکەمجار بە قادانۆل ناوبراون،[١] سەبارەت بە خاکەکەشیان بە ناوەکانی (ساسبیر) و دواتر (ئیبریا) و پاشان (کەرەج) هاتووە.[٢]

لە رووی سیاسیەوە هەر لە دێر زەمانەوە هەتا سەردەمی فتووحاتی ئیسلامی بەشێک بوو لە ئەرمەنستانی گەورە،[٣] ماوەی چەند سەدەیەک لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیدا بوو، ماوەیەکیش بەشێک لەو وڵاتە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا بوو، لە سەردەمی راشیدینەوە کە فتووحاتی ئیسلامی دەستپێکرد، ئەو ناوچانە خرانە نێو بازنەی دەسەڵاتی خیلافەتی ئیسلامیەوە،[٤] بەڵکو بەردەوام سەرانەیان لێ وەردەگیرا،[٥] بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی کۆچیەوە بەرەبەرە بەرەو سەربەخۆبوون هەنگاوی نا،[٦] پێدەچێت هۆکارەکەشی ئەو بەهێزی و هەڵمەتە بەردەوامانەیان بووبێت کە پێی ناسرابوون.[٧]

بنەماڵەی دەسەڵاتداری نێو جۆرجیا و ئەرمەنستان پەیوەندییەکی بەهێزیان هەبوو، بۆیە بەردەوام هاوپەیمانی نێوان ئەو دوو دەسەڵاتە مەسیحییە لە ماوە مێژووییە جیاجیاکاندا بەدیدەکرا،[٨] هاوکات لەلایەن هەردوو دەسەڵاتی گەورەی خیلافەتی عەبباسی و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیشەوە دان نرا بە دەسەڵاتیاندا،[٩] بەڵام دواتر جۆرجییەکان تەمایەکی زیاتریان پەیداکرد و چاویان لەسەر هەندێ ناوچەی ئەرمەنستان بوو، دواجار ململانێکانیان پەلیان کێشا بۆ سەربەخۆیی تەواوەتی جۆرجییەکان

---

(١) – يوسف عزت باشا: تاريخ القوقاز، ص ٢٨.

(٢) – محمد جمال صادق: موسوعة تاريخ القفقاس و الجركس، دار علاء الدين (دمشق – ١٩٩٦م، ص ١٨٧.

(٣) – البلاذري: فتوح البلدان، ص ١٩٣؛ فتحي سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ٢٦.

(٤) – يوسف عزت باشا: تاريخ القوقاز، ص ٣٣-٣٥.

(٥) – اليعقوبي: البلدان، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٤٢٢هـ ص ٨٤.

(٦) – فتحي سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ص ٢٦-٢٧.

(٧) – البلاذري: فتوح البلدان، ص ١٩٤.

(٨) – انطون خانجي: مختصر تواريخ الأرمن، دير الابا الفرنسيسكانيين، اروشليم – ١٨٦٨م، ص ص ١٩١ – ١٩٢.

(٩) – فتحي سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ص ٩٣-٩٤، ١٢٥.

بە چەشنێک بەهێزتر لە ئەرمەنەکان دەردەکەوتن،[1] دوای ئەو سەربەخۆبوونە، زۆری نەخایاند جارێکی دی هاوپەیمانی نێوان جۆرجییەکان و ئەرمەنەکان دەستپێیکردەوە، بەڵام ئەمجار لە ئاستی دوو دەسەڵاتی جیاواز و سەربەخۆدا، بەشێکی ئەو هاوپەیمانیەش دژ بە میرنشینە کوردییەکان بوو، وەک ئەو هاوپەیمانیانەی نێوانیان کە دژ بە شەدادیەکان بەستیان.[2]

سەبارەت بە ئایینی جۆرجییەکان لە سەرەتادا پەرستنی دیاردە سروشتییەکان بوو،[3] دواتر بە هاتنی ئایینی مەسیحی ئەو ئایینەیان وەرگرت،[4] ئایینزاکەشیان هاوشێوەی بیزەنتییەکان ئەرسەدۆکسی بوو جیا لە ئەرمەنەکان کە پابەندی بڕیارەکانی کۆڕبەندی خەلقەدونی نەبوون،[5] لە سەردەمی فتووحاتی ئیسلامیشدا بەشێکیان هاتنە نێو ئیسلامەوە.[6]

(١) – ابن خلدون: ديوان المبتدأ والخبر، ج٥/ ص ١٤٨؛ ك.ل. استارجيان: تأريخ الامة الأرمنية، ص ١٨٢.

(٢) – صبا سالم شيت: الأوضاع السياسية في أرمينيا الكبرى، ص ص ١٥٢-١٥٦.

(٣) - محمد جمال صادق: موسوعة تاريخ القفقاس و الجركس، ص ١٨٩.

(٤) – ابن خلدون: ديوان المبتدأ والخبر، ج٥/ ص ١٤٨.

(٥) - صبا سالم شيت: الأوضاع السياسية في أرمينيا الكبرى، ص ١٥٢.

(٦) - محمد جمال صادق: موسوعة تاريخ القفقاس و الجركس، ص ١٨٩.

## تەوەری چوارەم

## لان و رووسەکان

### ١-لانەکان:

لانەکان خاوەن ناوچەیەکی بەرفراوان بوون و ژمارەشیان زۆر بوو و زۆرینەشیان مەسیحی بوون، خاوەن سەرکردەیەک نەبوون کۆیان بکاتەوەو هەر کۆمەڵە و سەرکردەیەکیان هەبوو، بە گەلێکی زبر و دڵڕەق باسیان هاتووە.(١)

ئەمانە لەنێو دەشتاییەکانی باکووری قەزویندا نیشتەجێ بوون و دواتر لە جووڵەی بەردەوامدا بوون لەنێوان ناوچەکانی باشووری رووسیا هەتا سنووری چینی ئەمڕۆ، ئەوان خەڵکانێک بوون زیاتر کۆچەری بوون و شارەزای کشتوکاڵ نەبوون، بەشێکی لانەکان لە قەفقاسیا نیشتەجێ بوون و لەوێوە بەرەو باشوور کشان،(٢) دواتر هاوسنووری ئەرمەنستان و خەزەرەکان بوون لە باکووری بابولئەبواب(٣) نیشتەجێ بوون(٤) و دواتر چەند جارێک بەرەو باشووری ئەرارات کشان،(٥) لەوێوە پەیوەندیی ئایینی و بازرگانی و رامیارییان لەگەڵ دانیشتوانی دەوروبەریان بەست وەک جۆرجی و ئەرمەن و کورد و رۆمەکان.(٦)

لە سەرەتای دەسەڵاتی دەوڵەتی ئومەوی و لە ساڵی (٤٢ک/ ٦٦٢ز) موسڵمانان لەگەڵ لانەکاندا بەجەنگ هاتن،(٧) لە سەردەمی دەوڵەتی ئومەویدا بەریەککەوتنی هێزە ئیسلامیەکان لەگەڵ لانەکاندا

---

(١) – یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج١/ ص ٢٤٥.

(٢) – جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٨٩.

(٣) – بابولئەبواب شارێک بوو لەسەر دەریای خەزر، شارێکی کشتوکاڵی بوو و بە شووورە پەیوەست بە شاخەکان دەورە درابوو، نەتەوەو زمانی جیاواز لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون. بڕوانە (یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج١/ص ٣٠٣).

(٤) - ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٥/ ص ٨؛ اسماعيل شكر رسول: الامارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران، ط١، مؤسسة موكرياني، أربيل، ٢٠٠١م، ص ٩١.

(٥) – اسماعيل شكر رسول: الامارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران، ص ٩١.

(٦) – جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٩٢.

(٧) – الطبري: تأريخ الرسل و الملوك، ج٥/ ص ١٧٢.

باسکراوەو[1] لە ڕووداوەکانی ساڵی (١٠٦ک/ ٧٢٤ز) ڕێککەوتنی نێوانیان تۆمارکراوە کە تیایدا لانەکان سەرانەیان بە ئومەوییەکان داوە.[2]

بەشێک لە لانەکان دایانە پاڵ ئایینی مەسیحی و بە تەواوەتی وابەستەی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی بوون، تەنانەت دراوی بیزەنتیشیان بەکاردەهێنا، لەکاتێکدا بەشێکی دیکەیان پەیوەندییان لەگەڵ جۆرجییەکاندا بەهێز بوو، هەرکام لەمانەش کە هەردەم ڕاهاتبوون بە کشان بەرەو ناوچەکانی دی، چەند جارێک هەوڵی ئەوەیان دا بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەبباسی بکشێن و بەریەککەوتن لەنێوانیاندا ڕوویدا.[3]

## ٢-ڕووسەکان:

ڕووسەکان بەشێکن لە سلاڤیە خۆرهەڵاتیەکان کە لە دەشتاییەکانی خۆرهەڵاتی ئەورووپاوە بۆ خۆرئاوای ئاسیا نیشتەجێ بوون، زیاتر سەرقاڵی کشتوکاڵ و ڕاوکردن بوون و سیستمێکی کۆمەڵایەتی بەهێزیان هەبوو،[4] ئیبن حەوقەل بە نەتەوەیەکی هەمەجی ناوزەدی کردون،[5] یان بە کەسانی زبر و جەنگاوەری سەرسەخت پێناسە کراون کە زۆرجار هێرشیان بردۆتە سەر دەسەڵاتە دراوسێکانیان و سەرکەوتون بەسەریاندا.[6]

ئیبن تاهیری مەقدیسی کە لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا ژیاوە، بەو چەشنە باسی ڕووسەکانی کردووە ''ڕووسەکان لە دوورگەیەکدان کە دەریاچەیەک چواردەوری داون و بووە بە قەڵایەک بۆ پاراستنیان لەدەست هەر هێرشبەرێک، بە مەزندەیی ژمارەیان سەرو سەد هەزار کەسەوەیە و

(١) - ابن الجوزي: المنتظم في تاريخ الأمم والملوك، ج٧/ ص ٩٦.

(٢) – ابن خياط: تأريخ خليفة ابن خياط، تح: د. أكرم ضياء العمري، ط٢، دار القلم، دمشق، ١٣٩٧هـ ص ٣٣٦؛ ابن الجوزي: المنتظم في تاريخ الأمم والملوك، ج٧/ ص ١١٢.

(٣) – جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ص ٩٧، ١٠٥.

(٤) –ايناس سعدي و اسامه عدنان: تاريخ روسيا الديني، اشوربانيبال للكتاب، ط١، ٢٠١٩م، ص ص ١٣-١٨.

(٥) –صورة الأرض، ص ١٥.

(٦) – مؤلف مجهول: حدود العالم من المشرق الى المغرب، تر: السيد يوسف الهادي، الدار الثقافية للنشر، القاهرة، ١٤٢٣هـ ص ١٨٩.

کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییان نیە، وڵاتەکەیان هاوسنووری صەقلەبەکانەو هێرشیان دەبەنە سەر و ماڵ و سامانیان دەخۆن و بە دیلیان دەگرن".[١]

رووسەکان هاوسنووری خەزەر و لان و ئەرمەنەکان بوون، ئەوان لە رووی زمانەوە جیا بوون، بەڵام پەیوەندییەکی بەهێزیان هەبوو لەگەڵ خەزەر و بیزەنتییەکاندا،[٢] دیارە پێش ئەوەی ئایینی مەسیحیی وەربگرن، لەگەڵ بیزەنتییەکاندا جەنگ و بەریەککەوتنیان هەبوو.[٣]

بەهۆی گەیشتنی ئایینی مەسیحیی بۆ نێو رووسەکان، بەشێکی زۆری تۆماری ئایینەکانی پێشوویان لەناوچوو، بۆیە زانیارییەکی ئەوتۆ سەبارەت بە ئایینی رووسەکان لەپێش مەسیحییەتدا لەبەردەست نیە، بەڵام ئەوەی زیاتر باسکراوە ئەوەیە کە رووسەکان پێش شوێنکەوتنی ئایینی مەسیحییەت ئایینە فرەخوداییەکانیان پەیڕەو دەکرد،[٤] هەرچەندە ئەنتاکیی لە رووداوەکانی ساڵی (٣٧٧ک/ ٩٨٧ز) باسی لەوە کردووە کە هەتا ئەو کاتەش مەسیحییەکان شوێنکەوتەی بیروباوەڕێکی دیار نەبون.[٥]

لە ساڵی (٣٧٨ک/ ٩٨٨ز) و لە سەردەمی دەسەڵاتی (ڤلادیمیر سڤیاتوسلاڤیتش)[٦] دا پاش ناردنی شاندێک بۆ قوستەنتینیە و شارەزابوون لە ئایینی مەسیحییەت، رووسەکان بە رەسمی ئایینی مەسیحییەتیان وەرگرت،[٧] لە دوای وەرگرتنی ئایینی مەسیحییەت و هەواداریی و گەرموگوڕییان بۆ ئایینی نوێ، لەژێر کاریگەری جۆرجی و ئەرمەن و بیزەنتییەکاندا، رووسەکان بوون بە بەشێک لەو هێزە دراوسێیانەی هێرشیان دەبردە سەر میرنشینە کوردییەکان.[٨]

---

(١) – البدء والتاريخ، مكتبة الثقافة الدينية، بور سعيد، ج٤، ص ٦٦.

(٢) – الإصطخري: المسالك والممالک، دار صادر، بيروت، ٢٠٠٤م، ص ص ٢٢٥-٢٢٦.

(٣) – الأنطاكي: تاريخ الأنطاكي، ص ٤١.

(٤) – ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج٣/ ص ص ٨٠-٨٣؛ ايناس سعدي و اسامه عدنان: تاريخ روسيا الديني، ص ص ٢٠-٢١.

(٥) تأريخ الأنطاكي، ص ٢٠٩.

(٦) – ئەم کەسایەتیە سەرکردەی رووسەکان بوو و بە هۆکاری جیاواز ئایینی رووسەکانی لە بتپەرستییەوە گۆڕی بۆ ئایینی مەسیحییەت و ئایینزای بیزەنتییەکانی وەرگرت و ماوەی دوو سەدە کڵێسای رووسی لەژێر دەسەڵاتی کڵێسای قوستەنتینیەدا مایەوە. بڕوانە: (ول ديورانت: قصة الحضارة، ج١٤/ص٣٧٤).

(٧) – ايناس سعدي و اسامه عدنان: تاريخ روسيا الديني، ص ص ٥٧-٥٩.

(٨) – ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل ٩٩؛ اسماعيل شكر رسول: الامارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران، ص ٩١.

## تەوەری پێنجەم

## ئەرمەنستانی بچووک

سنووری جوگرافی ئەرمەنستانی بچووک کە لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا زیاتر بە (قیلیقیا) ناوی هاتووە،[1] لە خۆرهەڵاتەوە زنجیرە چیاکانی ئامانوس و لە باکوور و خۆرئاواوە زنجیرە چیاکانی تۆرۆس و لە باشووریشەوە دەریای سپی ناوەڕاست بوو، ئەم ناوچەیە لە دوو بەشی دەشتایی و چیایی پێکدەهات.[2]

بە هۆی هەریەک لە سیاسەتی بیزەنتییە مەسیحییەکان و هێرشی سەلجووقیە موسڵمانەکان بۆ سەر ئەرمەنستان،[3] ئەرمەنەکان بەرەو شام کۆچیان کرد و لە ناوچەکانی دەوروبەری روها و ئەنتاکیە نیشتەجێ بوون، لەوێ هەندێکیان خاوەن قەڵەمڕەوی سەربەخۆ بوون و بەشێکیشیان لەژێر رکێفی سەلجووقییەکاندا فەرمانڕەواییان دەکرد.[4]

ئەو شەپۆلی کۆچەی ئەرمەنەکان بەرەو شام بە سێ قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕی:

قۆناغی یەکەم : ئەو بازرگانانەی لە تاو سەرمایە و داهاتەکانیان بەهۆی نائارامی ناوچەکەیانەوە روویان لە شام کرد.[5]

قۆناغی دووەم: لە ژێر کاریگەری فشاری بیزەنتییەکاندا بەشێک لە ئەرمەنەکان ناچار بە کۆچ بوون بەرەو ناوچەکانی شام.[6]

قۆناغی سێیەم: پاش جەنگی مڵازگرد و شکستی بیزەنتییەکان لەبەردەم سەلجووقییەکاندا و دەستگرتنی سوپای سەلجووقی بەسەر ئەرمەنستاندا کۆچی بەرفراوانی ئەرمەنەکان بەرەو شام روویدا بە چەشنێک لەوێ ئەرمەنستانی بچووکیان دامەزراند کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵێک دەسەڵاتی

---

(١) – محمد زرقوق: مملكة أرمينيا الصغرى بين المغول والمماليک، ص ص ٢٢-٢٣.

(٢) - مروان المدور: الأرمن عبر التاريخ، ص ٢٢٣.

(٣) - انطون خانجی: مختصر تواريخ الأرمن، ص ٢١٠-٢١١.

(٤) – ر.سی.سميل: الحروب الصليبية، تر: سامي هاشم، ط١، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٨٢م، ص ٤٩.

(٥) – مروان المدور: الأرمن عبر التاريخ، ص ٢٢٢.

(٦) – انطون خانجی: مختصر تواريخ الأرمن، ص ٢١٥؛ سعيد عبدالفتاح عاشور: تاريخ العلاقات بين الشرق والغرب في العصور الوسطى، ط٢، دار النهضة العربية، بيروت، ٢٠٠٣م، ص ٧٧.

پەرت و جیاجیای ئەرمەنی، بەشێکیان سەربەخۆ و بەشێکیان هەواداری بیزەنتییەکان بوون، بەڵکو زۆربەی کات ململانێی نێوان ئەرمەنەکان و بیزەنتییەکان لەسەر فراوانکردنی قەڵەمڕەویان بەدیدەکرێت، هەرکات ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی تووشی لاوازییەک ببوایە، خێرا ئەرمەنەکان هەوڵیاندەدا لەژێر هەژموونی ئەواندا دەربچن و قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان فراوان بکەن.(١)

ئەرمەنەکان جیابوون لە هەر پێکهاتەیەکی تری مەسیحی، چونکە ئەوان بڕێک دروشم و رێوڕەسمی تایبەت و نەریتی نامۆ و تایبەت بە خۆیان هەبوو.(٢)

لەگەڵ سەرەتاکانی هەڵمەتە خاچپییەکاندا، ئەرمەنەکان بە گەرمی باوەشی پێشوازییان بۆ کردەوەو دانیان نا بە دامەزراندنی میرنشینە خاچپییەکاندا،(٣) هەرچەندە سەرەتا جۆرێک لە نەگونجان و ململانێ لەسەر هەژموونی دەسەڵات لەنێوان خاچپییەکان و ئەرمەنەکاندا روویدا، بەڵام بە خێرایی لەلایەن سەرکردە خاچپییەکانەوە هەوڵی ئەوە درا ئەرمەنەکان ئاشت بکرێنەوەو بخزێنرێنە نێو ئەو ململانێیەی کە خۆیان دژ بە موسڵمانان بۆی هاتبوون، بەمەش دوو ئامانجی سەرەکییان دەپێکا، لاوازکردنی پێگە و هەژموونی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی کە هەر لە دوای هەڵمەتی یەکەمی خاچپییەکانەوە پەیوەندی لەگەڵ میرنشینە خاچپییەکان تێکچوو و زۆرجار دژ بەوان هەواداری موسڵمانان دەبوو، لەلایەکی دیکەشەوە بوونی ئەرمەنەکان و بەکارهێنانیان دژ بە هێزی موسڵمانان قورسایی بەریەککەوتنی خاچی و موسڵمانەکانی بۆ هەڵمەتهێنە خاچپییەکان کەم دەکردەوە.(٤)

نموونەیەکی پەیوەندی نێوان ئەرمەنەکان و خاچپییەکان، ناردنی پەیامێک بوو لەلایەن ئەرمەنەکانی شاری سەروجی سەر بە جەزیرە کە داوایان لە فرەنجەکان کرد بێن شارەکە بگرن و ئەوانیش چوون بەدەم داواکەوەو شارەکەیان گرت.(٥)

---

(١) – محمد زرقوق: مملكة أرمينيا الصغرى بين المغول والمماليك، ص ص ٤١ – ٤٦.

(٢) – يعقوب القيتري: تاريخ بيت المقدس، ص ص ١٢٣-١٢٤.

(٣) – انطون خانجي: مختصر تواريخ الأرمن، ص ٢١٦؛ ر.سی.سميل: الحروب الصليبية، ص ٤٩.

(٤) – عزيز سوريال عطية: تاريخ المسيحية الشرقية، تر: اسحاق عبيد، ط١، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٥م، ص ٤١١.

(٥) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٨، ص ٤٥٨.

بەهۆی گرتنی روها لە ساڵی (٥٣٩ک/ ١١٤٤ز)[1] کە زۆرینەیان ئەرمەن بوون بەریەککەوتنی زەنگی و ئەرمەنەکان تۆختر بوویەوە،[2] خێرا ئەرمەنەکان شاندێکیان بەرەو رۆما نارد بۆ وەرگرتنی پشتیوانی دژ بە زەنگییەکان، هاتنی نوورەدین زەنگیش ململانێکەی تۆختر کردەوەو چەندین ناوچەی ژێر قەڵەمڕەوی ئەرمەنەکانی گرت، دواتریش توانی دەستوەربداتە نێو ماڵی ئەرمەنەکان و بە پشتیوانی ئەو یەکێک لە سەرکردەکانیان بە ناوی ملیح (٥٦٥-٥٧٠ک/١١٦٩-١١٧٤ز) جەنگی بیزەنتییەکانی کرد و لە ساڵی (٥٦٨ک/ ١١٧٢ز) دا بۆ یەکەمجار بناغەی ئەرمەنستانی بچووکیان دامەزراند،[3] بەڵام کوژرانی ئەم سەرکردەیە و هاتنی رۆبینی سێیەم (٥٧١-٥٨٢ک/١١٧٥-١١٨٦ز) و هاوپەیمانی لەگەڵ خاچییەکاندا، ململانێیەکی قووڵی بۆ ئەیووبییەکان جێهێشت.[4]

---

(١) - ابن واصل: مفرج الكروب، ج١/ ص ٩٣.

(٢) - ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩/ ص ١٤٥.

(٣) - النويري: نهاية الإرب في فنون الأدب، ط١، دار الكتب والوثائق القومية، القاهرة، ١٤٢٣هـ ج٣٠/ ص ٣٤١؛ اللهيبي: مملكة ارمينيا الصغرى، ص ص ٩٨-١٠١.

(٤) - اللهيبي: مملكة ارمينيا الصغرى، ص ص ٩٨-١٠١.

## تەوەری شەشەم

## خاچییەکان

هاندانی جیهانی مەسیحی ئەورووپا بۆ رووکردنە خۆرهەڵات لەسەر دەستی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی بوو کاتێک داوای لە پاپا گریگۆری حەوتەم (٤٦٦-٤٧٨ک/١٠٧٣-١٠٨٥ز) کرد بە هانای قوستەنتینیەوە بچێت،[١] بەجێگەیاندنەکەشی لەسەر دەستی پاپا ئوربانی دووەم بوو کاتێک لەناو جیهانی ئەوروپیدا بانگەوازی بۆ کرد و بەدەمەوەچوونێکی بەرفراونی خێرای بەدوادا هات.[٢]

دیارترین پاڵنەرەکانی شاڵاوە خاچییەکان بریتی بوون لە:

پاڵنەری ئایینی: گرتنەدەستی رێگەی سەردانیکردنی مەسیحییەکان کە بە مەبەستی سەردان دەچوون بۆ قودس، ئەمەش کرا بە پاڵنەرێکی ئایینی بۆ دەستگرتن بەسەر قودسدا.[٣]

پاڵنەری ئابووری: بەدەستهێنانی هەلی کار و دەستگرتن بەسەر زەوی خۆرهەڵاتدا لەلایەن جیهان ئەورووپییەوە.[٤]

پاڵنەری سیاسی: هەوڵدان بۆ فراوانکردنی دەسەڵات چ لەلایەن پاپا یان سەرکردە و پادشاکانی ئەورووپاوە.

پاڵنەری کۆمەڵایەتی: هیوای رزگاربوون لەدەست ژیانی سەخت و دابەشبوونی کۆمەڵایەتی ناو ئەورووپا لەلایەن ژمارەیەکی بەرچاوی بەشداربوانەوە.[٥]

---

(١) - يوشع بروار: عالم الصليبيين، تر: قاسم عبده و محمد خليفه، عين للدراسات، ط١، القاهرة، ١٩٩٩م، ص ٣٣.

(٢) – مؤلف مجهول: أعمال الفرنجة وحجاج بيت المقدس، تر: د. حسن حبشي، دار الفكر العربي، القاهرة، ص ١٧؛ ستيفن رنسيمان: تاريخ الحملات الصليبية، تر: نورالدين خليل، ط١، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٩٤م، ج١/ ص ص ١٨٧-١٩١.

(٣) - فوشيه شارترى: الاستيطان الصليبي في فلسطين، تر: قاسم عبده قاسم، ط١، دار الشروق، القاهرة، ٢٠٠١م، ص ٨٤؛ متى الرهاوي: تأريخ متى الرهاوي، تر: د. محمود محمد الرويضي و عبدالرحيم مصطفى، مؤسسة حمادة، إربد، ٢٠٠٩م، ص ٤٥.

(٤) - ارنست باركر: الحروب الصليبية، تر: السيد الباز العريني، ط٢، دار النهضة العربية، بيروت، ص ص ١٤ - ٢٢.

(٥) – يغقوب الڤيترى: تاريخ بيت المقدس، ص ١٣٣؛ راغب السرجاني: قصة الحروب الصليبية، ط٢، مؤسسة اقرأ، القاهرة، ٢٠٠٩م، ص ٦٤.

یەعقووب ئەلڤێتری کە خۆی لەنێو ڕووداوەکاندا بوو، دیویێکی تری هۆکاری بەشداری کەسانێکی باسکردووە کە بە هۆکاری شکستی هێرشە خاچییەکانی زانیوە ''چ کارەساتێک وێرانکەرترە لە پیاوانی مەترسیدار و تاوانبار و خراپەکار و سەرکەش و پیس و چەتە و ڕێگر و بکوژ و باوککوژ و سوێندشکێن و داوێن پیس و ناپاک بە نیشتیمان .. مەینۆشان و کەسانێک خەریکی یاری مار و پەیژەن، قەشە هەڵگەڕاوەکان، ئافرەتە راهیبە داوێن پیسەکان، ئافرەتانێک بۆ ژیان لەنێو یانەی لەشفرۆشیداماڵی پیاوەکانیان جێهێشتبوو، پیاوانێک لەدەست هاوسەرە شەرعییەکانیان هەڵهاتبوون و هاوسەری دیکەیان گرتبوو، گەلێکی لەو چەشنە لە خۆرئاواوە کە دەریای سپی بڕیبوو و لە زەوییە پیرۆزەکاندا پەنابەر بوون، ئەوان ژینگەکەیان گۆڕیبوو بەڵام کەسێتی خۆیان نەگۆڕیبوو..''[١]

سەبارەت بە بەشداری هێز و دەسەڵاتە ئەرووپییەکان لە شاڵاوە خاچییەکاندا ئەبووشامە بەم چەشنە باسی کردووە ''لەنێو ئەو سوپا پێکهێنراوانەدا هێندە سوپای خۆرئاوایی و زمانی بیانی هەبوون کە نە بە ژماردن دەژمێردران و نە بوونیان لە دنیادا وێنا دەکرا .. تاکو ئاستێک ئەگەر کەسێک بەدیل بگیرایە و یەکێک داوای پەنای بکردایە، بۆ تێگەیشتن لە زمانەکەی پێویستی بە چەند وەرگێڕێک هەبوو، یەکێک بێت زمانەکەی ئەو وەرگێڕێتە سەر زمانێکی دی، دووەمیش لەو زمانەوە وەریگێڕێتە سەر زمانێکی دی، سێیەمیش بێت وەرگێڕان بۆ وەرگێڕانەکەی کەسی دووەم بکات''. [٢]

فۆشیە شارتری کە بەشداری یەکەم هەڵمەتی خاچییەکان بووە، هەمان حاڵەتی باسکردووەو نووسیویەتی''کێ پێشتر بینیویەتی لەنێو سوپادا هێندە زمانی تێکەڵ هەبێت؟! لێرە ئەمانە هەبوون، فرەنجەکان، فلمنج، فریزییەکان، گالەکان، ئولوبرۆگییەکان، لۆسەرنگییەکان، ئەڵێمانییەکان، باڤارییەکان، ئینگلیزەکان، سکۆتلەندییەکان، ئەقتانییەکان، ئیتاڵییەکان، داشییەکان، ئوپۆلییەکان، ئیبرییەکان، بریتۆنەکان، یۆنانییەکان، ئەرمەنەکان''.[٣]

یوحەننا ڤورزبورگ کە گەریدەیەکی مەسیحیی بووە جەختی لە هەمان بۆچوون کردۆتەوە:''هێشتا باسی چەندین پەرستگا و کڵێسای بچووکم نەکردووە کە لەوێ بنیاد دەنران و سەرپەرشتی دەکران لەلایەن خەڵکانێکەوە کە سەر بە نەتەوەی جیاجیا بوون و بە زمانی جیاواز قسەیان دەکرد، تاکو ئەوەی بزانرێت ئەمانەی لێ بو (یۆنانیەکان، بولگارییەکان، لاتینەکان، ئەڵمانەکان،

---

(١) - تاریخ بیت المقدس، ص ١٣٣-١٣٤.

(٢) - الروضتين، ج٤/ ص ص ٢٥١ – ٢٥٢.

(٣) - فوشيه شارترى: الاستيطان الصليبي في فلسطين، ص ١٠٥.

هەنگارییەکان، جۆرجییەکان، ئەرمەنەکان، یەعقووبییەکان، سریانەکان، نستوورییەکان، هیندییەکان، میسری و قیبتییەکان، کافریترکەکان، موارنە و چەندین خەڵکی دی کە باسکردنیان درێژە دەکێشێت''.[١]

هاتنی شاڵاوە خاچییەکان بە خێرایی رێڕەوی خۆی گۆڕی و سەرکردەکانی ناو شاڵاوی یەکەم هەرکامیان بەدوای بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندا هەنگاویان نا و هەوڵی دامەزراندنی چەند میرنشینێکی ناوچەییان دا، بەمەش یەکڕیزی شاڵاوە خاچییەکان پەرتبوونی لێکەوتەوەو[٢] لە بەرامبەردا چوار میرنشینی خاچی دامەزران کە بریتی بوون لە (میرنشینی روها، میرنشینی ئەنتاکیە، میرنشینی تەرابلوس، شانشینی بەیتولمەقدیس).[٣]

## یەکەم: میرنشینی روها

شاری روها کە شارێکی مەسیحی نشین بوو، لای مەسیحییەکان گرنگیەکی تایبەتی پێ دەدرا[٤] تاکو ئاستێک بە روهای پیرۆز ناودەبرا،[٥] لە سەردەمی خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتابدا (ر.خ) ئەم شارە لەسەر دەستی موسڵمانەکان فەتح کرا[٦] و لەژێر دەسەڵاتی موسڵماناندا مایەوە هەتا لە سەردەمی ئیمپراتۆر رۆمانوسی سێیەمی بیزەنتیدا (٤١٩- ٤٢٦ک/ ١٠٢٨-١٠٣٤ز) شارەکە کەوتە ژێر دەستی بیزەنتییەکان و تاکو کاتی هاتنی خاچییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی یانزەدا روها بەشێک بوو لە ناوچەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی، ئەوکات یەکەم میرنشینی خاچییەکان لە خۆرهەڵات دامەزرا و بوو بە مەترسیەکی دیار بۆ سەر هێڵی پەیوەندی ئیسلامی نێوان موصڵ و حەلەب و بەغداد و سەلجووقیەکانی رۆم.[٧]

بەلدوین (٤٩٢-٤٩٤ک/١٠٩٨-١١٠٠ز) دامەزرێنەری میرنشینی روها یەکێک بوو لە سەرکردەکانی یەکەم هەڵمەتی خاچییەکان، پێی باش بوو لە خۆرهەڵاتدا ناوچەیەک بکاتە بنکەی دەسەڵاتی هەتا

---

(١) - وصف الأراضي المقدسة في فلسطين، تر: د.سعيد عبدالله البيشاوي، ط١، دار الشروق، عمان، ١٩٩٧م، ص ١١٣.

(٢) - محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٦.

(٣) - يعقوب الڤيتري: تاريخ بيت المقدس، ص ص ٣٦-٤١.

(٤) - ابي الهيجاء: تاريخ أبي الهيجاء، تح: احمد فريد المزيدي، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٤م، ص ٢٢٨.

(٥) - علية عبدالسميع الجنزوري: إمارة الرها الصليبية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠٠١م، ص ٣١.

(٦) - ابن خياط: تاريخ خليفة ابن خياط، ص ١٣٨.

(٧) - علية عبدالسميع الجنزوري: إمارة الرها الصليبية، ص ص ٣٨ – ٤٠.

لەوێوە فراوانخوازیەکانی دەست پێبکات، بۆ ئەمەش لەلایەن سەرکردە ئەرمەنەکانەوە ڕێنمایی کرا بەرەو روها بچێت، هەرچەندە لەو کاتەدا روها کەوتبووە دەست سەرکردەیەکی ئەرمەنی و ئەویش ویستی سوود لە هێزی بەلدوین وەربگرێت، ئەویش هات بە دەم داواکەیەوە، بەڵام دواجار ناپاکی لە سۆرۆسی ئەرمەنی کرا و کوژرا و بەلدوینی دووەم (٤٩٤-٥١٣ک/١١٠٠-١١١٩ز) شوێنی گرتەوەو میرنشینی روهای دامەزراند کە بۆچوونی زۆرینە لەسەر ئەوەیە یەکەم میرنشینی خاچیی بوو لەساڵی (٤٩٣ک/ ١٠٩٩ز) دا دامەزرا.[١]

هاتنی زەنگییەکان و ململانێیان لەگەڵ هێزە مەسیحی و خاچییەکاندا دەستاودەستی شارەکەی لەنێوان موسڵمانان و خاچییەکاندا بەخۆیەوەدی، ئەوەبوو لە ساڵی (٥٣٩ک/١١٤٤ز) دا زەنگییەکان بە سەرکردایەتی عیمادەدین زەنگی روهایان لەدەست فرەنجەکان وەرگرتەوە، بەڵام پاش کوژرانی عیمادەدین فرەنجەکان شارەکەیان گرتەوە،[٢] پاشان نوورەدین زەنگی کوڕی هێرشی بردەوە سەریان و شارەکەی لەدەست وەرگرتنەوە،[٣] دواتر بەوەوە نەوەستا و ناوچەکانی دیکەی میرنشینەکەشی گرت و بە یەکجارەکی کۆتایی پێهێنا.[٤]

## دووەم: میرنشینی ئەنتاکیە

لە ساڵی (٤٩٠ک/ ١٠٩٦ز) دا هێزە خاچییەکان گەمارۆی ئەنتاکییەکان دا، ئەوەی هاندەری زیاتریان بوو دامەزرانی میرنشینی روها بوو کە وای لە بوهیمۆند کرد ئەمیش بیر لەوە بکاتەوە لە ئەنتاکیە میرنشینێک دابمەزرێنێت، دواجار لە ساڵی (٤٩١ک/ ١٠٩٧ز) دا شارەکەیان گرت،[٥] هەرچەندە

(١) – فوشيه شارترى: الاستيطان الصليبي في فلسطين، ص ص ١٠٦- ١٠٨؛ متى الرهاوي: تأريخ متى الرهاوي، ص ص ٧٣-٧٤؛ علية عبدالسميع الجنزوري: إمارة الرها الصليبية، ص ص ٥٩ – ٧١.

(٢) – ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ص ١٥٦، ١٦١؛ الذهبي: تاريخ الاسلام، ج٣٦/ ص ٢٢٧.

(٣) – ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ص ١٥٦-١٥٧؛ الصلابي: الدولة الزنكية، دار المعرفة، ط٢، بيروت، ٢٠٠٩، ص ص ٤٩٢-٤٩٣.

(٤) – علية عبدالسميع الجنزوري: إمارة الرها الصليبية، ص ص ٣٣٥ – ٣٣٦.

(٥) – مؤلف مجهول: أعمال الفرنجة وحجاج بيت المقدس، ص ص ٦٤-٧٠؛ ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ١٢٣؛ ابن العديم: زبدة الحلب في تاريخ حلب، ط١، دار الكتب العلمية،، بيروت، ١٩٩٦م، ص ص ٢٣٨-٢٤١؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ص ٩٩ - ١٠١ .

فارقی ساڵی (٤٩٧ک/١١٠٣ز) بە ساڵی دامەزراندنی میرنشینەکە داناوە،[١] هەرچەندە ریمۆند دەیویست ئەنتاکیەش بخاتە پاڵ دەسەڵاتەکەی لە روها، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و بوهیمۆند سەرکردەکانی رازی کرد و شانشینی ئەنتاکیەی دامەزراند،[٢] ئەنتاکیەش پایەختی ئەو میرنشینە خاچییە بوو.[٣]

ئەم میرنشینە خاچییە ماوەیەکی زۆر رۆڵی کارای بینی و هەوڵی فراوانخوازی دەدا[٤] و تیایدا چەند سەرکردەیەک یەک دوای یەک دەسەڵاتیان گرتەدەست، هاتنی زەنگییەکان و پرۆژەیان بۆ لێدانی خاچییەکان سەرەتایەک بوو بۆ وەستاندن و دواتر خستنی میرنشینە خاچییەکان، نوورەدین زەنگی هەوڵیدا میرنشینی ئەنتاکیە بخاتەوە ژێر رکێفی موسڵمانان و لە ساڵی (٥٤١ک/ ١١٤٦ز) دا هێرشی بردە سەری و لە جەنگی ئینەب گورزی کوشندەی لە سوپای ئەنتاکیە وەشاند و تیایدا برنسی سەرکردەیان کوژرا[٥].

پەیوەندی میرنشینی ئەنتاکیە لەگەڵ ئەیووبییەکاندا پەیوەندی ناتەبایی و دوژمنایەتی بوو، چونکە ئامانجی سەرەکی سەلاحەدینی ئەیووبی لەناوبردنی دەسەڵاتە خاچییەکان بوو لە شامدا،[٦] لەو نێوەندەدا بەریەککەوتنیشی لەگەڵ ئەنتاکیەدا هەبوو،[٧] بەڵام ئەم میرنشینە خاچییە هەتا ساڵی (٦٦٦ک/ ١٢٦٧ز) مایەوەو دواجار لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی گەیشتە لووتکەی لاوازی و لەناوچوو.[٨]

---

(١) - تأريخ الفارقي، ص ٢٧١.

(٢) - فوشيه شارترى: الاستيطان الصليبي في فلسطين، ص ص ١٢١-١٢٣؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ص ١١٤-١١٥.

(٣) - يعقوب الڤيترى: تاريخ بيت المقدس، ص ٣٨.

(٤) - مؤلف مجهول: أعمال الفرنجة وحجاج بيت المقدس، ص ص ١٠٠-١٠١؛ ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ١٢٤.

(٥) - ابن العديم: زبدة الحلب في تاريخ حلب، ص ٣٣٣-٣٣٤.

(٦) - طلب صبار الجنابي: إمارة أنطاكية، دار نينوى، دمشق، ٢٠١٤م، ص ص ١٧٤-١٧٦.

(٧) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ٥٢-٥٦.

(٨) - طلب صبار الجنابي: إمارة أنطاكية، ص ص ١٩٧-٢٣٦.

## سێیەم: شانشینی بەیتولمەقدیس

ئامانجێکی سەرەکی هاتنی خاچپیەکان بەرەو جیهانی ئیسلامی دەستگرتن بوو بەسەر قودسدا، بۆیە ئەوان بە گرتنی روها و ئەنتاکیە رازی نەدەبوون،[١] بۆیە لە ساڵی (٤٩٢ک/١٠٩٨ز) دا گەمارۆی قودسیان دا و بە ئامێرە جەنگیەکانی گەمارۆدان کەوتنە وێرانکردنی شارەکەو هێرشبردنەسەری و دواجار گرتنی و ئەنجامدانی کوشتارێکی زۆر تیایدا،[٢] تەنانەت جوولەکەکانیش لەو کوشتارە دەرباز نەبوون و زۆربەیان لە پەرستگادا سووتێنران،[٣] لە بەرامبەردا گوڕ و تین و خۆشحاڵی مەسیحییەکان بە گرتنی شاری پیرۆز دیمەنێکی کەموێنەی پێدابوون.[٤]

دوای گرتنی شارەکە، بڕیار درا گۆدفری دی بوایۆن بکرێت بە سەرکردەی ئەو میرنشینە، بەم چەشنە خاچپیەکان توانییان میرنشینی خۆیان لە قودس دابمەزرێنن و گرنگیەکی زۆری پێ بدەن، بۆیە خێرا هەریەک لە بەرپرسانی میرنشینەکانی روها و ئەنتاکیە بۆ حەج خۆیان گەیاندە قودس.[٥]

میرنشینی بەیتولمەقدیس زیاتر لە نیو سەدە مایەوەو رۆڵێکی کارای هەبوو لە رێکردەی رووداوەکانی ناوچەکەدا هەتا دواجار لەسەر دەستی سەلاحەدینی ئەیووبی لە جەنگی حەتیندا هێزە خاچییەکان گورزی کوشندەیان بەرکەوت و کۆتاییەکەی گرتنەوەی قودس و لەناوچوونی میرنشینە خاچییەکەی لێکەوتەوە .[٦]

---

(١) – فوشیە شارتری: الاستیطان الصلیبي في فلسطین، صص ١٢٧-١٢٨ ؛ میخائیل زابورون: الصلیبیون في الشرق، تر: دار التقدم، دار التقدم (موسکو – ١٩٨٦م، ص ١١٩.

(٢) - مؤلف مجهول: أعمال الفرنجة وحجاج بیت المقدس، ص ص ١١٤-١١٩؛ متى الرهاوي: تأریخ متى الرهاوي، ص ٩٩؛ ابن العبري: تأریخ الزمان، ص ١٢٤.

(٣) – ابن القلانسي: ذیل تاریخ دمشق، تحقیق: د.سهیل زکار، ط١، دار حسان، دمشق – ١٩٨٣م، ج١/ ص ٢٢٢؛ ابن العبري: تأریخ الزمان، ص ١٢٤؛ ابن الراهب: تاریخ ابن الراهب، ص ٧٢.

(٤) – ولیم الصوري: الحروب الصلیبیة، تر: حسن حبشي، الهیئة المصریة العامة للکتاب، القاهرة، ١٩٩٢م، ج٢/ ص ص ١٢٩-١٣٤.

(٥) – ریموند اچیل: تأریخ الفرنجة غزاة بیت المقدس، تر: حسین محمد عطیة، ط١، دار المعرفة الجامعیة، ١٩٨٩م، ص ص ٢٤٠-٢٤٤؛ فوشیە شارتری: الاستیطان الصلیبي في فلسطین، ص ١٤٣.

(٦) – رنیە گروسیە: موجز تاریخ الحروب الصلیبیة، تر: احمد إیبش، ط١، دار الکتب الوطنیة، أبوظبي، ٢٠١٤م، ص ٦٥.

## چوارەم: میرنشینی تەرابلوس

پاش گرتنی قودس، یەکێکی دی لە سەرکردەکانی شالاوە خاچییەکان بە ناوی ریمۆندی صەنجیلی چاوی بڕیبوویە تەرابلوس بەو هیوایەی ئەویش لەوێ میرنشینێک بۆ خۆی دابمەزرێنێت،( هاوکات بە هۆی گرنگی شوێنەکەیەوە تەرابلوس جێی تەمای سەرکردەی خاچییەکانی دی بوو و کۆبوونەوەی هێزە جیاوازە خاچییەکان و هێرشی بەردەوامیان بۆ سەر شارەکە، دواجار گرتنی ئەو شارەی لێکەوتەوە لە ساڵی (٥٠٢ک/١١٠٨ز) و بوو بە سەرەتای دامەزراندنی میرنشینی خاچیی تەرابلوس و فراوانخوازیی لە ناوچەکەدا.[١]

میرنشینی تەرابلوس بە درێژایی سەردەمی هەریەک لە زەنگیەکان و ئەیووبییەکانیش لە دەسەڵاتدا مایەوەو دواجار لەسەر دەستی سوڵتان قلاوون لە سەردەمی مەملووکیەکاندا لە ساڵی (٦٨٨ک/١٢٨٩ز.) کۆتایی بە دوایین میرنشینی خاچییەکان هات.[٢]

---

(١) - ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ١٣٢؛ ابن القلانسي: ذيل تاريخ دمشق، ج١/ ص ص ٢٦٠-٢٦٢؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحملات الصليبية، ص ١٦٤، ١٨٠.

(٢) - النويري: نهاية الإرب في فنون الأدب، ج٣١/ ص ص ٤٦-٤٧.

# بەشی دووەم

# پەیوەندیی دەیسەم و شەدادیەکان لەگەڵ هێزە مەسیحییەکان

باسی یەکەم

پەیوەندیی دەیسەم و شەدادیەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەرمەنستان

باسی دووەم

پەیوەندیی شەدادیەکان لەگەڵ رووس و لان و جۆرجی و بیزەنتییەکان

## باسی یەکەم

## پەیوەندیی دەیسەم و شەدادیەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەرمەنستان

### تەوەری یەکەم

### پەیوەندیی دەیسەم لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەرمەنستان

دەکرێت پەیوەندیی ناڕاستەوخۆی دەیسەم لەگەڵ ئەرمەنستاندا بگێڕینەوە بۆ رووداوی ساڵی (٣١٩ک/ ٩٣١ز)، کاتێک ئیبنودیرانی دەسەڵاتداری ئەرمەنستان و چەند سەرکردەیەکی تری ئەوێ پەیوەندییان کرد بە بیزەنتییەکانەوەو داوایان لێکردن هێرش ببەنە سەر خاکی موسڵمانان و بەڵێنیان دا ئەمانیش پشتیان بگرن، بیزەنتییەکانیش رازی بوون و بە سوپایەکی زۆرەوە هێرشیان هێنا بۆ ناوچەکانی خەڵات و دەوروبەری و کوشتارێکی زۆریان تێدا ئەنجامدا،[١] بەردەستەکەی یووسفی کوڕی ئەبی ساجیش کە ناوی موفلیح بوو، ئەم هەواڵەی بیست و بە ژمارەیەکی زۆری خۆبەخشەوە روویکردە ئەرمەنستان و و هێرشی بردە سەر ناوچەکانی ئیبنودیرانی و پشتیوانانی و کوشتارێکی زۆری سوپاکەی کرد.[٢]

لێرەوە دەکرێت بگەینە ئەوەی لەبەرئەوەی دەیسەم کەسی زۆر نزیکی یووسف بووەو بەردەوام نزیکی بووەو پۆستی لا وەرگرتووە،[٣] لەم هێرشەشدا بەشدار بووبێت، بە تایبەت کە لەدوای ئیبن ئەبی ساج راستەوخۆ باس لە دەسەڵاتی دەیسەم کرابێت.[٤]

پەیوەندیی راستەوخۆی دەیسەم لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەرمەنستاندا، پەیوەستە بە سەروبەندی ململانێی ئەم کەسایەتیە کوردە لەگەڵ مەرزەباندا، کاتێک لە ساڵی (٣٣٠ک/ ٩٤١ز) مەرزەبان توانی ئازەربایجان لە چنگی دەیسەم دەربکات،[٥] بەسەرهاتەکەش بەو چەشنە بوو کە یەکێک لە وەزیرەکانی دەیسەم بە ناوی عەلی کوڕی جەعفەر لە ساڵی (٣٣٠ک/ ٩٤١ز) پەنای بردە بەر مەرزەبانی کوڕی

---

(١) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٦/ ص ص ٧٦٣-٧٦٤؛ ابن كثير: البداية و النهاية، ج١٥/ ص ٥٣.

(٢) – ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٥/ ص ٥٣.

(٣) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ١٠٧؛ ارشاك بولاديان: الأكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص ٧٦.

(٤) – ابن خلدون: ديوان المبتدأ والخبر، ج٤/ ص ٦٦٨.

(٥) – بامخرمة: قلادة النحر في وفيات أعيان الدهر، ط١، دار المنهاج (جدة –٢٠٠٨م، ج٣، ص ١١٦؛ ارشاك بولاديان: الأكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص ٧٩.

موحەممەد، لەبەرئەوەی وەزیر و مەرزەبان هەردووکیان هەواداری ئایینزای شیعەی باتینی بوون، بەڵام دەیسەم مەیلی بە لای خەواریجەکاندا دەچوو، عەلیش بە نهێنیی پەیوەندی کرد بە ژمارەیەکی زۆر لە هەواداران و دەوروبەری دەیسەمەوەو بەڵێنی لێ وەرگرتن ''ئەگەر مەرزەبان بێت، هەموومان پشتی دەیسەم بەردەدەین''، ئەوەبوو کە مەرزەبان هێرشی هێنا، دوو هەزار سەربازی دەیلەمی ناو سوپاکەی دەیسەم، ناپاکییان نواند و چوونە پاڵ مەرزەبان، ئەمەش ترسێکی لەناو سوپای دەیسەمدا دروست کرد و ژمارەیەکی زۆری سەربازە کوردەکانیش داوای پەنایان لە سوپاکەی مەرزەبان کرد، بەم چەشنە هێز لە دەوری دەیسەم نەما. [1]

دەیسەم بیری لە شوێنێک کردەوە هەتا پەنای بۆ ببات، سەرکردەیەکی ئەرمەنستانی هاتەوەیاد کە بە ئیبنودیرانی ناسرابوو، چونکە جۆرێک لە تەبایی و خۆشەویستی لەنێوانیاندا هەبوو، بەم چەشنە بەرەو ئەرمەنستان هەڵهات، ئەویش ڕێزێکی زۆری گرت و میوانداریییەکی تایبەتی کرد و هەرچی پێویستیەکی هەبوو بۆی دابین کرد، پاشان لەوێ دەیسەم کەوتە بیرکردنەوەو هەستی بەو هەڵە گەورەیە کرد کە پشتی بەستبوو بە دەیلەمەکان، ئەمجارەیان هەوڵیدا سوپاکەی سەراپا کورد بن و لەوێ دەستی کرد بە پێکهێنانی سوپایەکی خاوەن پێکهاتەی کورد.[2]

بە دڵنیاییەوە ئەگەر پەیوەندییەکی پێشوەختە لە ئارادا نەبوایە، دەیسەم لە لووتکەی شکستدا ڕاستەوخۆ ڕووینەدەکردە ئەرمەنستان، وەک دەبینین دواتریش کە بۆ جاری دووەم پەنای بردەوە بەر ئەرمەنییەکان، ئیبنودیرانیی دەسەڵاتداری ئەرمەنستان سەرسەختانە بەرگریی لە دەیسەم کرد و ئامادە نەبوو تەسلیمی مەرزەبانی بکاتەوە، ئیبنولئەسیریش ڕوونتر بابەتەکەی خستۆتەڕوو ''کاتێک مەرزەبان لە جەنگی نەیارەکانی لێبوویەوە، گەڕایەوە ئازەربایجان، کاتێک لە دەیسەم نزیک بوویەوە، خێرا دەیسەم سەلماسی جێهێشت و بەرەو ئەرمەنستان چوو بۆ لای ئیبن دیرانی و ئیبن حاجیق، چونکە متمانەی بەوان هەبوو''. [3]

گێڕانەوەیەکیش هاتووە باسی لەوە کردووە دەیسەم پێش بەریەککەوتنەکەی لەگەڵ نەیارەکانیدا، پەیوەندیی کرد بوو بە بەرپرسانی ئەرمەنستانەوە (ئیبن دیرانی و ئیبن خاجیق و حەمزەی برای و

---

(١) – مسكويه: تجارب الأمم، ج٦/ ص ١٨٦؛ أحمد كسروي: شهرياران گمنام، ص ٧٦.

(٢) – مسكويه: تجارب الأمم، ج٦/ ص ص ٦٤-٦٥، ١٨٦؛ أحمد كسروي: شهرياران گمنام، ص ٧٦.

(٣) – الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٢٠٣.

ئیبن سبات و چەند سەرکردەیەکی تر) هەتا ئەگەر تووشی کێشە و سەرئێشەیەک بوو، پەنا بباتە ئەویَ.[1]

پاش ئەوەی دەیسەم جارێکی تر گەڕایەوەو دەسەڵاتی گرتەدەست و هەمدی لەبەرامبەر مەرزەباندا لە ساڵی (٣٤٢ک/ ٩٥٣ز) دا شکا، پاشان روویکردە بەغداد و لەوێشەوە چووە موصڵ و لەوێوە بۆ شام، هیچکام لەو سیَ دەسەڵاتە پشتیوانییان نەکرد دژ بە مەرزەبان، بۆیە لەسەر داوای هەوادارانی لە ئازەربایجان گەڕایەوەو جەنگێکی لەگەڵ سوپای مەرزەباندا بەرپاکرد، بەڵام تیایدا شکا، پەنای بردەوە بەر دەسەڵاتدارانی ئەرمەنستان،[2] چونکە متمانەیەکی زۆری هەبوو بە ئیبنودیرانی، ئەمەش لە ساڵی (٣٤٤ک/٩٥٥ز) دا بوو،[3] ئیبنودیرانی وێڕای ئەوەی پێشوازی کرد لە خودی دەیسەم و ئەوانەشی کە لەگەڵی بوون، هاوکات بەڵێنی پێدا دژ بە سالار مەرزەبان یارمەتی بدات و پشتیوانی بێت،[4] بەڵام مەرزەبان نامەیەکی بۆ ئیبنودیرانی نارد و تیایدا داوای لێکرد دەیسەمی رادەست بکاتەوە، ئەویش سەرەتا رازی نەبوو دەیسەم تەسلیمی مەرزەبان بکات، بەڵام دواجار ناچار بوو لەگەڵ مەرزەبان رێکبکەوێت، رێککەوتنەکەش بەو چەشنە بوو کە ئیبنودیرانی دەیسەم بگرێت و بەندی بکات، بەڵام نابێت مەرزەبان داوای لیَ بکات بیدات بە دەستەوە، مەرزەبانیش رازیی بوو، ئیبنودیرانیش پیلانێکی بۆ دانا کە بتوانێت دەیسەم بگرێت و پیلانەکەشی سەری گرت، کەچی مەرزەبان لە بەڵێنەکەی پاشگەز بوویەوەو نامەیەکی تری بۆ نارد و ناچاری کرد دەیسەمی بە بەندکراویی بۆ بنێرێت، ئیبنودیرانی ماوەیەک بەرهەڵستیی ئەو داواکارییەی کرد، بەڵام دواجار ناچاربوو بیدات بەدەستەوە، مەرزەبانیش کە دەیسەمی بە بەندکراوی هاتەبەردەست، هەردوو چاوی هەڵکۆڵی و بەندی کرد، دواتر بە مردنی مەرزەبان، لە ساڵی (٣٤٥ک/ ٩٥٦ز) دا دەوروبەرەکەی لە ترسی ئاژاوەو هەڵگەڕانەوە، دەیسەمیان کوشت،[5] بەمەش ناو و پێگەی دەیسەم لەنێو رووداوەکاندا نەما.

---

(١) )- مسكويه: تجارب الأمم، ج٦/ ص ١٨٦؛ أحمد كسروي: شهرياران گمنام، ص ١٠٠.

(٢) – ابن خلدون: ديوان المبتدأ والخبر، ج٤/ ص ٦٧٣.

(٣) – مسكويه: تجارب الأمم، ج٦/ ص ص ١٨٦-١٨٧؛ أحمد كسروي: شهرياران گمنام، ص ١٠٠.

(٤) – اديب السيد: ارمينيا في التاريخ العربي، ص ١٨٣.

(٥) – مسكويه: تجارب الأمم، ج٦/ ص ص ١٨٦-١٨٧؛ أحمد كسروي: شهرياران گمنام، ص ١٠٢.

ئیبن حەوقەل وردەکاریی ڕێککەوتنەکەی مەرزەبان و ئیبنودیرانی باس کردووە، ئەویش بریتی بوو لەوەی ئیبنودیرانی دەبوو ساڵانە سەد هەزار درهەم بدات بە مەرزەبان، بەڵام مەرزەبان لە بەرامبەر بەدەستەوەدانی دەیسەم، ماوەی چوار ساڵ دەستبەرداری ئەو بڕە پارەیە بوو،[١] بەڵام ئیبنولئەسیر پێی وایە ئیبن دیرانی بە ناچاری و لە ترسی هێرش و دژایەتیی مەرزەبان پەنای بردووە بۆ گرتنی دەیسەم.[٢]

---

(١) – صورة الأرض، ص ٣٥٤.

(٢) - الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٢٠٣.

## تەوەری دووەم

## پەیوەندیی شەدادیەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەرمەنستان هەتا سەردەمی شاوری کوڕی فەزڵوون

بە شێوەیەکی گشتیی پەیوەندیی نێوان شەدادیەکان و ئەرمەنەکان لە ماوەی دەسەڵاتی ئەم میرنشینەدا، ململانێ و بەریەککەوتن بووە، سەرەتای بەریەککەوتنی نێوان شەدادیەکان و ئەرمەنەکانیش لە سەروبەندی دامەزراندنی میرنشینەکەدا بوو لەلایەن موحەممەدی کوڕی شەدادەوە.[١]

یەکەم کەسی شەدادیەکان موحەممەدی کوڕی شەدادی کوڕی قەرتەق بوو، هۆکاری دەرکەوتن و دەسەڵاتەکەی ئەوەبوو کاتێک سالار مەرزەبان لە ساڵی (٣٣٧ک/ ٩٤٨ز) لە بابوڕەی بەندکرا و نزیکەی چوار ساڵ لە بەندیخانەدا مایەوە، دەسەڵاتی ئازەربایجان شێوا و هەر کەسێک خێڵ و پشتێکی هەبوایە، دەستی دەگرت بەسەر بەشێکی ناوچەکەدا، موحەممەدی کوڕی شەدادیش دەستیگرت بەسەر شاری دوبەیلدا.[٢]

دوبەیل شارێکی گەورە بوو و ژمارەیەک لە پەیڕەوانی مەسیحیی لێبوو، لەپاڵ کڵێسای مەسیحییەکاندا مزگەوتی گەورەی موسڵمانان هەبوو، دەوترێت لە گەورە و بەهادارترین شارەکانی ئەو ناوچەیە و شوێنی نیشتەجێبوونی دەسەڵاتداران بووە.[٣]

کاتێک میر موحەممەدی کوڕی شەداد دەستیگرت بەسەر شاری (دوین)[٤] دا، سالارییەکان ئەمەیان بە سنووربەزاندن تەماشا کرد و بڕیاریان دا بەرنگاری شەدادیەکان ببنەوە، بۆیە ئیبراهیمی کوڕی مەرزەبان،[٥] فەرمانی دا بە یەکێک لە لایەنگرە مەسیحییەکانی بە سوپایەکەوە هێرش بکاتە

---

(١) مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٢٣؛ صبا سالم شيت: الأوضاع السياسية في أرمينيا الكبرى، ص ص ١٤٦-١٤٧.

(٢) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ١٨؛ أحمد كسروي: شهرياران گمنام، ٢٦٧.

(٣) - الإصطخري: المسالك والممالك، ص ١٨٨.

(٤) - شاری دوین لە ناوچەی ئاران لە سنووری ئازەربایجان لە نزیک تفلیس بوو.( الحموي: معجم البلدان، ج٢/ ص ٤٩١.)

(٥) – سالار ئیبراهیمی کوڕی مەرزەبانی دەیلەمیی، یەکێک بوو لە سەرکردەکانی سالارییەکان و دەسەڵاتێکی بەرفراوانی هەبوو بەتایبەت دوای مردنی فەخرودلەی بوەیهیی. بڕوانە (ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ص٧١١).

سەر میری شەدادی، سوپایەک کە پێکهاتەکەی ئەرمەنەکان و لەگز[١] و مەسیحییەکانی تر بوون، سوپاکە پێکهێنرا و هێرشیان هێنا، بەڵام میری شەدادی پێشوەختە بە سوپایەکەوە لە شار دەرچوو بۆ بەرنگاربوونەوەیان و پاش جەنگێکی سەخت و خوێناوی، مەسیحییەکانی تووشی شکست کرد و بە سەرکەوتوویی گەڕایەوە نێو شاری دوین.[٢]

مونەجم باشی نووسیویەتی"سالار ئیبراهیمی کوڕی مەرزەبان نامەیەکی نارد بۆ بەرپرسی دیرمۆس و پێشنیاری بۆ کرد بەرنگاری موحەممەد ببێتەوەو گەمارۆی بدات و لە دوبەیل وەدەری بنێت، ئەویش چوو بە دەم پەیامەکەیەوە، ئەو کابرا بێباوەڕە، سوپایەکی سەرسەختی لە ئەرمەن و لەگز و بێباوەڕانی تر کۆکردەوەو بەرەو موحەممەدی کوڕی شەداد پێشڕەویی کرد، هەواڵ گەیشتە موحەممەد و ئەویش خەڵکەکەی لای خۆی بانگهێشت کرد، هەموان ڕێککەوتن لەسەر بەرنگاربوونەوە و ڕێلێگرتنی ئەو سوپایە و پشتیوان بە خوا لە شار دەرچوون و لەگەڵ ئەو نەفرەتیانە لە نێوان هەردوو رووباری رەش و منصمون پێکگەیشتن و لە جەنگێکی سەختدا پێکیاندادا و موسڵمانان سەرکەوتن و بێباوەڕان شکان، تاقیان لێ دەرنەچوو مەگەر ئەوانەی لەنێو دارو درەختەکاندا خۆیان حەشاردابوو، موحەممەدی کوڕی شەدادیش بە سەرکەوتوویی و براوەیی گەڕایەوە بۆ نێو شاری دوبەیل".[٣]

"جورزان و ناوچەکانی تری ئەرمەنستان پادشایەکیان هەبوو پێی دەوترا ئاشووتی کوڕی عەبباس[٤] کە نازناوی شاهەنشاهی هەبوو، ختوورەی گەمارۆدانی دوبەیل و ژێردەستەکردنی خەڵکەکەی لا دروست بووبوو، بۆیە سەربازە ئەرمەن و لەگز و بێباوەڕەکانی تری کۆکردەوەو بە سی هەزار کەسەوە بەرەو دوبەیل ملی ڕێگەی گرتەبەر و لە شوێنێکی نزیکی دوبەیل لایدا کە پێی دەوترا ناورد، بڵاوەی بە سەربازەکانی کرد بۆ سووتاندنی دەغڵ و دان و وێرانکاریی، موحەممەدی کوڕی شەدادیش کە کەمینەیەکی کەمی کەسوکار و هاوەڵانی لە دەور بوو و ئاگای لەم بەزمە نەبوو،

---

(١) - لەگزەکان خەڵکێکی کەتە و بەخۆ و بەهێز بوون، دراوسێی ناوچەی تەبەرستان بوون، ناوچەیەکی فراوانیان هەبوو و ژمارەشیان زۆر بوو (بڕوانە: ياقوت الحموي: معجم البلدان، ج١/ ص ٣٠٤).

(2) - V. Minorsky: Studies in caucasian history, London: Taylors foreign press, 1953, p 9.

(٣) – شەدادیەکان، ل ل ١٩-٢٠.

(٤) - ئاشوودی سێیەم کوڕی عەبباس (٣٤٢-٣٦٧ک/٩٥٣-٩٧٧ز) کە بە پادشای میهرەبان ناسرابوو، شارەزاییەکی زۆری لە زانستە یۆنانییەکاندا هەبوو، کەسێکی بەهێز بوو دژ بە نەیارەکانی. بڕوانە (ک.ل. استارجيان: تاريخ الأمة الأرمينية، ص ١٨٣).

هەواڵی پێگەیشت، بۆیە بۆ وەدەرنانی ئەم دوژمنە بەهێزە بیری لە پیلانێک کردەوە، هەرچی پیاو و منداڵی شارەکە هەبوو کۆیکردنەوەو رایسپاردن مەڕوماڵات و رەشەوڵاخ و هێستر و گوێدرێژ و سوارەکان بەرەو دەرەوەی شار بدەنەبەر و لە نزیک شارەکە بوەستن هەتا دوژمن زۆریی و قەرەباڵغییان ببینێت و گوێی لە هاوار و الله اكبر کردنیان بێت، هەرکات موحەممەد فەرمانی پێکردن بەرەو شارەکە بێن، پاشان بکەونەڕێ، ئەوانیش وایانکرد، موحەممەد خۆیشی بە دەستەیەک لە سوارچاک و دلێرانی دەوریەوە وەک هێزی پێشڕەو بەرەو دوژمن رۆیشتن، دوژمنیش لەوپەڕی بێئاگاییدا بڵاوەیان کردبوو و لەتاو تینی گەرما چووبوونە بن سێبەرەکان، هێندەیان زانی موسڵمانان چەشنی گەلەشێر دایان بەسەریاندا و بە شمشێر لە هەموو لاوە تێیانکەوتن، کە جەنگەکە گەرم بوو، موحەممەدی کوڕی شەداد ئاماژەی دا بەو سوپایەی لە نزیک شارەکە بوون، ئەوانیش یەکدەم بەدەنگی بەرز هاواریان دەکرد و بەرەوڕووی دوژمن هاتنەپێشێ، دوژمن کە قەرەباڵغیەکەیان بینی دەتوت شاخ و کێون، هێندەی تر ژمارەکەیان بە زۆرتر بینی و وایاندەزانی هێندەی لمی بیابان ژمارەیان زۆرە، بۆیە بە ویستی خوا تێکشکان''.[١]

موحەممەد داوای لە خەڵکی شارەکە کرد یارمەتیی بدەن بۆ بنیادنانی شوێنێک لە نزیک شارەکە هەتا ئەگەر مەترسی لەگزەکانیان لەسەر بوو، خاوخێزان و منداڵەکانی تیایدا پەنا بدرێن، خەڵکی شارەکەش هاوکارییان کرد و ئەویش بە یارمەتی خەڵکەکە قەڵایەکی بنیادنا و ناوی نا (تەل حسلا)، خاوخێزانی گواستەوە بۆ ئەوێ، کەمێک لە دووری شاری دوبەیلەوە بوو، گومانەکەشی لە جێی خۆی بوو، چونکە لەشکرکێشیی ئەرمەن و لەگزەکان بە سەرکردایەتیی جورزان لە ئەرمەنستانەوە دەستیپێکرد و میری شەدادیش سەربەرزانە لەم جەنگەشدا براوە دەرچوو و هەڕەشەی میللەتە مەسیحییەکانی ئەرمەنستان و ئازاری لەسەر شارەکە دوورخستەوە.[٢]

ئەگەرچی مەسیحییە ئەرمەنەکان نەیانتوانی شکست بە میری شەدادی بهێنن، بەڵام بە ئازادبوونی مەرزەبانی موسافیریی، توانی هێرشێکی چڕوپڕ رێکبخات بۆ سەر دەسەڵاتی میری شەدادی و شکست بەو میرە بهێنێت و ناچار بە هەڵهاتنی بکات،[٣] ئەویش بەرەو دەسەڵاتی بیزەنتییە

(١) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ل ٢٣-٢٤.

(2)V. Minorsky: ibid ,p 10.

(٣) - مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ل ٢٥-٢٦؛ صبا سالم شیت: الأوضاع السياسية في أرمينيا الكبرى، ص ١٤٧.

مەسیحییەکان هەڵهات و داوای یارمەتیی لێکردن دژ بە موسافیرییەکان، کەچی رازی نەبوون، بۆیە بە بێئومێدی لە ساڵی (٣٤٤ک/ ٩٥٥ز) دا سەری نایەوە.[١]

بابەتێکی تر کە لەم بارەیەوە باسکراوە، ئەوەیە کە میر موحەممەد هەر سێ کوڕەکەی راسپاردبێت بچن بۆ لای پادشا گریگۆری ئەرمەنەکان و دایکیان لەگەڵ خۆیان ببەن وەک بارمتە،[٢] تەنها لەپێناو رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان شەدادی و ئەرمەنەکان، ئەمەش بۆ حاڵەتی کۆمەڵایەتی کوردەواریی و جیهانی موسڵمانان، باوەڕپێکردنی ئاسان نیە.

وادیارە پاش نەمانی دەسەڵاتەکەی موحەممەدی کوڕی شەداد و دابەشبوونی سێ کوڕەکەی بەسەر ناوچەکاندا، لەشکریی مانەوەی لەنێو مەسیحییەکاندا هەڵبژاردووەو هەتا کاتی وەرگرتنی دەسەڵات لەوێ ماوەتەوە، ئەمەش لەو پەیامەی فەزلوونی برایدا بە روونی دەردەکەوێت کە کاتێک دەیەوێت رازیی بکات دەسەڵاتی گەنجە وەربگرێت، پێی وت: "ئەی برای سەرکردەم، ئیتر کاتی ئەوە نەهاتووە وازبهێنیت لە خزمەتی بێباوەڕانی پیلانگێڕ و بەیانی و ئێوارە لەگەڵ بەرازەکاندا بکەیتەوەو لەبری بانگ، گوێبیستی ناقووس[٣] بیت؟".[٤]

هاوکات باس لەوە کراوە لەشکریی بۆ گێرانەوەی هەندێ ناوچەی دەسەڵاتی جارانی باوکی، هەماهەنگیی لەگەڵ هێزە مەسیحییە دراوسێکانیدا کردووەو سوودی لە پەیوەندیی دۆستانەیان وەرگرتووە. [٥]

دوای لەشکریی فەزلوونی برای گەیشتە دەسەڵات، ماوەی دەسەڵاتی میر فەزلوونی کوڕی موحەممەد (٣٧٥- ٤٢٢ک/ ٩٨٥- ١٠٣١ز) تایبەتمەندییەکی جیاواز لەوانی تری هەبوو کە ئەویش زۆریی ماوەی فەرمانڕەواییەکەی بوو لەگەڵ ناسرانی بە سەرکردەیەکی جیهادیی و نەبەرد لەلایەن موسڵمانانەوە، چونکە لەو ماوەی دەسەڵاتیدا جەنگی سەرسەختانەی بەرامبەر ئەرمەنە مەسیحییەکان

---

(١) - مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ل ٢٦؛ زرار صديق تۆفيق: كورد و كوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، ل ل ١٣٥-١٣٩.

(٢) – ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل ٤٧.

(٣) - جەرەسی مەسیحییەکان لە کڵێسادا کە خەڵکی پێ بانگ دەکرێت بۆ نوێژ. (بڕوانە: ابن منظور: لسان العرب، ط٣، دار صادر، بيروت، ١٤١٤هـ ج١١/ ص ٧).

(٤) - مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٣١.

(٥) –مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٣٤؛ احمد كسروی: شهرياران گمنام، ص ٢٦٨.

و هێز و دەسەڵاتە ناموسڵمانەکانی تری هاوسنووریدا گرتەبەر، هۆکارەکەش ئەوەبوو کە ئەم میرنشینە، سنوورێکی فراوانی هەبوو لەگەڵ دەسەڵاتە ناموسڵمانەکانی وەک رووس و ئەرمەن و لەگز و جۆرجی و ئەپخاز[1]دا، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی ململانێی کەمتری هەبێت لەگەڵ هێز و دەسەڵاتە موسڵمانەکانی هاوسنووریدا،[2] ئەم حاڵەتی جیهادەو سەرکەوتنی بەسەر مەسیحییەکان و سەپاندنی سەرانە بەپێی شەریعەتی ئیسلامیی، هۆکار بووە هەتا نووسەرە مەسیحییەکان بە خراپە و لە رووی دژایەتیەوە لەبارەی فەزلوونەوە بنووسن.[3]

لەو زانیاریانەی سەبارەت بە مامەڵەی فەزلوون لەگەڵ ئەرمەنەکان هاتووە، ئەوەیە کە بانگهێشتی فیلیپی کوڕی گریگۆری کردووەو دواتر بەندی کردووەو پاش مردنی گریگۆری باوکی، ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داگیرکردووە، هەروەها بانگهێشتی گاجیکی کوڕی هەمامی کردووەو کوشتوویەتی و دەستیگرتووە بەسەر ناوچەکانیدا.[4]

مامەڵەی دوژمنکارانەی ئەرمەنەکان بەرامبەر بە شەدادیەکان لە هاودەستی لەگەڵ موسافیرییەکان و دواتر هاوپەیمانی لەگەڵ جۆرجییەکان دژ بە شەدادیەکان، هۆکار بوون هەتا شەدادیەکان بە توندی بەرنگاری ئەرمەنەکان ببنەوەو لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیشیاندا فراوانخوازی بکەن.[5]

میر فەزلوون لە ماوەی فەرمانڕەواییەکەیدا هێرشێکی بەرفراوانی بردە سەر چەند ناوچەیەکی ئەرمەنەکان و باجیشی بەسەردا سەپاندن،[6] وەک هێرشی ساڵی (٣٩٤ک/١٠٠٣ز)، بڕی باجەکەش سێ سەد هەزار درهەم بوو، وێڕای ئەوەی لە ماوەی دەسەڵاتەکەیدا بەریەککەوتنێکی زۆری لەگەڵ

(١) – ئەپخاز ناوچەیەکی مەسیحی نشین بوو لە نزیک تفلیس کە موسڵمانەکان ئەو ناوچەیان گرت، بەڵام دواتر لێیان سەنرایەوە. بڕوانە (ابن سعید المغربي: کتاب الجغرافیا، تح: اسماعیل العربي، ط١، المکتب التجاري، بیروت، ١٩٧٠م، ص ١٨٨).

(٢) – ابن الأثیر: الکامل في التاریخ، ج٧/ص٧٤٠؛ سبط ابن الجوزي: مرآة الزمان في تواریخ الأعیان، ط١، دار الرسالة العالمیة، ٢٠١٣م، ج١٨/ ص ٣٦٠؛ ئاکۆ بورهان محەمەد: میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەبباسی، ل ١٤١.

(٣) – جمال رشید أحمد: لقاء الأسلاف الکرد و اللان، ص ٢٢٠.

(٤) – ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل ٥٠.

(٥) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ١٩؛ صبا سالم شیت: الأوضاع السیاسیة في أرمینیا الکبری، ص ١٤٨.

(٦) – ابن الأثیر: الکامل في التاریخ، ج٧/ص٧٤٠؛ أحمد کسروي: شهریاران گمنام، ص ٢٧٠.

هێزە مەسیحی و ناموسڵمانەکاندا هەبوو، هاوکات توانی دەسەڵاتی بەشێک لەوان لەناوبەرێت و دەستبگرێت بەسەر خاکەکەیاندا.[١]

میر فەزڵوون هەندێ جار بۆ لێدانی هێز و دەسەڵاتێکی مەسیحی و دەستگرتن بەسەر ناوچەکەیدا، ئامادەیی ئەوەی هەبوو لەگەڵ هێزی مەسیحیی دیکەدا رێکبکەوێت، وەک چۆن لەگەڵ خاجیقی[٢] پادشای ئەرمەنەکاندا رێککەوت بۆ گرتنی ناوچەی فاریسۆس و لەناوبردنی دەسەڵاتی هایقازەکان و دابەشکردنی ناوچەکە لەنێوان هەردووکیاندا.[٣]

یەکێک لە جەنگەکانی فەزڵوون بەرامبەر بە ئەرمەنەکان، هێرشێکی بوو بۆ سەر داویتی برازای خاجیقی فەرمانڕەوای ئەرمەنستان کە هاودەم بە براکەی خۆی دەستیگرتبوو بەسەر بەشێکی جۆرجیادا و دەسەڵاتێکی تێدا دامەزراندبوو، میر فەزڵوونیش هێرشی بردەسەری و جەنگێکی سەخت لەنێوانیاندا روویدا کە تیایدا میر فەزڵوون بە سەختی شکستی خوارد و بەشێک لە سوپاکەی لەناوچوون و خۆیشی بە سەختیی لە مەرگ دەرباز بوو.[٤]

هاوکات باس لە دوو هێرشی فەزڵوون کراوە بۆ سەر ئەرمەنەکان بە مەبەستی دوورخستنەوەی مەترسییان لەسەر دەسەڵاتەکەی، یاخود سەپاندنی سەرانەیەکی ساڵانە بەسەر ئەرمەنەکاندا، لە هێرشی یەکەمدا شکستی خوارد و وەخت بوو خۆیشی لەناوبچێت، بەڵام لە هێرشی دووەمدا کە لە ساڵی (٣٩٤ک/ ١٠٠٣ز) دا بوو هێرشێکی زۆر بەهێزی بردە سەریان و ئەرمەنەکان نەیانتوانی بەرنگاری ببنەوە، بۆیە داوای رێککەوتنیان لێکرد، خاڵێکی رێککەوتنەکەشیان ئەوەبوو کە دەبێت ئەرمەنەکان سەرانەیەکی ساڵانە بە بری سێ سەد هەزار درهەم بدەن بە شەدادیەکان.[٥]

---

(١) – احمد كسروى: شهرياران گمنام، ص ٢٦٩؛ صبا سالم شيت: الأوضاع السياسية في أرمينيا الكبرى، ص ١٤٩.

(٢) – خاجیق یان کاکیکی یەکەم (٩٨٩-١٠٢٠ز) پادشای ئەرمەنەکان بوو لە بنەماڵەی باقرادۆنی و سەردەمی دەسەڵاتەکەی ئەوپەڕی بەهێزیی سیاسی و سەربازی دەسەڵاتی ئەرمەنەکان بوو تا ئاستێک نازناوی شاهەنشاهی وەرگرتبوو، لە سەردەمەکەیدا گرنگیەکی زۆر درا بە ئاوەدانی و بواری زانست و مەیدانی کشتوکاڵ و بازرگانی و پێشخستنی وڵات لە زۆر رووەوە. بڕوانە (ك.ل. استارجيان: تاريخ الأمة الأرمينية، ص ص ١٩١-١٩٢).

(٣) – أحمد كسروي: شهرياران گمنام، ص ٢٧١.

(٤) – صبا سالم شيت: الأوضاع السياسية في أرمينيا الكبرى، ص ١٤٨-١٤٩.

(٥) – اسماعيل شكر رسول: الامارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران، ص ص ٨٤-٨٥؛ صبا سالم شيت: الأوضاع السياسية في أرمينيا الكبرى، ص ١٤٩.

میر فەزڵوون کەمتر لە دوو ساڵ دوای هێرشی ساڵی (٤٢١ک/ ١٠٣٠ز) کۆچی دوایی کرد، ئەو ماوەیە هەتا مردنی داخی شکستی لە بەردەم ئەرمەنەکاندا لە ناخیدا مایەوە، ئەم داخەش گوازرایەوە بۆ لەشکریی کوڕەزای کە پاش هاتنە سەر دەسەڵات (٤٢٥-٤٤١ک/ ١٠٣٣-١٠٤٩ز) هەمان ڕێبازی باپیری بگرێتەبەر و هەوڵی تۆڵەسەندنەوە بدات،[١] بۆیە لەشکریی دووەمیش لەسەر هەمان ڕێبازی میر فەزلوون، جەنگی ئەرمەنەکانی دەکرد، ئەرمەنەکانیش هەوڵی هەر جۆرە هاوپەیمانییەکیان دەدا دژ بە لەشکریی دووەم، کەچی سەرکەوتن لە بەختی میری کوردیدا بوو، شاعیرانیش لە پیاهەڵدانی جەنگ و سەرکەوتنەکانیدا درێغییان نەدەکرد.[٢]

لەو دێڕە شیعرانەی کە باس لە داخی دڵی لەشکریی دووەم و جەنگی لەگەڵ نەیارانی و سەرکەوتنەکانی کردووە، دێڕە شیعرەکانی (قەترانی تەبریزی)[٣] شاعیرە کە نووسیویەتی:

بـــه آفـتــاب بــراورد افســـــر اســــلام — بــه زیـر خاک فرو برد رایـت کفـران
خـــدایگـــان به زمانــــی ز کافــــران بستـد — بـه تیـغ کینـه فضلـون و کینه ممـلان
تو زی برون شده بودی به شهر خصم اندار — که تاکو بر آتش بوم و برش کنی ویران
چنـان که موسی عمـران به کوه آتش جست — پیمبــری یافت أز کوه موسـی عمــران
یکـی سپـاه شکستـــی دلیـر و شــاه شکـن — شهی گرفتی لشکـر فرو و گردافشـــان[٤]

لە ساڵی (٤٢٦ک/ ١٠٣٤ز) دا میر لەشکریی دووەم بۆ تۆڵەسەندنەوەی میر فەزڵوون هێرشی بردە سەرە خاکی ئەرمەنستان و دەستیگرت بەسەر چەند ناوچەیەکدا.[٥]

---

(١) - احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ٢٧١.

(٢) - قطران تبریزی: دیوان قطران تبریزي، ص ٣٤٠؛ زرار صدیق تۆفیق: کورد و کوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، ل ل ١٤٣ – ١٤٤.

(٣) - ئەم شاعیرە (شرف الزمان حکیم ابومنصور قطران عضدی تبریزی) شاعیرێکی سەدەی پێنجەمی کۆچی بووەو هاوسەردەمی دەسەڵاتی شەدادییەکان و ڕەوادییەکانیش بووەو چەندین پیاهەڵدانی لەبارەی میرانی ئەو دوو میرنشیەوە هەیە، لەنێویاندا میر ئەبولحەسەن عەلی لەشکری و میر ئەبوومەنسوور وەهسوودانی کوڕی موحەممەد و میر ئەبوونەصر مەملان. بڕوانە (پێشەکی دیوان قطران تبریزی، ص ١٣).

(٤) – دیوان قطران تبریزي، ص ٣٤١.

(٥) - صبا سالم شیت: الأوضاع السیاسیة في أرمینیا الکبری، ص ١٤٩.

## تەوەری سێیەم

## پەیوەندیی شەدادیەکان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەرمەنستان لە سەردەمی شاوری کوڕی فەزلوونەوە هەتا رووخانی میرنشینەکە

لە دوای لەشکریی دووەم، شاوری کوڕی فەزلوون (٤٤١-٤٥٩ک/ ١٠٤٩-١٠٦٦ز) گەیشتە دەسەڵات، ئەمیش چەشنی براکەی جەنگی دژ بە ئەرمەن و جۆرجییەکان گرتەبەر، چونکە زۆرجار ئەرمەنەکان، یاخود جۆرجییەکان، مەترسییان بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شەدادیەکان دروست دەکرد، ئەویش بەرپەرچی دەدانەوە، نەوەک تەنها ئەو لایەنانە، بەڵکو سەرچاوە مەسحییەکان باس لەوە دەکەن تەنانەت بەرامبەر بە بیزەنتییەکانیش جەنگاوە، هاوکات شارەکانی ژێر دەسەڵاتی ئامادە دەکرد بۆ بەرگریی، چەشنی ئەو قایمکارییەی بۆ شاری گەنجە ئەنجامیدا و شوورەیەکی پتەوی بنیادنا و دەرگای ئاسنینی بۆ دانان و بە دەوروبەری شووراکەشدا خەندەقێکی قووڵی لێدا نەبادا هێزە مەسیحییەکان هێرش بهێننە سەر شارەکە.[١]

ماوەیەک پەیوەندیی نێوان شاور و ئەرمەنەکان هێوریی بەخۆیەوە دی، ئەویش بەهۆی ئەو ژن و ژنخوازییەوە بوو کە لەنێوانیاندا روویدا، کاتێک شاور کچی ئاشوود باگراتۆنی پادشای ئەرمەنەکانی خواست و دوو کوڕی لێی بوو بە ناوەکانی فەزلوون و مەنووچەهر،[٢] ئەو ئافرەتەی کە خواستی ناوی تاشیر بوو و خوشکی داوود ئەنهۆلینی سەرکردەی ئەرمەنیی بوو،[٣] پێدەچێت ئامانجی شاور لەم هاوسەرگیرییەی بۆ ئەوە بووبێت مەترسی و هێرشی ئەرمەنەکان بۆ سەر ناوچەکانی شەدادی

---

(١) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ل ٤٣-٥٠؛ زرار صديق توفيق: کورد و کوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، ل ١٤٥.

(٢) – ئاکۆ بورهان محەمەد: میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەبباسی، ل ٤١؛ جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٢٧.

(٣) )- جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٢٧؛ فارس عثمان: الكرد و الأرمن، العلاقات التأريخية، الطبعة الأولى، مؤسسة ماركريت، سوريا، ٢٠٠٨م، ص ٤٦.

بوەستێنێت، لەلایەکی دیکەشەوە لە بەرەی ئەرمەنستان بێخەم بێت و خۆی بۆ جەنگی جۆرجییەکان یەکلابکاتەوە.[١]

هەرچەندە قەترانی تەبریزی لە شیعرەکانیدا هیوای خۆی نیشان داوە بۆ سیاسەتی شاور بە چەشنێک وەک بڵێیت خوێندنەوەی بووبێت بۆ سیاسەتی ئەو سەرکردەیە، بۆیە وتوویەتی:

روم و گرجستان بفرمان منوچهر آورد     هند و ترکستان بزیر حکم نوشروان کند[٢]

هەتا ئاشوود باگراتۆن لە ژیاندا مابوو، جەنگ لەنێوان شەدادی و ئەرمەنەکاندا روویندا و جۆرێک لە ئارامیی دوور لە جەنگ باڵی بەسەر پەیوەندییەکانی هەردوولادا کێشابوو،[٣] بەڵام دواتر پەیوەندییەکانی نێوانیان تێکچوونەوە،[٤] بۆیە شاور بە سوپایەکی سەد و پەنجا هەزار کەسییەوە هێرشی بردە سەر ناوچەکانی ئەرمەنستان و سەرەتا ناوچەکانی ئاوەڵزاوا مەسیحییەکەی لە ئەرمەنستان گرت، دواتریش روویکردە ناوچەکانی ژنبراکەی، بەڵام ئەمیان داوای هاوکاریی لە پادشای ئانی و فەرمانڕەوای جۆرجیا کرد، چونکە هەردووکیان هاوئایین بوون، بەو ئومێدەی پێکەوە یەکدەست بەرنگاری شەدادییەکان ببنەوە.[٥]

یەکێک لە سەرکردە ئەرمەنییەکان بە ناوی ئابی راد برایەکی هەبوو بە ناوی یووحەننا و دەسەڵاتدارێکی ئەرمەنییەکان بوو، ویستی ناپاکیی بەرامبەری بنوێنێت و بە پیلانێک هێنایە شوێنێکی چۆڵ و یەکێک لە سەرکردە سەربازییەکانی بەردەستی خۆی راسپارد بیبات لە شوێنێکی پەنهان بیکوژێت، بەڵام سەرکردەکە لەبری ئەوە دەرفەتی دا بەرەو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شاور هەڵبێت،

(١) – اسماعیل شكر رسول: الامارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران، ص ٨٦؛ ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل ٦٤.

(٢) – قطران تبريزي: ديوان قطران تبريزی، ص ٨٧، واتای دێڕە هۆنراوەکەش بەم شێوەیە: رۆم و جۆرجیا بخاتە ژێر فەرمانی مەنووچەهر و هیند و تورکستانیش بخاتە ژێر فەرمانڕەوایی نەوشیروان.

(٣) – احمد كسروى: شهرياران گمنام، ص ٢٨٦.

(٤) – ئاکۆ بورهان محەمەد: میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەبباسی، ل ٤١؛ جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٢٨.

(٥) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٤٨؛ ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل ٦٥؛ کامەران عەزیز عەبدوڵڵا: هۆکارەکانی سەرهەڵدان و رووخانی میرنشینە کوردییەکان لە سەردەمی عەبباسیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٢ز، ل ١٥١.

بۆیە ئابی راد چوو بۆ لای شاور، ئەویش پەنای دا و ڕێزێکی زۆری لێ نا، بەڵام زۆری نەخایاند، دەوروبەرەکەی شاور ترس و دڵەڕاوکێیان لای شاور دروست کرد سەبارەت بەو سەرکردە ئەرمەنییە، ناچار ئەویش بڕیاری کوشتنی دا.[1]

لە مانگی رەجەبی ساڵی (٤٥٧ک/ ١٠٦٤ز) دا ئەبولئەسوار سوپاکەی کۆکردەوەو بەرەو وڵاتی ئەرمەن و ڕۆم چوو و چوویە ناو خاکیانەوەو روویکردە سەرسنووری ئانی و چوویە ئەوێ و شوێنە پەرتەکانی یەکخست و کاربەدەستی خۆی و ئازووقە و چەک و سەربازی تیادا دانا، پاشان چوویە ناو وڵاتی ڕۆم و شاڵاوی بردە سەری و قەڵایەکی پتەوی نزیک لە ئانی گرت و کەسانی جێمتمانە و سەربازانی پارێزەری خۆی تێدا دانا، پاشان گەڕایەوەو لای دەروازەی قەڵای (ویجین) مایەوە، ئەمەش قەڵایەکی پتەو و سەخت بوو و لە چاکترین قەڵاکانی ئەرمەنەکان بوو، لەو دەورە سەربازگەی دامەزراند و بە زەبر گرتی و کەسانی جێمتمانەی خۆی تێدا نیشتەجێ کرد، پاشان گەڕایەوە بۆ (گەنجە/جەنزە).[2]

یەکێکی تر لەو جەنگانەی کە باسی لێوەکراوە، جەنگی شاور بوو لەگەڵ داویتی ئەرمەنیدا کە لە ساڵی (٤٤٨ک/١٠٥٦ز) داویت داوای پشتیوانی لە جۆرجییەکان کرد دژ بە شەدادیەکان و ئەوانیش هاتن بەدەم داواکەیەوە، تیایدا شاور و سوپاکەی شکستیان خوارد، هۆکارەکەشی پشت بەستنی میری شەدادی بوو بە هێزێکی مەشق پێنەکراوی تورکەکان کە شارەزاییەکی ئەوتۆیان بە ئاوو هەواو جوگرافیای ناوچەکەش نەبوو، لەبەرامبەردا هێزی ئەرمەنی و جۆرجییەکان راهێنانیان پێ کرابوو و شارەزاییەکی باشیان هەبوو بە ئاوو هەوا و جوگرافیای ناوچەکە، ئەرمەنەکان بەوەوە نەوەستان و هێرشیان بردە سەر شاری دوبەیل و گریگۆری کوڕی بەهرامی پادشای ئەرمەنەکان سەرکردایەتی هێرشەکەی کرد، بەڵام تیایدا کوژرا، ئەمجارە خودی بەهرام هێرشی برد و خودی خۆیشی لەو هێرشەدا کوژرا.[3]

---

(١) – احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ٢٨٨.

(٢) - مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٣٣.

(٣) - اسماعیل شکر رسول: الامارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران، ص ٨٧؛ صبا سالم شيت: الأوضاع السياسية في أرمينيا الكبرى، ص ص ١٥٠-١٥١ ١٥١.

هێرشی بیزەنتییەکان بۆ سەر ناوچەکانی ئەرمەنستان، مەترسییەکی زیاتریان بۆ شەدادیەکان دروست کرد، چونکە بەریەککەوتنەکان لە هێزێکی ناوچەییەوە دەگۆڕان بۆ هێزێکی گەورە،[١] بەڵام هاتنی سەلجووقیەکان فریادڕەسی شەدادیەکان بوو بەرامبەر بە هێزە مەسیحییەکان،[٢] بۆیە پاش گیرانی پادشای ئەرمەنەکان لەلایەن بیزەنتییەکانەوە، نێردراوی بیزەنتییەکان گەیشتە لای شاور و داوای لێکرد ئەو ناوچانەی ئەرمەنستان بداتەوەدەست کە دەستی بەسەردا گرتون، بەڵام شاور بەوە رازیی نەبوو، قەیصەریش فەرمانیکرد سوپایەکی گەورە لە ئەرمەنی و جۆرجیییەکان هاودەم بە سوپای بیزەنتی هێرش ببەنە سەر دەسەڵاتی شەدادیەکان و پاش دوو جەنگی سەخت، ژمارەیەکی زۆر لە سوپای شەدادیەکان دەستگیر کران، پاشان هێرشی بەهرامی سەرکردەی ناوداری ئەرمەنییەکان بە سوپایەکی ئەرمەنییەوە بەرەو شاور هات، بەڵام لە جەنگەکەدا کوڕەکەی بەهرام کوژرا، بەمەش بەهرام دەستی لە ژیان شۆرد و چاونەترسانە چوویە مەیدانی جەنگ، بەڵام خۆیشی کوژرا، بەمەش ئەرمەنییەکان ورەیان بەردا و شکان.[٣]

سەرچاوە مەسیحییەکانیش باس لەوە دەکەن سوپاکەی شاور نزیکەی سەد و پەنجا هەزار سەرباز بووەو سوپای مەسیحییەکانیش زیاد لە بیست هەزار سەرباز بون، مەسیحییەکان ئینجیل و خاچیان بەدەستەوە بووەو بەو رۆحیەتە ئایینیەوە چوونەتە نێو جەنگەکەوە، بەهێزیی شاوریش داویدی ناچارکردووە داوای دروستکردنی هاوپەیمانێتیەک بکات لە هێز و دەسەڵاتە مەسیحییەکانی دەوروبەری (ئەرمەنەکان، ئەپخازەکان، جۆرجییەکان) و هەڕەشەی ئەوەیان لێ بکات ئەگەر نەیەن بە دەمیەوە، ئەوە لەگەڵ شاور لە دژی ئەوان رێککەوتن دەکات، بۆیە ئەرمەنەکان سێ هەزار سەرباز و قەبانەکان دوو هەزار سەرباز و ئەپخازەکان چوار هەزار سەربازیان نارد، بەڵام هێزەکە درەنگ گەیشتن و شاور دەستی خۆی وەشاند، کوشتارێکی زۆری لێکردن، دواتر کڵێساکانی تەخت کرد و هەرکەس موسڵمان نەبوایە دەیکوشت، هێزی مەسیحییەکان نەگەڕانەوەو بە رۆحیەتی ئایینیەوە بەرنگاری سوپای شاور بوونەوەو سوپاکەیان شپرزە کرد و کەوتنە راوەدوونانی پاشماوەی سوپا تێکشکاوەکە و دواجار بە دەستکەوتێکی زۆرەوە گەڕانەوە.[٤]

---

(١) – ک.ل. استارجیان: تاریخ الأمة الأرمینیة، ص ١٩٨.

(٢) – الحسیني: أخبار الدولة السلجوقیة، اعتنی به: محمد اقبال، لاهور، ١٩٣٣م، ص ٤٢.

(٣) – احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ص ٢٨٩-٢٩٤.

(٤) – احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ٢٩٠.

ململانێی شەدادی و هێزە مەسیحییەکان بەو چەشنە بەردەوام بوو و تاو نا تاو لە هەڵکشان و داکشاندا بوو، بە نموونە لە سەردەمی فەزلۆونی کوڕی شاوردا کە ویستی شاری ئانی بگێڕێتەوەو تۆڵەی گیرانی باوک و براکانی بکاتەوە، لەگەڵ فەرمانڕەوایانی ئازەربایجاندا ڕێککەوت و سوپایەکی پێکهێنا بۆ هێرش بردنە سەر ئەرمەنییەکان و گەمارۆیەکی سەختی خستە سەریان، پاش بەرگرییەکی زۆر، دواجار ناچار بوون لەگەڵ فەزلۆون ڕێکبکەون و شارەکە بدەن بەدەستەوە بەو مەرجەی ماڵ و گیان و کڵێسایان پارێزراو بێت، تەنانەت یەکێک لە مەرجەکانیان ئەوەبوو کە ئەو کڵێسایەی پێشتر کرابوو بە مزگەوت و دواتر بە هاتنەوەی ئەرمەنەکان کرابوویەوە بە کڵێسا، نەکرێتەوە بە مزگەوت و بە کڵێسایی بمێنێتەوە، فەزلۆونیش بە هەموو داواکارییەکانیان ڕازیی بوو و دواتریش بەڵێنەکەی بردەسەر.[1]

پاش هاتنی سەلجووقییەکان و بەتایبەت بە هاتنی ئولب ئەرسەلان[2]، سیاسەتی دەسەڵاتی مەرکەزیی بوویە هۆی لاوازبوون، یان نەمانی بەشێک لە دەسەڵاتە ناوچەییەکان، لێرەوە دەسەڵاتی شەدادیەکان لە ناوچەیەکی بچووکتردا و لە شاری ئان بە سنووورداری مایەوە، ئەوەی لەم دەسەڵاتەدا سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ جیهانی مەسیحیدا باسکراوە، ڕۆڵی ئەبووشوجاع مەنووچەهری کوڕی ئەبولئەسوارە کە لەگەڵ ئاوەدانکردنەوەی ناوچە وێرانبووەکان، هەوڵیدەدا پەیوەندییەکانیش بنیاد بنێتەوە، بۆیە سەرەتا هەوڵیدا ئەو سەرکردە ئەرمەنییانە ئاشت بکاتەوە کە لە ناوچەکە هەڵهاتبوون و ڕازییان بکات بگەڕێنەوە بۆ ئەوێ، خودی خۆیشی کوڕی ئافرەتێکی ئەرمەنی -کچی ئاشوودی پادشای ئەرمەنەکان- بوو، بۆیە هەتا توانی سیاسەتێکی میهرەبانانەی بەرامبەر بە ئەرمەنەکان گرتەبەر،[3] تەنانەت سەرکردەی سوپاکەی کەسێکی ئەرمەنی بوو بە ناوی (گریگۆری کوڕی واساتی ئەرمەنی)،[4] کەچی لە بەرامبەر ئەم ڕەفتارەدا هوهانیسی کۆتا پادشای ئەرمەنەکان

---

(١) - شهریاران گمنام، ص ص ٣١٢-٣١٣.

(٢) - دووەم سوڵتانی سەلجووقییەکانە لە دوای توغرول بەگ، پاش سەرکەوتنی بەسەر سوپای ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی لە جەنگی ملازگرد ناوبانگ و دەسەڵاتی زیاتر بوو، ماوەی دەسەڵاتەکەی زیاتر جەنگ و فراوانخوازیی بەخۆیەوە دی، دواجار لە مەیدانی جەنگدا لە ساڵی (٤٦٥ک/ ١٠٧٢ز) دا کوژرا. بڕوانە (الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١٣/ص٤٩٦).

(٣) - احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ص ٣٠٨-٣٠٩؛ ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل ل ١٠٥-١٠٦.

(٤) - اسماعیل شکر رسول: الامارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران، ص ٨٨.

لەگەڵ سوڵتان مەلەکشاهی سەلجووقیدا ڕێککەوتنی دەبەست هەتا شاری ئانی لەدەست شەدادیەکان وەربگرێتەوەو بیدات بە ئاشودی کوڕی.[1]

ئەو هەڵوێستەی ئەرمەنەکان هۆکار بوو هەتا ئەبولئەسواری دووەم شاوری کوڕی مەنووچەهر سیاسەتی باوکی لەمەڕ ئەرمەنەکاندا نەگرێتەبەر و چەندین هێرشیان بباتەسەر و چەند ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی ئەرمەنەکان بگرێت، ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ لێکنزیکبوونەوەی ئەرمەن و جۆرجییەکان و بەستنی هاوپەیمانی نێوانیان دژ بەم میرە کوردەو هێرشێکی هاوبەشیان بردە سەری و لە جەنگەکەدا میری شەدادییان هاودەم بە منداڵەکانی بەدیلگرت جگە لە فەزلوونی سێیەم، میر ئەبولئەسواری دووەم و منداڵە گیراوەکانی بران بۆ وڵاتی جۆرجییەکان، لەولاشەوە میر فەزلوونی سێیەم کە لە خوراسان بوو و بەمەی زانی، خێرا ڕوویکردە ئازەربایجان و داوای لە ئاق سنقری ئەحمەدیلی و کوردە ڕەوادیەکان کرد بێن بە دەمیەوە، بەرپرسی ئازەربایجان چوو بەدەم داواکەیەوەو ژمارەیەکی زۆری کوردە ڕەوادییەکانیش وەک خۆبەخش چوونە ناو سوپاکەیەوە، فەزلوونی سێیەم بەرەو وڵاتی ئەرمەن هێرشی برد و توانی پاش کوشتارێکی سەختی ئەرمەنەکان، شاری ئانی بگرێت، ماوەی یەک ساڵی تەواوەتی جەنگی ئەرمەنەکانی کرد و گەمارۆی ئانی دا پاشان توانی ئەو شارە بگرێت، گرتنەکەش ڕێککەوتنێکی بەدواوە بوو کە تیایدا ئەم مافانە دەستەبەر کرابوون بۆ مەسیحییەکانی ناو شارەکە:

١. پارێزرانی گیان و ماڵ و سامانیان.
٢. ئازادی ئایین و بیرکردنەوە.
٣. هێشتنەوەی کڵێساکان و نەڕووخاندنیان.[2]

پێشتر شاری ئانی ناسرابوو بەوەی هەزار کڵێسای تێدایە،[3] ئەگەرچی ئەمە زیادەڕەوی پێوە دیارە، بەڵام ئاماژەیە بە زۆری کڵێساکانی ئەو شارە، بەڵکو خەڵکانێک کە سوێندیان دەخوارد دەیانوت ''بە حەقی هەزار و یەک کڵێساکەی ئانی..''،[4] ئیبنولەسیریش باسی لەوە کردووە کە زیاد لە پێنج

---

(١) – احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ص ٣٠٨-٣٠٩.

(٢) – اسماعیل شکر رسول: الامارة الشدادیة الكردیة في بلاد ئاران، ص ص ٨٨-٨٩؛ ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل ل ١٠٩-١١١.

(٣) - ابن العبري: تأريخ الزمان، ١٠٦.

(٤) – انطون خانجي: مختصر تواريخ الأرمن، ص ١٨٩.

سەد پەرستگای مەسیحییەکانی تێدا بووە،[1] شەدادییەکانیش ڕەچاوی باروودۆخی ئایینی خەڵکەکەیان دەکرد و لەگەڵیاندا لێبوردە بوون و مامەڵەیەکی جوانیان لە ئاستیاندا نیشاندا.[2]

لە ڕووداوەکانی ساڵی (٥٥٠ک/ ١١٥٥ز) ئیبنولئەسیر هێناویەتی ''قەشەکانی ئەرمەن هەڵیانکوتایە سەر ئانی و لە دەستی میر شەداد دەریانکرد و دایانە دەست فەزلوونی برای''،[3] مەبەست پێیان فەخرەدین شەدادی کوڕی مەحموود و فەزلوونی چوارەمە.[4]

دواجار لەناوچوونی یەکجارەکیی میرنشیی شەدادی لەسەر دەستی ئەرمەنەکان بوو، کاتێک چەندین جار هێرشی سەختیان دەبردە سەر شاری ئانی کە ناوەندی فەرمانڕەوایی شەدادیەکان بوو هەتا دواجار لە ساڵی (٥٩٥ک/ ١١٩٨ز) دا هێرشیان بردە سەری و بە یەکجارەکیی کۆتاییان هێنا بە میرنشینی شەدادی.[5]

ئەگەرچی بۆچونێکی تر هەیە پێی وایە کۆتاییهاتنی ئەم میرنشینە لەسەر دەستی مەغۆلەکان بووە نەوەک ئەرمەنەکان، بەڵام ڕاستتر ئەوەیە کە ئەرمەنەکان لەناوبەری میرنشینەکە بون و پێش مەغۆلەکان دەستیان گرتبوو بەسەر شاری ئانی پایتەختی دەسەڵاتی شەدادیەکاندا.[6]

بەم چەشنە دەبینین بە درێژایی ماوەی دەسەڵاتداریی میرنشینی شەددایی، بەردەوام جەنگ و هێرشی نێوان کوردەکان و ئەرمەنەکان لە هەڵکشاندا بووە جگە لە ماوەیەکی سەرەتای سەردەمی فەرمانڕەوایی میر شاور نەبێت کە بە هۆی هاوسەرگیرییەوە جۆرێک لە ئاشتەوایی لەنێوانیاندا هەبوو کە بە زوویی کۆتایی بەو ماوە کورتەی ئاشتەواییەش هات و سەرلەنوێ جەنگ و بەریەککەوتنەکان دەستیانپێکردەوە هەتا کاتی ڕووخان و نەمانی یەکجارەکیی میرنشینەکە لەسەر دەستی ئەرمەنەکان.

---

(١) - الكامل في التأريخ، ج٨/ ص ١٩٦.

(٢) - ك.ل. استارجيان: تاريخ الأمة الأرمينية، ص ١٨٨.

(٣) - الكامل في التاريخ، ج٩/ ص ٢٢٢.

(٤) - احمد كسروى: شهرياران گمنام، ص ص ٣١٥-٣١٦.

(٥) - ك.ل. استارجيان: تاريخ الأمة الأرمينية، ص ١٨٩؛ ئاكۆ بورهان محەمەد: میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەبباسی، ل ٤٣.

(٦) - ك.ل. استارجيان: تاريخ الأمة الأرمينية، ص ١٨٩؛ نیشتیمان بەشیر محەمەد: س.پ، ل ل ٢٧٨-٢٧٩.

## باسی دووەم

## پەیوەندیی شەدادیەکان لەگەڵ لان و رووس و جۆرجی و بیزەنتییەکان

## تەوەری یەکەم

## پەیوەندی نێوان شەدادییەکان و لان و رووسەکان

### یەکەم: پەیوەندی نێوان شەدادییەکان و لانەکان

سەبارەت بە پەیوەندی شەدادی و لانەکان، زیاتر خۆی دەبینێتەوە لە ململانێی میر شاور لەگەڵ لانەکاندا، دوو هێرشی لانەکان بۆ سەر شەدادیەکان باس کراوە:

یەکەم: ''لە ساڵی (٤٥٤ک/ ١٠٦٢ز) دا لانەکان لە دەروازەی لانەوە پەڕینەوەو هاتنە وڵاتی ئاران و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن و زیاتر لە بیست هەزار کەسیان لە پیاو و ژن و منداڵ بەدیلگرت''،[1] ئەم هێرشەش بە هاندانی پادشای جۆرجییەکان بوو، کاتێک بوگراتی چوارەم دۆرکیولیلی پادشای لانەکانی هاندا بۆ هێرشبردنە سەر ئەبولئەسوار شاوری شەدادی(٤٤١- ٤٥٩ک/ ١٠٤٩- ١٠٦٦ز).[2]

دووەم: مونەجم باشی پاش باسی بەریەککەوتنەکانی ساڵی (٤٥٧ک/ ١٠٦٤ز) ی شاور لەگەڵ ئەرمەنەکان هێناویەتی: ''لانەکان بە سوپایەکی گەورەوە لە دەروازەی لانەوە لە زیلقەعدەدا دەرچوون و وڵاتی شکا و خەزرانیان تێپەڕاند، پاشان لەگەڵ بێباوەڕانی شوکریە هەموو پێکەوە هاتنە نێو وڵاتی ئاران و خراپەیان تێدا نایەوەو شاڵاوی ناڕەوا و کوشت و بڕیان لە دۆڵ و دەشتیدا دەستپێکرد و هیچ رێگرییەکیشیان لەبەردەمدا نەبوو، لە دەروازەی سنووری شمکور زیاتر لە دووسەد خۆبەخشی غەزاکەریان کوشت، شاڵاویان بردە سەر دەروازەی جەنزە و هەرچیەکیان کوشت کە لە گوندەکانی ئەو دەورەدا بوون، ئەبولئەسواریش لەگەڵ سەرکردەکانیدا لە جەنزە بوو و نەیانوێرا بچن رووبەڕوویان ببنەوەو لەگەڵیان بجەنگن، پاشان ئەو نەفرەتیانە رۆیشتن بۆ بەردەعە و سێ رۆژ لای دەروازەکەیەوە دابەزین و شاڵاویان دەبردە سەر دەوروبەری و دواتر چوونە ناویەوە هەتا گەیشتنە

---

(١) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٤٥؛ جمال رشید أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٤٤.

(٢) – جمال رشید أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٤٤؛ ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل ٩٦.

خانەقین لە نزیک رووباری ئاراس و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئارانیان بەدیلگرت، ژمارەیەکی زۆری موسڵمانان و بەڵێنپێدراوان کە لە ژمارە نەدەهاتن''.[١]

## دووەم: پەیوەندی نێوان شەدادییەکان و رووسەکان:

لەبەرئەوەی خاکی ئاران خاکێکی بەپیت و دەوڵەمەند بوو، بۆیە هەمیشە چاوی رووسەکانی لەسەر بوو، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ هێرش بردنیان بۆ سەر ئەو ناوچەیە.[٢]

یەکەم هەنگاوی پەیوەندیی نێوان شەدادی و رووسەکان لە سەردەمی فەزلوون‌دا بوو، مونەجم باشی وردەکارییەکەی بەم چەشنە باسکردووە ''لە ساڵی (٤٢١ک/ ١٠٣٠ز) دا فەزڵ مووسای کوڕی خۆی کە جێگرەوەی بوو بە سوپایەکەوە نارد بۆ جەنگی کوڕەکەی تری عەسکەوەیهـ لە بەیلەقان، چونکە عەسکەوەیهـ لە باوکی و براکەی یاخی بووبوو و سوپایەکی کۆکردبوویەوە و دەیویست دژ بە باوکی راپەڕێت، مووسایش داوای یارمەتی لە رووسەکان کرد دژ بە براکەی، چونکە دەستەیەک لەوان بە نزیکەی سی و هەشت کەشتیەوە چووبوون بۆ وڵاتی شیروان[٣] و مەنووچەهری بەرپرسی شیروانیش لەگەڵیان جەنگا، پاشان مەنوچەهر رێگەی ئاراسی لێگرتن هەتا رێ نەدات سەربکەون، ئەوانیش کۆمەڵێک لە موسڵمانانیان لەناو رووبارەکەدا بەخنکان دان، مووسای کوڕی فەزڵیش ئەوانی دەرکرد و سامانێکی زۆری پێدان و بەرەو بەیلەقانی بردن و ئەوێی پێ گرتن و عەسکەوەیهی برایشی دەستبەسەرکرد و کوشتی، پاشان رووسەکان لە ئارانەوە بەرەو رۆم دەرچوون و لەوێشەوە دەستیان گەیشتەوە بە رووسیا''.[٤]

هاوکات لە ساڵی (٤٢٢ک/١٠٣١ز) دا جارێکی تر رووسەکان هێرشیان هێنایەوە، میر مووسایش چوو بۆیان و لە ناوچەی باکویە[٥] لەگەڵیان جەنگا و لە وڵاتەکەی دەریکردن و کوشتارێکی گەورەی لێکردن.[٦]

---

(١) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٤٩.

(٢) – اسماعیل شکر رسول: الامارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران، ص ٩١.

(٣) – ناوچەیەکی دراوسێی لانەکان بوو کە بە دەسەڵاتدارەکەی دەوترا شیروانشاە، ناوچەکە بەوە ناسرابوو کە نەوت و خوێی زۆری هەبوو. بڕوانە (البلاذري: فتوح البلدان، ص ١٩٤، ١٩٦، ٢٠٧).

(٤) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٣٧-٣٨..

(٥) – شارێکە لە دەوروبەری شیروان کە خاوەن نەوتێکی زۆرە. بڕوانە (یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج١/ص٣٢٨).

(٦) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٣٩.

## تەوەری دووەم

## پەیوەندییەکانی شەدادی و جۆرجییەکان

ئیبن حەوقەل کە لە دوای ساڵی (٣٦٧ ک/ ٩٧٧ز) مردووە، بەم شێوەیە باسی شاری دوینی پایتەختی شەدادیەکانی کردووە ''لەم سەردەمەی ئێمەدا خەڵکەکەی بارودۆخیان شێواوە لەبەر دراوسێیەتییان لەگەڵ گورجەکان، چونکە ئەوان شارەکەیان تاڵان کردووەو سووتاندوویانە، هەرکاتێک دەرفەتێک بەدیبکەن شاڵاوی دەبەنەسەر، ئێستا لە ناوەڕاستی شارەکەدا مزگەوتی گەورەیان دروستکردووەو شوورەشیان لە دەوری لێداوەو پاشان خەندەقیان لە دەوری هەڵکەندووە، لە ناوەڕاستنی مزگەوتەکەشدا کانیاوێک هەیە هەرکات کتوپڕ سەربازگەی گورجەکان بدات بەسەریاندا پەنا دەبەنە بەر ئەو مزگەوتە''.[١]

پەیوەندیی شەدادی و جۆرجییەکان زیاتر مۆرکی ململانێی بەخۆیەوە دەبینی، چونکە ئەم دوو هێزە بەردەوام لە ململانێدا بوون لەسەر دەسەڵات، بەتایبەت کە سیاسەتی شەدادیەکان لەسەر فراوانخوازیی لە سنووری ئەرمەنستان و جۆرجیادا دامەزرابوو.[٢]

وەک پەرچەکردارێک لە ئاست ئەم سیاسەتەی شەدادییەکان، جۆرجییەکان هەوڵیاندا سۆز و ڕەزامەندی ئەرمەنەکان بەدەستبهێنن و پێکەوە هێرش ببەنە سەر میرنشینی شەدادی،[٣] لە سەردەمی فەزلۆوندا دوو هێرشیان بردە سەر شەدادیەکان، لە ساڵی (٤١٧ک/١٠٢٦ز) هێرشی جۆرجییەکان بۆ سەر ناوچەی شەدادیەکان دەستی پێکرد، میر فەزلۆونیش بۆ بەرگرتن بە هێرشەکان سوودی لە ململانێی ناوخۆیی نێوان هەرێمەکان برد، لە هێرشی یەکەمدا ئەرمەنەکان هاوکاری جۆرجییەکان بوون بۆ هێرشەکە و بە مەنجەنیق[٤] گەمارۆیان خستبوویە سەر سوپا و ناوچەی فەزلۆون، ناچار ئەویش لەگەڵیاندا ڕێککەوت لەبەرامبەر پێدانی سەرانەیەکی ساڵانە و ئامادەیی نیشاندا بۆ یارمەتیدانی

---

(١) – صورة الأرض، ص ٣٣٧.

(٢) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٤٨؛ ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ص ٧٤٠؛ فتحي سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ١٢٤.

(٣) – جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٢٣؛ فتحي سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ١٢٥.

(٤) – جۆرێک چەکی سەربازیی بوو کە بەردی پێ دەهاوێژرا بۆ وێرانکردنی بینا و قەڵاکانی بەرامبەر. بڕوانە: النويري: نهاية الإرب، ج٤/ص٢٨١).

جۆرجییەکان دژ بە نەیارەکانیان،[1] بەمەش توانی ئارامیەک بۆ ناوچەی دەسەڵاتی خۆی بەدیبهێنێت و گەشەی ئابووریشی پێش بکەوێت، ئەم حاڵەتە هۆکار بوو هەتا جۆرجییەکان بیر لە هەڵمەتی دووەم بکەنەوەو هەمدی ئەرمەنەکان و چەند دەسەڵاتێکی دیکەی مەسیحیی ناوچەییش دایانە پاڵ جۆرجییەکان، لەو سەروبەندەشدا فەزلۆون نەخۆشیەکی سەختی گرتبوو، بۆیە هێرشبەران توانییان هەندێ ناوچە بگرن و دەستکەوتێکی زۆریان دەست بکەوێت.[2]

بەرامبەر بەو هاوپەیمانیە مەسیحییەی جۆرجیا و ئەرمەنستان، هاوپەیمانیەکی شەدادی شیروانی سەریهەڵدا بۆ وەڵامدانەوەی فشار و هێرشەکانیان بۆ سەر شەدادیەکان و لە دوو جەنگدا بەریەککەوتنی سەخت روویدا، یەکەمیان لە ساڵی (٤١٧ک/ ١٠٢٦ز) دا بوو کە تیایدا میر فەزلۆون توانی گورزێکی سەخت لە سوپای جۆرجییەکان بوەشێنێت و ژمارەیەکیان لێ بەدیل بگرێت و دەستکەوتێکی زۆر بەدەستبهێنێت،[3] دووەمیشیان لە ساڵی (٤٢١ک/ ١٠٣٠ز) دا بوو کە ئەمجارەیان میر فەزلۆون هێرشی بردە سەر خاکی جۆرجیا، بەڵام کەوتە ناو بۆسەی ئەوانەوەو تووشی شکست بوو.[4]

لە ساڵی (٤١٧ک/ ١٠٢٦ز) دا بەرپرسی ئەپخاز چوویە وڵاتی ئاران و چەند رۆژێک گەمارۆی شمکووری دا، فەزلۆونیش بە سوپایەکی گەورەوە چوو بۆی و لەگەڵیدا جەنگا و شکستی پێ هێنا و زیاد لە دە هەزار کەسی لە سوپاکەی کوشت، بەم چەشنە بەرپرسی ئەپخاز بە شکستخواردوویی گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی.[5]

ئەو هێرشەی کە لە ٢٥ ی مانگی شەعبانی ساڵی (٤٢١ک/ ١٠٣٠ز) دا ئەنجامدا و سەرکەوتنی گەورەی تێدا بەدەستهێنا و ژمارەیەکی زۆری لێ کوشتن و ژمارەیەکی بەرچاویشی لێ بەدیل گرتن،

---

(١) - جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٢٤؛ ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل ل ٥٣-٥٤.

(٢) – جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٢٤.

(٣) - مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٣٧.

(٤) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٧/ص٧٤٠؛ فتحي سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ١٢٥.

(٥) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٣٧.

سامان و دەستکەوتێکی زۆریشی دەستبەسەردا گرت،[١] وایکرد خێرا باگاراتی پادشای جۆرجییەکان، پەنای بردە بەر خاجیقی پادشای ئەرمەنەکان بەو هیوایەی هاوکاریی بکات بۆ تۆڵەسەندنەوە لە فەزلوون، بۆیە پێکەوە سوپایان پێکەوە نا و هێرشیان بردە سەر سوپاکەی میر فەزلوون کە لە ڕێگەی گەڕانەوەیان بوون بەرەو خاکی خۆیان، هەڵەیەکی ئەو سەرکردەش ئەوەبوو کە زۆر بە هێواشی ڕێگەی گەڕانەوەی گرتەبەر، چونکە پێی وابوو بە تەواوەتی دوژمنی لەپێ خستووە، هاوکات هێزی پاسەوانی و هەواڵگریی لەئیش خستبوو، بۆیە لەو کاتەی خۆی و سوپاکەی لە گەرمەی خەودا بوون، دوژمنەکانی هێرشی هەڵگەڕاوەیان هێنایەسەری و ژمارەیەکی زۆر لە سوپاکەیان کوشت، باس لە ژمارەیەکی نامۆ دەکرێت لە کوژراوانی سوپاکەی میر فەزلووندا کە ئەویش دە هەزار کوژراوە، جگە لەوەی هەموو ئەو ماڵ و سامانەیان دەست بەسەردا گرتەوە کە میر فەزلوون لە هێرشەکەدا دەستیبەسەردا گرتبوو،[٢] وێڕای ئەوەش، دەستیان گرت بەسەر سامان و شمەکی ناو سەربازگەی موسلماناندا و بە سەرکەوتوویی گەڕانەوە.[٣]

قۆناغی دووەمی ململانێی شەدادی و جۆرجیا لە سەردەمی لەشکری دووەمدا بوو، جۆرجییەکان لەنێوان ساڵانی (٤٣٧ک/ ١٠٤٥ز) بۆ(٤٣٩ک/ ١٠٤٧ز) دا هاودەم بە ئەرمەنەکان هێرشیان بردە سەر چەند ناوچەیەکی دەسەڵاتی شەدادیەکان و بڕێک لەو ناوچانەیان گێڕایەوە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی خۆیان کە پێشتر شەدادیەکان دەستیان بەسەردا گرتبوو، بۆیە لە ساڵی (٤٣٨ک/ ١٠٤٦ز) دا وەک وەڵامێک بۆ هاوپەیمانی جۆرجیا و ئەرمەنستان، لەشکریی دووەم هێرشی بردە سەر خاکی جۆرجیا و گورزێکی سەختی لێ وەشاندن و دەستیگرت بەسەر ماڵ و سامان و مەڕ و ماڵاتێکی زۆردا، وێڕای ئەوەش سەرانەیەکی ساڵانەی لەسەر دانان و ناچاری کردن ئەو سەرانەیە بدەن.[٤]

هاتنی ئەبولئەسوار قۆناغێکی نوێی ململانێی جۆرجی و شەدادیەکان بوو، ئەم میرە لە ساڵی (٤٤٦ک/ ١٠٥٤ز) دا هێرشی بردە سەر ناوچەکانی ئەرمەنستان و جۆرجیا و توانی سەرکەوتن

---

(١) – ابن الجوزي: المنتظم في تاريخ الأمم والملوك، ج١٥/ ص ٢٠٨؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٧/ص٧٤٠؛ احمد كسروى: شهرياران گمنام، ص ٢٧٣.

(٢) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٧/ص٧٤٠؛ سبط ابن الجوزي: مرآة الزمان في تواريخ الأعيان، ط١، دار الرسالة العالمية، ٢٠١٣م، ج١٨/ ص ٣٦٠.

(٣) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٧٤٠.

(٤) – ديوان قطران تبريزي، ص ٣٣٩-٣٤١؛ فتحى سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ١٢٦.

بەدەستبهێنێت و بە دەستکەوتێکی زۆرەوە بگەڕێتەوە، دوای ئەوەش لە ساڵی (٤٥٣ک/ ١٠٦١ز) دا هێرشی دووەمی بردە سەر ناوچەکانی جۆرجیا و شکستێکی سەختی تووشی سوپای بەرامبەر کرد و ژمارەیەکی زۆری لێ کوشتن و بەشێکی لێ بەدیل گرتن و دەستکەوتێکی زۆری دەست بەسەرداگرت، هێرشی سێیەمیشی لە ساڵی (٤٥٩ک/ ١٠٦٦ز) دا بوو کە تیایدا فەزلوونی کوڕیشی بەشداری کرد و سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەستهێنا و تیایدا پادشای جۆرجیا ناچار بوو داوای رێککەوتن بکات لە بەرامبەر پێدانی سەرانەیەکی ساڵانە بە میری شەدادی.[1]

هاتنی ئەبولئەسوار هەرچەندە لە سەرەتاوە هێمنییەکی بەخشی بە پەیوەندییەکانی نێوان شەدادی و ئەرمەنەکان، بەڵام جۆرجییەکان بەو بارودۆخە قەڵس بوون و بەردەوام دنەی ئەرمەنەکانیان دەدا دژ بە شەدادیەکان، هەوڵەکەشیان سەری گرت و توانییان پەیوەندی ئاشتیانەی نێوانیان بشێوێنن.[2]

کاتێک ئەلب ئەرسەلان تفلیسی لەدەست جۆرجییەکان دەرهێنا، دایە دەست فەزلوون و خۆی لەوێ نەمایەوە، دوابەدوای ئەوە باگاراتی چوارەمی پادشای جۆرجییەکان (٤١٨-٤٦٥ک/١٠٢٧-١٠٧٢ز) سوپای ئامادەکرد و هێرشی بردە سەر فەزلوون و شکستی تووشی سوپاکەی کرد و فەزلوون هاودەم بە ژمارەیەک لە دەوروبەرەکەی هەڵهاتن، بەڵام لەکاتی هەڵهاتندا بەدیل گیرا و برا بۆ لای باگارات،[3] گیرانەکەی لە ناوچەی کاخسیا بوو و لەلایەن ئەخسورتانەوە بەند کرا و دواتر ئەویش ناردی بۆ لای باگارات هەتا لەوێ ئازاد کرا،[4] سەبارەت بە ئازادکردنی دوو رای جیاواز هاتووە، رایەک پێی وایە بە زەبری هێز ئازادکراوە، بۆچوونێکیش لەسەر ئەوەیە کە لەبەرامبەر پێدانەوەی هەندێ ناوچە و پێدانی بڕێک پارە و دانانی بارمتەیەک لای باگارات، پاشان فەزلوون ئازاد کراوە.[5]

---

(١) – أحمد كسروي: شهرياران گمنام، ص ص ٢٨٩، ٢٩٤؛ فتحی سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ١٢٧.

(٢) - صبا سالم شيت: الأوضاع السياسية في أرمينيا الكبرى، ص ١٥٠؛ فتحی سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ١٢٥.

(٣) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٥٢؛ احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ٢٩٩.

(٤) - فتحی سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ١٢٨.

(٥) – احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ٢٩٩.

مونەجم باشی بەم چەشنە باسیکردووە ''لە رەمەزانی هەمان ساڵدا (٤٦٠ک/١٠٦٧ز) فەزڵ چوو بۆ سەرسنوورەکانی تفلیس و لەوێوە جەنگی ناوچەکانی ئەفخازی کرد، کاتێک دەستی موسڵمانان پڕ دەستکەوت بوو، ئەفخازیەکان تەنگەبەرەکانیان لێگرتن و لەگەڵیاندا جەنگان و موسڵمانان شکان، فەزڵی بەرپرسی ئارانیش لەنێو دەستەیەکی کەمی دلێراندا مایەوە، خۆیشی شکستی خوارد پاش ئەوەی هەموو ئەوانەی لەگەڵی بوون کوژران، پاشان رێگەکەی لێ تێکچوو و رێگەی کەوتە گوندی ئیوانا کوڕی لیفەریت کە هی هەندێک لە بەتریکەکانی شکا و خەزران بوو، ماوەیەک لەوێ لایدا و پاشان ئەو کابرایە بردی بۆ لای ئەخسەرتانی نەفرەتی، کە بردیە ئەوێ، لەوێ ناپاکی بەرامبەر نواند و دەمودەس دەستبەسەری کرد و چەند رۆژێک لای خۆی هێشتیەوە، پاشان دایە دەست بەرپرسی ئەفخاز ... هەتا لە مانگی جومادیلئاخیرەی ساڵی (٤٦١ک/ ١٠٦٨ز) دا خوای گەورە رزگاری کرد و گەڕایەوە بۆ ناو شوێن و دەسەڵاتەکەی لە جەنزە''.[١]

دەوترێت فەزلوون نزیکەی سی و سێ هەزار سەربازی لەبەردەستدا بووە، بەڵام کاتێک لە جەنگەکەدا شکستی خواردووەو هەڵهاتووە، دوانزە یاخود پانزە کەسی لە دەور بووە.[٢]

ئیبنولئەسیر سەبارەت بە مامەڵەی خەڵکی گەنجە لەگەڵ جۆرجییەکاندا نووسیویەتی:''خەڵکی گەنجە ژمارەیان زۆر و بەهێز بوون، لەبەرئەوەی ئەزموونێکی دوورودرێژیان هەبوو لە جەنگی دژ بە جۆرجییەکاندا، بۆیە دلێریی و نەبەردییەکی زۆریان هەبوو''.[٣]

دوای ئەوە هێرشەکان بەشێوەیەکی هەڵگەڕاوە لەلایەن جۆرجییەکانەوە دەبرانە سەر دەسەڵاتی شەدادیەکان، بۆیە لە ساڵی (٤٦٤ک/ ١٠٧١ز) دا هێرشیان بردە سەر شاری تفلیس و ماوەیەک دەستیان بەسەردا گرت و دواتر بە رێککەوتن دەستبەرداری بوون بۆ شەدادیەکان، لە ساڵی (٥١٣ک/ ١١١٩ز) شدا داوودی سێیەمی پادشای جۆرجیا هێرشی هێنایە سەر ناوچەکانی میرنشینی شەدادی و چەند ناوچەیەکی گرت.(٤)

---

(١) – شەدادیەکان، ل ل ٥٢-٥٣.

(٢) – احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ٢٩٩؛ جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٤٦.

(٣) – الكامل في التأريخ، ج١٠/ ص٣٨٨.

(٤) – فتحى سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ص ١٢٨.

له ساڵی (٥٠٣ك/ ١١١١ز) باس له هێرشی جۆرجییەکان کراوه بۆ سەر شاری گەنجه و دەوروبەری و کوشتار و وێرانکارییان ئەنجامداوه.[١]

جارێکی دی جۆرجییەکان له ساڵی (٥١٤ك/ ١١٢٢ز) هێرشیان هێنایه سەر شاری تفلیس و گەمارۆیان خستەسەری، ماوەی یەک ساڵ گەمارۆکه بەردەوام بوو هەتا له ساڵی (٥١٥ك/ ١١٢١ز) دا دەستیان بەسەردا گرت.[٢]

له ساڵی (٥١٧ك/ ١١٢٣ز) شدا هێرشیان برده سەر شاری ئانی و دەستیان بەسەردا گرت و هەتا ساڵی (٥٢٠ك/ ١١٢٦ز) ئەو شاره له دەست جۆرجییەکاندا مایەوەو پاش مردنی داوودی سێیەم (٤٨٢-٥١٨ك/١٠٨٩-١١٢٤ز) له ساڵی (٥١٨ك/ ١١٢٤ز) و هاتنەسەر دەسەڵاتی دیمیتری یەکەمی کوڕی (٥١٨-٥٥٩ك/١١٢٤-١١٥٦ز) له ساڵی (٥٢٠ك/ ١١٢٦ز) دا به هاوکاری سەلجووقییەکان شارەکه گەڕایەوه نێو چنگی شەدادیەکان.[٣]

له سەردەمی ئەبولئەسوار شاوری کوڕی فەزڵدا جارێکی دی پێشڕەوی شەدادیەکان دەستپێکردەوەو له ساڵی (٥٤٨ك/ ١١٥٣ز) دا هێرشی برده سەر خاکی ژێر دەسەڵاتی جۆرجییەکان و هەندێ ناوچه و قەڵای گێڕایەوه که پێشتر لەژێر دەسەڵاتی شەدادیەکاندا بوون و جۆرجییەکان دەستیان بەسەرداگرتبوون، بەوەشەوه نەوەستا، بەڵکو سەربازگەی بەهێزی تێدا دامەزراند بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر مەترسی و هێرشێکی جۆرجییەکان، بەڵام جۆرجییەکان لەلایەکی ترەوه هێرشیان برد و له ساڵی (٥٤٩ك/ ١١٥٤ز) و ساڵی دواتریشیدا دوو هێرشیان هێنا و شاری ئانی و چەند ناوچەیەکی تریان گرت و شارەکەیان بەدەستەوه مایەوه[٤] هەرچەنده ئیبنولەئسیر باسی لەوه کردووه که له ساڵی (٥٥٦ك/ ١١٦٠ز) دا جۆرجییەکان هێرشیان هێناوەته سەر ئانی و گرتوویانه و کوشتارێکی زۆریان تێدا کردووه.[٥]

---

(١) - ابن القلانسي: ذيل تاريخ دمشق، ص ٢٦٩.

(٢) - النويري: نهاية الإرب في فنون الأدب، ج٢٣/ ص٢٦٤.

(٣) - احمد كسروى: شهرياران گمنام، ص ٣١٣؛ فتحى سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ص ١٢٨-١٢٩.

(٤) - فتحى سالم اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ص ١٣٠-١٣١.

(٥) - الكامل في التأريخ، ج٩/ص٢٨٨.

لە باسی ڕووداوەکانی ساڵی (٥٥٧ک/ ١١٦١ز) دا ئیبنولئەسیر نووسیویەتی ''کەرەجەکان بە ژمارەیەکی زۆرەوە کە دەگەیشتنە سی هەزار جەنگاوەر کۆبوونەوەو ڕوویانکردە خاکی ئیسلام و بەرەو شاری دوین لە ئازەربایجان چوون و گرتیان و تاڵانیان کرد و کوشتاری خەڵکی شارەکەو چواردەوریان کرد و نزیکەی دە هەزار کەسیان لێ کوشتن، ژنەکانیان بە دیل گرتن و ڕووتیان کردنەوەو بە ڕووتی و پێخاوسی دانیانە پێش خۆیان، مزگەوتەکانیان سووتاندن، کە گەیشتنەوە وڵاتی خۆیان، ئافرەتە کەرەجەکان نارەزاییان دەربڕی لە ئاست ئەو مامەڵەی لەگەڵ ئافرەتە موسڵمانەکان کراوەو بە کەرەجەکانیان وت: موسڵمانانتان ناچار کردووە ئێوە چیتان بە ژنەکانیان کردووە ئەوانیش وا بە ئێمە بکەن، پاشان جلوبەرگیان بۆ بردن و پۆشتەیان کردن''.[١]

هەر لەو ساڵەدا هێرشیان بردە سەر شاری ئانی و دەستیان بەسەریدا گرت.[٢]

هەروەها لە ساڵی (٥٦١ک/ ١١٦٥ز) دا هێرشیان هێنایەوە سەر گەنجە و کوشتار و تاڵانییەکی زۆریان تێدا ئەنجامدا،[٣] پاشان لە ساڵی (٥٦٩ک/ ١١٧٣ز) دا هێرشیان هێنایەوە سەر شاری ئانی و گرتیان.[٤]

---

(١) – الكامل في التاريخ، ج٩/ ص ٢٩٤.

(٢) - ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ١٧٤.

(٣) – الكامل في التاريخ، ج٩/ ص ٣٢٦.

(٤) - ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ١٩٠.

## تەوەری سێیەم

## پەیوەندیی شەدادی و بیزەنتییەکان

سەرەتای پەیوەندیی نێوان شەدادی و بیزەنتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دامەزرێنەری میرنشینی شەدادی و میری یەکەمی ئەو میرنشینە، موحەممەدی کوڕی شەداد،[1] پەیوەندییەکانیشیان لە سەرەتاوە لەسەر بنەمای دۆستایەتی دامەزرابوو، بە چەشنێک لەو کاتەی موحەممەدی شەدادی تووشی شکست بوو، پەنای بردە بەر رۆمانۆسی دووەمی ئیمپراتۆری بیزەنتیی (٣٣٣-٣٥٢ک/٩٤٤-٩٦٣ز).[2]

پاش ئەوەی موحەممەدی کوڕی شەداد لە بەردەم هێرشی سالار مەرزەباندا شکستی خوارد و ناوچەکانی دەسەڵاتی خۆی لەدەستدا، کەسە نزیکەکانی خۆی کۆکردەوەو پەنایان بردە لای بەرپرسی ئەسفورجان، دواتر خاوخێزانەکەی لەوێ جێهێشت، پاش ئەوەی زەمانەتی لە بەرپرسی ئەوێ وەرگرت، چوو بۆ لای پادشای رۆم و داوای یارمەتیی لێکرد بۆ گرتنەوەی دوبەیل، ماوەیەک لەلای مایەوەو لەبەر چەند هۆکارێک نەگەیشتە مەرامەکەی، بۆیە لە ساڵی (٣٤٤ک/ ٩٥٥ز) دا گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی و چوویەوە ناو خاوخێزان و خێڵەکەی لە ئەسفورجان، لەوێ سەرەمەرگی هات و لەو ساڵەدا کۆچی دوایی کرد.[3]

دیارە لەو ماوەیەدا یەکێک لە کوڕەکانی موحەممەدی شەدادی بە ناوی لەشکری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رۆمەکاندا ماوەتەوە، مانەوەکەشی نزیکەی بیست ساڵێکی خایاندووە، وەک لە گفتگۆی نێوان لەشکری و فەزلی برایدا باسی هاتووە، کاتێک فەزڵ ویستی لەشکریی رازی بکات بچێتە جەنزە و لەوێ دەسەڵات بگرێتەدەست، پێی وت: ''ئەی برای سەرکردەم، ئیتر کاتی ئەوە نەهاتووە وازبهێنیت

---

(١) - مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٢٦.

(٢) - محمد علی مرجونة: تاريخ الاكراد في الخلافة العباسية، ص ٢٠٠.

(٣) - مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٢٦.

لە خزمەتی بێباوەڕانی پیلانگێڕ و بەیانی و ئێوارە لەگەڵ بەرازەکاندا بکەیتەوەو لەبری بانگ، گوێبیستی ناقووس بیت؟ خەڵکی ئەم شارە خۆیان شارەکەیان داوەتە دەست ئێمە و هەموان یەکدەنگ ئەمەیان وتووە'' لە وەڵامدا لەشکریی بەو قسەی رازی نەبوو و پێی وت: ''براکەم، خۆ تۆ دەزانیت باوکمان لە شاری دوبەیل چی کرد، ئێمە ماوەی بیست ساڵە وا دەرگیڵ بوین و هیچ شوێنێک وەرمان ناگرێت و ژیانێکی خۆشمان نەدی''.[١]

لە رووداوەکانی دەیەی سێیەمی سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ئاماژە بەوە دراوە کە میر لەشکریی دووەم (٤٢٥-٤٤١ک/١٠٣٤-١٠٤٩ز) دژ بە رۆمەکان سوودی لە جەنگاوەرە غوزەکان وەرگرتووە، چونکە ئەوان لەو ماوەیەدا چاویان بڕیبوویە ناوچەکانی ئەرمەنستان، بەمەش لەگەڵ شەدادیەکاندا بەریەککەوتنیان دەبوو، میر لەشکری دووەمیش کە لەلایەکەوە هاودەم بە میر وەهسووزانی رەوادی بیری لای جەنگی جۆرجی و ئەپخازەکان بوو، لەملاشەوە سوودی لە غوزەکان وەرگرت بۆ لێدانی رۆمەکان لە ناوچەکانی ئەرمەنستاندا.[٢]

قۆناغێکی تری پەیوەندییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوای لەشکریی دووەم، کاتێک ئەنووشیروانی کوڕی لەشکریی دووەم لە شوێنی دانرا، ئەبوومەنصووری حاجیب کاروبارەکانی ناوبراوی بەڕێوەدەبرد، لەگەڵ سەرکردە و چواردەوری میردا رێککەوت لەسەر ئەوەی چەند قەڵایەک بدەنە دەست دەوروبەرە ناموسڵمانەکانیان لەبەرامبەر رازیکردنیان هەتا چاویان لەسەر ئاران نەبێت، لەنێویاندا قەڵای روستاق بۆ رۆمەکان دانرابوو، بەڵام سەرکردە شەدادیەکانی دی رازی نەبوون و کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا و رێیان گرت لەو هەنگاوەو خودی ئەنوشیروانیشیان لە پۆستەکەی لابرد و لەشوێنی ئەودا ئەبولئەسوار شاوریان(٤٤١- ٤٥٩ک/ ١٠٤٩- ١٠٦٦ز) دانا.[٣]

گرنگە ئەوە بزانین کە پێش هاتنە سەردەسەڵاتی ئەبولئەسوار وەک میری شەدادی، ئەم کەسایەتییە هەر لە ساڵی (٤١٣ک/ ١٠٢٢ز) ەوە لە ناوچەی دوین فەرمانڕەوایەتی دەکرد، هێرشی بیزەنتییەکان بۆ سەر ناوچەکانی ئەبولئەسوار لە سەروبەندی دەسەڵاتی بوو لە دوین.[٤]

---

(١) - شەدادیەکان، ل ل ٣١-٣٢.

(٢) - امیر سمیعیان: آذربایجان در دوره سلجوقیان، چ١، چاپخانه ترانه، (تهران – ١٣٩١ هـش)، ص ص ٤٦-٤٧.

(٣) - مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٤١-٤٢.

(٤) - جمال رشید أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٣١؛ زرار صدیق تۆفیق: کورد و کوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، ل ١٤٥؛ فتحی سالم اللهیبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ١٢٧.

باس لە ڕێککەوتنێکی دیکەی نێوان ئەبولئەسوار و ئیمپراتۆری بیزەنتی دەکرێت کە تیایدا لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتون، لەوانەش:

1 - جەنگ لەنێوان هەردوولادا بوەستێنرێت و جارێکی دی جەنگ هەڵنەگیرسێنن و لەسەر بنەمای دراوسێیەتیەکی باش پەیوەندیی ببەستن.

2 - ئەگەر میری شەدادی لەگەڵ جۆرجییەکان، یان هەر نەیارێکی دیکەی میرنشینی شەدادیدا بجەنگێت، پێویستە ڕۆمەکان بێلایەن بن و دەستوەردانیان نەبێت.

کاتی ڕێککەوتنەکەش لە سەروبەندی ساڵی (٤٤٢ک/ ١٠٥٠ز) دا بووە، واتە ئەوکاتەی هێشتا ئەبولئەسوار نەبووبوو بە میری شەدادی و لە ناوچەی ئانی فەرمانڕەوایی دەکرد، باس لەو ئەگەرەش کراوە کە میر لەشکریی دووەم ئەم ڕێککەوتنەی بەستبێت نەوەک ئەبولئەسوار، دواتریش ڕۆمەکان ڕێککەوتنەکەیان شکاند و هێرشیان بردە سەر شاری دوبەیل، سوپای شەدادیش وەڵامێکی توندی ئەو هێرشەیان دایەوەو یەکێک لە زاناکانیش بە ناوی کەیکاوس بەشداری ئەو هەڵمەتی بەرگریکاریەی کرد و سوپای ڕۆمەکان تێکشکان و بەرەو ناوچەکانی خۆیان پاشەکشەیان کرد.(١)

پەیوەندیی شەدادی و بیزەنتییەکان لەنێوان تەبایی و بارگرژیدا گۆڕانکاریی بەسەردا دەهات هەتا هاتنی ئەبولئەسوار کە لە ماوەی دەسەڵاتەکەیدا چەندین جار لەگەڵ بیزەنتییەکاندا بەریەککەوتنی سەختی سەربازیی هەبوو و چەندەها سەرکەوتنیشی بەدەستهێنا.(٢)

ئاستی پەیوەندییەکان هەندێک جار گەیشتۆتە ئەوەی لە ڕێککەوتنەکاندا بارمتەگرتن هەبووە، وەک لە سەرچاوەکاندا باسکراوە کە ئەبولئەسوار کەسێکی وەک بارمتە دایە دەست نقفووری ئیمپراتۆری بیزەنتە (٤٧١-٤٧٤ک/١٠٧٨-١٠٨١ز) و ئەم بارمتەیەش برا بۆ قوستەنتینیە، ئەو کەسایەتیە بەبارمتەگیراوەش ئەتاشیزی کوڕی ئەبولئەسوار بوو، ئەمە هەمان ئەو ئەردەشێرەیە کە قەترانی تەبریزی لە شیعرەکانیدا ئاماژەی پێ داوە.(٣)

---

(١) - اسماعيل شكر رسول: الامارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران، ص ٩٦؛ زرار صديق تۆفيق: كورد و كوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، ل ١٤٥.

(٢) - احمد كسروی: شهرياران گمنام، ص ص ٢٩١-٢٩٣؛ محمد على مرجونة: تاريخ الاكراد في الخلافة العباسية، ص ٢٠٠.

(٣) - جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٣١؛ ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل ٢٤.

دیاره ململانێکانی نێوان ئەرمەنستان و بیزەنتییەکان ڕۆڵی هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی شەدادی – بیزەنتی، هۆکارەکەشی تەمای ئیمپراتۆری بیزەنتی بوو بۆ گرتنی ناوچەکانی ئەرمەنستان و لەناوبردنی هەر هەوڵێکی ویستی سەربەخۆیی لەلایەن ئەرمەنەکانەوە، بەتایبەت کە لەو سەروبەندەدا دەسەڵاتدارێکی بەهێزی وایان نەبوو بتوانێت جڵەوی دەسەڵات لە ئەرمەنستاندا بگرێتەدەست، هەرچەندە خێرا ئەرمەنەکان هەوڵیاندا بەرنگاری ئەو ویستەی بیزەنتییەکان ببنەوەو لە بەرامبەریاندا وەستان، بەڵام ئیمپراتۆر هەوڵیدا شەدادییەکان بهێنێتە نێو ململانێکەوەو دوچاری جەنگی ئەرمەنەکانیان بکات، وەک باسکراوە ئیمپراتۆری بیزەنتی نامەیەکی نارد بۆ ئەبولئەسواری شەدادی و هانی دا هەتا ناوچەکانی ئەرمەنستان بگرێت، ئەویش داوای دڵنیایی کرد، ئیمپراتۆریش سوێندی بۆ خوارد دان بنێت بە فراوانخوازییەکانیدا،[1] ئەبولئەسوار هێشتا رازی نەبوو و مەرجی دانا و ئەویش رازی بوو بە مەرجەکان و چەند ناوچە و قەڵایەکی پێدا و ئەویش هێرشی بردە سەر ناوچەکانی ئەرمەنستان و چەند شار و قەڵایەکی گرت، بەڵام داوتر بە ڕێککەوتن تەسلیمی پادشای ئەرمەنستانی کردەوە.[2]

سەبارەت بە ڕووداوەکانی پەیوەست بە شاری ئانی، باس لە ڕۆڵی ئەبولئەسوار کراوە، کاتێک خانەدانەکانی ئەو شارە دەیانویست شارەکە بدەنە دەست یەکێک لە سەرکردەکانی دەوروبەر، بەشێکیان پێیان باش بوو بدرێتە دەست داود ئەنهۆلین کە سەرکردەیەکی ئەرمەنی و ژنبرای ئەبولئەسوار بوو، هەندێکی دی پێیان باش بوو بیدەنە دەست جۆرجییەکان، بەشێکیش پێیان باش بوو بدرێتە دەست ئەبولئەسواری شەدادی، کەچی بەتریکی شارەکە بیری لە بژاردەی چوارەم کردەوەو بڕیاری دا بیداتە دەست ئیمپراتۆری بیزەنتە.[3]

کاتێک سوپای بیزەنتییەکان هات، نێردراویان نارد بۆ لای ئەبولئەسوار و داوایان لێکرد دەستبەرداری دەسەڵاتەکانی ببێت لەو ناوچانەدا، بەمەش پاشگەز بوونەوە لەو بەڵێنە پیرۆزانەی پێشتر بە ئەبولئەسواریان دابوو، ئەویش بە داواکەیان رازی نەبوو و دەقی نامەکەی ئیمپراتۆری

---

(١) - احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ٢٩٢؛ ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل ٦٦.

(٢) – جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٣٥.

(٣) – جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ص ٢٣٥–٢٣٧؛ ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل ل٦٦–٦٧.

نیشان دان کە پێشتر بەڵێنی پێدابوو، بیزەنتییەکان پەیامی ئیمپراتۆریان وەرگرتەوە کە پابەندی ئەو بەڵێنە نابن و هێرشێکیان بۆ سەر دەسەڵاتی ئەبولئەسوار دەستپێکرد و رووyanکردە دوین و لەسەر فەرمانی ئیمپراتۆری بیزەنتی هەریەک لە ئەرمەن و جۆرجییەکانیش پشتیوانی ئەو هێرشە بوون.(١)

ئەبولئەسوار پیلانێکی سەربازیی دارشت بۆ بەرگریکردن لە شارەکە و بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشە و بریاری دا هەرچی پرد و بەنداو هەیە هەموویان وێران بکات هەتا ناوچە جەنگییەکان بە ئاو دابپۆشرێن، بەم چەشنە چواردەوری شارەکە بوو بە گۆماو و قوراوێکی خەست، لە دەوروبەری شاریش لەناو باخ و بێستانەکاندا سوپای شەدادی خۆی حەشار دابوو هەتا کاتێک سوپای رۆمەکان هات، هێرشیان بکەنەسەر، بیزەنتییەکان کە هاتن، هیچ سوپایەکی بەرگریکارییان بەدینەکرد و تاویان دایە ناو شار، ئەوکات هێزی شەدادی لە دەوروبەری شار هەڵیانکوتایە سەریان و هێزی ناوشاریش هێرشیان برد و سوپای بیزەنتییەکان کەوتنە بۆسەوە، ژمارەیەکی دیار لەوان کوژران و ئەو بەشەی تری سوپاکەش کە لە دەرەوە بوون و هێشتا نەهاتبوونە ناوشار هەڵهاتن.(٢)

ئەو پیلانە بیزەنتییەکانی ناچار بە پاشەکشە کرد، شکستەکە هێندە لەسەر دڵی ئیمپراتۆری بیزەنتی قورس بوو کە سەرکردەکانی ئەو هەڵمەتەی لە پۆستەکانیان دەرکرد و کەسانێکی دیکەی دانا،(٣) یەکێک لە سەرکردە نوێکان پێشنیاری کرد راستەوخۆ شاری دوین بگیرێت، بۆیە دیلارخی کە سەرکردەی نوێی سوپاکە بوو، لە وەرزی زستاندا خۆی گەیاندە دوین، بەڵام بەهۆی سەرماوە بەشێکی زۆری سوپاکەی لەناوچوون، بۆیە کەناری گرت لە شارەکە هەتا وەرزی بەهار هات، ئەوکات جارێکی دی گەمارۆی خستەوە سەر شاری دوین، هەرچەندە چەند هێزێکی ناوچەیی ویستیان یارمەتی ئەبولئەسوار بدەن و گەمارۆکە تێکبشکێنن، بەڵام دیلارخی توانی ئەو هێزانە تێکبشکێنێت و

(١) - احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ٢٩٣؛ ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل ٦٧.

(٢) – احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ٢٩٣؛ جمال رشید أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٣٦؛ ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل ٦٧.

(٣) - ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل ٦٧.

بڵاوەیان پێ بکات، دواجار ژمارەیەکی زۆر دیلی دەستبەسەرکرد و پاش بێهیوابوون لە گرتنی شارەکە، بە دیلەکانەوە بەرەو قوستەنتینیە گەڕایەوە.[١]

باس لەوە دەکرێت هەنگاوی پێش کشانەوە بۆ ئەوە بوو ئەو ناوچانە بگرنەوە کە ئەبولئەسوار دەستی بەسەردا گرتبوون، لەکاتێکدا ئەبولئەسوار ئامانجی بوو بەرگریی لەو ناوچانەش بکات و نەیاندات بەدەستەوە، بەڵام دواجار لەژێر فشاردا رازی بوو ناوچەکان بدات بەدەستەوەو بە رێککەوتن کۆتایی بەو بەریەککەوتنە بهێنن و تیایدا ئەبولئەسوار رازی بوو بەوەی جارێکی دی دەست نەبات بۆ بێزارکردنی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی.[٢]

ڕووداوەکانی پەیوەست بە قەڵای تفلیسیش یەکێکی ترە لە خاڵەکانی پەیوەندیی نێوان شەدادی و بیزەنتییەکان، لە ساڵی (٤٥٤ک/ ١٠٦٢ز) دا دەستەیەک لە ناودارانی تفلیس هاتن بۆ لای میری شەدادی و داوایان لێکرد کەسێکیان بۆ بنێرێت هەتا قەڵاکەی تەسلیم بکەن، ئەبولئەسوار ویستی بچێت بە دەم داواکەیانەوە، بەڵام بەختیاری کوڕی موسلمانی وەزیری پێشنیاری بۆ کرد بەوە رازی نەبێت و بە سەرئێشە و گرفتی زانی، ئەبولئەسواریش رازی بوو و پاشگەزبوویەوە لە بەدەمەوەچوونی داواکەیان و کلیلی قەڵاکەی بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش گەڕانەوەو کلیل و قەڵاکەیان دایە دەست ئەخسورتانی کوڕی کالیقی بەرپرسی شکا، ئەویش قبووڵی کرد و خەڵاتی باشی پێشکەش کردن و لای خۆی هێشتنیەوەو دواتر بە نرخێکی زۆر قەڵاکەی فرۆشت بە بەرپرسی رۆم، ئەویش یەکسەر سوپای پارێزەری بۆ نارد و پڕی کرد لە سەرباز و چەک و ئازووقە و فەرمانی کرد لەرێی چیاوە رێگای بۆ خۆش بکرێت بۆ ئەوەی بۆیان ئاسان بێت بپەڕنەوە بۆ نێو خاکی موسڵمانان.[٣]

کیسرەوی پێی وایە ئەو جەنگ و بەریەککەوتنانەی ئەبولئەسوار بەرامبەر بە بیزەنتییەکان دەستی بۆ بردبوو، هۆکار بوو بۆ لەناوچوونی یەکجارەکیی خۆی و بنەماڵەکەشی، بەڵام هاتنی سەلجووقییەکان ئەوانی لە مەترسی رزگار کرد.[٤]

---

(١) – احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ص ٢٩٣-٢٩٤؛ جمال رشید أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ص ٢٣٥-٢٣٧.

(٢) – جمال رشید أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ص ٢٣٥-٢٣٧.

(٣) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٤٤-٤٥.

(٤) – شهریاران گمنام، ص ٢٩١.

له ساڵی (٤٥٧ک/ ١٠٦٤ز) دا سوڵتان ئەلب ئەرسەلانی سەلجووقی کاتێک هێرشی بردە سەر ناوچەکانی رۆم و چەندین قەڵای گرت، ئەو ناوچانەی دایەدەست ئەبولئەسواری بەرپرسی ئاران هەتا بیخاتە سەر دەسەڵاتەکەی خۆی.[١]

له هەمان ساڵدا ئەبولئەسوار سوپایەکی کۆکردەوەو چووە نێو سنووری ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی و شاڵاوی بردە سەری و قەڵایەکی پتەوی نزیک له ئانی گرت و کەسانی جێمتمانە و سەربازانی پارێزەری خۆی تێدا دانا.[٢]

دەکرێت بڵێین هاتنی سەلجووقییەکان قۆناغی گۆڕانکاری بوو له ململانێی نێوان شەدادی و بیزەنتییەکاندا، چونکە لەوەبەدواوە هێزی شەدادی لەژێر رکێفی سەلجووقییەکانەوە بەرامبەر بە بیزەنتییەکان هەنگاوی دەنا،[٣] بۆیە دەبینین له هەریەک له ساڵەکانی (٤٤٩ک/ ١٠٥٧ز) و (٤٦٠ک/ ١٠٦٧ز) و (٤٦٣ک/ ١٠٧٠ز) دا شەدادیەکان هاودەم بە سوپای سەلجووقیی لەگەڵ بیزەنتییەکاندا چوونە جەنگ و بەریەککەوتنەوەو له هەر سێ ماوەشدا بارودۆخەکە تای سەرکەوتن بە لای شەدادیەکاندا شکایەوە.[٤]

(١) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٤٧؛ احمد کسروي: شهرياران گمنام، ص ٢٩٧.

(٢) – مونەجم باشی: شەدادیەکان، ل ٤٨.

(٣) - الحسيني: أخبار الدولة السلجوقية، ص ص ٤٢-٥١.

(٤) – اسماعيل شكر رسول: الامارة الشدادية الكردية في بلاد ئاران، ص ٩٧؛ أحمد كسروي: شهرياران گمنام، ص ٢٩١.

# بەشی سێیەم

# پەیوەندیی رەوادی و مەڕوانییەکان لەگەڵ دەسەڵاتە مەسیحییەکان

باسی یەکەم

پەیوەندیی رەوادییەکان لەگەڵ دەسەڵاتە مەسیحییەکان

باسی دووەم

پەیوەندیی مەڕوانیەکان لەگەڵ دەسەڵاتە مەسیحییەکان

# باسی یەکەم

# پەیوەندیی رەوادییەکان لەگەڵ دەسەڵاتە مەسیحییەکان

## تەوەری یەکەم

## پەیوەندیی رەوادی و هێزە مەسیحییەکان لە سەردەمی میر موحەممەد و ئەبولهەیجای کوڕیدا

بە شێوەیەکی گشتیی پەیوەندیی نێوان ئەم میرنشینە و ئەرمەنەکان، پەیوەندییەکی ناتەبا و بەریەککەوتنی بەردەوام بوو، حەز و ویستی فراوانخوازیی دەسەڵات و جیاوازیی ئایینی هەردوولا، لە دیارترین هۆکارەکانی ئەو ململانێ و بەریەککەوتنانە بوون، رەوادییەکان بەوە ناسرابوون سەرقاڵی غەزا بوون دژ بە مەسیحییەکان، هەرکاتیش دووبەرەکیەکی ناوخۆیی لەو هەنگاوەیان هێواشی بکردنایەتەوە، خێرا یەکڕیزییان بەدەست دەهێنایەوە، چونکە ئەوە هەم خواستی جەماوەری موسڵمان بوو، هەم حەزی سەرکردەکانیش بوو بۆ جەنگی دژ بە هێزە ناموسڵمانەکان.[1]

سەرەتای دەسەڵاتی رەوادییەکان لە ناوچەکانی ئەرمەنستانەوە دەستیپێکرد،[2] کاتێک لە سەرەتاکانی سەدەی چوارەمدا، کەسایەتیەکی کورد بە ناوی موحەممەدی کوڕی حوسەین هەندێ ناوچەی ئەرمەنستانی بەدەستەوە بوو و فەرمانڕەوایی ئەو ناوچانەی دەکرد، بە گیرانی سالار مەرزەبان لە ساڵی (٣٣٧ک/ ٩٤٨ز)، دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخسا چەند ناوچەیەکی ئازەربایجانیش بخاتە ژێر رکێفی دەسەڵاتی خۆیەوە،[3] دوور نیە ئەم کەسایەتییە هەمان ئەو میرە بێت کە ئیبن حەوقەل بە موحەممەدی کوڕی حەسنوونی کوردیی هێناویەتی و ئاماژە بەوە دەدات گوندی موحەممەدیەی سەر بە زێی مەزنی لەژێر دەستدا بووە کە لە ناوچەکانی ئەرمەنستانەوە دێت.[4]

لە پاش موحەممەد، ئەبولهەیجائی کوڕی دێت (٣٤٥-٣٧٨ک/ ٩٥٦-٩٨٨ز) کە لە ماوەی دەسەڵاتەکەیدا چەندجار بەریەککەوتن لەنێوان رەوادی و ئەرمەنەکاندا روویدا.

---

(١) - محمد علی مرجونة: تاريخ الاكراد في الخلافة العباسية، ص ١٧٢.

(٢) - قادر محمد حسن: الإمارات الكردية في العهد البويهي، ص ٣٧؛ ئاكۆ بورهان محەمەد: میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عەبباسی، ل ٤٦.

(٣) - زرار صدیق تۆفیق: کورد و کوردستان لە رۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، ل ١٢٧.

(٤) – صورة الأرض، ص ٢٩٧.

کاتێک خاجیقی پادشای ئەرمەنەکان کۆچی دوایی کرد و دیرنیقی کوڕی هاتە سەر دەسەڵات، یەکێک لە دەربارەکانی کۆشکی لابرد کە پیاوێکی بە تەمەن بوو، لە بەرامبەردا کەسێکی گەنجی هێنایە شوێنی، پیرەپیاوەکەش کە ناسرابوو بە ابوالخریب، بەوە زۆر دڵگران بوو و خێرا پەیوەندیی کرد بە ئەبولهەیجائی رەوادیەوەو هانی دا هەندێ ناوچەی ئەرمەنستان دەستبەسەردا بگرێت، ئەبولهەیجائیش ئەوەی لا پەسەند بوو و بە سوپایەکی گەورەوە روویکردە ئەرمەنستان و توانیی دیرنیق بەدیل بگرێت و بە بەندکراوی بیهێنێتەوە بۆ ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی، خەڵکی ئەرمەنستانیش لەو ناپاکییەی ابوالخریب بێزاربوون و لە کڵێساکانەوە نەفرینیان لێدەکرد، ئەمەش کاری کردە سەر دەروونی ابوالخریب و پەشیمانیی دایگرت و هەوڵیدا قەرەبووی ئەو ناپاکییەی بکاتەوە، بۆیە بڕیاریدا دیرنیق ئازاد بکات، بە نهێنی پەیوەندیی پێوەکرد و پێشنیاری بۆ کرد لە فلانەرۆژدا لەگەڵ ئەبولهەیجائدا لە شار بچێتە دەرەوەو بەرەو کەنار دەریا هەلبێت، ئەمیش لەوێ چاوەڕوانیی بکات، ئەویش پلانەکەی جێبەجێ کرد و سەربازانی رەوادیی کەوتنەشوێنی و برینداریان کرد، بەڵام بەو برینداربییەوە توانیی دەرباز بێ و لەگەل ابوالخریب بگەڕێتەوە ئەرمەنستان.[١]

سەبارەت بە کاتی ئەم رووداوە، بڕوا وایە کە لەنێوان ساڵانی (٣٣٧ک/ ٩٤٨ز) بۆ (٣٤٢ک/ ٩٥٣ز) دا روویدابێت، ئەو کاتەی لەو ماوەیەدا سالار مەرزەبان بەندکرابوو، بەڵام د. حیسامەدین نەقشبەندیی پێی وایە ئەو رووداوە لە ساڵی (٣٣٢ک/ ٩٤٣ز) یان یەک دوو ساڵی دواتردا روویداوە، ئەوەش دوای ماوەیەکی کەم لە دەسەڵات وەرگرتنی دیرنیق لەو ساڵەدا،[٢] بەم پێیە بێت دەبێت ئەم رووداوە پێش وەرگرتنی دەسەڵات بووبێت لەلایەن ئەبولهەیجائەوە.

لە ساڵی (٣٧٧ک/ ٩٨٧ز) دا، واتە ساڵێک پێش مردنی، میر ئەبولهەیجاء هێرشێکی بردە سەر ئەبودلفی فەرمانڕەوای ئەرمەنستان، چ بە نیازی شکاندنی ئەو دەسەڵاتدارە، چ بە نیازی وەرگرتنەوەی ئەو باجەی کە ماوەیەک بوو ئەرمەنەکان تەسلیمی ئەم میرەیان نەکردبوو، بۆیە سوپایەکی سەد هەزار کەسیی رێکخست و بەرەو ئەرمەنستان رۆیشت، بەڵام پێشوەختە کۆی باجەکە و دیارییەکی زۆریشی پێدرا، بۆیە ئەویش هێرشەکەی وەستاند.[٣]

---

(١) – احمد كسروى: شهرياران گمنام، ص ١٧١؛ حسام الدين النقشبندي: أذربايجان إيران في العهد السلجوقي، ص ص ١٠١-١٠٢.

(٢) – أذربايجان إيران في العهد السلجوقي، ص ١٠٣.

(٣) – احمد كسروى: شهرياران گمنام، ص ١٧١، حسام الدين النقشبندي: أذربايجان إيران في العهد السلجوقي، ص ١٠٥.

له ساڵی (٣٧٨ک/ ٩٨٨ز) یشدا که کۆتا ساڵی دەسەڵاتیەتی، ئەبولهەیجاء هێرشێکی رێکخست بۆ سەر واسپۆرگان، هۆکارەکەشی ئەوەبوو که فەرمانڕەوای شاری خوی کوڕێکی هەبوو که به دەستی ئەرمەنەکان کوژرابوو، کوژرانەکەشی لەو کاتەدا بوو که هاودەم به هەندێ پیاو ناردبووی بۆ لای بادی کوردیی و لەکاتی گەڕانەوەدا –گوایە– چەند منداڵێکیان دیوە یارییان کردووە، منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بردون، کابرایەکی ئەرمەنیش کەوتە شوێنیان و ئەو کوڕە و پیاوەکانی کوشت و منداڵەکانی گێڕایەوە، کوژرانی کوڕەکەی کاریگەریی زۆری لەسەر دەروونی بەرپرسی خوی جێهێشتبوو، بۆیە داوای له ئەبولهەیجا کرد تۆڵەی کوڕەکەی له ئەرمەنەکان بکاتەوە، له بەرامبەردا شارەکەی خۆی تەسلیمی ئەبولهەیجاء دەکات، ئەویش رازیی بوو و سوپایەکی گەورەی بەرێخست بەرەو واسپۆرگان، سوثاکة نزیک بوونەوەو لەو دەوروبەرە لایاندا و خێمەیان هەڵدا، بەڵام بۆ بەیانی ئەبولهەیجا به مردوویی لەنێو خێمەکەیدا بینرا، بەمەش هەڵمەتەکه شکستی هێنا.[١]

---

(١) – حسام الدين النقشبندي: أذربايجان إيران في العهد السلجوقي، ص ص ١٠٥-١٠٦.

## تەوەری دووەم

## پەیوەندییەکانی ڕەوادی و هێزە مەسیحییەکان لە سەردەمی میر مەملان و میر وەهسوودزاندا

میر مەملان لە دوای ئەبولهەیجائی باوکی گەیشتە دەسەڵات و سنووری دەسەڵاتی بەرەو ناوچەکانی ئەرمەنستان فراوان کرد.[١]

دیارترین هێرشەکانیشی دوو هێرش بوون کە هەردووکیشیان بە هێرشی ئایینی و جیهادی موسڵمانان دژ بە ئەرمەن و ڕۆمەکان دەناسران، چونکە ئەوکات ڕۆمەکان هەندێ ناوچەی ئەرمەنستانیان گرتبوو و بەریەککەوتنیان لەگەڵ میرنشیی ڕەوادیدا بۆ دروستبوو.[٢]

هێرشی یەکەم: جەنگی نێوان ئەو هێزانە هۆکارەکەی ئەو بۆشاییە سیاسییە بوو کە کۆچی دوایی میر بادی کوردیی دروستی کرد، چونکە ئەرمەنەکان ئەوەیان بە دەرفەت زانی هەتا دەستبگرن بەسەر ناوچەکانی میرنشینی دۆستەکیدا، بۆیە داوود ئەنهۆلین[٣] بەرەو شاری مڵازگرد کشا و گەمارۆی دا و فشاری خستە سەر ژیانی خەڵکەکەی هەتا کوردە موسڵمانەکان ناچار کران شار جێبهێڵن و ماڵ و خانووەکانیان دران بە ئەرمەن و جۆرجییەکان، لەلایەن ئەرمەنەکانەوە ماڵ و سامانیان برا و مزگەوتی گەورەی شارەکە وێران کرا، میر مەملان ئەمەی پێ قبووڵ نەدەکرا، بەتایبەت کە بینی میرە کوردەکانی تر داوایان لە داوود کردبوو شارەکە بداتەوە دەست خەڵکەکەو چۆڵی بکات و ئەویش ڕازی نەبووبوو، بۆیە سوپایەکی گەورەی بۆ لێدانی ئەرمەنەکان پێکەوەنا و سەرەتا ڕوویکردە ناوچەی (جاغکویود) لە نزیک شاخی ئارارات و دواتر لەوێوە بەرەو مڵازگرد کشا.[٤]

هێزە مەسیحییەکانیش هەریەک لە ئەرمەنەکان و جۆرجییەکان و فەرمانڕەوایانی ئەپخاز و چەند هێزێکی دیکەش یەکیان گرت و سەرکردایەتی هێزەکەش لەدەست ئەرمەنەکاندا بوو،[٥] هێزەکە هێندە زۆر بوو کە ترسی لە دڵی موسڵمانەکاندا دروست کرد، بۆیە پاش چەند هێرشێکی پچڕ پچڕی

---

(١) – احمد كسروى: شهرياران گمنام، ص ١٧٢؛ زرار صديق تۆفيق: كورد و كوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، ل١٢٩.

(٢) – احمد كسروى: شهرياران گمنام، ص ١٧٤-١٧٥؛ ڤ.ف. مینۆرسکی: چەند لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی کوردەکانی قەوقاز، ل ١٦٠.

(٣) – ئەم سەرکردە ئەرمەنییە ژنبرای ئەبولئەسواری میری شەدادیەکان بوو. بڕوانە: (جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٣٦).

(٤) – احمد كسروى: شهرياران گمنام، ص ١٧٥؛ جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٢٩.

(٥) - جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٢٨؛ صبا سالم شيت: الأوضاع السياسية في أرمينيا الكبرى، ص ١٤٣.

بچووک، هێزەکەی مەملان پاشەکشەیان کرد، بەڵام ئەرمەنەکان کەوتنەدوای سوپاکەی و سەرەنجامەکەی بە شکستی هێزی موسڵمانان و بەدیلگرتنی ژنەکەی میر مەملان کۆتایی هات، ئەمەش یەکەم هێرشی میر مەملان بوو کە لەساڵی (٣٨٠ک/ ٩٩٠ز) دا روویدا.[١]

هێرشی دووەم: دووەم لەشکرکێشیی میر مەملان بۆ سەر ئەرمەنستان لە ساڵی (٣٨٨ک/ ٩٩٨ز) دا ئەنجام درا، ئەمجارە هێزەکەی مەملان چەند بەرامبەر بوو و لە ناوچەکانی تری جیهانی ئیسلامیشەوە خەڵک بەشدارییان تێدا کرد،[٢] تەنانەت خەڵکی خوراسان و فارسەکانیش چوونە ژێر ئاڵای جیهادی ئەم سەرکردە کوردەوە،[٣] چونکە پاش شکستی یەکەم، میر مەملان داوای هاوکاریی و بەشداری جیهادی کرد لە ناوچەکانی تری جیهانی ئیسلامی.[٤]

میر مەملان بە چەشنێک خۆی کۆکردبوویەوەو ئامادەکاریی کردبوو، نیازی وابوو سەرجەم ئەرمەنستان و جۆرجیا بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوەو لە چنگی هێزە مەسیحییەکانی دەربهێنێت، هەر بۆیە بە سوپایەکەوە بەرەو واسپۆرگان کەوتەڕێ، داوودی سەرکردەی ئەرمەنەکان کە بەمەی زانی، خێرا داوای هاوکاریی کرد لە فەرمانڕەوایانی جۆررج و ئەرمەنستان، فەرمانڕەوای ئەرمەنستان هێزێکی شەش هەزار سەربازیی نارد بۆ یارمەتیدانی، ئەباسیش[٥] هێزێکی شەش هەزار سەربازیی نارد، جۆرجییەکانیش هێزێکی هەماشێوەیان نارد، سەرکردایەتیی گشتی سوپاش لە داوودەوە درایە دەست سەرکردەیەکی گەنج بە ناوی جبرائیل، چونکە داوود چووبوو بە تەمەندا، سەرسامبوونی موسڵمانان بە زۆریی ژمارەیان هۆکارێکی سەرەکیی بوو کە لەم هێرشەشدا شکست بخۆن.[٦]

پێویستە ئەوە بزانرێت کە زانیارییەکی ئەوتۆ سەبارەت بە هێرشی دووەم تەنها لە سەرچاوە ئەرمەنییەکاندا باسکراوە، لەو سۆنگەشەوە هەواداریی ئایینی و نەیارییان بۆ موسڵمانان وایکردووە بە دەمارگیرییەوە زانیارییەکانی پەیوەست بەو هێرشە بگوازنەوە، بە نموونە تیایدا هاتووە کە ناوی

---

(١) – احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ص ١٧٥– ١٧٦؛ جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٢٨؛ حسام الدين النقشبندي: أذربايجان إيران في العهد السلجوقي، ص ص ١٠٧-١٠٨.

(٢) – احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ١٧٦.

(٣) – امير سميعيان: آذربایجان در دوره سلجوقیان، ص ٣٢.

(٤) – احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ١٧٦؛ حسام الدين النقشبندي: أذربايجان إيران في العهد السلجوقي، ص ص ١٠٩.

(٥ )– ئەباسی کوڕی موسشیگ برای ئاشوود و بەرپرسی شاری قارس بوو. بڕوانە: (متى الرهاوي: تأريخ متى الرهاوي، ص ٤٥).

(٦) – احمد کسروی: شهریاران گمنام، ص ١٧٦؛ حسام الدين النقشبندي: أذربايجان إيران في العهد السلجوقي، ص ص ١٠٩.

رووبارەكان لەبەر تێكەڵبوونی خوێنی موسڵمانەكان سوور هەڵگەڕا و لەو سوپا زۆرەی موسڵمانان ژمارەیەكی زۆر كەمیان دەرباز بوون، لە بەرامبەردا تەنها ئاماژە بە كوژرانی پێنج كەس لە سوپای ئەرمەنەكان كراوە.(١)

دوای ئەو ماوەیە پەیوەندییەكانی نێوان ڕەوادیی و ئەرمەنەكان ئارامیی بە خۆیەوەدی و هێرش و بەریەككەوتنەكان وەستان، بەڵام بە هاتنی میر ئەبومەنسوور وەهسووزانی كوڕی موحەممەد (٤١٦-٤٥١ك/ ١٠٢٥-١٠٥٩ز) جارێكی تر هێرش و بەریەككەوتنەكان دەستیانپێكردەوە، بەتایبەت لە نزیک ناوچەی (بەركری) كە دەكەوێتە باكوور و خۆرهەڵاتی دەریاچەی وان، هۆكارەكەش هاوپەیمانێتی ئەرمەن و ڕۆمەكان بوو دژ بە میرنشینی ڕەوادی، هەروەها لە سەردەمی میر مەملانی كوڕی وەهسوزاندا (٤٥١-٤٦٣ك/ ١٠٥٩-١٠٧٠ز) جەنگ و بەریەككەوتنەكانی هەردوولا بەردەوام بوون.(٢)

لایەنێكی تری بەریەككەوتنی ڕەوادییەكان لە سەردەمی میر وەهسووزاندا بریتی بوو لە بەریەككەوتن لەگەڵ جۆرجی و ئەپخازەكانیش، بۆ نموونە هێرشی جۆرجییەكان لە ساڵی (٤٢١ك/ ١٠٣٠ز) دا، یاخود هێرشی ئەپخازەكان لە ساڵی (٤٢٩ك/ ١٠٣٧ز) دا كە گەمارۆی تفلیسیان دا و تیایدا خەڵكەكەی داوای هاوكارییان كرد، میر وەهسووزان یەكێک بوو لەو سەركردانەی بۆ جەنگی ئەپخازەكان چوو بە دەم داواكەیانەوە، بەڵام ئەمجارەیان بۆ جەنگی جۆرجی و ئەپخازەكان سوودی وەرگرت لە غوزەكان و بەشێک لەوانی بە سەرباز گرت، بەڵكو بەریەككەوتن لەگەڵ ئەو هێزە مەسیحیانەدا وای لە هەریەک لە میری شەدادی و میری ڕەوادی كرد پێكەوە یەكدەست بن، ئەو یەكدەست بوونەش ئاكامی ئەرێنی هەبوو و دواجار توانییان بەسەر ئەپخازەكاندا سەربكەون و تفلیس بگرن.(٣)

---

(١) – حسام الدين النقشبندي: أذربايجان إيران في العهد السلجوقي، ص ص ١٠٩-١١٠.

(٢) – ئاكۆ بورهان محەمەد: میرنشینە كوردییەكانی سەردەمی عەبباسی، ل ٥٧؛ حسام الدين النقشبندي: أذربايجان إيران في العهد السلجوقي، ص ١٣٠.

(٣) – امير سميعيان: آذربايجان در دوره سلجوقيان، ص ص ٤٠-٤١.

## تەوەری سێیەم

## پەیوەندیی نێوان ڕەوادی و بیزەنتییەکان

ئەگەرچی پەیوەندیی نێوان بیزەنتی و ڕەوادییەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە سەرەتاوە بوونی هەبووە بەو هۆیەی بیزەنتییەکان بەردەوام هێزە مەسیحییەکانی ئەرمەنستان و هاوسنووری کوردەکانیان هاندەدا دژ بە دەسەڵاتە ناوچەییە موسڵمانەکان و لەنێویشیاندا شەدادی و ڕەوادیە کوردەکان، بەڵام سەروبەندی یەکەم پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان ڕەوادی و بیزەنتییەکان دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی ململانێی ناوخۆیی ڕەوادییەکان لە ساڵی (٤٢٥ک/ ١٠٣٣ز) دا، واتە سەردەمی میر وەهسووزانی کوڕی مەملان، لەو کاتەدا یەکێک لە خوشکەزاکانی میر وەهسووزان بە ناوی ئەبولهەیجا قەڵای بیرکەوی بەدەستەوە بوو کە هاوسنوور بوو لەگەڵ دەسەڵاتی ئەرمەنەکاندا، جۆرێک لە کێشە و ناکۆکی کەوتە نێوان خاڵ و خوشکەزاوە، وەهسوودانیش بۆ شکاندنی خوشکەزاکەی پەنای بردە بە بیزەنتییەکان و نێردراوی نارد بۆ لایان و دژ بە ئەبولهەیجا هانیدان، ئیمپراتۆری بیزەنتیش ئەوەی بە دەرفەت زانی و سوپایەکی زۆری بۆ پێکهێنا و قەڵاکەی گرت، زۆری نەخایاند ئەم هەواڵە گەیشتەوە بە خەلیفەی عەبباسی و پێی دڵگران بوو و خێرا پەیامی نارد بۆ هەریەک لە ئەبولهەیجا و میر وەهسوودان و فەرمانی پێکردن ئاشتەوایی بکەن و پێکەوە ڕێکبکەون بۆ گێڕانەوەی ئەو قەڵایە، ئەوانیش ڕێککەوتن، بەڵام نەیانتوانی قەڵاکە وەربگرنەوە، ئەمجار هەوڵیاندا سوپایەکی گەورەی بۆ پێکبهێنن و ژمارەیەکی زۆر خۆبەخش بەشداری ناو ئەو سوپایە بوون، بەڵام دووبارە نەیانتوانی قەڵاکە بگرنەوە چونکە ڕۆمەکان بەرگرییەکی باشیان کرد.[١]

دەبینین بەم چەشنە لە ماوەی سەد و بیست ساڵ فەرمانڕەوایی میرنشینی ڕەوادیدا، زۆربەی کات جەنگ و بەریەککەوتنی نێوان میرنشینی ڕەوادی و دەسەڵاتە مەسیحییەکان بەرچاودەکەوێت،

(١) - ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٧٦٤.

بە چەشنێک تەنها لە نزیکەی (٣٠) ساڵێک لە دوای هێرشی دووەمی میر مەملانەوە هەتا هاتنی ئەبوومەنسوور وەهسووزان لەساڵی (٤١٦ک/ ١٠٢٥ز)، جەنگ و بەریەککەوتنەکان کەمبوونەتەوەو هێورییەک لە پەیوەندییەکانی هەردوولادا بەدیهاتووە،[١] هاوکات جیاکارییەکی جەنگی ئەم میرنشینە لەگەڵ ئەرمەنەکان لە بەرامبەر هەمان جۆر جەنگی نێوان شەدادی و ئەرمەنەکاندا ئەوەبوو کە موسڵمانانی ناوچەکانی تری جیهانی ئیسلامی بۆ جەنگی رەوادییەکان دژ بە ئەرمەنەکان هاتنە سەر هێڵ و بەشداریی هێرشی میر مەملان بوون بۆ سەر ئەرمەنستان، کۆی جەنگەکانیش مۆرکی جیهاد و تایبەتمەندیی ئایینیان پێوەنرابوو.[٢]

---

(١) - بۆ پشتڕاستی ئەم بۆچوونە بڕوانە زانیارییەکانی نێو تەوەری یەکەم و دووەمی ئەم باسە.

(٢) - أحمد كسروي: شهرياران گمنام، ص ١٧٦.

## باسی دووەم

## پەیوەندیی مەڕوانیەکان (٣٧٣-٤٨٩ک/٩٨٣-١٠٩٦ز) لەگەڵ دەسەڵاتە مەسیحییەکان

### تەوەرەی یەکەم

### پەیوەندیی میرنشینی مەڕوانی و ئەرمەنستان و جۆرجییەکان

لە سەردەمی هاتنە سەر دەسەڵاتی میرنشینی دۆستەکیدا، چەند میرنشینێک لە ئەرمەنستاندا دەسەڵاتدار بوون، وەک میرنشینی بەکرادۆنیی کە بە حکوومەتی شەرعیی ئەرمەنستان دادەنرا، میرنشینی ئەرزەرۆنی -یاخود ڤاسپۆرگان-، میرنشینی سەناسینە.[١]

بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیی نێوان میرنشینی دۆستەکیی مەڕوانی لەگەڵ ئەرمەنەکاندا، لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەم میرنشینە لەگەڵ بیزەنتییەکاندا خۆی دەبینیەوە، چونکە هەر ئاشتەوایی و جەنگ و ئاڵۆزییەکی نێوان مەڕوانی و بیزەنتییەکان، رەنگدانەوەی دەبوو لەسەر پەیوەندی مەڕوانی و ئەرمەنەکان.

سەرەتای پەیوەندیی نێوان ئەم دوو دەسەڵاتە، لە سەردەمی میر بادی کوڕی دۆستەکەوە بە ململانێ و بەریەککەوتن دەستیپێکرد، چونکە ئەم میرە هێرشی دەبردە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی مەسیحییەکان و لەنێویشیاندا ئەرمەنستان،[٢] بەڵکو ئیبنولئەسیر پێی وایە یەکەم شار کە باد دەستی بەسەردا گرتووە، شارێکی سەر بە دەسەڵاتی ئەرمەنەکان بووە، لە مێژووەکەیدا نووسیویەتی ''خەڵکی لە دەوری گردبوونەوە .. ژمارەی ئەوانەی چواردەوری زۆر بوو و کەوتە هێرش بردن، پاشان چووە ناو ئەرمەنستان و شاری ئەرجیشی[٣] گرتەدەست، ئەوەش یەکەم شار

---

(١) - عبدالرقیب یوسف: الدولة الدوستکیة في کردستان الوسطی، ط٣، مؤسسة دلیر، السلیمانیة، ٢٠٠٤م، ج٢/ ص ص ٦٩-٧٠.

(٢) - ارشاک بولادیان: الأکراد في حقبة الخلافة العباسیة، ص ١٦٥.

(٣) - ئەرجیش: شارێکی دێرینی ناو خاکی ئەرمینیای گەورە بوو لە نزیک شاری خەلات، زۆربەی دانیشتوانەکەی ئەرمەنیی مەسیحی بوون. بڕوانە (یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج١/ص ١٤٤).

بوو کە دەستی بەسەردا بگرێت، لەوێ خۆی بەهێز کرد و لەوێوە بەرەو دیاربەکر ڕۆیشت و شاری ئامەدی گرت''.[١]

دواتر پاش بەریەککەوتنی لەگەڵ بوەیهییەکاندا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەرمەنەکاندا ئارام کردەوە بەو هیوایەی خۆی یەکلابکاتەوە بۆ جەنگ و ململانێی بوەیهییەکان، ئەمەش لە بازنەی ڕێکسختنەوەی پەیوەندییەکانیدا بوو لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیدا، چونکە میر باد ڕێککەوتنێکی لەگەڵ ئەو ئیمپراتۆریەتەدا بەست، ئەو ڕێککەوتنەش کاریگەریی هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەرمەنستاندا.[٢]

کوژرانی میر باد لەساڵی (٣٨٠ک/٩٩٠ز) سەرەتایەک بوو بۆ تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان دۆستەکی و ئەرمەنەکان، چونکە بە کوژرانی ئەو میرە، ئەرمەنەکان بیریان لەوەکردەوە سنووری دەسەڵاتی خۆیان فراوان بکەن و یەکێک لە سەرکردەکانیان بە ناوی داوود ئەنهۆلین بەرەو شاری ملازگرد بڕوات و دوای گەمارۆدانی و فشار خستنە سەر ژیانی خەڵکەکەی، کوردە موسڵمانەکان ناچار کران شارەکە جێبهێڵن.[٣]

دواتر پەیوەندیی خزمایەتی و هاوسەرگیریی لەنێوان مەڕوانیەکان و ئەرمەنەکاندا هاتەکایە، بۆ نموونە نەسرودەولەی مەڕوانی کچی سەنحارییی پادشای سەناسینەکانی خواست و منداڵێکی لێی بوو بە ناوی فەزڵ، یان دەوترێت سەنحاریب، هەروەک بە ئەبوودولف ناسرابوو،[٤] لەکاتێکدا سەناسینەکان ئەرمەنی بوون، لەنێو خیلاتدا بە ڕێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەوێدا چەند قەڵایەکیان هەبوو و تیایدا مابوونەوە،[٥] ئەو شازادە ئەرمەنییە سەرەتا خێزانی ئەمیر ئەبووعەلی مەڕوانی بوو، واتە براژنی نەسرودەولە بوو، واتە کچەکەی سەنحارییی ئەرمەنی،[٦] دووجار هاوسەرگیریی لەگەڵ میرانی مەڕوانیدا ئەنجام داوە.

---

(١) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٤٠٣، لە ڕووداوەکانی ساڵی (٣٧٣ک/٩٨٣ز) باسی کردووە.

(٢) - عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية، ج٢/ ص ص ١٣٣-١٣٤.

(٣) – أحمد عبدالعزيز محمود: الأمير باد الكردي، مديرية مطبعة الثقافة، أربيل، ٢٠١٣م، ص ١٨؛ جمال رشيد أحمد: لقاء الأسلاف الكرد و اللان، ص ٢٢٩.

(٤) - الفارقي: تأريخ الفارقي، ص ١٦٩؛ فرست مرعي: الامارات الكردية في العصر العباسى الثانى، ص ٢٩٩.

(٥) - ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٧٧٦.

(٦) - الفارقي: تأريخ الفارقي، ص ١٦٩.

له ساڵی (٤٢٣ك/ ١٠٣١ز) دا کاربەدەستی نەسرودەولەی مەڕوانی لە جەزیرە سوپایەکی سەرو دەهەزار کەسی پێکەوەنا و هێرشی بردە سەر ناوچە هاوسنووریەکانی ئەرمەن و کوشتاری لێکردن و ژمارەیەکی زۆری لێ بەدیل گرتن و دەستیشیگرت بەسەر دەستکەوتێکی زۆردا.[1]

جارێکی دی پەیوەندیی نێوان مەڕوانی و ئەرمەنییەکان تێکچوویەوە، هۆکارەکەشی ڕووداوێکی هێرشبەریی ئەرمەنەکان بوو بەم چەشنە:

لە ساڵی (٤٢٧ك/ ١٠٣٥ز) دا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ئازەربایجان و خوراسان و تەبەرستان و چەند ناوچەیەکی دی بە نیازی حەج ڕێیان گرتەبەر، بە لای ئەرمەنستان و خەلاتدا تێپەڕین و گەیشتنە ناوچەی ئانی، لەوێدا ئەرمەنە سەناسینەکان، هاودەم بە هێزە ئەرمەنییەکانی تر هێرشیان بردە سەر کاروانی حاجییەکان، سەناسینەکان دەرفەتیان قۆستەوەو لەگەڵ هێزەکانی ئەرمەنستاندا دەستیان تێکەڵ کرد و هێرشیان بردە سەر کاروانی حاجیان و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوشتن و هەندێکیان لێ بەدیل گرتن و هەرچی ماڵ و سامانیشیان هەبوو، دەستیان بەسەردا گرت، هەموو بەندکراو و سامانەکانیان لەگەڵ خۆیاندا برد بۆ لای ڕۆمەکان -ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی-، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی پەیوەندیی و ڕێککەوتنێکی پێشوەختە هەبووە لەنێوان سەناسینە و ئەرمەنستان و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیدا، نەسرودەولەی کوڕی مەڕوانیش کە ئەمەی بیست، سوپایەکی گەورەی پێکهێنا و بڕیاری دا هێرش بباتە سەریان، ئەرمەنەکان کە ئەم هەواڵەیان بیست، خێرا پەیوەندییان بە نەسرودەولەی مەڕوانیەوە کرد و بەڵێنیان دا هەرچی بەندکراو و ماڵ و سامان هەیە، هەمووی بگێڕنەوە بۆیان، نەسرودەولەش هەرچەندە حەزی دەکرد هێرشەکە بکات، بەڵام لەبەرئەوەی شارەزای سەختی قەڵا و شوێنەکانیان بوو، هەروەها دەیزانی ڕێککەوتنیان هەیە لەگەڵ بیزەنتییەکاندا و ئەگەری ئەوە هەیە لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگدا، بیزەنتییەکان بێنە سەر هێڵ و پشتیوانی لە ئەرمەنەکان بکەن، بۆیە ڕازی بوو ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ ببەستێت.[2]

ڕووداوێکی تری بەریەککەوتنی مەڕوانی و ئەرمەنەکان پەیوەست بوو بە هێرشێکی تەمبێکردنی والی دۆستەکییەکان لە جەزیرە بۆ سەر ئەرمەنەکان لە باشووری دەریاچەی وان، ئەم بەریەککەوتنانەش پەیوەندییان هەبوو بە ململانێی بیزەنتی – دۆستەکییەوەو بیزەنتییەکان لە پشتەوە هانی ئەرمەنەکانیان

(١) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٧٥٥.

(٢) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ص ٧٧٦-٧٧٧؛ عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية، ج٢/ ص ص ٧١-٧٢.

دەدا بۆ فشار خستنە سەر مەڕوانییەکان، هۆکارەکەشی سەختی بەریەککەوتنی بیزەنتی و مەڕوانییەکان بوو لەسەر شاری روها.[١]

پاش بەریەککەوتنی مەڕوانیەکان لەگەڵ سەناسینە ئەرمەنەکاندا، چەند هەنگاوێکی خۆپارێزیی بەرامبەر بە ئەرمەنەکان لەلایەن میری مەڕوانییەوە بەدیدەکرێن، وەک سزادانی ئەو بازرگانانەی ناو وڵاتەکەی کە پەیوەندییان لەگەڵ سەناسینەکاندا هەبوو، هەروەها درووستکردنی قەڵایەکی بەهێز لەسەر سنووری سەناسینەکان وەک بەربەرستێک لەبەردەم مەترسی و پێشڕەوییان لە ئاست سنووری میرنشینی مەڕوانیدا.[٢]

سەبارەت بە پەیوەندی مەڕوانی و جۆرجییەکان تەنها لە کاتی کوژرانی مومەهیدودەولە (٤٠١ک/١٠١٠ز) و سەرەتای هاتنەسەر دەسەڵاتی میر نەسرودەولە ئەحمەدی کوڕی مەڕواندا باسێکیان لێوەکراوە، ئەویش ئەوەیە کە ئیبن فیلووسی راوێژکاری نزیکی شەروە[٣] پێشنیاری بۆ کرد لەپێناو نەشکانی تەواوەتی لەبەردەم نەسرودەولەدا نامەیەک بنووسێت بۆ ئیمپراتۆری رۆم و پەنا بباتە بەر ئەویش و وڵاتیشی بەدەستەوە بدات، خەڵکی شارەکەش ئەم هەواڵەیان بیست و ئەوەیان لەسەر دڵ گران بوو و ئیبن فیلووسیان کوشت، لەم کاتەدا شەروە بۆ بەرگری لە خۆی و دەسەڵاتەکەی پەنای بردە بەر سەرکردەیەکی جۆرجییەکان کە لە سەردەمی مومەهیدودەولەدا لەدەست پادشای جۆرجییەکان هەڵهاتبوو و هاودەم بە ژمارەیەک لە جۆرجییەکان پەنای هێنابوویە بەر میری مەڕوانی و ئەویش پەنای دابوو و وەک هێزێکی سەربازیش سوودی لێوەرگرتبوو، پاش کوژرانی مومەهیدەودەولە لەسەر دەستی شەروە لە ساڵی (٤٠٢ک/١٠١١ز)، ئەم سەرکردە جۆرجییە هاودەم بە هێزە جۆرجییەکەی چوویە ژێر فەرمانی شەروەوە، پاش فشاری خەڵکەکە لەسەر شەروە، لەسەر فەرمانی شەروە چەکدارە جۆرجییەکان دەستیاندایە تیربارانکردنی خەڵکەکەو ژمارەیەک لە خەڵکەکەیان کوشت و هەندێکیشیان لێ بریندار کردن.[٤]

---

(١) - عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية، ج٢/ ص ٧٢.

(٢) -عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية، ج٢/ ص ٧٢.

(٣) - یەکێک بوو لە سەرکردە نزیکەکانی مومەهیدودەولەی مەڕوانی کە لەلای میری مەڕوانی رێز و خۆشەویستییەکی زۆری هەبوو، بەڵام دواجار لەژێر کاریگەری خزمەتکارێکیدا، شەڕوە دەستی چووە خوێنی مومەهیدودەولە. بڕوانە (ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ص٤٣٧).

(٤) - الفارقي: تأريخ الفارقي، ص ص ٩٧-٩٨.

## تەوەری دووەم

## پەیوەندیی دۆستەکیی- مەڕوانی و بیزەنتییەکان

١-پەیوەندییەکانی دۆستەکی و بیزەنتییەکان لە سەردەمی میر باددا:

پەیوەندییەکانی دەوڵەتی دۆستەکی و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی لە سەرەتاوە پتر جەنگ و بەریەککەوتن بوو، بادی دامەزرێنەری میرنشینەکەش لە سەرەتای دەسەڵاتەکەیەوە هێرشی دەبردە سەر ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی،[1] بەتایبەت ئەو ناوچانەی لە سەر سنووری دیاربەکر بوون وەک ناوچەکانی بەدلیس و ئەرغیش و ملازگرد، بەڵام بەهۆی هێرش و فراوانخوازیەکانی بوەیهییەکان سیاسەتی فراوانخوازی لەسەر سنووری بیزەنتییەکان لەلایەن بادەوە وەستا، ئیدی لەوەبەدوا لەبری هێرشبردنە سەر خاکی بیزەنتییەکان، هەوڵیدا لێیان نزیک ببێتەوەو دژ بە هەڵمەتی بوەیهییەکان داوای هاوکاری لە بیزەنتییەکان بکات، بۆ ئەمەش رێککەوتنی لەگەڵ بەست و دۆستایەتی لەگەڵ دامەزراند، لەنێو بەندەکانی رێککەوتنەکەشدا ئەوەی تێدابوو کە هەردوولا دژ بە چاوچنۆکی و فراوانخوازی بوەیهییەکان یەکدەست بوەستنەوە، هەروەها ئەگەر باد لەبەردەم بوەیهییەکاندا شکستی خوارد، بیزەنتییەکان مافی پەنابەرێتی پێ بدەن.[2]

لە ساڵی (٣٧٢ک/ ٩٨٢ز) بەدواوە پەیوەندیی نێوان بیزەنتییەکان و بادی دۆستەکی گۆڕانکاری بەخۆیەوە دی و بەرەو ئاشتی و ئارامیی هەنگاوی نا و لەسەر بنەمای دڵراگرتنی یەکدی وەستابوو، بە چەشنێک میر باد زۆرجار سامان و دیاریی دەنارد بۆ ئیمپراتۆری بیزەنتی.[3]

نزیکبوونەوەی بوەیهی و بیزەنتییەکان مەترسی بوو بۆ سەر رێککەوتنی نێوان باد و ئیمپراتۆری بیزەنتی، چونکە دواجار دانووستانی نێوان بوەیهی و بیزەنتییەکان هاتە کایە و ئاگربەستێکی دە ساڵەی لەخۆدەگرت، تێبینی خاڵێک دەکرێت کە ئاماژەیە بە ئەگەری پەیوەندی دۆستانەی نێوان باد و بیزەنتییەکان، خاڵی رێککەوتنەکەش لە سەرەتادا ئەوەبوو ئیمپراتۆری بیزەنتی رازی ببێت ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی باد بکەونە ژێر دەسەڵاتی بوەیهییەکانەوە، دواتر مەرجەکە گۆڕا و بەمجۆرە داڕێژرایەوە ''پادشای رۆم یارمەتی باد نەدات و ئەگەر هاتو باد پەنای بردە بەر رۆم، ئەو پەنای

---

(١) – الروذراوردي: ذيل تجارب الأمم، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٣م، ص ٥٣؛ ج٧/ ص ١٠٦؛ ئاراس زەینەڵ: دیپلۆماسیەتی کورد لە سەردەمی بوەیهییەکاندا، ل ٢١٨.

(٢) – عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية، ج١/ ص ٦٩؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الأكراد، ص ٦١.

(٣) – ئاراس زەینەڵ: دیپلۆماسیەتی کورد لە سەردەمی بوەیهییەکاندا، ل ٢١٩.

نەدات"،[١] پێدەچێت هۆكاری دەستبەرداربوونی بوەیهییەكان بۆ ئەو داواكارییەی یەكەم ئەوەبووبێت كە باد توانی دەستبگرێت بەسەر هەرێمی دیاربەكردا و دەسەڵاتی تەواو فراوان بكات، بەو چەشنە داواكارییەكە ناواقیعی دەردەچوو.[٢]

ئەم رێككەوتنەی بیزەنتییەكان لەگەڵ بوەیهییەكان، متمانەی بیزەنتییەكانی لای باد نەهێشت و بۆ دەرفەتێك دەگەڕا هەتا بیر لە بژاردە و لایەنێكی تر بكاتەوە، زۆری نەخایاند ئەو دەرفەتەش هاتە پێشەوەو سەركردەیەكی هەڵگەڕاوەی نێو بیزەنتییەكان خەریك بوو بارودۆخەكە ئاوەژۆ بكاتەوە، ئەوەبوو پاش شكستی سوپای بیزەنتی لەبەردەم بولغارەكاندا كە گورزێكی كوشندە بوو بۆ ئیمپراتۆری بیزەنتی، سەركردەیەكی هەڵهاتووی بیزەنتی كە لە بەغداد بوو بە ناوی (فارت سكلیروس) بڕیاریدا هێز پێكەوە بنێت بۆ هێرشبردنە سەر بیزەنتە بەو نیازەی خۆی ببێتە ئیمپراتۆر، بۆ ئەمەش داوای یارمەتی لە هێزە مەسیحییە ناوچەییەكان و هێزە ناوچەییە موسڵمانەكانیش كرد، لەنێویشیاندا كۆمەكی لە باد خواست، ئەویش پێی وابوو هەستانەوەی ئیمپراتۆری بیزەنتی سەختە، بۆیە رازی بوو بە داواكە و چەند یەكەیەكی سەربازی خستە خزمەت سەركردە سكلیروس، بەڵام دواجار بەریەككەوتن روویندا و بە رێككەوتن كۆتایی پێ هێنرا.[٣]

## ٢- پەیوەندییەكانی مەڕوانی و بیزەنتییەكان لە سەردەمی ئەبووعەلیدا (٣٨٠-٣٨٧ك/ ٩٩٠- ٩٩٧ز)

كوژرانی بادی دۆستەكی ئەو دەرفەتەی بە بیزەنتییەكان دا هەتا لەبیانوو بن بۆ ئاگربەستیان لەگەڵ دۆستەكیەكاندا و وەك ئاگربەستێكی هەڵوەشاوە مامەڵەی لەگەڵدا بكەن،[٤] بۆیە لەساڵی (٣٨٢ك/ ٩٩٢ز) دا بە سەركردایەتی (بسیلیوس) هێرشیان بردە سەر خەلات و مەلازگرد و ئەرجیش و بركری،[٥] خێرا میر ئەبووعەلی كوڕی مەڕوان كە شوێنی بادی گرتبوویەوە خۆی گەیاندە ئەو ناوچانە و بەرپەرچی هێرشەكانی دایەوەو سوپای بیزەنتییەكانی تێكشكاند و هەڕەشەی ئەوەشی

---

(١) - الروذراوردي: ذيل تجارب الأمم، ص ص ٤٩ - ٥٢.

(٢) - عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية، ج١/ ص ٦٩.

(٣) – ارشاك بولاديان: الاكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص ١٩٩.

(٤) - الفارقي: تأريخ الفارقي، ص ٦١؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الأكراد، ص ٦٨.

(٥) - الفارقي: تأريخ الفارقي، ص ٦١؛ عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية، ج١/ ص ١٢٨؛ كەیوان ئازاد ئەنوەر: كوردستان و كورد لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، ل ٨٩.

لێکردن کە سوپایەکی زیاتر بەڕێوەیە بۆ پشتگیریکردنی، ئەمە بیزەنتییەکانی ناچارکرد بیر لە ڕێککەوتنێکی نوێ بکەنەوەو ئاگربەستێکی دە ساڵەیان بەست و گەڕانەوە.[١]

**٣- پەیوەندییەکانی مەڕوانی و بیزەنتییەکان لە سەردەمی مومەهیدودەولەدا(٣٨٧-٤٠١ک/ ٩٩٧-١٠١٠ز)**

مومەهیدودەولە کە لەپاش میر ئەبووعەلی هات، هەمان سیاسەتی ئاشتەوایی و ئاگربەستی لەگەڵ بیزەنتییەکاندا پەیڕەو کرد، لە بەرامبەردا لە ساڵی (٣٩٠ک/ ٩٩٩ز) دا کاتێک ئیمپراتۆری بیزەنتی هات بۆ ناوچەکانی ئامەد و میافارقین، لەوێ لەگەڵ مومەهیدودەولەدا دانووستانیان ئەنجامدا و گەیشتنە ڕێککەوتن.[٢]

ئەم دانووستانەش لە کاتی بارگرژی نێوان فاتیمی و بیزەنتییەکاندا بوو، کاتێک ئیمپراتۆری بیزەنتی لە نێو سوپاکەیدا لە ناوچەی ئەرزنجان بوو،[٣] چاوی کەوت بە مومەهیدودەولەی مەڕوانی و ڕێزێکی زۆری لێگرت و نازناوی ماکیسترۆس و دۆقسی خۆرهەڵاتی پێ بەخشی،[٤] ئەو پۆست و نازناوەش گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەبوو، چونکە ئیتر ئەو کەسە مافی ئەوەی دەبوو دەستوەردانی هەبێت لە بەشێک لە کاروباری ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتیدا، بۆ نموونە دەستوەردان لە مەسەلەی ئەو سەرانەی کە بیزەنتییەکان لە دەسەڵات و ناوچەکانیان وەردەگرت، هاوکات فەرمانی بەو یەکە سەربازییە بیزەنتییانە کرد کە لە ئەرمەنستان بوون هەرکات مومەهیدودەولە پێویستی بە چەک هەبوو ئەوان چەکی پێویستی پێ بدەن و هاوکاری بن.[٥]

سوودوەرگرتنی مومەهیدودەولە لەو پەیوەندیەی لەگەڵ بیزەنتییەکاندا بە بەرجەستەیی خۆی لەو هەوڵەدا بینیەوە کە تکای بۆ ئەبولهەیجائی حەمدانی کرد کە زاوای خۆی بوو و لەکاتی ململانێی نێوخۆیی حەمدانییەکاندا پەنای بردبوویە بەر بیزەنتییەکان و لەوێ پەنادرابوو، دواتر کە خەڵکی ژێر دەسەڵاتی حەمدانیەکان ویستیان ئەبولهەیجا بهێننەوەو دەسەڵاتدارییان بکات، داوایان لە

(١) - الفارقي: تأريخ الفارقي، ص ٦١.

(٢) - الفارقي: تأريخ الفارقي، ص ٦١، ٨٤؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الأكراد، ص ٦٨.

(٣) - محمد علي مرجونة: تاريخ الاكراد في الخلافة العباسية، ص ٢٠٢.

(٤) - الأنطاكي: تأريخ الأنطاكي، ص ٢٤٧؛ ارشاك بولاديان: الاكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص ٢٠٢.

(٥) – ارشاك بولاديان: الاكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص ٢٠٢.

مومەهیدودەولە کرد نامەیەک بنووسێت بۆ ئیمپراتۆری بیزەنتی هەتا ئەبولهەیجایان بۆ بنێرێتەوە، ئەویش رازی بوو و بەو مەبەستە نامەیەکی بۆ ئیمپراتۆری بیزەنتی نووسی و پێیشی راگەیاند کە ناهێڵێت خەرجیەکانی دارایی و سەربازی ئەو گەڕانەوەیە بکەونە ئەستۆی ئەو، ئیمپراتۆریش بە داواکەی مومەهیدودەولە رازی بوو.(1)

## ٤- پەیوەندییەکانی مەڕوانی و بیزەنتییەکان لە سەردەمی نەسرودەولەدا (٤٠١ ک -٤٥٣ک/ ١٠١٠-١٠٦١ز)

لە پاش کوژرانی مومەهیدودەولە و لەکاتی ململانێی شەروە لەگەڵ میر نەسرودەولەدا، ئەو دەمەی شەروە تووشی شکستێکی سەخت بوویەوەو ترسی لێ نیشت بە تەواوەتی بشکێت، ئیبن فیلووسی راوێژکاری نزیکی شەروە پێشنیاری بۆ کرد نامەیەک بنووسێت بۆ ئیمپراتۆری بیزەنتی و پەنا بباتە بەر ئەوێ و پێی وت ''پادشای رۆم نەبێت کەسی تر ناتوانێت خوێنمان لە رشتن بپارێزێت، وڵاتیشی تەسلیم بکە''، ئەویش بە گوێی کرد و بە کۆمەڵێک دیاری و خەڵاتەوە نامەیەکی بۆ ئیمپراتۆری بیزەنتی نارد، خەڵکی شارەکەش ئەم هەواڵەیان بیست و ئەوەیان لەسەر دڵ گران بوو و بە ئاشکرا لە شوێنان نەفرەتیان لە شەروەو ئیبن فیلووس دەکرد، دواجاریش ئیبن فیلووسیان کوشت و شەروەش داوای پەنای کرد و لەلایەن پیاوماقووڵانی شارەکەوە پەنادرا.(2)

نەسرودەولە دیارترین و بەهێزترین میری نێو میرنشینی مەڕوانی بوو، سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتیشی هێما بوو بۆ بەهێزی دەسەڵاتی، چونکە لە یەک کاتدا هەرسێ دەسەڵاتی زلهێز و رەسمیی عەبباسی و فاتیمی و بیزەنتی دانیان نا بە دەسەڵاتەکەیدا و نێردراوی هەر سێ دەسەڵاتەکە لە یەک کاتدا لە کۆشکەکەیدا کۆبوونەوەو بە بەرگ و کاڵا و دیاری تایبەتەوە دانیان نا بە دەسەڵاتەکەیدا.(3)

لە سەروبەندی جەژنی قوربانی ساڵی (٤٠٣ک/ ١٠١٢ز) دا، نێردراوی باسیلی صەقلی ئیمپراتۆری بیزەنتی (٣٦٦-٤١٦ک/ ٩٧٦-١٠٢٥ز) بە کۆمەڵێک دیاری زۆر و نایابەوە گەیشتە لای میر نەسرودەولەو لەلایەن خەڵکەوە پێشوازی لێکرا، ماوەیەک هەر سێ نێردراوی سێ دەسەڵاتەکە (عەبباسییەکان، فاتیمییەکان، بیزەنتییەکان) لەوێ مانەوەو لە رۆژی چوارەمی جەژنی قورباندا

(١) - ابن العديم: زبدة الحلب في تاريخ حلب، ص ١١٣.

(٢) - الفارقي: تأريخ الفارقي، ص ص ٩٦ - ٩٨.

(٣) - الفارقي: تأريخ الفارقي، ص ص ١٠٩ - ١١٠؛ عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية، ج١/ ص ١٧٣.

نەسرودەولە بۆ پیرۆزبایی جەژن لە کۆشکەکەیدا دانیشت، نێردراوی خەلیفە و سوڵتان لەلای راستەوەو نێردراوی فاتیمی و بیزەنتیش لەلای چەپیەوە دانیشتن، دوای خوێندنەوەی شیعر و چەند بۆنەیەکی دی، نەسرودەولە پۆشاکی تایبەتی کردە بەری هەریەک لە نێردراوەکانی ئەو سێ دەسەڵاتە.(١)

پاش مردنی باسیلی دووەم پەیوەندییەکانی نێوان مەڕوانی و بیزەنتییەکان وەک پێشووتر نەما و جۆرێک لە بارگرژی بەخۆیەوە بینی، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان بریتی بوو لە چاوتێبڕینی بیزەنتییەکان بۆ شاری روها، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێک:

١-یەکەم مەڵبەندی مەسیحییەت بوو لە وڵاتی نێوان دوو رووبار و ناوچە کوردییەکاندا.

٢-مەڵبەندی سەرەکیی کڵێسای خۆرهەڵاتی بوو.

٣-لانکەی زمانی سریانی بوو کە لە ناوچە کوردییەکان و لەنێو فارس و هیندیشدا بوو بە زمانی مەسیحییەکان.

٤-ئەفسانەی پیرۆزی شاری روها کە بە گوێرەی گێڕانەوەکان عیسای مەسیح لە سەردەمی خۆیدا دەستەسڕەکەی خۆی بە خوێندکارێکی خۆیدا ناردووە بۆ بەرپرسی شاری روها.

٥-گەمارۆدانی میرنشینی مەڕوانی، چونکە لەلایەکەوە ئەرمەنەکان هاوسنووری بوون، لەولاشەوە بیزەنتییەکان، ئەگەر روهاشیان بگرتایە، گەمارۆی ئەو میرنشینەیان دەدا.(٢)

ئیبنولئەسیر لە رووداوەکانی ساڵی (٤٢٢ک/ ١٠٣٠) دا باسی لەوە کردووە پاش کوژرانی عوتەیری بەرپرسی روها، لەسەر داوای صالحی کوڕی میرداسی(٣) بەرپرسی حەلەب نەسرودەولە رازی بوو بەرپرسیارێتی شاری روها بداتە دەست ئیبن عوتەیر و ئیبن شیبل، لە شاری روهایش دوو بورجی بەهێز و پتەوی لێ بوو، ئیبن عوتەیر بورجە گەورەکەو ئیبن شیبلیش بورجە بچووکەکەیان وەرگرت، زۆری نەخایاند ئیبن عوتەیر پەیوەندی کرد بە ئەرمانۆسی سێیەمی بیزەنتییەوە (٤١٩-٤٢٦ک/١٠٢٨-١٠٣٤ز) و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە روها و چەند گوندێکی

---

(١) - الفارقي: تأريخ الفارقي، ص ص ١٠٩ - ١١٠.

(٢) - ارشاک بولاديان: الاكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص ٢٠٣؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الأكراد، ص ٧٦.

(٣) - ساڵحی کوڕی میرداسی کیلابی کە بە ئەسەدودەولە ناسرابوو، یەکێک بوو لە سەرکردە دیارەکانی عەرەب کە لە ساڵی (٤١٧ک/١٠٢٦ز) دا حەلەبی گرتەدەست و لە ساڵی (٤٢٠ک/١٠٢٩ز) دا کوژرا. بڕوانە (الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١٧/ ص ٣٧٥).

چواردەوریشی بە بیست هەزار دینار پێ فرۆشت و بورجەکەشی دا بەدەستەوە، بیزەنتییەکان هاتنە ناو بورجەکەو ناوی خودی شارەکەشەوەو کوشتارێکی زۆریان تێدا ئەنجامدا و بەشەکەی تریش کە بەدەست ئیبن شیبلەوە بوو گیرا و ئەوان رایانکرد و بیزەنتییەکان مانەوەو کەوتنە کوشتاری موسڵمانان و رووخاندنی مزگەوتەکان، نەسرودەولە کە ئەوەی بیست، خێرا بەرەو روها سوپایەکی بەرێخست و گەمارۆی شارەکە درا و دەستی بەسەردا گیرایەوە، بەڵام بیزەنتییەکان لەنێو دوو بورجەکەدا مابوونەوە، مەسیحییەکانیش لە کڵێساکەیاندا خۆیان حەشاردا، سوپای مەڕوانی گەمارۆیان دان و ناچاریان کردن بێنە دەرەوەو ژمارەیەکیان لێ کوشتن و دەستیانگرت بەسەر شمەکەکانیاندا، پاشان ئیمپراتۆری بیزەنتی سوپایەکی بەرەو دوو بورجەکە نارد کە نزیکەی دە هەزار جەنگاوەر دەبوون، مەڕوانیەکان لەبەردەم بیزەنتییەکاندا تێکشکان و شار کەوتە دەست ئەوان.[١]

بارودۆخەکە بەو چەشنە بوو هەتا لە ساڵی (٤٢٧ک/ ١٠٣٥ز) دا ئیبن وەسابی نومەیری سوپایەکی لە کوردەکان و نەتەوەکانی دیکە پێکهێنا و داوای لە بیزەنتییەکانی ناو روها کرد هاوکاری بن بۆ هێرش بردنە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی نەسرودەولەی مەڕوانی، سەرەتا هێرشی بردە سەر چەند ناوچەیەک و تاڵان و بڕی تێدا ئەنجام دا،[٢] لە بەرامبەر ئەم هەڵوێستەدا نەسرودەولە دوو هەنگاوی گرنگی نا:

یەکەم: پەیامێکی نارد بۆ ئیمپراتۆری بیزەنتی و هەواڵی ئەو هەڵمەتەی پێدا و سەرکۆنەی کرد لەسەر شکاندنی ئەو بەڵێن و ئاگربەستەی لەنێوانیاندا هەبوو.[٣]

دووەم: بانگەوازێکی لەنێو موسڵماناندا دەستپێکرد بۆ پشتیوانیکردنی دژ بەو نیەتە و بەشێکی دیاری سەرکردەو هێزە موسڵمانەکانیش بەدەم بانگەوازەکەیەوە هاتن و سوپایەکی گەورەی پێکەوەنا بۆ هێرشبردنە سەر هێزە بیزەنتییەکان لە روها.[٤]

ئیمپراتۆریش کە هەواڵەکەی پێگەیشت و لەولایشەوە زانی موسڵمانان کۆدەنگانە کۆبوونەتەوە بۆ هێرشبردنە سەر شاری روها، چەند هەنگاوێکی نا:

---

(١) – الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٧٤٤.

(٢) - ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ص ٨٥-٨٦؛ الأنطاكي: تأريخ الأنطاكي، ص ٤٣٥.

(٣) – الأنطاكي: تأريخ الأنطاكي، ص ٤٣٥.

(٤) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٧٧٠.

یەکەم: خێرا نێردراوی نارد بۆ لای نەسرودەولە و پۆزشی بۆ هێنایەوەو بێئاگایی خۆی لەو هێرشە نیشاندا و سوێندیشی بۆ خوارد، بەوەشەوە نەوەستا، بەڵکو بڕێک دیاری گرانبەهای بۆ میری مەڕوانی نارد.

دووەم: پەیامی سەرکۆنەی نارد بۆ هێزە بیزەنتییەکانی ناو روها و فەرمانی پێکردن بوەستن لەو هێرش و هەڵمەتانەیان.[١]

نەسرودەولە هەردەم لە خەیاڵی ئەوەدا بوو بتوانێت شاری روها بگرێتەوە، بۆ ئەوەش ویستی رێخۆشکەری بکات، لەو سەروبەندەشدا ئیبن وەسابی نومەیری و ئیبن عوتەیر دژ بە بیزەنتییەکان راپەڕین، ئەمەش دەرفەتێکی چاک بوو بۆ نەسرودەولە هەتا سوود لەو هەلە وەربگرێت و لە ساڵی (٤٢٧ک/ ١٠٣٥ز) دا هەڵمەتێک بباتە سەر شاری سوەیدا کە لەسەرەرێی شاری روهادا بوو،[٢] هەریەک لەو دوو سەرکردەی پێشووش دایانە پاڵ سوپاکەی ئەحمەدی کوڕی مەڕوان و هەرسێ لا پێکەوە توانییان ئەو شارە بگرن،[٣] لەوێشەوە هەنگاو بنێن بۆ گەمارۆدانی شاری روها، بیزەنتییەکانیش خێرا سوپایەکی پێنج هەزار کەسییان نارد بۆ پشتیوانی سەربازگەکەیان لە روها، بەڵام ئەو هێزە کەوتنە نێو بۆسەیەکی نەسرودەولەوەو زۆربەیان کوژران و ئەوانی دیکەش بڵاوەیان لێکرد و هەڵهاتن، هاوکات سەرکردەکەیان بەدیل گیرا، نەسرودەولە هەڕەشەی کوشتنی دیلەکانی کرد ئەگەر بێتو شارەکە نەدەن بەدەستەوە، ئەوانیش ناچار بوون خۆبەدەستەوە بدەن، ئەوکات بیزەنتییەکان شاریان جێهێشت و چوونە نێو قەڵای شارەکەوە، بەڵام لە دەرەوە هێزی پشتیوانی بیزەنتییەکان هات و بەشێک لە سوپای سەرکەوتووی بەخۆیەوە سەرقاڵکرد، ئەمەش رێخۆشکەر بوو هەتا بیزەنتییەکانی ناو قەڵاکە جارێکی تر شارەکە بگرنەوە، بەوەشەوە نەوەستان، بەڵکو بەرەو شاری حەڕانیش پێشڕەوییان کرد، خێرا ئیبن وەساب چوو بۆ بەرگرتن بەو هێرشە و تووشی شکستی کرد و هێزی بیزەنتی گەڕایەوە نێو روها، بەم چەشنە نەسرودەولە نەیتوانی ئەو شارە لەنێو چنگی بیزەنتییەکان دەربهێنێتەوە.[٤]

---

(١) - ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٧٧٠؛ ارشاك بولاديان: الاكراد في حقبة الخلافة العباسية، ص ٢٠٤.

(٢) - محمد سهيل طقوش: تاريخ الأكراد، ص ٧٨.

(٣) - أبو الفداء: المختصر في أخبار البشر، ج٢/ ص ١٥٩.

(٤) - ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٧/ ص ٧٧٦.

جارێکی دی لە ساڵی (٤٣٩ک/ ١٠٤٧ز) دا پەیوەندییەکانی نێوان مەڕوانی و بیزەنتییەکان جۆرێک لە گرژییان تێکەوت، هۆکارەکەشی دەرکەوتنی کەسایەتیەک بوو بە ناوی ئەصفەری تەغلیبی کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد لە کتێبی پیرۆزدا باسی کراوەو خەڵکێکی لە دەوری خۆی کۆکردەوەو هێرشی بردە سەر هەندێ ناوچەی بیزەنتییەکان و چەند سەرکەوتنێکی بەدەستهێنا و دەستیگرت بەسەر بڕێک دەستکەوتدا و ناووناوبانگی دەرکرد، جار دوای جار هێرشی دەبردە سەر بیزەنتییەکان و رۆژدوای رۆژ خەڵکی لە دەوری کۆدەبوونەوەو ترسی خستە دڵی بیزەنتییەکانەوە، بۆیە ئیمپراتۆر نامەیەکی نارد بۆ نەسرودەولەی کوڕی مەڕوان کە تیایدا هاتبوو: ''خۆت دەزانیت چ رێککەوتنێک لەنێوان ئێمە و ئێوەدا هەیە، ئەو کابراش بڕێک بەزمی ناوەتەوە، جا ئەگەر لە ئاگربەست پاشگەزبوویتەتەوە پێمان بڵێ با ئێمەش لەوبارەوە هەنگاوی پێویست بنێین''، هاتنی نێردراوی ئەصفەریش بۆ لای نەسرودەولە هاوکات بوو لەگەڵ گەیشتنی ئەو نامەی ئیمپراتۆردا، ئەصفەر بۆڵەی نەسرودەولەی دەکرد لەسەرئەوەی وازی لە جەنگ هێناوەو خووی داوەتە رابواردن، نەسرودەولەش ئەمەی پێ ناخۆش بوو، بۆیە خەڵکێکی لە بەنونومەیر نارد و پێی وتن: ''ئەم کابرایە رۆمی لێ هانداوین و ئێمەش دەرەقەتی رۆم نایەین''، پاشان سامانێکی چاکی پێدان بۆ لەناوبردنی، ئەوانیش چون بۆ لای و بە فێڵ توانییان بەدیلی بگرن و هێنایان بۆ لای نەسرودەولە، بەمەش خواستی ئیمپراتۆری بیزەنتی بەدیهێنا.[١]

لە ساڵی (٤٤١ک/ ١٠٤٩ز) دا لە گەرمەی ململانێی نێوان بیزەنتی و سەلجووقیەکاندا، نەسرودەولە لەسەر راسپاردەی قوستەنتینی نۆیەمی ئیمپراتۆری بیزەنتی (٤٣٤-٤٤٦ک/١٠٤٢-١٠٥٤ز) هەوڵی نێوەندگیری دا لەنێوان ئەو دوو زلهێزەدا،[٢] دیارە پەیوەندییەکانیان دواتر بەرەو تەباییەکی زیاتر چون، وەک چۆن لە رووداوەکانی ساڵی (٤٤٣ک/ ١٠٥١ز) دا باس لەوە دەکرێت ئەحمەدی کوڕی مەڕوان بڕێک دیاریی گرانبەهای ناردووە بۆ قوستەنتین و لەنێویشیاندا فیلێکی بە دیاریی بۆ ناردووە.[٣]

---

(١) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٨/ ص ٦٤؛ ابن العبري: تأريخ الزمان، ٩٦.

(٢) – ابن العبري: تأريخ الزمان، ٩٧؛ عبدالرقيب يوسف: الدولة الدوستكية، ج٢/ ص ٢١.

(٣) – العظيمي: تاريخ حلب، تح: ابراهيم زعرور، دمشق، ١٩٨٤م، ص ٣٤١.

# بەشی چوارەم

## پەیوەندیی نێوان ئەیووبییەکان و خاچییەکان

### باسی یەکەم

بەریەککەوتنی نێوان ئەیووبی و خاچییەکان هەتا مردنی سەلاحەدین

### باسی دووەم

بەریەککەوتنی ئەیووبی و خاچییەکان لە دوای سەلاحەدینەوە

## باسی یەکەم

## بەریەککەوتنی نێوان ئەیووبی و خاچپییەکان هەتا مردنی سەلاحەدین

### تەوەری یەکەم:

### بەریەککەوتنی ئەیووبی و خاچپییەکان لە سەردەمی زەنگییەکاندا

ئەیووبییەکان لە سایەی زەنگییەکان لە شامدا پۆستی گەورەیان پێ درا،[١] لەوێ ئەیووبییەکان جەنگی فرەنجەکانیان کرد و چەندین قەڵایان گرت،[٢] دیارترین بەشداریشیان لە جەنگی خاچپییەکان لە شامدا بریتی بوون لە:

وەڵامدانەوەی هێرشێکی پادشای ئەنتاکیە کە بەشێکی سوپاکەی بەرەو حەما و بەشەکەی تریش بەرەو حەلەب هێرشی برد، ئەسەدەدین شێرکۆ بە سوپایەکەوە بەرەو خاچپییەکان چوو، کەچی بۆی دەرچووبوون، بەڵام بەشێک لە پیادەی ناو سوپای خاچپییەکان مابوونەوە کە دیلەکانی ئەو ناوچەیان پێ بوو، شێرکۆ هەموو پیادە خاچپییەکانی کوشت و زۆربەی دەستکەوتەکانی گێڕایەوە، پاشان روویکردە ئەرتاح و ئوستاق و هەرچی شتێک کە فرەنجەکان دەستیان بەسەرداگرتبوو، گێڕایەوەو بە سەرکەوتوویی گەڕایەوە بۆ حەلەب.[٣]

لە رووداوەکانی ساڵی (٥٤٣ک/ ١١٤٨ز) دا کوژرانی نورودەولە شاهشناهی کوڕی ئەیووب دەبینین کە براگەورەی سەلاحەدینی ئەیووبی بوو، کوژرانیشی لەسەر دەستی فرەنجەکان بوو.[٤]

لە ساڵی (٥٤٤ک/ ١١٤٩ز) ئەسەدەدین شێرکۆ رۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە جەنگی نێوان نورەدین زەنگی و خاچپییەکان وچەک و ئازووقە و ئەسپێکی زۆری خاچپییەکانی دەستبەسەردا گرت و بەشێکی لێ نارد بۆ نەجمەدینی برای. [٥]

---

(١) – ابن الأثير: التاريخ الباهر في الدولة الأتابكية، تح: عبدالقادر أحمد طليمات، دار الكتب الحديثة، القاهرة، ١٩٦٣م، ص ١١٩.

(٢) – ابن عساكر: تأريخ مدينة دمشق، ج٢٣/ ص ٢٨٤.

(٣) – أبوشامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، ج١/ ص ١٧٣.

(٤) – أبو الفداء: المختصر في أخبار البشر، ج٣/ ص ٢١.

(٥) – أبوشامة: الروضتين، ج١، ص ٢٠٦؛ عطا عبدالرحمن محى الدين: ئەسەدەدین شێرکۆ، ل ٩٦-٩٩.

جگە لە ئەسەدەدین شێرکۆ، باس لە رۆڵی سەرکردەیەکی تری کورد دەکرێت بەناوی بەزانی کوڕی مامین کە پێشڕەوی سوپای دیمەشقییەکان بوو، کاتێک لە سەرەتای خۆئامادەکردنەوە بۆ جەنگەکە، نوورەدین داوای یارمەتی کرد، لە دیمەشقەوە بەزانی کوردی چوو بۆ پشتیوانی نوورەدین و بەشدار بوو لە هێرشەکەی ئەنتاکیەدا.(١)

لە ساڵی (٥٥٢ک/ ١١٥٧ز) دا ئەسەدەدین شێرکۆ لەگەڵ سوپایەکی خاچییەکان جەنگا و تووشی شکستی کردن،(٢) پاشان خۆی گەیاندە بانیاس و هاودەم بە نووردەین بەسەر خاچییەکاندا سەرکەوتن، شێرکۆ بە دیل و دەستکەوتەوە بەرەو دیمەشق چوو، فرەنجەکانیش سوپای سوارەیان نارد و رێیان پێ گرت،(٣) شێرکۆیش لەگەڵیان جەنگا و تووشی شکستی کردن و دەستکەوتێکی زۆر و ژمارەیەکی بەرچاوی لێ بەدیلگرتن.(٤)

لە ساڵی (٥٥٣ک/ ١١٥٨ز) یشدا ئەسەدەدین شێرکۆ بە سوپایەکەوە هێرشی برد بۆ سەر دەوروبەر و ناوچەکانی صەیدا و گورزێکی کوشندەی لە خاچییەکان وەشاند و هێزی سوارە و پیادەی فرەنجەکان تیایدا کەوتنە بۆسەی ئەسەدەدینەوە و زۆربەیان کوژران و ئەوانی دیکەش بەدیل گیران، کوڕی یەکێک لە گەورەکانی قەڵای حارمیش لەناو بەندکراوەکاندا بوو.(٥)

لە ساڵی (٥٥٤ک/ ١١٥٩ز) دا هاودەم بە نەجمەدین ئەیووبی برای و کوڕەکانی، بەشێک لە سوپاکەی خۆی ئامادەکرد و هێرشیان بردە سەر صیدا، فرەنجەکانیش ئاگاداری ئەم هێرشە نەبوون و خۆیان ئامادە نەکردبوو بۆ بەرنگاربوونەوە، هەواڵگریشیان نەیتوانیبوو درک بە هاتنی ئەو سوپایە بکات، شێرکۆ و سوپاکەی توانییان ژمارەیەکی بەرچاو لە خاچییەکان بکوژن و بەدیل بگرن و بە دەستکەوتێکی زۆرەوە بگەڕێنەوە.(٦)

---

(١) – ابن أبي الهيجاء: تاريخ ابن ابي الهيجاء، ص ٢٣٢.

(٢) – ابن القلانسي: ذيل تاريخ دمشق، ج١/ ص ٥٢١.

(٣) – أبوشامة: الروضتين، ج١/ ص ٣٤٥.

(٤) – ابن القلانسي: ذيل تاريخ دمشق، ج١/ ص ٥٢٢.

(٥) – ابن القلانسي: ذيل تاريخ دمشق، ج١/ ص ٥٢٢؛ عطا عبدالرحمن محى الدين: ئەسەدەدین شێرکۆ، ل ١٠٢.

(٦) – أبوشامة: الروضتين، ج١/ ص ٣٨٤.

له دوای ساڵی (٥٥٨ک/ ١١٦٢ز) ەوە پەیوەندیی ئەیووبی و خاچپییەکان قۆناغێکی نوێی بەخۆیەوە بینی کە ئەویش قۆناغی ململانێ بوو لە خاکی میسردا، ئەسەدەدین شێرکۆ و سەلاحەدینی ئەیووبی دوو کەسایەتی دیاری ئەیووبی بوون کە جڵەوی ئەو بەریەککەوتنەیان گرتبوویەدەست، ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ بەهێزبوونی زیاتر و دواجار دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیووبی.[١]

ئەسەدەدین شێرکۆی ئەیووبی لە ژیانیدا سێ جار هەڵمەتی بردە سەر میسر.[٢]

لە میسردا کە فاتیمیەکان فەرمانڕەوا بوون، بەهۆی لاوازییانەوە دەسەڵاتی کردەیی لەدەست وەزیرەکاندا بوو و شەڕ و ململانێ لەسەر پۆستی وەزیر و دەسەڵاتەکانی درێژەی دەکێشا، جا یەکێک لە وەزیرە فاتیمیەکان بە ناوی شاور[٣]، پەنای هێنایە بەر نوورەدینی زەنگی، هۆکارەکەشی ئەوەبوو یەکێک لە کەسایەتیە بەهێزەکان بە ناوی زەرغام لەسەر پۆستی وەزیریی ململانێی لەگەڵ دەکرد و توانی شاور بشکێنێت و پۆستی وەزیریی دەستبەرسەردا بگرێت، شاوریش پەنای هێنایە بەر زەنگیەکان و داوای یارمەتیی لێکرد،[٤] ئەویش بە سەرکردایەتی شێرکۆی ئەیووبی سوپایەکی بەرەو میسر نارد،[٥] ئەسەدەدین شێرکۆیش جەنگی زەرغامی کرد و شکستی پێ هێنا.[٦]

لە ساڵی (٥٥٩ک/ ١١٦٣ز) دا شاور لە بەڵێنەکانی پاشگەز بوویەوە و فەرمانی کرد ئەسەدەدین شێرکۆی ئەیووبی وڵاتی میسر جێبهێڵێت، شێرکۆیش بەگوێی نەکرد و کەوتە گرتنی شوێنەکانی میسر، شاوریش خێرا پەنای بردە بەر پادشای فرەنجەکان لە عەسقەلان،[٧] ئەویش بێ دوودڵیی بە

---

(١) - ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ١٧٦؛ عطا عبدالرحمن محی الدين: ئەسەدەدين شێركۆ، ل ١٠٨ بەدواوە.

(٢) - ابن خلكان: وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان، ج٢/ ص ٤٤٠.

(٣) - وەزیرێکی فاتیمیەکان بوو کە ماوەی دەسەڵاتەکەی بە ماوەیەکی خراپ ناسراوە، تیایدا خاچپییەکانی بەرەو وڵاتی میسر هێنا، بەشێک لە میسری سووتاند و وێرانییەکی زۆری تێدا ئەنجام دا، تەنانەت بە هۆکاری لەناوچوونی دەوڵەتی فاتیمی دانراوە. بڕوانە (المقريزي: اتعاظ الحنفاء بأخبار الأئمة الفاطميين الخلفاء، ج٣/ ص ٣٠١.)

(٤) - ابن شداد: النوادر السلطانية والمحاسن اليوسفية، ص ٧٥.

(٥) - ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ٧٥؛ ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ١٧٧.

(٦) – ياقوت الحموي: معجم الأدباء، تح: إحسان عباس، ط١، دار الغرب الإسلامي، بيروت، ١٩٩٣م، ج٤ /ص ١٥٦٤؛ ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٩/ ص ص ٣٠٥-٣٠٦.

(٧) - عماد الأصفهاني: البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، ص ٣٨٦؛ ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ١٧٧؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦/ ص ص ٤٠٩-٤١٠.

سوپایەکی زۆرەوە هێرشی هێنا، لەولاشەوە لە دەریاوە ژمارەیەکی زۆری خاچپییەکان کە بەنیازی زیارەتی بەیتولمەقدیس هاتبوون، رازی کران بەشداری ئەو جەنگە بن.[(١)]

شێرکۆ لە بیلبیس خۆی ئامادەکرد بۆ رووبەڕووبوونەوە، هێزی خاچپییەکانیش ماوەی هەشت مانگ گەمارۆی سوپاکەی شێرکۆیان دا، بەڵام ئەمان خۆیان بەدەستەوە نەدا و بەرگرییەکی سەرسەختانەیان کرد، کاتێک نووردەین لەولاوە هێرشی بردە سەر ناوچەکانی ئەو سوپا خاچپییە و کوشتارێکی زۆری لێکردن، ناچار ئەمانیش وازیان هێنا لە گەمارۆدانی سوپاکەی شێرکۆ و داوای رێککەوتنیان لێکرد،[(٢)] رێککەوتنەکەش بەو چەشنە بوو کە ئەسەدەدین بگەڕێتەوە بۆ شام و ناوچەکان بداتەوە دەست میسرییەکان،[(٣)] رازیی بوو و پاش رێککەوتنەکە، بە سوپاکەیەوە گەڕایەوە بۆ شام.[(٤)]

لە ساڵی (٥٦٢ک/ ١١٦٦ز) دا هێزە خاچپییەکان بە سوپایەکی زۆرەوە روویانکردەوە میسر و بەشێک لە هێزە فاتیمیە میسرییەکانیش بە بڕیاری شاوری وەزیری فاتیمیی هاوکاریان بوون بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو وڵاتەدا،[(٥)] هەرچەندە بۆچوونێکی تر هەیە گوایە شێرکۆ سوپایەکی هێناوە بەرەو میسر، شاوریش کە بەمەی زانیوە، پەنای بردووەتە بەر فرەنجەکانی شام بەڵکو بێن بە هانایەوە، ئەوانیش لەبەر ترسیان لە سوپاکەی شێرکۆ و رەگداکوتانی لە میسر و تەمایان لە خێر و بێری میسر، رازی بوون بە داواکەی شاور.[(٦)]

ئەسەدەدین شێرکۆ کۆمەڵێک هەواڵگری نارد بۆ ناویان و ئەوانیش بە زانیارییەوە گەڕانەوەو هەواڵیان پێدا کە ژمارەیان زۆرە و سووریشن لەسەر لێدانی شێرکۆ و سوپاکەی،[(٧)] ئەسەدەدین شێرکۆ پلانێکی وردی سەربازیی دانا، پلانەکەشی سەری گرت و فرەنجە خاچپییەکان کەوتنە دوایان،

---

(١) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٩/ ص ٣٠٦؛ ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ١٧٧.

(٢) – ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦/ ص ص ٤٠٩-٤١٠.

(٣) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٩/ ص ٣٠٧.

(٤) – ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦/ ص ٤٠٩-٤١٠.

(٥) – عماد الأصفهاني: البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، ص ٣٩١؛ ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ١٧٨؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦/ ص ٤٢٢.

(٦) – ابن واصل: مفرج الكروب في تأريخ بني أيوب، ج١/ ص ١٤٩؛ المقريزي: اتعاظ الحنفاء بأخبار الأئمة الفاطميين الخلفاء، ج٣/ ص ٢٨٢؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١٥/ص١٦٦.

(٧) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٩/ ص ٣٢٧؛ ابن واصل: مفرج الكروب في تأريخ بني أيوب، ج١/ ص ١٥٠.

ئەوكات ئەسەدەدین بە سوپاكەیەوە كەوتە دوای فرەنجەكان و تووشی شكستی كردن،[1] بە هەزاران سەربازی فرەنجەكان كوژران و حەفتا باروونی (سەركردەی سەربازیی) خاچپییەكان بەدیلگیران.[2]

پاش ئەوەی سەلاحەدین ئەسكەندەرییەی گرت،[3] شاور و خاچپییەكان بڕیاریان دا سەلاحەدین بخەن، دڵخۆشیشیان گەمارۆی هێزە دەریاییە خاچپییەكانی تر بوو كە خستبوویانە سەر ئەسكەندەرییە،[4] بۆیە لە ساڵی (٥٦٢ك/ ١١٦٦ز) گەمارۆیەكی سێ مانگییان خستە سەر ئەسكەندەرییە، خەڵكی ئەسكەندەرییە زۆریان بۆ هات و برسێتی فشاری بۆ دروست كردن، ناچار ڕێككەوتنێك كرا لە بەرامبەر چۆڵكردنی ئەسكەندەرییە بۆ شاوەر و پێدانی پەنجا هەزار دینار بە سەلاحەدین لەلایەن وەزیری فاتیمیەوە، هەروەها شاور بەڵێن بدات سزای هیچ كەسێكی ناو ئەسكەندەرییە نەدات لەسەر هاودەستیی لەگەڵ سەلاحەدیندا،[5] پاشان سەلاحەدین گەڕایەوە بۆ شام،[6] عمووریی یەكەمی پادشای بەیتولمەقدیس (٥٥٧-٥٦٩ك/١١٦٢-١١٧٣ز) یارمەتیی سوپاكەی سەلاحەدینی دا بۆ گواستنەوەی بریندارەكانی ناو سوپاكەی.[7]

شاور بەڵێنی نەبردە سەرو كەوتە سزادان و گرتنی ئەو كەسانەی هاودەستیی سەلاحەدینیان كردبوو، سەلاحەدینیش پەیوەندیی كرد بە عمووری یەكەمەوەو داوای لێكرد شاور بوەستێنێت، ئەویش وایكرد.[8]

---

(١) – ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٩/ ص ٣٢٨؛ ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ١٧٨؛ عطا عبدالرحمن محى الدين: ئەسەدەدین شێركۆ، ل ل ١١٦-١١٧.

(٢) – ابن واصل: التاريخ الصالحي، تح: عمر عبدالسلام تدمري، ط١، المكتبة العصرية، بيروت، ٢٠١٠م، ج٢/ ص ٢٠٦.

(٣) – يعقوب الڤيترى: تاريخ بيت المقدس، ص ٦١.

(٤) – ابن واصل: مفرج الكروب في تأريخ بني أيوب، ج١/ ص ١٥١؛ محمد سهيل طقوش: تأريخ الزنكيين في الموصل وبلاد الشام، ط٢، دار النفائس، بيروت، ٢٠١٠ م، ص ٣٤٨.

(٥) – ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ١٧٩؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦/ ص ٤٢٢؛ على محمد الصلابي: صلاح الدين الأيوبي، ط٢، دار المعرفة، بيروت، ٢٠٠٨ م، ص ١٧٦.

(٦) – ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦/ ص ٤٢٢.

(٧) – الصلابي: صلاح الدين الأيوبي، ص ١٧٦

(٨) – رنسيمان: تاريخ الحملات الصليبية، ج٢/ ص ٤٣٢.

له ساڵی (٥٦٤ک/ ١١٦٨ز) دا جارێکی تر ئەسەدەدین شێرکۆ روویکردەوە میسر، چونکە خاچپییەکان زۆریان هێنابوو بۆ قاهیرە، خەڵکەکەش هاواریان گەیاندەلای ئەسەدەدین و ئەویش بە سوپایەکی گەورەوە هات،[1] هەواڵی هاتنی ئەسەدەدین وایکرد فرەنجەکان بڕیار بگۆڕن و شاور لەگەڵیان رێککەوت لە بەرامبەر یەک ملیۆن دینار ولاتی میسر چۆڵ بکەن، ئەوانیش رازی بوون و گەڕانەوە، هەتا ئەسەدەدین گەیشت، خاچپییەکان ولاتیان جێهێشتبوو.[2]

ئیبن عەساکیر سەبارەت بە ئەسەدەدین شێرکۆ دەڵێت: ''شێرکۆی کوڕی شادی منەت و چاکەی هەیە بەسەر هەموو موسڵمانانەوە لەپای ئەوەی میسری لەدەست فرەنجەکان رزگار کرد''.[3]

بەهێزبوونی ئەیووبییەکان لە میسر ترسی لەدڵی خاچپییەکاندا دروستکردبوو، بۆیە فرەنج و رۆمەکان یەکدەست کۆبوونەوە بەو نیازەی هێرشێکی چڕوپڕ بکەنە سەر میسر و دەستبگرن بەسەریدا،[4] ئەوەبوو لە ساڵی (٥٦٥ک/ ١١٦٩ز) دا هەڵیانکوتایە سەر شاری دمیات و گەمارۆیان دا، ئەمەش پاش ئەوەی پەیوەندییان کردبوو بە خاچپییەکانی صقلیە و ئەندەلوس و ناوچەکانی تر و داوای یارمەتییان لێدەکردن دژ بە سوپاکەی ئەسەدەدین شێرکۆ، ئەوانیش بە چەک و ئازووقە و هێزی سەربازیش هاتن بەدەمیانەوە و گەمارۆیەکی سەختیان خستە سەر شارەکە، بەڵام بەهۆی دەستوەردانی خەلیفەی فاتیمی و فشاری نورەدین زەنگیەوە خاچپییەکان پاش پەنجا رۆژ دەستیانهەڵگرت و بەرەو شام گەڕانەوە.[5]

لە مانگی جومادی دووەمی ساڵی (٥٦٨ک/ ١١٧٢ز) ی کۆچیدا سەلاحەدین تورانشاهی برای نارد بەرەو ولاتی نۆبە کە میرنشینێکی مەسیحی بوو و ناوچەیەکی زۆری لێگرت و ئیبراهیمی کوردیی

---

(١) - عماد الأصفهاني: البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، ص ص ٣٩٧-٣٩٨.

(٢) - ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ص ١٨١-١٨٢؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦/ ص ص ٤٢٨ - ٤٢٩.

(٣) – تاريخ مدينة دمشق، ج٢٣/ ص ٢٨٤.

(٤) - ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ص ٨١-٨٢.

(٥) - عماد الأصفهاني: البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، ٣٩٩؛ ابن الأثير: الكامل في التأريخ، ج٩/ ص ٣٥١.

کرد بە والی ئەو ناوچەیە[١] و لە ئیبریم کە ناوچەیەکی وڵاتی نۆبە بوو، سەربازگەیەکی کوردیی دانا.[٢]

پاش ئەوەی سەلاحەدین لە ساڵی (٥٦٧ک/١١٧١ز) خیلافەتی فاتیمی لە میسر هەڵوەشاندەوەو وتاری خیلافەت بۆ عەبباسییەکان خوێنرایەوە،[٣] ژمارەیەک لە لایەنگرانی فاتیمیەکان بە سەرکردایەتی شاعیرێکی یەمەنی کە نزیکی فاتیمیەکان بوو هەوڵیان دا سەلاحەدین لە میسر بخەن، بۆیە پەیوەندییان کرد بە خاچییەکانی شام و نۆرمانەکانی صقلیەوە، سەلاحەدینیش بە وردەکاریی پیلانەکەی زانی و پێش ئەوەی سەربگرێت، کۆتایی پێ هێنا، عموورییی یەکەمیش کە بەشێک بوو لە پیلانەکە، هەواڵی ئاشکرابوونی پیلانەکەی پێ گەیشت، بەڵام نەیتوانی هیچ هەنگاوێک بنێت، چونکە زۆری نەخایاند کۆچی دوایی کرد، کەشتگەلی نۆرمانەکانیش لەسەر دەستی سەلاحەدین گورزێکی کوشندەیان بەرکەوت و بە ناچاری پاشەکشەیان کرد.[٤]

---

(١) – ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ١٨٨؛ الصلابي: صلاح الدين الأيوبي، ص ص ٢١٤-٢١٥.

(٢) – اسمنت غنيم: الدولة الأيوبية والصليبيون، دار المعرفة الجامعية، اسكندرية، ١٩٩٠م، ص ٢٣.

(٣) - ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ١٨٧.

(٤) – عماد الأصفهاني: البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، ص ٤٠٢؛ عمادالدين الكاتب: خريدة القصر وجريدة العصر، تح: د. شكري فيصل، المطبعة الهاشمية، دمشق، ١٩٥٩م، ج٣، ص ص ١٠١ – ١٠٢؛ اسمنت غنيم: الدولة الأيوبية والصليبيون، ص ٢٤.

## تەوەری دووەم:

## بەریەککەوتنی ئەیووبی و خاچپیەکان هەتا سێیەم هەڵمەتی خاچپیەکان

بەریەککەوتنی ئەیووبی و خاچپییەکان لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیووبیدا خۆی لە دوو قۆناغی سەرەکیدا دەبینیەوە کە ئەوانیش بریتی بوون لە:

**قۆناغی یەکەم لە نێوان ساڵانی (٥٧٠-٥٨٢ک/١١٧٤-١١٨٦ز):** لەم قۆناغەدا بەریەککەوتنەکان زۆر سەخت نەبوون و صەلاحەیدنی ئەیووبی خۆی یەکلانەکردبوویەوە بۆ لێدانی خاچپییەکان.

پاش کۆچی دوایی عمووری یەکەمی پادشای بەیتولمەقدیس، بلدوینی چوارەمی کوڕی تەمەنی کەم بوو و کەسێکی بەهێزیش نەبوو، بۆیە دواجار بڕیار درا لەسەر ئەوەی ریمۆندی سێیەمی بەرپرسی ئەنتاکیە وەک وەصی بۆ بلدوینی چوارەم کاروباری بەیتولمەقدیسیش بەڕێوە ببات.

یەکەم هەنگاوی خاچپییەکان بەرگرتن بوو بە پێشڕەوییەکانی سەلاحەدین لە شامدا، چونکە ئەزموونی پێشتری ئەیووبیەکان لە میسر و سەرکردایەتی سەلاحەدین دژ بە خاچپییەکان لەوێ بینرابوو، بۆیە لە گەرمەی سەرقاڵی سەلاحەدین بە باکووری شامەوە، بلدوینی چوارەم هێرشی بردە سەر دیمەشق، سەلاحەدینیش بۆ ئەوەی لە دوو بەرەوە نەجەنگێت، ئاگربەستی لەگەڵ میرنشینی بەیتولمەقدیسدا واژۆ کرد،[(١)] بەڵام ساڵێکی نەخایاند کە خاچپییەکان ئاگربەستەکەیان شکاند و هێرشیان بردە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی سەلاحەدین، بەڵام بە گەڕانەوەی خودی سەلاحەدین خاچپییەکان پاشەکشەیان کرد.[(٢)]

لە ساڵی (٥٧٣ک/ ١١٧٧ز) دا خاچپییەکان چاویان بڕییە حارم و بەڵێنیان شکاند و هێرشیان بردەسەری، سەلاحەدین بۆ لێدانی خاچپییەکان روویکردە شام و پێشڕەوییەکی باشی کرد هەتا گەیشتە رەملە، بەڵام لەوێ بە سوپاکەیەوە کەوتە بۆسەی فرەنجەکانەوە، کار گەیشتە ئەوەی خەریک بوو خودی سەلاحەدین بکوژرێت، دواجار لە تاریکایی شەودا بەرەو میسر پاشەکشەی کرد.[(٣)]

لە ساڵی (٥٧٤ک/ ١١٧٨ز) دا فرەنجەکان هێرشیان بردە سەر دەوروبەری دیمەشق و تاڵان و بڕییان ئەنجامدا، سەلاحەدینیش فەروخشاهی برازای راسپارد بەرنگاریان ببێتەوە، بۆ ئەوەش پلانی

(١) - محمد سهيل طقوش: تاريخ الأيوبيين، ص ١١٩.

(٢) - ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩/ ص ٤٢٤.

(٣) - ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩/ ص ٤٢٨؛ ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ٩٧.

بۆ دانان رایانبکێشێته ناو وڵاتەوەو چاوەڕێ بکات هەتا خۆی دەگاتە ئەوێ، بەڵام خاچپییەکان پەلەیان کرد لە بەرنگاربوونەوەدا و جەنگ روویدا و سوپای ئەیووبی توانی سوپای خاچپییەکان بشکێنێت و یەکێک لە سەرکردەکانیشیان بکوژێت.(١)

لە بەرامبەر ئەمەدا بلدوینی چوارەم بە هاوکاری ریمۆندی سێیەمی بەرپرسی تەرابلوس بڕیاری دا کۆتایی بەو سەرکەوتنەی ئەیووبییەکان بهێنێت، بەڵام سەلاحەدین ئاگاداری جموجووڵەکانیان بوو و بەرنگاریان بوویەوەو تووشی شکستی کردن و ژمارەیەک لە کەسایەتی و سەرکردەکانی لێ بەدیل گرتن.(٢)

خاچپییەکان جارێکی دی بە دروستکردنی قەڵایەک رێککەوتنی خۆیان لەگەڵ ئەیووبیەکاندا بەزاند،(٣) سەلاحەدینیش هۆشداری پێدان و داوای کرد قەڵاکە بڕووخێنن، ئەوانیش داوای خەرجیەکانی دروستکردنەکەیان کرد، سەلاحەدین هەتا بڕی سەد هەزار دیناری پێدان، بەڵام ئەوان رازی نەبوون، ئەوکات سەلاحەدین بڕیاریدا ئەو داهاتە لە سوپاکەیدا خەرج بکات و بە هێز قەڵاکە لەناوببات،(٤)

بەریەککەوتنی سوپای ئەیووبی و هێزە خاچپییەکان لە ساڵی (٥٧٥ک/ ١١٧٩ز) دا بە سەرکەوتنێکی کەموێنەی ئەیووبیەکان کۆتایی هات کە تیایدا ژمارەیەکی بەرچاو لە سەرکردە خاچپییەکان بەدیل گیران، سەرکەوتنەکە بە چەشنێک بوو کە لە بەغدادی پایتەختی خیلافەتی عەبباسیەوە ئاهەنگی خۆشحاڵبوون بەو سەرکەوتنە بەڕێوەچوو.(٥)

سوڵتان سەلاحەدین توانی سوود وەربگرێت لە راجیایی نێو هێزە خاچپییەکان، لەو نێوەندەدا ریمۆند تاکو ئاستێک بە گەورە تەماشای سەلاحەدینی دەکرد کە ئامۆژگاری جای لوزجنانی دەکرد "بەهیچ شێوەیەک سەلاحەدین لەگەڵ سوڵتانەکانی دیکە بەراورد ناکرێت لەرووی دەسەڵات و پلان دانان و توانای لە رووبەڕووبوونەوەی مەترسیەکاندا، لەکاتێکدا رینالد دی شاتیۆن (ئەرنات)ی بەرپرسی کەرک پێچەوانەی ئەو بیری دەکردەوەو سەرزەنشتی ئەکرد لەسەر ئەو قسانەی و بە

(١) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩/ ص ٤٣٧؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦/ ص ٥٣٠.

(٢) – محمد سهيل طقوش: تاريخ الأيوبيين، ص ١٢٨.

(٣) – عمادالدين الكاتب: البرق الشامي، تح: د. فالح حسن، ط١، مؤسسة عبدالحميد شوان، عمان، ١٩٨٧م، ج٣/ ص ١٤٤.

(٤) – ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦/ ص ٥٣٠.

(٥) – عماد الأصفهاني: البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، ص ص ٤١٤-٤١٥؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦/ ص ص ٥٣٥-٥٣٦.

ترسنۆک پێناسەی دەکرد،[1] دواجاریش بە دەستتێوەردانی ئەرنات ئاگربەستەکە هەڵوەشایەوە، چونکە ئەو بەرپرسە هێرشەکانی بۆ سەر ناوچەکانی دەسەڵاتی ئەیووبییەکان دەستپێکرد، ئەمەش هەڵچوونی موسڵمانانی لێکەوتەوەو سەلاحەدین دەستیکردەوە بە هێرش بۆ سەریان.[2]

ئەرنات کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی میرنشینی بەیتولمەقدیس و بە کابرایەکی رێگر و چەتە ناسرابوو،[3] داخی زیاتر لە پانزە ساڵ بەندکردنیشی لەلایەن موسڵمانانەوە هێندەی تر هانی دەدا،[4] گوێی بە رێککەوتنەکە نەدا و کەوتە هێرش بردنە سەر ناوچە کەناراوییەکان و رێگری لە حاجیانی موسڵمان[5] و دواتریش بەرەو حیجاز ئاراستەی وەرگرت،[6] سەلاحەدینیش بۆ تەمبێکردنی هێرشی بردە سەری، ئەرنات ناچار بوو داوای ئاگربەست بکات و سەلاحەدینیش رازی بوو،[7] بەڵام جارێکی دی لە ساڵی (٥٨٢ک/ ١١٨٦ز) دا ناپاکی نواند و یەکێک لە گەورەترین کاروانەکانی موسڵمانانی گرت و هەموو ماڵ و سامانەکەشی بردن، سەلاحەدین نامەیەکی هەڕەشەی بۆ نارد هەتا گیراوەکان ئازاد بکات، ئەویش گوێی بە نامەکە نەدا،[8] بەڵکو گاڵتەئامێزانە وتی ''بە موحەممەدەکەتان بڵێن با رزگارتان بکات''،[9] سەلاحەدینیش نەزری کرد ئەگەر بیگرێت خۆی بیکوژێت.[10]

---

(١) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ٢٣؛ ئاراس فريق زينل: جەنگی دەروونی لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی مێژوو، ٢٠٠١ز، ل ل ٦٦-٦٧.

(٢) – رنيه گروسيه: موجز تاريخ الحروب الصليبية، ص ٦٤.

(٣) – أبوشامة: الروضتين، ج٣/ص٢٧٤؛ الصلابي: صلاح الدين الأيوبي، ص ٤٧٠.

(٤) – ارنست باركر: الحروب الصليبية، ص ٨٢.

(٥) – يعقوب الڤيتري: تاريخ بيت المقدس، ص ١٤٨؛

(٦) – عمادالدين الكاتب: البرق الشامي، ج٥/ ص ص ٦٩-٧٠؛ ابن فضل الله العمري: مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، تح: كامل سلمان الجبوري و مهدي النجم ط١، دار الكتب العلمية، بيروت،٢٠١٠م، ج٢٧/ ص ص ٧٠-٧١.

(٧) - ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ٢٠٦.

(٨) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ص ١٨-١٩.

(٩) – ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ٦٩.

(١٠) – ابن شداد: النوادر السلطانية، ص١٢٩؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ص ١٨-١٩؛ أبوشامة: الروضتين، ج٣/ص٢٧٤.

گرنگترین هەنگاوی سەلاحەدین لەوەبەدوا بۆ ئەوە بوو بەرەی قودس لە تەرابلوس و ئەنتاکیە دابېڕێت، هەنگاوی یەکەمیشی بۆ ئەمە هێرش بردنە سەر بەیرووت بوو، بۆ ئەمەش گەمارۆی دەریایی و وشکانی خستەسەر، بەڵام بەهۆی خۆڕاگری خەڵکەکەیەوە نەیتوانی بیگرێت و گەمارۆکەی لەسەر لابرد.[١]

لە بەرامبەردا لە ساڵی (٥٧٨ک/ ١١٨٢ز) دا خاچییەکان لە ڕێگەی ئەرناتەوە سیاسەتێکی هەڵەیان پەیڕەو کرد کە بوو بە سەرەخۆرەی دەسەڵاتەکەیان و بیریان لەوە کردەوە هێرش ببەنە سەر دوو شارە پیرۆزەکەی موسڵمانان کە مەککە و مەدینە بوون، بەڵام لە ڕێگەی سوپای دەریایی ئەیووبییەکانەوە هێرشەکە تێکشکێنرا.[٢]

**قۆناغی دووەم لە نێوان ساڵانی (٥٨٢-٥٨٨ک/١١٨٦-١١٩٢ز):** لەم قۆناغەدا پاش یەکخستنی ناوچە ئیسلامییەکان، سەلاحەدین خۆی یەکلاکردبوویەوە بۆ لێدانی خاچییەکان و نەهێشتنیان لە شامدا،[٣] لەلایەکەوە شام یەکخرابوو، لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ فەرمانڕەوای موصڵ ڕێککەوتنی بەستبوو، لەولاشەوە بەرەی خاچییەکان بەدەست چەندین گرفت وکێشەی ناوخۆییەوە دەیناڵاند، بەتایبەت پاش مردنی بلدوینی چوارەم و بە دوایدا بلدوینی پێنجەمی کوڕی، ئیدی لە میرنشینی بەیتولمەقدیسدا ململانێ لەسەر دەسەڵات دروست بوو، لەم سەروبەندەدا ئەرناتیش بە هەڵمەتەکانی لە ساڵی (٥٨٢ک/١١٨٦ز) ئاگربەستی نێوان سەلاحەدین و خاچییەکانی هەڵوەشاندەوە، هەموو ئەمانە ڕێخۆشکەر بوون بۆ پێشڕەوی سەلاحەدین و سەرکەوتنی لە جەنگی حەتیندا و گرتنی قودسدا.[٤]

### ١-جەنگی حەتین (٥٨٣ک/١١٨٧ز)

سەرەتای بەریەککەوتنەکان هێرشی سەلاحەدین بوو وەک وەڵامدانەوەیەکی سەرەڕۆییەکانی ئەرنات[٥] و ویستی هێرش بکاتە سەر کەرک، بۆ ئەمەش لە ڕێگەی ڕێککەوتنی لەگەڵ ریمۆندی سێیەم

---

(١) - ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩/ ص ٤٦١؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ص ٤٦١-٤٦٢.

(٢) – عماد الدين الكاتب: البرق الشامي، ج٥، ص ٦٩؛ ابن فضل الله العمري: مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، ج٢٧/ ص ص ٧٠-٧١.

(٣) - عماد الأصفهاني: البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، ٤٢٨-٤٢٩؛ ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ١٢٦.

(٤) - الصلابي: صلاح الدين الأيوبي، ص ص ٤٧١-٤٧٢.

(٥) - يعقوب الڤيتري: تاريخ بيت المقدس، ص ١٤٨.

دەستی بە پێشڕەوی کرد، بەڵام دواتر ریمۆند لەو ڕێککەوتنە پەشیمان بوویەوە،[1] مەترسی سەرکەوتنەکانی سەلاحەدین نیمچە یەکبوونێکی خاچییەکانی لێکەوتەوەو مشتومڕ کرا لەسەر شێوازی بەرنگاربوونەوەی هێزی ئەیووبییەکان، بۆ ئەمەش دوو بۆچوونی جیاواز هەبوو:

یەکەم: هێرشبردن لەبری بەرگریکردن کە بۆچوونی ئەرنات بوو.

دووەم: خۆبەهێزکردن و بەرگریکردن کە بۆچوونی ریمۆندی سێیەم بوو.

هێرشی سەلاحەدین بۆ سەر تەبەریە و سەرکەوتنی، پشتیوانیەکی زیاتری بۆ بۆچوونی دووەم پەیدا کرد،[2] دواجار بۆچوونەکەی ئەرنات سەری گرت و هێزی خاچییەکان بەرەو هێزی ئەیووبییەکان دەستی بە پێشڕەوی کرد، سەلاحەدینیش خێرا لە تەبەریەوە گەڕایەوە.[3]

لەو ماوەی هێزی خاچییەکان بەرەو مەیدانی جەنگ دەهاتن، راجیایی سەرکردەکانی و کەمی ئاوی خواردنەوەو گەرمای هاوین و دووری رێ و هێرشی پارتیزانی موسڵمانان بۆ سەر هێزەکە شەکەت و لاوازی کردبوون.[4]

هەردوو هێزی ئەیووبی و خاچییەکان لە ناوچەی حەتین بەرنگاری یەکبوونەوە، هێزی خاچییەکان نزیکەی پەنجا هەزار سەرباز دەبوو،[5] هەرچەندە سەرچاوە خۆرهەڵاتناسیەکان بە کەمتر مەزندەیان کردووە، لەوانە بە بیست هەزار سەرباز.[6]

لە سەرەتای جەنگەکەوە هێزی ئەیووبی زیانێکی زۆری بە سوپای پیادەی بەرامبەر گەیاند، هاوکات سوپای سوارەشیان کەوتە نێو بۆسەی موسڵمانانەوە، دوو لە سەرکردە دیارەکانی خاچییەکان بە ناوەکانی بالیان و ریناڵد هەڵهاتن و مەیدانی جەنگەکەیان جێهێشت، گەرمای زۆر و

---

(١) – عمادالدين الكاتب: البرق الشامي، ج٥/ ص ص ٦٩-٧٠؛ ابن فضل الله العمري: مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، ج٢٧/ ص ص ٧٠-٧١؛ سيد علي الحريري: الاخبار السنية في الحروب الصليبية، ط٣، الزهراء للإعلام العربي ، القاهرة، ١٩٨٥م، ص ص ١٩٣-١٩٤.

(٢) – ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ١٢٧.

(٣) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ص ٢٣-٢٤؛ ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ١٢٧.

(٤) – محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٤٧٣.

(٥) – عماد الدين الكاتب: الفتح القسي في الفتح القدسي، ط١، دار المنار، القاهرة، ٢٠٠٤م، ص ٤٨.

(٦) – يعقوب الڤيترى: تاريخ بيت المقدس، ص١٥١؛ ارنست باركر: الحروب الصليبية، ص ٨٣.

تینوێتی و دووبەرەکی ریزەکان و کوژرانی ژمارەیەکی زۆری سەرباز و راکردنی ژمارەیەک لە سەرکردەکان، بوونە هۆکاری ورەبەردانی هێزی خاچپییەکان و جەنگەکەیان دۆڕاند[١] و دەستیانکرد بە پاشەکشە و لە کێوی حەتین لە دەوری پادشاکەیان کۆبوونەوە، بەڵام دواتر بەهۆی ئەوەی چواردەوریان بە ئاگر تەنرا،[٢] گەرمای ئاگرەکە و گەرمای هاوین و تینوێتی[٣] و زەبری شمشێری سوپای ئەیووبی و کوژرانی ژمارەیەکی زۆریان و لەدەستدانی خاچی پیرۆزیان (الصلبوت) [٤] و کاریگەری تەکتیکی دەروونی و سەربازی سەلاحەدین لەسەر هێزی خاچپییەکان، ورەو توانای پێ نەهێشتن و بەرگرییان پێ نەکرا و بەدیل گیران،[٥] ژمارەی دیلەکانیان بە زیاتر لە بیست هەزار دیل باسکراوە.[٦]

لەنێو دیلەکاندا پادشای بەیتولمەقدیس و هنفری و ژمارەیەک لە سوارە ئیسپارتاییەکان،[٧] هەروەها برنس ئەرنات[٨] کە دوای جەنگەکە سەلاحەدین بەڵێنەکەی بردە سەر و بە دەستی خۆی کوشتی، لەکاتێکدا پادشای بەیتولمەقدیسی لە پەنا خۆیدا دانیشاند[٩] و رێزێکی زۆری گرت.[١٠]

سەلاحەدین پادشای بەیتولمەقدیسی نەکوشت، بەڵکو توانی بۆ گرتنی شوێنەکانی دیکە سوودی لێ وەربگرێت، لە گرتنی عەسقەلاندا بۆ خۆبەدەستەوەدانی خەڵکەکە بەکاریهێنا بەڵام گوێیان لێنەگرت، لە غەززەش بە هەمان شێوە بەکاری هێنا و ئەوانیش رازی بوون لەبەرامبەر ئازادکردنی پادشاکەیاندا،

---

(١) – رنسيمان: تأريخ الحملات الصليبية، ج٢/ ص ص ٥١٦–٥١٧.

(٢) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٢/ ص ١٩٠.

(٣) – يعقوب الڤيترى: تاريخ بيت المقدس، ص ١٤٩.

(٤) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٢/ ص ١٩٠.

(٥) – يعقوب الڤيترى: تاريخ بيت المقدس، ص١٥١؛ ابن واصل: مفرج الكروب، ج٢/ ص ١٩٠؛ ئاراس فريق زينل: جەنگی دەروونی لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبیدا، ل ٦٩.

(٦) – عماد الأصفهاني: البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، ص ٤٢٩.

(٧) – ئیسپارتاییەکان تاقمێک لە پیاوانی ئایینی مەسیحی بوون کە لە بەشداری جەنگە خاچپییەکانیان دەکرد بە دوو مەبەستی سەرەکیی: یارمەتیدانی هێزە خاچپییەکان، بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی. بڕوانە پەراوێزی (٦٣) لە ابن الفرات: تأريخ ابن الفرات، دار الطباعة الحديثة، بصرة، ١٩٧٠م، مج٢، ج٤/ ص ١٨).

(٨) – ابن فضل الله العمري: مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، ج٢٧/ ص ٨٠.

(٩) – رنسيمان: تأريخ الحملات الصليبية، ج٢/ ص ٥١٨.

(١٠) – ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ٧٠.

سەلاحەدینیش رازی بوو و بەڵێنەکەی بردەسەر، وەک چۆن بۆ گرتنی قەڵای کەرکیش سوودی وەرگرت لە کوڕی ئەرنات کە بەدیل گیرابوو.[1]

ئاکامی جەنگەکە بە سەرکەوتنی هێزی ئەیووبی و شکستی سەختی خاچپییەکان کۆتایی هات، ژمارەی کوژراوی خاچپییەکان هێندە زۆر بوو کە هەندێک دەیگەیەننە بیست و دوو هەزار کوژراو، ئەگەرچی ئەو ژمارەیە زێدەڕۆیی تێدا کراوە،[2] ئەبووشامە بەو چەشنە ناساندوویەتی ''هەرکەس کوژراوەکانی ببینیایە دەیوت یەک کەس بەدیل نەگیراوە، هەرکەسیش تەماشای دیلەکانی بکردایە دەیوت یەک کەس نەکوژراوە''.[3]

ئەم شکستە بوو بە سەرەتای گەڕانەوەی بارودۆخی خاچپییەکان بۆ دۆخی پێش یەکەم هەڵمەتی خاچی،[4] زۆر بە خێرایی گرتنەوەی عەککا و یافا و عەسقەلان[5] و بەیرووت جوبەیل[6] و بەیتولمەقدیسی بەدوادا هات،[7] ئیبن واسل بەم چەشنە وەسفی کردووە ''جەنگی حەتین کلیلی فتووحاتی ئیسلامی بوو، بەهۆی ئەم جەنگەوە ئاسانکاری کرا بۆ فەتحی بەیتولمەقدیس''.[8]

## ٢-گرتنی قودس (٥٨٣ک/١١٨٧ز)

پاش شکستی حەتین و راکردنی دوو سەرکردەیان و هەڵهاتنی ژمارەیەکی دیکەی سەربازان، چاوی هەریەک لە خاچپییەکان و سەلاحەدینیش لەسەر بەیتولمەقدیس بوو، خاچپییەکان لە شوێنە

---

(١) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٢، ص ٢١٦؛ رنسيمان: تأريخ الحملات الصليبية، ج٢/ ص ٥٢٠.

(٢) – كاتب مراكشي: الإستبصار في عجائب الأمصار، ص ١٠٥.

(٣) – أبوشامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، ج٣/ ص ٢٨٤.

(٤) – ارنست باركر: الحروب الصليبية، ص ٨٣.

(٥) – عماد الأصفهاني: البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، ص ٤٣٢؛ كاتب مراكشي: الإستبصار في عجائب الأمصار، ص ص ١٠٥-١٠٦.

(٦) – يعقوب الڤيترى: تاريخ بيت المقدس، ص ١٥١؛ عماد الدين الكاتب: الفتح القسي في الفتح القدسي، ص ٦٤.

(٧) – عماد الدين الكاتب: الفتح القسي في الفتح القدسي، ص ٧٣؛ رنيه گروسيه: موجز تاريخ الحروب الصليبية، ص ٦٥.

(٨) – مفرج الكروب، ج٢/ ص ١٨٨.

جیاوازەکانەوە بەرەو بەیتولمەقدیس دەچوون و لەوێ کۆدەبوونەوە، سەلاحەدینیش دەیویست ئەو شارە بگێڕێتەوە بۆ موسڵمانان و بوونی خاچییەکان لە ناوچەکەدا کۆتایی پێ بهێنێت.[1]

نزیکەی شەست هەزار جەنگاوەری خاچییەکان لە بەیتولمەقدیس بوون، ژمارەیەکی بەرچاوی مەنجەنیقیش بۆ بەرنگاربوونەوەی هێرشی موسڵمانان دانرابوون.[2]

سەلاحەدین سەرەتا هەوڵیدا بە ڕێککەوتن شارەکە بگرێت، بەڵام دانووستانی نێوان هەردوولا ئاکامێکی یەکلاکەرەوەی نەبوو و لە (١٥/رەجەب/٥٨٣ک – ٢٠/ئەیلوول/١١٨٧ز) جەنگێکی سەخت لەنێوان هەردوولادا ڕوویدا و نزیکەی دە ڕۆژ بەردەوام بوو هەتا سوپای ئەیووبی توانی دزە بکاتە ناو شارەکەوە، خێرا خەڵکەکە داوای پەنایان کرد، سەرەتا سەلاحەدین ڕازی نەبوو، چونکە پێشتر پێشنیاری بۆ کردبوون و ئەوان ڕازی نەبوون،[3] بەڵام دوای وتوێژی لەگەڵ بالیانی سەرکردەی خاچییەکان و دواتر ڕاوێژ بە ئەنجومەنە سەربازیەکەی خۆی، ڕازی بوو لەسەر چەند خاڵێک:

١.لە بەرامبەر پارەیەکی دیاریکراودا هەر کەسێک لە خاچییەکان بۆی هەیە بە سەلامەتی شارەکە جێبهێڵێت.
٢.دەبێت لە ماوەی چل ڕۆژدا پارەکە بدرێت.
٣.هەرکەس بڕە پارەی دیاریکراو لەو ماوەیەدا نەدات، مامەڵەی کۆیلەی لەگەڵ دەکرێت.[4]

دواتر کە چوویە ناو شارەکە، سەلاحەدین دەرگای لێخۆشبوونی کردەوە و لەبەر عادلی برای هەزار دیلی بێ بەرامبەر ئازاد کرد، لەبەر بەتریکی شارەکەش ژمارەیەکی زۆر و لەبەر بالیانی سەرکردەی خاچییەکان پێنج سەد دیلی بێ بەرامبەر ئازاد کرد، دواتر لێبوردنەکەی فراوانتر کرد و بڕیاریدا هەرچی پیر و بەتەمەن و منداڵی هەتیو و بێوەژن هەیە بێ بەرامبەر شارەکە چۆڵ بکەن، هاوکات بڕیاری دەرکرد بێڕێزی بەرامبەر بە هیچ پیرۆزییەکی مەسیحییەکان نەکرێت و پەرستگاکانی ئەو ئایینەی وەک خۆی هێشتەوە.[5]

---

(١) – رنسيمان: تأريخ الحملات الصليبية، ج٢/ ص ٥٢١؛ الصلابي: صلاح الدين الأيوبي، ص ٥٣٢؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٤٨٢.

(٢) – عماد الدين الكاتب: الفتح القسي في الفتح القدسي، ص ٧٠.

(٣) – أبوشامه: الروضتين، ج٣/ ص ص ٣٤٠-٣٤٢؛ محمد سهيل طقوش: الحروب الصليبية، ص ص ٤٨٢-٤٨٣.

(٤) – عماد الدين الكاتب: الفتح القسي في الفتح القدسي، ص ٧٢؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ص ٣٥-٣٦؛ أبوشامه: الروضتين، ج٣/ ص ٣٤١.

(٥) – أبوشامه: الروضتين، ج٣/ ص ٣٤٢؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٤٨٤.

پاش گرتنی بەیتولمەقدیس، ئیدی شوێنێکی دیار بەدەست خاچپییەکانەوە نەما جگە لە صوور و تەرابلوس[١] و ئەنتاکیە و چەند قەڵایەکی دیاریکراو.[٢]

راستەوخۆ دوای گرتنی بەیتولمەقدیس سەلاحەدین بیری لەوە دەکردەوە ئەو شوێنانەی دیکەش بگرێتەوە، بۆیە روویکردە شاری صوور، لە کاتێکدا زۆربەی هێزی خاچپییەکان لەوێ کۆبووبوویەوە، سەلاحەدین گەمارۆیەکی بەهێزی خستەسەر شارەکە،[٣] بەڵام بەرگری ناو شارەکە بەهێز بوو و سەلاحەدین شکستی هێنا لە گرتنیدا و گەمارۆی سەر شارەکەی هەڵگرت.[٤]

دوابەدوای ئەوە سەلاحەدین یەک یەک ئەو شوێنانەی دەگرت کە هێشتا لەدەست خاچپییەکاندا بوون و ئیبن واسل وردەکاری گرتنی هەرکامیانی هێناوە (لازقیە، صەهیۆن، بەرزیە، دیربساک، بوغراس کە نزیک بوو لە ئەنتاکیەوەو گرتنەکەی بەرپرسی ئەنتاکیەی ناچارکرد داوای رێکەوتن لە سەلاحەدین بکات و ئەویش لەگەڵی رێککەوت لە بەرامبەر ئازادکردنی سەرجەم دیلە موسڵمانەکاندا).[٥]

ژنەکەی ئەرنات یەکێک بوو لە بەندکراوەکانی بەردەستی سەلاحەدین کە بێ بەرامبەر ئازاد کرا، بەڵام کوڕەکەی هێشتا لای ئەیووبییەکان دیل بوو، داوای لە سەلاحەدین کرد ئازادی بکات، ئەویش مەرجی دانا خەڵکی کەرک و شەوبەک رازی بکات شارەکە بدەن بەدەستەوە ئەوکات کوڕەکەی ئازاد دەکات، ئەویش رازی بوو، بەڵام خەڵکی ئەوێ بە گوێیان نەکرد،[٦] بۆیە سەلاحەدین بڕیاری دا گەمارۆیان بدات، ئەوانیش بەرگرییەکی زۆریان کرد هەتا برسێتی زۆری بۆ هێنان و بە ناچاری رازی بوون شارەکە بدەن بەدەستەوە.[٧]

---

(١) – يعقوب الڤيترى: تاريخ بيت المقدس، ص ١٥٥؛ رنيه گروسيه: موجز تأريخ الحروب الصليبية، ص ٦٦.

(٢) – محمد سهيل طقوش: الحروب الصليبية، ص ٤٨٥.

(٣) – رنسيمان: تأريخ الحملات الصليبية، ج٢/ ص ٥٢٨.

(٤) – يعقوب الڤيترى: تاريخ بيت المقدس، ص ١٥٥؛ سيد علي الحريري: الاخبار السنية في الحروب الصليبية، ص ص ٢١٣-٢١٤.

(٥) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٢/ ص ٢٥٩ – ٢٧١.

(٦) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ٣٧.

(٧) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٢/ص ٢٧١.

## تەوەری سێیەم

## سێیەم هەڵمەتی خاچپیەکان (٥٨٥ک/١١٨٩ز)

پاش سەرکەوتنی سەلاحەدین لە حەتین و گرتنی بەیتولمەقدیس و پێشڕەوییەکانی دیکەی، خێرا نێردراوانی میرنشینە خاچپیەکان ڕوویانکردە ئەورووپا و داوای فریاکەوتنیان لە جیهانی خۆرئاوا کرد و هەمەچەشنەی ڕێکارەکانی وورووژاندنی هەستی جیهانی مەسیحیی خۆرئاوایان گرتەبەر، بۆ نموونە وێنەی گۆڕی مەسیحیان دانابوو کە سەربازێکی موسڵمان بە ئەسپێکەوە چووبوویە سەری و میزی پێدا دەکرد،[١] دەستوبرد پاپا گریگۆری هەشتەم (٤٧٨ک/١٠٨٥ز) پەیامی بۆ فەرمانڕەوایانی ئەورووپا نارد هەموو توانای خۆیان بخەنەگەڕ بۆ پشتیوانی میرنشینە خاچپیەکانی خۆرهەڵات و جەنگی ناوخۆیی خۆیان بوەستێنن.[٢]

خێرا سێ لە دیارترین سەرکردەکانی ئەورووپا هاتن بە دەم بانگەوازەکەوە کە ئەوانیش بریتی بوون لە:

فریدریک بارباروسای ئیمپراتۆری جەرمانی

فیلیپ ئۆگەستی پادشای فەڕەنسا

ریتشارد قەلبولئەسەدی پادشای ئینگلتەرا[٣]

بارباروسا پێش ئەوەی بکەوێتەڕێ، نامەیەکی هەڕەشەئامێزی بۆ خودی سەلاحەدینی ئەیووبی نووسی و تیایدا هەڕەشەی ئەوەی لێکرد ئەگەر بە خۆشی ناوچەکان نەگێڕێتەوە بۆیان، ئەوا بە زەبری شمشێر لەوێ دەریدەکەن، بەڵام سەلاحەدین وەڵامێکی قورستری دایەوەو هەڕەشەی ئەوەی لێکرد خۆی دەگەیەنێتە خاکی ئەڵمانیا و ئەوێیش دەگرێت،[٤] فریدریکیش بڕیاری هێرشی دا،

---

(١) – ابن واصل: النوادر السلطانية، ص ٢٠٨؛ صلاح ضبيع: دور الألمان في الحروب الصليبية في بلاد الشام، المكتب العربي للمعارف، ط١، ٢٠٠٩م، ص ١٦٥.

(٢) – يعقوب الڤيتري: تاريخ بيت المقدس، ص ١٥٩؛ محمود سعيد عمران: تاريخ الحروب الصليبية، دار المعرفة الجامعية، القاهرة، ٢٠٠٠م، ص ١٤٧.

(٣) – احمد مختار العبادي: في تاريخ الأيوبيين والمماليک، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٩٥م، ص ٥٧؛ محمد سهيل طقوش: الحروب الصليبية، ص ٤٩٠.

(٤) – صلاح ضبيع: دور الألمان في الحروب الصليبية في بلاد الشام، ص ص ١٧٥–١٧٧.

هاتنەکەشی لە ڕێگەی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتییەوە بوو و ئیمپراتۆر نامەی پۆزشی بۆ سەلاحەدین نارد کە ناچار بووە ڕێیان بدات لەوێوە بێن چونکە توانای بەرنگاربوونەوەی نیە،[1] لە بەرامبەردا زانیارییەکان سەبارەت بە زۆری و بەهێزی سوپای ئەڵمانەکان وای لە سەلاحەدین کرد بانگەوازی جیهاد رابگەیەنێت[2] و داوا لە ناوچە کوردنشینەکان بکات پشتیوانی بکەن،[3] تەنانەت داوای لە پادشای دەوڵەتی موەحدین کرد یارمەتی بدات،[4] کەچی لە کتوپڕێکدا بارودۆخەکە گۆڕا، ئەویش بە خنکانی بارباروسا لە ئاوی ڕووباری سلوقیەدا و لە ئاکامدا سوپاکەی شپرزی تێکەوت،[5] بەشێکیان کشانەوە و بەشێکی دیکەشیان بەهۆی هێرشی موسڵمانەکانەوە کوژران و ئەوانەشی بەرەو عەککا چوون، ژمارەیەکی کەمیان بە سەلامەتی گەیشتنە ئەوێ.[6]

دوو سەرکردەکەی دیکەش هەرکامیان لە ئاڕاستەیەکەوە ڕوویان لە شاری عەککا کرد،[7] ئەمە لە کاتێکدا پێشتر یەکێک لە سەرکردە خاچییەکان بە ناوی جای لوزینان کە لای سەلاحەدین دیل بوو و ئازاد کرابوو، سوپایەکی پێکەوەنا و ڕوویکردە عەککا و فشاری لەسەر شارەکە دانا.[8]

سەلاحەدین هەوڵیدا گەمارۆی سەر شارەکە بشکێنێت و لە ڕێگەی بانگەوازی جیهاد و بەکارهێنانی هونەری سەربازی و کۆکردنەوەی تواناکانی بۆ نەهێشتنی گەمارۆکە ئەوپەڕی توانای خۆی خستەگەڕ، بەڵام فشاری سەر شارەکە زۆر سەختتر بوو،[9] دواجار کۆتا پەیامی هێزی

---

(١) – ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦/ ص ٦١٦.

(٢) – عماد الدين الكاتب: الفتح القسي في الفتح القدسي، ص ٢١٢؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٤٩٣.

(٣) – ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ١٧٨؛ صلاح ضبيع: دور الألمان في الحروب الصليبية في بلاد الشام، ص ٢١٠.

(٤) – أبوشامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، ج٤/ ص ١٩٦.

(٥) – يعقوب الڤيتري: تاريخ بيت المقدس، ص ١٦٣؛ عماد الدين الكاتب: الفتح القسي في الفتح القدسي، ص ٢٠٨؛ انطون خانجي: مختصر تواريخ الأرمن، ص ٢٣١.

(٦) – ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ٢١٨؛ محمود سعيد عمران: تاريخ الحروب الصليبية، ص ١٥٠.

(٧) – يعقوب الڤيتري: تاريخ بيت المقدس، ص ١٦٣؛ رنيه گروسيه: موجز تأريخ الحروب الصليبية، ص ٦٨.

(٨) –محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ص ٤٩٧-٤٩٩.

(٩) – عماد الأصفهاني: البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، ص ٤٣٤؛ ابن الفرات: تأريخ ابن الفرات، مج٢، ج٤/ ص ص ٥-١٤؛ الصلابي: صلاح الدين الأيوبي، ص ٥٩٨.

موسڵمانانی ناو شارەکەی پێ گەیشت "تەواو بڕستمان لێ براوەو گەیشتویەنەتە خۆبەدەستەوەدان، ئەگەر هەتا سبەینێ کە هەشتی مانگە شتێکمان بۆ نەکەن، ئەوە داوای پەنا دەکەین و تەنها گەردنی خۆمان دەکڕینەوە"،[1] سەلاحەدین چەند هەوڵیدا فریای بارودۆخەکە بکەوێت، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو و موسڵمانانی ناو عەککا بەبێ ڕەزامەندی سەلاحەدین ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ خاچپییەکاندا ئەنجامدا و تیایدا لەسەر چەند خاڵێک ڕێککەوتن:

١. عەککا بە هەموو کەشتی و شمەک و شوێنەکانیەوە بدرێت بەدەستەوە.
٢. موسڵمانان سەرانەیەکی دووسەد هەزار دیناری بدەن بە خاچپییەکان.
٣. هەزار و پێنج سەد دیلی خاچپییەکان ئازاد بکرێن.[2]
٤. موسڵمانان خاچی پیرۆز (صەلەبوت) بگێڕنەوە بۆ خاچپییەکان.
٥. موسڵمانان بە سەلامەتی شارەکە چۆڵ بکەن.[3]

سەلاحەدین کە دەقی ڕێککەوتنەکەی بیست بەرپەرچی دایەوە، بەڵام بینی کارلەکار ترازاوەو خاچپییەکان چوونەتە ناو عەککاوە، بۆیە بە ناچاری ڕازی بوو پابەندی ڕێککەوتنەکە بێت.[4]

دواجار وێڕای هەموو هەوڵێکی سەلاحەدین بۆ نەکەوتنی شارەکە، خاچپییەکان توانییان لە (٥٨٧ک/ یۆلیۆی ١١٩١ز) دا شارەکە بگرن، ئەم ڕووداوەش کۆی سەرکردایەتی بەرەی خاچپییەکانی بۆ ریشارد قەلبولئەسەد هێشتەوە کە توانی پێشڕەوی سەرکەوتنەکان بکات.[5]

سەلاحەدین ویستی پابەندی ڕێککەوتنەکە بێت و نیوەی برە پارەکە و نیوەی دیلەکانی بۆ ناردن، لە وەڵامی ئەمەدا ریتشارد کوشتارگەیەکی موسڵمانانی لە شارەکەدا بەرپاکرد[6] کە نزیکەی سێ هەزار دیلی موسڵمانی کوشت.[7]

---

(١) – ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ٢٥٢؛ ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ٢١٩.

(٢) - ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ٢٢٠؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٥٠٣.

(٣) – يعقوب الڤيتری: تاريخ بيت المقدس، ص ١٦٥؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٥٠٣.

(٤) – رنسيمان: تأريخ الحملات الصليبية، ج٣/ ص ٨٩.

(٥) – يعقوب الڤيتری: تاريخ بيت المقدس، ص ١٦٦؛ رنيه گروسيه: موجز تأريخ الحروب الصليبية، ص ٦٨.

(٦) – رنسيمان: تأريخ الحملات الصليبية، ج٣/ ص ص ٩١-٩٢.

(٧) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ٩٧؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٥٠٣.

دوای ئەم بەریەککەوتنانە هەردوو بەرەی خاچی و ئەیووبی ئامادەییان هەبوو بۆ دانووستان، بەڵام قبووڵکردنی مەرجەکانی بەرەی خاچییەکان زۆر سەخت بوو بۆ ئەیووبیەکان، بەوەی داوای گێڕانەوەی سەرجەم ئەو ناوچانەیان دەکرد کە ئەیووبیەکان گرتبوویان، بۆیە نەگەیشتنە رێککەوتن.[١]

ریتشارد هەوڵیدا لە شاری عەککاوە بەرەو ناوچەکانی دیکە بڕوات، سەلاحەدینیش چاوی لەسەرئەوە بوو پێشڕەوییەکانی خاچییەکان بوەستێنێت، پاش چەند بەریەککەوتنێکی لاوەکی، دواجار لە ئەرسووف پێکدادانی سەخت لەنێوان هەردوو سوپادا روویدا،[٢] سەرەتای جەنگەکە بە سەرکەوتنی موسڵمانان دەستیپێکرد، بەڵام زۆری نەخایاند سەرکەوتن بوو بە یاوەری ریتشارد و سوپاکەی، هەرچەندە سەلاحەدین ویستی سوپاکەی رێکبخاتەوە، بەڵام راکردنی سوپاکەی پێ رانەگیرا و کۆتایی جەنگەکە بە شکستی سوپای ئەیووبی کۆتایی هات.[٣]

دوای ئەوە سەلاحەدین ترسی ئەوەی هەبوو ریتشارد روو لە عەسقەلان بنێت، بۆیە بڕیاریدا هێزی بەرگری بباتە ئەوێ، بەڵام ترسی سوپاکەی پاش شکستی ئەرسوف وایکرد داوای رووخاندنی عەسقەلانی لێبکەن، ئەویش رازی نەبوو، ئەوانیش مەرجیان لەسەر دانا (ئەگەر ئەتەوێت بیپارێزیت، ئەوە خۆت یان یەکێک لە کوڕە گەورەکانت بنێرە لەگەڵمان، ئەگەرنا کەسمان ناچینە ناو عەسقەلان نەبادا وەک خەڵکی عەککامان لێ بێت)، سەلاحەدین کە ئەو ترسەی سوپاکەی هەست پێکرد، پێشنیاری یەکەمی هەڵبژارد و بەرەبەرە پاشەکشەی کرد بەرەو بەیتولمەقدیس، لە بەرامبەردا ریتشارد هەوڵی پێشڕەوی دا، بەڵام لە جەنگێکدا لە ساڵی (٥٨٧ک/١١٩١ز) تووشی شکست بوو و خەریک بوو بکوژرێت. [٤]

دیارە ترسی هەردوو لای ئەیووبی و خاچییەکان لە چەشتنی تاڵاوی شکست، خواستی هەردوولای بۆ رێککەوتن زیاتر کرد، نوێنەری سەلاحەدین بۆ رێککەوتن مەلیک عادلی برای بوو هەتا لەگەڵ ریتشارد رێکبکەون،[٥] دوایین پێشنیاری ریتشارد بریتی بوو لە چەند خاڵێک:

---

(١) – ابن كثير: البدايه والنهاية، ج١٦/ص٦٣١؛ محمد مؤنس عوض: دراسات في الصراع الإسلامي الصليبي ح معركة أرسوف، عين للدراسات، ط١، ١٩٩٧م، ص ١٥.

(٢) – يعقوب الڤيتري: تاريخ بيت المقدس، ص ص ١٦٦-١٦٧.

(٣) – ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ٢٧٦.

(٤) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ١٠٠؛ يعقوب الڤيتري: تاريخ بيت المقدس، ص ١٦٥.

(٥) – ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ٢٢١؛ الصلابي، صلاح الدين الأيوبي، ص ٦١٩.

١. مەلیک عادل خوشکی ریتشارد بخوازێت

٢. خاکی ژێردەستی سەلاحەدین لە فەلەستین بدرێتەدەست مەلیک عادل و خاکی ژێردەستی ریتشارد لە ناوچە کەناراوییەکان بدرێتە دەست خوشکەکەی ریتشارد.[١]

٣. مەلیک عادل و هاوسەرەکەی لە بەیتولمەقدیس بمێننەوە.[٢]

٤. مەسیحییەکان بۆیان هەبێت سەردانی کڵێسای قیامە بکەن لە بەیتولمەقدیس.

٥. خاچی پیرۆز (صەلەبوت) بگەڕێنرێتەوە بۆ مەسیحییەکان.

٦. دیلەکانی هەردوولا ئازاد بکرێن.[٣]

سەلاحەدینیش بەو ڕێککەوتنە رازی بوو، بەڵام پاپا و قەشەکان توانییان خوشکەکەی ریتشارد پاشگەزبکەنەوەو ڕێککەوتنەکە سەری نەگرت.[٤] دواتر ریتشارد هەوڵیدەدا بە خێرایی بەیتولمەقدیس بگرێت و دواتر بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی، بەڵام بەهێزبوونەوەی سەلاحەدین و سوپاکەی ڕێگربوون، بۆیە مەیلی بەلای ڕێککەوتندا زیاتر بوو و دواجار هەردوولا پێشنیار و مەرجی خۆیان خستەڕوو، بەڵام نەگەیشتنە ئەنجام و ئاکامەکەی بە روودانی جەنگی یافا گەیشت، جەنگێک کە بە هێرشی ئەیووبیەکان دەستپێکرد و بە داوای ڕێککەوتن لەلایەن خاچییەکانەوە چووە پێشەوەو بە گەڕانەوەی ریتشارد و دەرکردنی موسڵمانان لە شارەکە کۆتایی هات و بەدوایدا ڕێککەوتنی رەملە روویدا[٥] کە بە شەش قۆناغی دانووستاندن پاشان گەیشتە ئەنجام[٦] و بەندەکانی ئەمانە بوون:

---

(١) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ١٠١.

(٢) – ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ٢٩٢؛ أبوشامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، ج٤/ ص ٢٨٣.

(٣) – ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ٢٩٢؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٥١٠.

(٤) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٢/ ص ٣٧٢.

(٥) – محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ص ٥١٣–٥١٥.

(٦) – ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ص ٢٧٤–٢٩٣؛ الصلابي، صلاح الدين الأيوبي، ص ص ٦٢٥–٦٣٠.

١. یافا و ناوچەکانی سەر بە ئەویَ و قیساریە و ئەرسووف و حەیفا و عەککا و ناوچەکانی سەر بەوان بەدەست خاچییەکانەوە بێت.

٢. عەسقەلان بەدەست موسڵمانانەوە بێت بەڵام وێران بکرێت.

٣. ناوچەی ئیسماعیلیەکان  و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی بەرپرسی ئەنتاکیە و تەرابلوس بەشێک بن لەو ئاگربەستە.

٤. لود و رەملە لەنێوان موسڵمانان و خاچییەکاندا بکرێت بە دوو بەشەوە.(١)

٥. مەسیحییەکان مافیان هەبێت ئازادانە سەردانی بەیتولمەقدیس بکەن.(٢)

٦. موسڵمان و مەسیحییەکان مافیان هەبێت بچنە خاکی یەکدی.(٣)

---

(١) – ابن فضل الله العمري: مسالک الأبصار في ممالک الأمصار، ج٢٧/ ص ٩٤؛ سعيد عبدالفتاح عاشور: أوروبا العصور الوسطى، ج١/ص ٤٢٨.

(٢) – أبوشامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، ج٤/ ص ٣٢٥؛ سعيد عبدالفتاح عاشور: أوروبا العصور الوسطى، ج١/ص ٤٢٨.

(٣) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٢/ ص ٤٠٥.

## باسی دووەم

## بەریەککەوتنی ئەیووبی و خاچییەکان لە دوای سەلاحەدینەوە

## تەوەری یەکەم

## لەدوای سەلاحەدینەوە هەتا هەڵمەتی شەشەمی خاچییەکان (٥٨٩-٦٢٢ک/١١٩٣-١٢٢٤ز)

**یەکەم: پاش مردنی سەلاحەدینی ئەیووبی:**

نێومالّی ئەیووبییەکان دابەشبوونێکی وای بەخۆوەدی کە تووشی لاوازی و پەرتبوونی کردن،[١] ئەمەش وایکرد بیریان لای ئەوە نەبێت لەگەڵ خاچییەکاندا بجەنگن و دەستبگرن بە رێککەوتنی نێوانیانەوە، لە بەرامبەر ئەمەشدا خاچییەکان لەنێوخۆیاندا لە ململانێیەکی سەختی وادا بوون کە چاکترین دەرفەت بوو بۆ پێشڕەوی ئەیووبییەکان ئەگەر ئەوانیش لە ناکۆکی نێوخۆیی خۆیاندا نەبوونایە، ئەم حاڵەتە نێوخۆییەی هەردوولا وایدەخواست هەردوولا پابەندی رێککەوتنەکەی رەملە بن کە لە سەردەمی سەلاحەدینی ئەیووبیدا بەسترابوو.[٢]

ئەم حاڵەتە زۆر درێژەی نەکێشا کاتێک ئەڵمانەکان جارێکی دی روویانکردەوە خۆرهەڵات و پاش رێککەوتن لەگەڵ بەرپرسی عەککا بە هێزێکەوە خۆیان گەیاندە ئەوێ، ئەڵمانەکان بۆ جەنگ هاتبوون، لەکاتێکدا خاچییەکانی ناو عەککا ئەڵمانەکانیان بۆ خۆبەهێز نیشاندان دەویست، بۆیە ویستی ئەڵمانەکان جەنگ بوو لەگەڵ ئەیووبیەکان و ویستی خاچییەکانی ناو عەککاش پابەندبوون بوو بە رێککەوتنی خاچی و ئەیووبییەکانەوە.[٣]

لە ساڵی (٥٩٣ک/١١٩٦) مەلیک عەزیز کەشتیگەلی ئەسکەندەریە و دمیاتی بەرەو ناوچەی دەسەڵاتی خاچییەکان جووڵاند و هێزی خاچییەکانیان تووشی شکستێکی سەخت کرد، یەکێک لە

(١) – يعقوب الڤيترى: تاريخ بيت المقدس، ص ١٧٠؛ ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ١٢٠.

(٢) – محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ص ٥٢٤-٥٢٨.

(٣) – يعقوب الڤيترى: تاريخ بيت المقدس، ص ١٧٠؛ صلاح ضبيع: : دور الألمان في الحروب الصليبية في بلاد الشام، ص ص ٢٤١-٢٤٢.

سەرکردە گەورەکانیشیان بەدیل گرت، وێڕای ئەوەی لەو نێوەندەدا سەرمایەی کۆکراوەی حەوت ساڵی خاچپییەکان کە پەنجا سندووقی زێڕ و زیو بوو لەنێو دەریادا نغرۆ بوو.(١)

لە ساڵی (٥٩٤ک/ ١١٩٧ز) دا خاچپییەکان هێزیان جووڵاند و لە قەڵای بەیرووتەوە سەرەتاکانی جەنگیان دەستپێکرد و دەستیانگرت بەسەریدا،(٢) لە بەرامبەردا مەلیک عادل داوای یارمەتی لە هێزە ئەیووبییەکانی ناوچە جیاوازەکان کرد و ئەوانیش هاتن بەدەم داواکەیەوەو هێرشیان بردە سەر هێزی خاچپییەکان و تووشی شکستیان کردن.(٣)

دوای ئەوە مەلیک عادل بەردەوام هێرشی دەبردە سەر هێزە خاچپییەکان و زیانی پێ دەگەیاندن، حاڵیان گەیشتە ئەوەی داوای ئاگربەستی لێ بکەن، مەلیک عادلیش بە مەرج ئاگربەستێکی سێ ساڵەی لەگەڵیاندا بەست،(٤) بەڵام هەرجارە و هێزێکی خاچپییەکان سەربەرخۆ حەزی هێرشبردنە سەر ناوچەی دەسەڵاتی ئەیووبییەکانی بۆ درووست دەبوو، بۆ نموونە:

پاش ئەو ئاگربەستە، لە ساڵی (٥٩٩ک/١٢٠٢ز) هێزێکی دیکەی فەرەنسی کە سێ سەد سوارە بوون هێرشیانبرد، بەڵام کەوتنە بۆسەی هێزی ئەیووبییەوەو ژمارەیەکیان کوژران و ئەوانی دیکەش بەدیل گیران.(٥)

لە ساڵی (٦٠١ک/ ١٢٠٤ز) دا لە ڕێگەی دەریاوە هێرشێکی دیکەی خاچپییەکان بۆ سەر ناوچەی کەفەرکەننا دەستپێکرد و ناوچەکەیان گرت و تاڵانییان تێدا ئەنجامدا.

ئەم حاڵەتانە هەردوولای ماندوو دەکرد، بۆیە لە ساڵی (٦٠١ک/ ١٢٠٤ز) دا ڕێککەوتنێکی دیکە لەنێوان مەلیک عادل و خاچپییەکاندا بەسترا کە تیایدا ئەو ناوچانەی لە صیدا و ڕەملە و چەند شوێنێکی دیکە نیوە بەنیوە بوون، یەکدەست دران بە خاچپییەکان.(٦)

---

(١) – عماد الأصفهاني: البستان الجامع لجميع تواريخ أهل الزمان، ص ٤٦٨.

(٢) – يعقوب الڤيترى: تاريخ بيت المقدس، ص ١٧٠.

(٣) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٣/ ص ٧٤.

(٤) – ابن الفرات: تاريخ ابن الفرات، مج٢، ج٤/ ص ١٣٩.

(٥) – يعقوب الڤيترى: تاريخ بيت المقدس، ص ١٧١؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٥٣٤-٥٣٥.

(٦) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ٢٠١.

خاچییەکان پابەندی ڕێککەوتن و ئاگربەستەکان نەدەبوون و هەرکات خۆیان بە بەهێز ببینیایە، هێرشیان دەستپێدەکردەوە، وێڕای ئەوەی هەموویان لەژێر یەک ئاڵادا نەبوون، ئەمەش بیانوویەک بوو هەتا بەشێکیان جیا لەوانی دی درێژە بە هێرشەکانیان بدەن، ئەوەبوو لە ساڵی (٦٠٣ک/ ١٢٠٦ز) دا هێرشی خاچییەکان تەشەنەی سەند، لە وەڵامدا مەلیک عادل بەرنگاریان بوویەوەو هەتا تەرابلوس نەوەستا و هەندێ ناوچەی گرت لەوانەش قەڵای ئەکراد کە تیایدا پێنج سەد کەس لە خاچییەکانی بەدیلگرت، ناچار بەرپرسی تەرابلوس داوای ڕێککەوتنی لێکرد و سامانێکی زۆر و سێ سەد دیل و دیارییەکی زۆری بۆ نارد، لە ئاکامدا ڕێککەوتنی نێوانیان بەسترا.[١]

## دووەم: هەڵمەتی پێنجەمی خاچییەکان (٦١٤ک/١٢١٧ز)

هەوڵی شاردنەوەی ململانێ ناوخۆییەکانی ناو ئەورووپا و خولیای جارێکی دی گرتنەوەی بەیتولمەقدیس و حەزی بەشێک لە جەماوەری ئەورووپی بۆ ڕزگاربوون لە دۆخی چەقبەستوویان و کەفوکوڵی ئایینی خۆرئاوا هاندەر بوون بۆ بانگەوازی هەڵمەتی پێنجەمی خاچییەکان کە ئەمجارەیان ئاڕاستەی شام بەرەو میسر گۆڕا بەو هیوایەی بە گرتنی میسر بتوانن دەستیان بە شام و بەیتولمەقدیس بگات[٢] چونکە پێیان وابوو کلیلی بەیتولمەقدیس لە میسرە.[٣]

بۆ سەرگرتنی ئەم هێرشە کڵێسا ماوەی دوو ساڵ بانگەوازی بۆ کرد و دواجار لە ساڵی (٦١٢ک/ ١٢١٥ز) دا لە کۆڕبەندی لاتیران[٤] بڕیاری لەسەر درا، بۆ ئەم کارەش ڕێکارە پێویستە سەربازی و سیاسی و دارایی و ئایینیەکان دەستنیشان کران و بڕیاریان لەسەر درا،[٥] پاشان بانگهێشتی

(١) - المقريزي: السلوك لمعرفة دول الملوك، ج١/ ص ٢٨١.

(٢) - محمود سعيد عمران: تاريخ الحروب الصليبية،، ص ص ٢٢٥-٢٢٦.

(٣) – أبوشامه: مفرج الكروب، ج٣/ص٢٥٨؛ رنيه گروسيه: موجز تاريخ الحروب الصليبية، ص ٧١.

(٤) -ئەم کۆڕبەندە لە ساڵی (٦١٢ک/١٢١٥ز) لە کڵێسای لاتیران لە ڕۆما بەسترا بۆ تاوتوێی پرسەکانی تایبەت بە کڵێسا و هەوڵی یەکخستنی هەردوو کڵێسای خۆرهەڵاتی و ڕۆژئاوایی و ئامادەکاری بۆ هەڵمەتێکی نوێی خاچی. بڕوانە (محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٥٧٠).

(٥) - ميخائيل زابورون: الصليبيون في الشرق، ص ص ٢٩٠-٢٩٢؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٥٧٠.

پادشاكانی ئەورووپا كرا، هەندێكیان بەڵێنیان دا و بەڵێنەكەیان بردەسەر، هەندێكی دی پۆزشیان هێنایەوە بۆ بەشدارنەبوونیان، هەندێكیشیان بەڵێنیان دا و دواتر پابەندی نەبوون.[1]

لە ساڵی (٦١٤ك/١٢١٧ز) سەرەتای هێرشەكە لەلایەن مەجەڕی و نەمساوییەكانەوە دەستپێكرد بەرەو شام و خۆیان گەیاندە عەككا و بەرپرسی میرنشینی تەرابلوسی خاچیش دایە پاڵ هێرشەكە،[2] مەلیك عادل كە ئەمەی بیست لە میسرەوە بەرەو شام كەوتەڕێ، سوپای خاچییەكانیش بەرەو سوپاكەی مەلیك عادل هاتن، زۆری سوپای خاچییەكان و كەمی سەربازانی مەلیك عادل هۆكار بوون هەتا سەركردەی ئەیووبی هەوڵی بەرنگاربوونەوەیان نەدات و بەرەو دیمەشق بڕوات، خاچییەكانیش دەستیانگرت بەسەر بیساندا و كوشتار و گرتن و تالانی و وێرانكارییەكی زۆریان تێدا ئەنجامدا، هاوكات مەلیك عادل ترسی هەبوو لەوێوە بەرەو بەیتولمەقدیس بچن، بۆیە سوپایەكی نارد بەرەو نابلوس بە مەبەستی رێگرتن لەو مەترسیە.[3]

دواتر خاچییەكان گەمارۆی قەڵای (جبل طور) یان دا و بۆیان نەگیرا و بەرەو عەككا كشانەوە، بەدوای ئەوەدا بەشێك لە هێزە مەجەڕییەكان هێرشیان بردە سەر ناوچەی بیقاع، بەڵام لەوەشدا سەركەوتوو نەبوون.[4]

هێزە خاچییەكان لە شاری عەككا كۆبوونەوەو هێزی دیكەی پشتیوانیش لە خۆرئاواوە هات و نزیكەی سی هەزار سەرباز لە مەجەڕی و ئەسكەندەناڤی و نەمساوی و ئەڵمانەكان لەوێ كۆبوونەوە بۆ بەجێگەیاندنی پلانی هێرشبردنە سەر میسر، سەركردایەتی سوپاكەش سپێردرا بە یوحەننا بریین، پلانەكەش بریتی بوو لە ئەنجامدانی هێرشەكە لە رووی دەریاوە و پێویستی شەش مانگ لەگەڵ سوپاكەدا بەڕێ بكرێت و نزیكەی سێ سەد كەشتی بۆ گواستنەوەی هێزەكە و پێویستیەكانی تەرخان بكرێت.[5]

---

(١) – رنسيمان: تأريخ الحملات الصليبية، ج٣/ ص ١٩٢؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٥٧١.

(٢) – أبوشامه: مفرج الكروب، ج٣/ص٢٥٤؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٥٧٢.

(٣) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ص ٣٠٢-٣٠٤؛ ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ٢٥٢.

(٤) – فايد حماد محمد عاشور: الجهاد اللإسلامي ضد الصليبيين في العصر الأيوبي، ط١، دار الإعتصام، القاهرة، ص ص ٣٠٠-٣٠١.

(٥) – النويري: نهاية الإرب في فنون الأدب، ج٢٩/ ص ٧٨؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ص ٥٧٤-٥٧٥.

دواجار لەساڵی (٦١٥ک/ ١٢١٨ز) دا خاچپییەکان روویانکردە میسر، ئەمەش ماوەیەکی کەم پێش مردنی مەلیک عادل بوو، بۆیە بەرنگاربوونەوەی ئەم هێرشە کەوتە ئەستۆی مەلیک کامیلی کوڕی،[١] سەرەتای هێرشەکەشیان شکستی هێنا تاکو ئەو کاتەی توانییان بورجی سیلسیلە بگرن کە بە قوفڵی ناوچە میسرییەکان ناسرابوو.[٢]

مردنی مەلیک عادل و ئەو سەرکەوتنەی خاچپییەکان، پاڵنەر بوو بۆ خاچپییەکانی عەککا لە شام هەتا ئەوانیش هەڵمەتەکانیان دەستپێبکەنەوە، بەڵام لە ناوچەی قیمون سوپای ئەیووبییەکان بە سەرکردایەتی مەلیک موعەزەم عیسا شکستێکی سەختی تووشکردن و نزیکەی سەد سوارەی داویەی لێ بەدیلگرتن.[٣]

گەیشتنی هێزی نوێی خاچپییەکان لە خۆرئاواوەو هەوڵی هێرش لەلایەن مەلیک کامیلەوە، گەرمبوونی جەنگی لە بەرەی میسرەوە زیاتر کرد، بەڵام شکستەکانی سوپای ئەیووبی، سیاسەتی پێشرەوی پێ گۆڕین بۆ هەنگاوی بەرگریکردن.[٤]

ئەوەی دۆخەکەی ئاڵۆزتر کرد، ناپاکیی کەسایەتیەک بوو بە ناوی ئیبنولمەشتووب کە دەیویست مەلیک کامیل لەسەر دەسەڵات لاببات، مەلیک کامیلیش لە ترساندا پاشەکشەی کرد و مەیدانەکەی بۆ خاچپییەکان چۆڵکرد، ئەوانیش سەرەتا وایانزانی پیلانە، دواتر کە هەواڵەکەیان پێگەیشت، بە ئاسانی بەرەو دمیات پێشرەوییان کرد، مەلیک کامیل خەریک بوو میسر چۆڵ بکات ئەگەر گەیشتنی مەلیک موعزەم عیسای برای نەبوایە کە برێک هێوری کردەوە.[٥]

گەیشتنی یارمەتی بەردەوام بۆ خاچپییەکان و ناکۆکی نێوخۆیی ئەیووبیەکان و دەرکەوتنی پێشرەوی مەغۆلەکان هۆکار بوون هەتا مەلیک کامیل تەواو بێهیوا بێت و پێشنیارێک بۆ خاچپییەکان بکات کە خۆیشیان چاوەڕێی شتی وا نەبوون، لەوانەش:

---

(١) – ابن العميد، اخبار الأيوبيين، مكتبة الثقافة الدينية، بورسعيد، ص ١٠؛ ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ٢٥٣.

(٢) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٣/ص٢٥٩؛ الذهبي: تاريخ الإسلام، ج١٣/ ص ٢٧٥، ابن كثير: البدايةوالنهاية، ج١٧/ص٧١.

(٣) – النويري: نهاية الإرب في فنون الأدب، ج٢٩/ ص ٨٣.

(٤) – محمود سعيد عمران: تاريخ الحروب الصليبية، ص ص ٢٥٤-٢٥٥.

(٥) – ابن خلكان: وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان، ج١/ ص ٤٠٨؛ ابن الأثير، الكامل في التأريخ، ج١٠/ص٣٠٧؛ ابن واصل: مفرج الكروب، ج٤/ ص ص ١٦-١٧.

گێڕانەوەی هەموو ناوچەکانی پێش جەنگی حەتین بۆ خاچییەکان بە قودسیشەوە.

خاچییەکان گەمارۆی سەر دمیات هەڵگبرن.

خاچی پیرۆز (صەلەبوت) یش بدرێتەوە بە خاچییەکان.[١]

ئەمە تەمای خاچییەکانی زیاتر کرد و پێیان وابوو بە گرتنی میسر دەستکەوتیان زیاتر دەبێت، جگە لەوەی زۆر متمانەیان بە لاوازی مەلیک کامیل نەبوو و پێیان وابوو مەبەستیەتی خاچییەکان پەرت بکاتەوەو لە ناوچە جیاجیاکاندا یەک یەک هێرشیان بکاتەسەر، ناچار مەلیک کامیل بڕیاری بەرگری دا و داوای یارمەتی لە سەرکردە ئەیووبیەکان کرد و بەشێک لەوانیش هاتن بەدەم داواکەیەوە.[٢]

مەلیک کامیل جارێکی دی پێشنیاری رێککەوتنی بۆ کرد و چەند خاڵێکی دیکەشی بۆ پێشنیارەکەی پێشووی زیادکرد، لەوانە:

١.هەرچی ناوچەیەک سەلاحەدینی ئەیووبی گرتوویەتی هەمووی بدرێتەوە بە خاچییەکان.

٢.خەرجی نۆژەنکردنەوەی بەیتولمەقدیس و قەڵاکانی دیکە بۆ خاچییەکان لە ئەستۆ بگرێت.

٣.لە بەرامبەر هێشتنەوەی کەرک و شەوبەک پانزە هەزار دینار بدات.

٤.بیست بارمتە بدات بەدەستەوە وەک نیشاندانی نیازپاکی.

لە ساڵی (٦١٨ک/١٢٢١ز) هەرچەندە مەلیک کامیل جارێکی تر پێشنیاری رێککەوتنی لەگەڵ خاچییەکاندا خستەڕوو، بەڵام بە نەریٚ وەڵامی وەرگرت، چونکە خاچییەکان بیستبوویان ئیمپراتۆر فریدریکی دووەم بۆ پشتیوانییان خۆی دەگەیەنێتە ئەویٚ، چاویان بڕیبوویە قاهیرە و بڕیاریان دا هێرشی بکەنەسەر، بۆیە هێزێکیان لە دمیات جێهێشت و بەرەو قاهیرە هێرشەکەیان دەستپێکرد و پێشڕەوییان کرد و هەندیٚ ناوچەیان گرت.[٣]

---

(١) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٤/ص ٩٥؛ رنسيمان: تأريخ الحملات الصليبية، ج٣/ ص ٢٠٦.

(٢) - ابن واصل: مفرج الكروب، ج٤/ص ٩٦؛ الصلابي: الأيوبيون بعد صلاح الدين، ط٢، دار المعرفة، بيروت-٢٠٠٩م، ص ص ١٥٣-١٥٥.

(٣) - ابن واصل: مفرج الكروب، ج٤/ ص ٣٣؛ رنسيمان: تأريخ الحملات الصليبية، ج٣/ ص ٢١٣؛ رنيه گروسيه: موجز تاريخ الحروب الصليبية، ص ٧٢؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٥٨٩.

مەلیک کامیل خەمی گرتنەوەی دمیاتی لە دڵدا بوو، بۆیە خۆی بۆ یەکلاکردبوویەوەو سوپای بۆ ڕێکخستبوو[١] تەنانەت ئەو هێزەی کۆی کردەوە دەگەیشتە بیست هەزار جەنگاوەر، وێڕای داوای هاوکاری لە براکانی لە شام کە هاتن بە دەمیەوە.[٢]

گەیشتنی هێزی ئەیووبی لە شامەوەو بوونی لافاوی نیل لەو کاتەدا بارودۆخەکەی لێ تێکدان و هێزی ئەیووبی پەیوەندی سوپای خاچییەکانی لەگەڵ دمیات پچڕاند، بەمەش تەنها دەرچەیەک بۆیان رازیبوون بوو بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئەیووبییەکاندا،[٣] چونکە خەریک بوو برسێتی لەناوی دەبردن، وێڕای ئەوەی نزیکەی بیست سەرکردەی گەورەی خاچییەکان لەنێو ئەو هەڵمەتەدا بوون.[٤]

دواجار لەساڵی (٦١٨ک/ ١٢٢١ز) دا خاچییەکان رازی بوون بەپێی ڕێککەوتن دمیات بە دەستەوە بدەن و دیلە موسڵمانەکان لە بەرامبەر دیلەکانی خۆیاندا ئازاد بکەن، ئەمە لە کاتێکدا ماوەی سیانزە مانگ شارەکە لە دەست خاچییەکاندا بوو.[٥]

(١) – ابن الفوطي: الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في المائة السابعة، تح: مهدي النجم، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠٠٢م، ص ٩٦.

(٢) – ابن إياس: بدائع الزهور في وقائع الدهور، مكتبة دار الباز، مكة المكرمة، ١٩٧٥م، ج١/ ص ٢٥٩.

(٣) – ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ٢٦١؛ ابن واصل: مفرج الكروب، ج٤/ ص ص ٩٦–٩٧؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ص ٥٩٠–٥٩١.

(٤) - ابن فضل الله العمري: مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، ج٢٧/ ص ١٥٤.

(٥) – ابن العبري: تاريخ مختصر الدول، ط٣، دار الشرق، بيروت، ١٩٩٢م، ج١/ ص ص ٢٣٦–٢٣٧؛ ابن واصل: مفرج الكروب، ج٤/ص ٩٧؛ رنيه گروسيه: موجز تاريخ الحروب الصليبية، ص ٧٢.

## تەوەری دووەم

## هەڵمەتی شەشەمی خاچییەکان (٦٢٢ک/ ١٢٢٤ز)

مەرامی هەڵمەتی شەشەمی خاچییەکان لەسەر دەستی ئیمپراتۆری ڕۆمانیی پیرۆز فریدریکی دووەم (٦١٧-٦٤٨ک/١٢٢٠-١٢٥٠ز) بوو کاتێک بەڵێنی بە پاپا هۆنۆریۆسی سێیەم (٦١٣-٦٢٥ک/١٢١٦-١٢٢٧ز) دا لە ساڵی (٦٢٢ک/١٢٢٥ز) بەرەو خۆرهەڵات پێشڕەوی بە سوپا بکات، هەرچەندە خاچییەکانی شام پێشنیاریان بۆ کرد تاکو کاتی تەواوبوونی ئاگربەست لەگەڵ مەلیک کامیل لە ساڵی (٦٢٦ک/١٢٢٨ز) هێرش نەهێنێت، بەڵام سەرهەڵدانەوەی ناکۆکی نێوخۆیی ئەیووبییەکان دەرفەتێکی گونجاو بوو بۆ هێرشەکە، فریدریکی دووەم وەک هەنگاوی یەکەمیش سوپایەکی هەزار سوارەیی نارد،[1] دواتریش لە ساڵی (٦٢٥ک/ ١٢٢٧ز) دا خۆی بەرەو شام چوو و لە شاری عەککا دابەزی.[2]

پێشتر هەریەک لە مەلیک کامیل و ئیمپراتۆر فریدریک ڕێککەوتبوون کە لە بەرامبەر یارمەتیدانی مەلیک کامیل دژ بە مەلیک عیسا، بەیتولمەقدیس بدرێت بە ئیمپراتۆر فریدریکی دووەم،[3] بەڵام مەرگی کتوپڕی مەلیک عیسا بارودۆخەکەی گۆڕی و مەلیک کامیل لە بەڵێنەکەی پاشگەزبوویەوە، ئیمپراتۆریش بەردەوام لە دانووستاندا بوو بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنی نێوانیان.[4]

دواجار ڕێککەوتنی نێوان مەلیک کامیل و ئیمپراتۆری ڕۆمانی لەسەر ئەوە بوو:

١. بەیتولمەقدیس بدرێتە دەست ئیمپراتۆر بەو مەرجەی هیچ نۆژەنکردنەوەیەکی تێدا ئەنجام نەدرێت.
٢. حەرەم و بەشی صەخرە و مەسجیدولئەقصا بەدەست موسڵمانانەوە بێت و خاچییەکان تەنها بۆ سەردان بچنە ناوی، موسڵمانان بتوانن تیایدا بانگ بدەن و نوێژ بکەن.
٣. گوندەکانی نێوان عەککا و یافا و قودس بەدەست خاچییەکانەوە بێت.[5]

---

(١) - محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ص ٥٩٣-٥٩٤.

(٢) -ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ٤٣٤.

(٣) - ابن واصل: مفرج الكروب، ج٤/ ص ٢٤١. أبو الفداء: المختصر في أخبار البشر، ج٣/ ص ١٣٨.

(٤) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ٤٣٤؛ ابن واصل: مفرج الكروب، ج٤/ ص ٢٤١.

(٥) - ابن واصل: مفرج الكروب، ج٤/ ص ٢٤١؛ المقريزي: السلوك لمعرفة دول الملوك، ج١/ ص ٣٥٤.

٤. ناوچەکانی دیکەش وەک خەلیل و نابلوس و چەند شوێنێکی دی لەدەست ئەیووبییەکاندا بمێنێتەوە.

٥. دیلەکان لەنێوان هەردوولادا ئازاد بکرێن.

٦. پادشا فریدریکی دووەم دژی هەموو نەیارەکان پشتیوانی مەلیک کامیل بکات.

٧. ماوەی ئاگربەستی نێوانیان دە ساڵ و پێنج مانگ و چل رۆژ بێت.

پاشان هەریەک لە مەلیک کامیل و ئیمپراتۆر سوێندیان لەسەر نووسراوەکە خوارد.

دوای ئەوە قودس چۆڵکرا بۆ خاچییەکان و موسڵمانانێکی کەم لەوێ مانەوە، پاشان ئیمپراتۆر گەڕایەوە بۆ عەککا.[١]

لە ساڵی (٦٣٤ک/ ١٢٣٦ز) دا بەریەککەوتنی نێوان سوپای ئەیووبی و خاچییەکانی ناو شام روویدا، سەربازگەی ئەیووبییەکان لە حەلەب لەسەر ناوچەکانی بوغراس و دربساک لەگەڵ سوپای خاچییەکاندا پێکیانادا و سوپای ئەیووبی تیایدا سەرکەوتوو بوو و کوشتن و گرتنی سەربازانی سوپای خاچییەکانی لێکەوتەوە.[٢]

مەلیک کامیل هەرچەندە توانی نێوماڵی ئەیووبییەکان یەکبخات، بەڵام پاش مردنی خۆی، ناکۆکی و دووبەرەکی نێوخۆیی ئەیووبییەکان گەیشتە ئاستێکی مەترسیدار و دیدگایەکی بۆ خاچییەکان والاکرد هەتا بیریان لای ئەوە بێت هەڵمەتێکی دیکەی خاچی لە خۆرئاواوە بەرەو جیهانی ئیسلامی بنێرن،[٣] بۆیە پاپا گریگۆری نۆیەم (٦٢٥-٦٣٩ک/١٢٢٧-١٢٤١ز) بانگەوازی کرد بۆ جەنگێکی نوێی خاچیی و فەرەنسییەکانیش بە گەرمی هاتن بەدەم داواکەیەوەو بە سوپایەکی گەورەوە لە ساڵی(٦٣٧ک/١٢٣٩ز) دا خۆیان گەیاندە عەککا.[٤]

پاش ماوەیەکی کەم هێزی خاچییەکان روویکردە میسر و هەواڵەکەیش بە زوویی گەیشتە ئەیووبیەکان و ئەوانیش خۆیان ئامادە کرد بۆ بەرنگاربوونەوە،[٥] ئەوەبوو لە ناوچەیەکی نزیک لە

---

(١) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ٣٤؛ المقريزي: السلوك لمعرفة دول الملوك، ج١/ ص ٣٥٤.

(٢) – أبو الفدا: المختصر في أخبار البشر، ج٣/ ص ١٥٩.

(٣) – رنسيمان: تأريخ الحملات الصليبية، ج٣/ ص ص ٢٥٩-٢٦٢.

(٤) – طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ص ٦١٣-٦١٤.

(٥) – رنسيمان: تأريخ الحملات الصليبية، ج٣/ ص ٢٦٣.

غەززە جەنگی نێوان هەردوولا روویدا و تیایدا بەشی هەرەزۆری سوپای خاچپییەکان کوژرا و سەرکردەکەیان و نزیکەی دووسەد و سی سوارە و پیادەی ناو سوپاکەش بەدیل گیران، ئەم شکستەی خاچپییەکان دەروازەیەک بوو بۆ سەرلەنوێ گرتنەوەی بەیتولمەقدیس لەسەر دەستی مەلیک ناصر.[١]

خاچپییەکانی ناو بەیتولمەقدیس بەڵێنیان شکاند و کەوتنە بەسەربازگەکردنی شارەکە، هەتا دواجار لە ساڵی (٦٤٢ک/١٢٤٤ز) لەسەر دەستی سوارە خوارزمییەکان بەیتولمەقدیس لە خاچپییەکان وەرگیرایەوەو لە ژێر رکێفی ئەیووبییەکاندا مایەوە.[٢]

پاش ئەوەی مەلیک صالح ئەیووب میسری گرتەدەست، لە ساڵی (٦٣٨ک/ ١٢٤٠ز) دا بەشێک لە سەرکردە ئەیووبییەکان ئامادەیی ئەوەیان نیشاندا لەگەڵ خاچپییەکاندا دەست تێکەڵ بکەن دژ بە مەلیک ناصر و مەلیک صالح، بۆ ئەمەش بەڵێنیان دا نەوەک تەنها بەیتولمەقدیسیان بدەنەدەست، بەڵکو کۆی ناوچەکانی میرنشینی خاچی بەیتولمەقدیسی جارانیان بدەنەوەدەست، وەک نیشاندانی نیازپاکیش، صالح ئیسماعیل دەستی برد بۆ تەسلیمکردنی قودس و صیدا و بەیرووت،[٣] ئەمەش پەرچەکردرای زانایانی لێکەوتەوە، لە بەرامبەردا صالح ئیسماعیل کەوتە گرتنی ئەو زانایانە و سەرکوتکردنی دەنگی نارەزایی لە ئاست ئەو رێککەوتنەی لەگەڵ خاچپییەکان.[٤]

لە بەرامبەر ئەمەدا مەلیک صالح ئەیووب لەگەڵ خاچپییەکاندا رێککەوتنێکی بەست لەسەر ئازادکردنی دیلە خاچپییەکان لە غەززە و پێدانی عەسقەلان بەو مەرجەی پشتی مەلیک ئیسماعیل نەگرن و بێلایەن بن،[٥] بەڵام خاچپییەکان پابەندی ئەو رێککەوتنە نەبوون و هێرشیان بردە سەر ناوچەی جەلیل، لە بەرامبەردا ناصر داوودی ئەیووبی هێرشی بردە سەر رێگەکانی بازرگانی و رێگەی هاتنی حاجیانیان، ئەوانیش بۆ

---

(١) – النويري: نهاية الإرب في فنون الأدب، ج٢٩/ ص ٢٥٤.

(٢) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٥/ ص ص ٣٣٦-٣٣٧؛ رنسيمان: تأريخ الحملات الصليبية، ج٣/ ص ص ٢٧٣-٢٧٥؛ الصلابي: الأيوبيون بعد صلاح الدين، ص ٣٣٦.

(٣) – ابن الدواداري: كنز الدرر و جامع الغرر، تح: سعيد عبدالفتاح عاشور، نشر عيسى البابي الحلبي، ١٩٧٢م، ج٧/ ص ٣٤٥؛ طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٦١٧.

(٤) – الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٤٦/ص٤٠؛ ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة في ملوك مصر و القاهرة،ج٦/ ص ٣٣٨.

(٥) – رنسيمان: تأريخ الحملات الصليبية، ج٣/ ص ٢٦٦.

تۆڵەسەندنەوە هێرشیان بردە سەر نابلوس و کوشتوبڕیان تێدا ئەنجام دا، مەلیک صالح ئەیووبیش لە میسرەوە هێزی پشتیوانی نارد و لەژێر فشاردا جارێکی دی خاچپییەکان رازی بوون بە رێککەوتن.[١]

رێککەوتنی مەلیک صالح ئەیووب لەگەڵ خوارزمیەکان و گرتنەوەی بەیتولمەقدیس لە ساڵی (٦٤٢ک/١٢٤٤ز) دا، خاچپییەکانی هاندا لە شاری عەککاوە هێرشێکی دی بەرەو سوپای ئەیووبی رێکبخەن، بەڵام لە کاتی بەریەککەوتندا لە ساڵی (٦٤٣ک/١٢٤٥ز) سوپای خاچپییەکان بە سەختی تێکشکان و ژمارەیەکی زۆریان لەناوچوون و بەشکێکیشان بەدیلگیران و بران بۆ میسر،[٢] بەدوای ئەوەشدا صالح ئەیووب لە ساڵی (٦٤٤ک/١٢٤٦ز) عەسقەلانیشی لە چنگی خاچپییەکان دەرهێنا.[٣]

(١) – محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ص ٦١٩-٦٢٠.

(٢) - ابن واصل: مفرج الكروب، ج٥/ ص ص ٣٣٦-٣٣٩.

(٣) - رنسيمان: تأريخ الحملات الصليبية، ج٣/ ص ٢٧٨.

## تەوەری سێیەم

## هەڵمەتی حەوتەمی خاچپییەکان

هەواڵی شکستی سەختی خاچپییەکان لەبەردەم ئەیووبییەکاندا گەیشتەوە خۆرئاوا و بڕیاری هەڵمەتێکی نوێ درا و هەواڵەکەش لەلایەن فریدیریکی دووەمەوە بە مەلیک صالح ئەیووب گەیەنرا، سەرکردایەتی ئەو هێرشەش لەلایەن لویسی نۆیەمەوە (٦٢٣-٦٦٩ک/١٢٢٦-١٢٧٠ز) بوو کە لە ساڵی (٦٤٦ک/١٢٤٨ز) لە ڕێگەی دەریاوە کەوتەڕێ و خۆی گەیاندە لای خاچپییەکانی شام و لەوێوە پاش وتوێژ و دانانی پلان لە ساڵی (٦٤٧ک/١٢٤٩ز) بەرەو دمیات تاوی دایە دەریا.[١]

فریدریک سەرەتا هەوڵی دا قەناعەت بە لویسی نۆیەم بکات هێرش نەبات، شکستی پێشتری خۆی و ڕێککەوتنی لەگەڵ ئەیووبییەکان و بەهێزی ئەوانی کرد بە بەڵگە، بەڵام ئەو سوور بوو لەسەر بڕیارەکەی، ئەوکات فریدریک هەنگاوی دووەمی نا کە ئاگادارکردنەوەی مەلیک صالح و پێدانی زانیاری ورد بوو سەبارەت سوپاکەی لویس.[٢]

صالح ئەیووب کە پێشتر هەواڵی پێگەیشتبوو، شاری دمیاتی پڕچەک کرد،[٣] هەرچەندە نەخۆش بوو، بەڵام بەرەو دمیات هێزی جووڵاند،[٤] لویسی نۆیەمیش پاش نزیکبوونەوەی لە دمیات، نامەیەکی هەڕەشەئامێزی بۆ مەلیک صالح نارد.[٥]

گەیشتنی هێزی خاچپییەکان و ڕاکردنی ژمارەیەک لە هۆزە عەرەبیەکان و نەبوونی بەرگرییەکی بەرچاو، بەدەستەوەدانی شارەکەی لێکەوتەوە.[٦]

---

(١) – ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٧/ ص ٣٠٤؛ الصلابي: الأيوبيون بعد صلاح الدين، ص ص ٣٥١، ٣٥٥؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ٦٢٦.

(٢) - الخزنداري: تاريخ مجموع النوادر مما جرى للأوائل و الأواخر، تح: هورست هاين و محمد الحجيري، ط١، مطبعة درغام، بيروت، ٢٠٠٥م، ص ص ٥٨-٥٩.

(٣) – أبو الفداء: المختصر في أخبار البشر، ج٣/ ص ١٧٨.

(٤) – ابن إياس: بدائع الزهور في وقائع الدهور، ص ٢٧١؛ ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٧/ ص ٣٠٥.

(٥) – الخزنداري: تاريخ مجموع النوادر مما جرى للأوائل و الأواخر، ص ص ٥٩-٦٠، بۆ دەقی نامەکە بڕۆرە پاشکۆی ژمارە (٩)

(٦) –أبو الفداء: المختصر في أخبار البشر، ج٣/ ص ١٧٩؛ الذهبي: تأريخ الإسلام، ج١٤/ص٣٦.

خاچییەکان پاش گرتنی دمیات بیریان لە گرتنی قاهیرە کردەوە، ئەگەرچی رایەکی جیاواز پێی وابوو باشتر وایە پێشتر ئەسکەندەرییە بگرن، بەڵام دواجار بەرەو قاهیرە پێشڕەوییان کرد، لەم سەروبەندەدا صالح ئەیووب کۆچی دوایی کرد و بەرپرسیارێتی بەرنگاربوونەوەکە بۆ شەجەرودوڕی خێزانی بەجێما، بەڵام ئەمیر فەخرەدین کە یەکێک بوو لە سەرکردە سەربازییەکانی ئەیووبییەکان توانی ئەو پێشڕەوییە بوەستێنێت و نیمچە گەمارۆیەکیان بخاتەسەر و دواجار لە مەنصوورەدا تووشی شکستیان بکات، ئەگەرچی سەرکەوتنەکەی خێرا پاشەکشەی بەدواداهات.[1]

گەیشتنی تورانشاهی کوڕی صالح ئەیووب لە ساڵی (٦٤٨ک/ ١٢٥٠ز) دا ورەی بە خەڵکی میسر دایەوەو خێرا پلانێکی وردی سەربازی دانا،[2] خاچییەکان ترسیان لێ نیشت و داوای رێککەوتنیان کرد بەو مەرجەی بەیتولمەقدیسیان پێ درێت لەگەڵ بەشێک لە کەناراوەکان،[3] بەڵام سەرکردەی نوێی ئەیووبی توانی شکستێکی سەخت تووشی سوپای خاچییەکان بکات، حاڵەکە گەیشتە ئەوەی سەرکردەی خاچییەکان داوای پەنا بکات، بەڵام سەربازەکانی بەوە رازی نەبوون و درێژەیان بەجەنگ دا، بۆیە ئەو ژمارە سەربازەش کە مابوون لەناوچوون یان بەدیل گیران کە ژمارەیان بە هەزاران سەرباز مەزندە دەکرا، لویسی نۆیەم و ژمارەیەک سەرکردەی دیکەش بەدیلگیران و توورانشاه زۆر بە رێزەوە مامەڵەی لەگەڵ کردن.[4]

دواتر تورانشاه لەگەڵ لویسی نۆیەم رێککەوتنێکی بەست لەسەر ئەم خاڵانە:

١. بە بڕی پێنج سەد هەزار دینار خۆی ئازاد بکات.

---

(١) – المقريزي: السلوك لمعرفة دول الملوك، ج١/ ص ص ٤٤٦–٤٤٨.

(٢) – ابن تغري بردي: النجوم الزاهرة في ملوك مصر و القاهرة، ج٦/ ص ٣٦٦.

(٣) – الخزنداري: تاريخ مجموع النوادر مما جرى للأوائل و الأواخر، ص ٦٣.

(٤) – ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٧/ ص ٣٠٧؛ ابن تغري بردي: بردي: النجوم الزاهرة في ملوك مصر و القاهرة، ج٦/ ص ٣٦٦.

٢. دمیات بدرێتەوە دەست موسڵمانان.[١]

٣. ژمارەیەکی زۆری دیلە موسڵمانەکان ئازاد بکرێن.

٤. رێککەوتنەکە ماوەی دە ساڵ بخایەنێت.

لویسیش رازی بوو و هەردوولا سوێندیان خوارد لەسەر رێزگرتنی دەقی رێککەوتنەکە.[٢]

زۆری نەخایاند سەرکەوتنەکانی تورانشاە بە رووی خۆیدا ئاوەژۆ بوونەوە و لەسەر دەستی مەمالیکەکان کوژرا، بەمەش ماوەی فەرمانڕەوایی ئەیووبییەکان کۆتایی پێهات.[٣]

---

(١) – الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١٦/ص٣٨٢؛ الصلابي: الأيوبيون بعد صلاح الدين، ص ص ٣٦٩-٣٧٠.

(٢) – الصلابي: الأيوبيون بعد صلاح الدين، ص ص ٣٦٩-٣٧٠.

(٣) – الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١٦/ص٣٩١؛ طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ص ٦٣٥-٦٣٦.

# بەشی پێنجەم

# پەیوەندیی نێوان ئەیووبییەکان و هێزە مەسیحییەکانی خۆرهەڵات

## باسی یەکەم

## پەیوەندی نێوان ئەیووبییەکان و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی

## باسی دووەم

## پەیوەندی نێوان ئەیووبییەکان و میرنشینی جۆرجیا و ئەرمەنستانی بچووک

## باسی یەکەم

## پەیوەندی نێوان ئەیووبییەکان و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی

### تەوەری یەکەم

### پەیوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی ئەیووبی و بیزەنتییەکان

دەکرێت پەیوەندیی نێوان بیزەنتی و ئەیووبییەکان دابەش بکەین بەسەر دوو قۆناغی سەرەکیدا:

قۆناغی یەکەم: ناتەبایی ئەیووبی و بیزەنتییەکان:

ئەم قۆناغە لە سەردەمی زەنگییەکانەوە دەستیپێکرد، کاتێک بیزەنتییەکان لەگەڵ خاچییەکاندا یەکدەست بوون دژ بە موسڵمانان، ئەیووبییەکانیش پشکی گەورەی بەرنگاربوونەوەی ئەو هێرشەیان لە میسردا لەدەستدا بوو، هەردوو هێزی مەسیحیش هاوڕابوون کە ئەگەر میسر نەگرن مەترسییان لەسەر دروست دەکات،[١] بۆیە لە ساڵی (٥٦٣ک/١١٦٨ز) عمووری یەکەم ڕێککەوتنی لەگەڵ ئیمپراتۆر مانویلی بیزەنتی بەست بۆ هێرش بردنە سەر میسر و بیزەنتە بەڵێنی پشتیوانی هێزی دەریایی پێدا و کەشتیگەلێکی بۆ ئامادەکرد کە لە سەد و پەنجا کەشتی جەنگی و شەست کەشتی گەورەی بارهەڵگر پێکدەهات و پێداویستی سێ مانگی هەڵگرتبوو و لە ساڵی دواتردا کەوتەڕێ، هێزەکە ڕوویانکردە دمیات و گەمارۆیان دا و سەلاحەدینی ئەیووبیش کە لە میسر بوو بەرپرسی بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڵمەتە بوو، بەهێزی بەرگریی سوپاکەی سەلاحەدین هێزی خاچی و بیزەنتی ناچار کرد چاوەڕوانی گەیشتنی هێزی دیکەی پشتیوانی بیزەنتی بن، بەڵام نەگەیشتنی هێزی پشتیوانی ناچاری کردن پاشەکشە بکەن، ئەمە وێڕای تێکشکانی کەشتیگەلی بیزەنتییەکان لە کەناراوی دمیات و نەمانی خۆراک و پێداویستی و هێرشی بەهێزی سوپای سەلاحەدین بۆ سەر هێزی بیزەنتی، وایلێهات خاچییەکان لەبری سوودوەرگرتن لە هێزی بیزەنتی، سەرقاڵ بووبوون بە بەرپەرچدانەوەی هێرشی قورسی موسڵمانان بۆ سەر هێزی بیزەنتی و پاراستنی کەشتیگەلی هێزە هاوئایینەکەیان.[٢]

سەلاحەدینی ئەیووبی لە نامەیەکیدا کە بۆ خەلیفەی عەبباسی ناردووە، ئاماژە دەدات بە سیاسەتی بیزەنتییەکان بەرامبەریان ''سەبارەت بەو دوژمنانەی لە دژمان دەجەنگن، لەوانە بەرپرسی

---

(١) -ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ص ٨١-٨٢.

(٢) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج٩/ ص ٣٥٠؛ ابن واصل: مفرج الكروب، ج١/ ص ١٨٠؛ زبيدة محمد عطا: الشرق الإسلامي و الدولة البيزنطية زمن الأيوبيين، ص ٦٥؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الحروب الصليبية، ص ص ٤١١-٤١٢.

قوستەنتینیەیە کە سەرکەشی گەورە و جالووتی بێباوەڕە، چەند جەنگێکی دەریاییمان لەگەڵیدا ئەنجامداوە، لە میسر دەرنەچووین هەتا لە یک جومعەدا دوو جار دوو نامەی ئەومان بەدەست گەیشت، تیایدا باڵی ئاشتی والآکردووەو لە دومنایەتییەوە بۆ ئاگربەست و لە شکاندن و ئابڕووبەرییەوە بەرەو ئامۆژگاری هەنگاوی ناوە تاکو ئاستێک ئاگاداری پێداین لە بەرپرسی صقلیە و کەشتیگەلەکەی..''.[١]

قۆناغی دووەم: پەیوەندییەکانی ئەیووبی و بیزەنتییەکان لە دوای ساڵی (٥٧٧ک/ ١١٨١ز):

لەم قۆناغەدا سیاسەتی بیزەنتییەکان لە ئاست ئەیووبییەکاندا گۆڕا، ئیدی بیزەنتە لەبری پشتیوانی نەیارانی ئەیووبی، پشتی کردە ئەو هێزانە و بناغەی دۆستایەتی لەگەڵ ئەیووبییەکاندا دامەزراند، زۆربوونی فشارە دارایی و سەربازییەکان و سەرقاڵبوونی بیزەنتە بە جەنگی سەلجووقییەکان و یەکنەگرتنەوەی ئامانجی بیزەنتە و هێزە خاچییەکان و چەند هۆکارێکی دی پاڵنەر بوون بۆ گرتنەبەری سیاسەتی نوێ.[٢]

لە ساڵی (٥٧٧ک/ ١١٨١ز) دا ئیمپراتۆری بیزەنتی نێردراوێکی نارد بۆ لای سەلاحەدینی ئەیووبی بە مەبەستی بەستنی رێککەوتنێک لەنێوان هەردوولادا، بۆ نیشاندانی نیازپاکی و جێبەجێکردنەکەیشی سەد و هەشتا دیلی موسڵمانانی ئازاد کرد.[٣]

لە ساڵی (٥٨١ک/ ١١٨٥ز) دا پاش ئەوەی ئەندرۆنیقۆسی بیزەنتی لەلایەن نۆرمانەکانەوە گەمارۆ درا، ناچار پەنای بردە بەر سەلاحەدینی ئەیووبی و داوای رێککەوتنی لێکرد لەسەر ئەم خاڵانە:

١. سەلاحەدین هەواداری خۆی بۆ ئەندرنیقۆس نیشان بدات بەو پێیەی ئەو ئیمپراتۆرە.
٢. هەردوولا لە جەنگی میرنشینی بەیتولمەقدیسی خاچیدا هاوکاری یەکدی بن، ئەگەر ناوچەکەیان گرت بەیتولمەقدیس و ناوچە کەناراوییەکان بۆ بیزەنتییەکان بن جگە لە عەسقەلان.
٣. ئەندرۆنیقۆس هاوکاری سەلاحەدین بێت لە جەنگی دژ بە خاچییەکانی شامدا.

---

(١) – أبوشامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، ج٢/ ص ٣٦٣.

(٢) –محمد سهيل طقوش: تاريخ الأيوبيين، ص ص ١٠١-١٠٢.

(٣) – المقريزي: السلوك لمعرفة دول الملوك، ج١/ ص ١٨٥.

بەڵام پێش ئەوەی سەلاحەدین وەڵامی پێشنیارەکەی بداتەوە، ئەندرۆنیقۆس لەسەر کورسی دەسەڵات لابرا، هەرچەندە ئەگەر ئەوەش نەبوایە پێنەدەچوو سەلاحەدین رازی بێت بەو پێشنیارە، چونکە ئەیووبییەکان لە ترۆپکی هێز و بیزەنتییەکانیش لە لاوازی و پشێویدا بوون.(١)

پاش فەتحی قودس لەلایەن سەلاحەدینەوە، نێردراوی بیزەنتییەکان لە قوستەنتینیەوە گەیشتنە لای صەدلاحەدین، لەوێ رێزێکی زۆریان لێگیرا، نامەیەکیان پێ بوو کە چەند داواکارییەکی لەخۆگرتبوو:

١. خاچی پیرۆز (صەلەبوت) بدرێت بە بیزەنتییەکان.
٢. سەرجەم کڵێساکانی قودس بخرێنە ژێر سەرپەرشتی بیزەنتییەکان.
٣. هاوپەیمانییەک ببەستن کە دۆستایەتی دۆستی یەکدی و دوژمنایەتی دوژمنی یەکدی بکەن.
٤. بەڵام سەلاحەدین بە پێشنیارەکان رازی نەبوو.(٢)

سەرکەوتنی سەلاحەدین بەسەر خاچییەکاندا، ناردنی شاندێکی ئەیووبی بەدوادا هات بۆ قوستەنتینیە کە هەواڵی ئەو سەرکەوتنانەیان گەیاندە ئەوێ و برێک دیاری سەلاحەدینیان پێ بوو بۆ ئیمپراتۆری بیزەنتی، لە وەڵامی ئەمەدا لە (زیلقەعیدەی ساڵی ٥٨٣ک/کانوونی دووەمی ساڵی ١١٨٨ز) دا دوو نێردراوی بیزەنتی گەیشتنە لای سەلاحەدین، لە نامەیەکیدا ئیمپراتۆر ستایشی سەلاحەدینی کردبوو لەسەر رزگارکردنی براکەی، هاوکات هەواڵی ئامادەکاری خاچییەکانی سەبارەت بە هێرشبردنە سەر شام بۆ باسکردبوو، بۆیە ئەویش نێردراوێکی ناردەوە بۆ قوستەنتینیە هەتا لەگەڵ ئیمپراتۆردا هەماهەنگییەک دروست بکەن سەبارەت بە رێگرتن لەو شاڵاوە خاچییەی جیهانی خۆرئاوا کە مەترسی بوو بۆ سەر هەردوو دەسەڵاتەکە، ئەمە لە کاتێکدا فریدریک بربروسای سەرکردەی خاچی نێو هەڵمەتی سێیەمی خاچییەکان نامەی بۆ ئیمپراتۆری بیزەنتی ناردبوو و داوای هەماهەنگی و هاوکاری لێدەکرد لە هەڵمەتەکەیاندا بۆ سەر جیهانی ئیسلامی. (٣)

کاتێک پادشای ئەڵمانیا بۆ هێرشبردنە سەر سەلاحەدینی ئەیووبی بە خاکی قوستەنتینیەدا هات، ئیمپراتۆری بیزەنتی نەیتوانی رێگەی لێبگرێت، بەڵام پێی ناخۆش بوو، هەرچەندە لە سەرەتادا هێزی بیزەنتی و ئەڵمانی بەریەککەوتنیان هەبوو، بەڵام دواتر ئیمپراتۆری بیزەنتی کە زانی دەرەقەت نایەت،

---

(١) – محمد سهيل طقوش: تاريخ الأيوبيين، ص ص ١٠٥-١٠٦.

(٢) –ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ٣١١.

(٣) – محمد سهيل طقوش: تاريخ الأيوبيين، ص ص ١٠٧-١٠٨.

لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتەکەی جۆرێک لە هەماهەنگی لەگەڵ ئەڵمانەکاندا دامەزراند، ئەویش بەوەی ڕێیان لێ نەگرێت بە خاکیدا بپەڕنەوە بەرەو شام.[١]

هاوکات خێرا هەواڵی بۆ سەلاحەدینی ئەیووبی نارد،[٢] تیایدا ئاماژەی بە هەندێ خاڵ دا کە بەرزکردنەوەی لایەنی دەروونی صەلاحەدین و موسڵمانانی لەخۆدەگرت، لەوانە:

١. ئەو هێزە بڕستیان لێ بڕاوەو شەکەت کەوتون.
٢. سامان و سوار و سەربازێکی زۆریان لەدەستداوە.
٣. لە خاکی مندا گورزی سەختیان بەرکەوتووەو لاواز کەوتون.
٤. پێناچێت بگەنە خاکی تۆ، ئەگەریش بگەن وزەیەکیان پێ نەماوە.
٥. بەرهەمی خۆشەویستی نێوانمان بۆ دەسەڵاتی من دوژمنایەتی فرەنجەکان -خاچپییەکانە-.

سوڵتان کە ئەو نامەی خوێندەوە، ڕێزێکی زۆری نێردراوەکەی گرت.[٣]

یەکێک لەو شایەتیانەی پشتڕاستی ئەو حاڵەتە ناچارییەی ئیمپراتۆری بیزەنتییان دەکردەوە، نامەکەی کایفکاوسی ئەرمەنی بوو کە بۆ صەلاحەدینی نارد و تیایدا سەبارەت بە پادشای ئەڵمان هاتبوو ''پادشای رۆمی دەرکرد تاکو ئەو کاتەی گوێڕایەڵی بۆ نواند، پاشان کوڕەکەی و براکەی و چل کەسی نزیکی -پادشای- بە بارمتە گرت و پەنجا قینتار زێڕ و پەنجا قینتار زیو و بڕێکی زۆر جلی ئەتڵەسی لێسەند و دەستیگرت بەسەر کەشتیگەلەکەیدا..''[٤]

هەرچەندە سەلاحەدینی ئەیووبی لەسەر بنەمای دۆستایەتی لەگەڵ بیزەنتییەکاندا مامەڵەی دەکرد، بەڵام خوێندنەوەی خۆی و نزیکەکانی بۆ سیاسەتی بیزەنتییەکان لە دوو نامەدا بە ڕوونی دەردەکەوێت:

---

(١) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ٨١؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الأيوبيون، ص ١١٠.

(٢) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ٨١.

(٣) –ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ص ٢٠٣-٢٠٤.

(٤) – ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ص ١٩١-١٩٢؛ أبوشامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، ج٤/ ص ١٣٠.

یەکەم: ''پادشای ڕۆم ترسی لە فرەنجەکان هەیە بۆ سەر وڵاتەکەی و دەیەوێت بەرگری لە خۆی بکات، ئەگەر ئەوە سەربگرێت بۆی، بانگەشەی ئەوە دەکات لەبەر ئێمە ئەوەی کردووە، ئەگەریش سەری نەگرت بانگەشەی ئەوە دەکات توانای نەشکاوە بەسەر ویستی خۆی و ویستی ئێمەدا''.(١)

دووەم: ''بەخوا هەرگیز پادشای ڕۆم سەرکەوتوو نەبووە، نە دۆستایەتیەکەی سودی هەیە و نە دوژمنایەتیەکەشی زیانی هەیە''.(٢)

دوابەدوای مردنی سەلاحەدینی ئەیووبی، ئیمپراتۆری بیزەنتی هەوڵیدا سیاسەتی خۆی بگۆڕێت و لەگەڵ جەنەوا و بیزا و نۆرمانەکانی صقلیە هاوپەیمانی ببەستێت.(٣)

لە سەردەمی مەلیک عەزیزدا ئیمپراتۆری نوێی بیزەنتی (ئەلیکسۆسی سێیەم (٥٩٢-٦٠٠ک/ ١١٩٥-١٢٠٣ز) نامەیەکی بۆ نووسی و تیایدا هەواڵی پێدا کە بووە بە سەرگەورەی بیزەنتییەکان.(٤)

لەوە بە دوا بەهۆی هاتنی هەڵمەتی چوارەمی خاچییەکان و گۆڕینی ئاڕاستەی هەڵمەتەکە بەرەو قوستەنتینیە، ئمپیراتۆریەتی بیزەنتی لەبەردەم هێزی خاچییەکاندا تێکشکا و لە ساڵی (٦٠٠ک/١٢٠٣) دا پایتەختەکەی گیرا و هەتا دوای سەردەمی ئەیووبییەکان بەدەست خاچییەکانەوە بوو.(٥)

باس لەوە دەکرێت گۆڕینی ئاڕاستەی هەڵمەتی چوارەمی خاچییەکان پەیوەندیی ناڕاستەوخۆی بە سیاسەتی مەلیک عادلەوە هەبووە، چونکە لە ساڵی (٥٩٩ک/ ١٢٠٢ز) دا لەگەڵ بوندوقییەکاندا ڕێککەوتنێکی بەست کە بەو پێیە ئەوان دەستبار نەبن بۆ هیچ هێرشێکی خاچی بۆ سەر ئەیووبییەکان، لە بەرامبەر ئەوەدا بڕێک دەستکەوتی بازرگانییان پێ درا، ئەوانیش لە هاتنی هەڵمەتی چوارەمدا توانییان قەناعەت بە سەرکردەی هەڵمەتەکە بهێنن ئاڕاستەی هێرشەکە لە ئەیووبییەکانەوە بەرەو لای بیزەنتییەکان بگۆڕێت.(٦)

---

(١) - أبوشامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، ج٤/ ص ٢٢٠.

(٢) - أبوشامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، ج٤/ ص ٢٢١.

(٣) - محمد سهيل طقوش: تاريخ الأيوبيون، ص ١١٢.

(٤) - المقريزي: السلوك، ج١/ ص ٢٤١.

(٥) - ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ٢٤١؛ ابن فضل الله العمري: مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، ج٢٧/ ص ١٢٥؛ گروسيه: موجز تاريخ الحروب الصليبية، ص ص ١١٥-١١٦.

(٦) - رنسيمان: تأريخ الحملات الصليبية، ج٣/ ص ص ١٥٦-١٥٧.

## تەوەری دووەم

## پەیوەندیی دۆستانەی نێوان ئەیووبی و بیزەنتییەکان

بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیی نێوان ئەیووبییەکان و بیزەنتییەکان پەیوەندییەکی دۆستانە و یەکترقبوولکردن بوو، ئەمەش دوو هۆکاری سەرەکی هەبوو:

یەکەم: نزیکیی و هاوسنووریيان بۆ ماوەیەکی زۆر، چونکە جیهانی ئیسلامی و جیهانی بیزەنتی ماوەیەکی زۆر بەریەککەوتنیان هەبوو، ئەمەش جۆرێک لە لێکتێگەیشتنی بۆ دروست کردبوون، وەک چۆن سەرەتای هاتنی خاچییەکان بەریەککەوتنەکان لەگەڵ ئەیووبییەکاندا زۆر سەخت بوون،[١] بەڵام دواتر پەیوەندی دۆستانە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و تەنانەت هاتوچۆی گەشتیاری و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوانیاندا دروست بوو.[٢]

دووەم: هەبوونی دوژمنێکی هاوبەش کە هێزە خاچییەکان بوون و مەترسی بوون بۆ سەر دەسەڵات و خاکی هەریەک لە ئەیووبییەکان و بیزەنتییەکانیش، ئەمە وایدەخواست هەردوولا یەکدەست بن بۆ بەرنگاربوونەوەی دوژمنی هاوبەشیان، ئەگەر ئەوەش نەکرا، هیچ نەبێت نەبنە پشتیوانی دوژمنی هاوبەشیان دژ بە هێزی بەرامبەر.[٣]

بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندییە دۆستانەکانی نێوان ئەیووبی و بیزەنتییەکان بریتی بوون لە:

**یەکەم: نامە و نامەگۆڕینەوە:**

ئیبن شداد سەبارەت بە ڕووداوەکانی ساڵی (٥٨٣ک/ ١١٨٧ز) نووسیویەتی ''لەنێوان سوڵتان- سەلاحەدین- و پادشای قوستەنتینیەدا نامەو نامەگۆڕینەوە هەبوو''.[٤]

ئەم حاڵەتی ئاڵوگۆڕی نامەیە لە دوای سەلاحەدینشیەوە بەردەوام بوو، وەک دەبینین ئەلیکسۆسی سێیەم (٥٩٢-٦٠٠ک/ ١١٩٥-١٢٠٣ز) نامەیەکی بۆ مەلیک عەزیزی ئەیووبی نووسی و تیایدا هەواڵی

---

(١) – ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ٢٦٢؛ زبيدة محمد عطا: الشرق الإسلامي و الدولة البيزنطية زمن الأيوبيين، ص ١٥٠.

(٢) – ابن جبير: رحلة ابن جبير، ط١، دار بيروت، بيروت.ص ٢٧٣.

(٣) – ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦/ ص ٦١٦؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الأيوبيون، ص ص ١١٢-١١٣.

(٤) – ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ٢٠٢.

وەرگرتنی پۆستی ئیمپراتۆریەتی پێ دابوو لەگەڵ چەند پرسێکی دیکەی پەیوەست بە موسڵمانانی ژێر دەسەڵاتەکەی.[١]

**دووەم: ناردنی شاند و دیاریی:**

یەکەم شاندی بیزەنتی لەلایەن ئەندرۆنیکۆسەوە کە گەیشتە لای سەلاحەدین، بە کۆمەڵێک داواکارییەوە هاتبوو کە لەنێویاندا داوای ئەوەی دەکرد بەیتولمەقدیس بدرێتە دەست بیزەنتە، لە بەرامبەردا ئەویش هاوکاری ئەیووبییەکان دەکات دژ بە خاچییەکان لە شامدا، هەرچەندە سەلاحەدین بەوە رازی نەبوو، بەڵام رێزێکی زۆری نێردراوەکانی گرت[٢] و کۆمەڵێک دیاری تایبەتی بۆ ئیمپراتۆری بیزەنتی نارد، لەنێویاندا ژمارەیەک ئەسپ و هێستر و ئاژەڵی کێوی و ئاژەڵیماڵیکراو و بەردی گرانبەها و عەنەبر و چەندین شتی تر، هاودەم بە نێردراوێکی خۆی و نێردراوی ئیمپراتۆری بیزەنتی لە رێگەی دەریاوە گەڕانەوە، بەڵام لەنێو دەریادا لەلایەن چەتەکانەوە هێرشیان کرایە سەر و دەستگیرا بەسەر شمەکەکانیاندا و هەردوو نوێنەرەکەیش لەناوبران.[٣]

**سێیەم: لێبوردەیی ئایینی:**

هەریەک لە ئەیووبی و بیزەنتییەکان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیاندا رەچاوی ئایینی ئەوی دییان دەکرد و لێبوردەییەکی بەرفراوانیان نیشان دەدا، لای بیزەنتییەکان مزگەوتەکانی قوستەنتینیە گرنگییان پێدەدرا، تەنانەت گۆڕی کەسایەتییە موسڵمانەکانیش ئەو گرنگییەیان پێ دەدرا، لەلای ئەیووبییەکانیشەوە گرنگی بە کڵێسا ئەرسەدۆکسییەکان دەدرا، بەڵکو کەسایەتییە مەسیحییەکان لە پۆستە کارگێڕییەکانی دەوڵەتی ئەیووبیدا رۆڵیان پێ درابوو.[٤]

لە ساڵی (٥٨٦ک/ ١١٩٠ز) دا ئیمپراتۆری بیزەنتی نامەیەکی نارد بۆ سەلاحەدینی ئەیووبی و تیایدا پۆزشی ئەوەی هێنایەوە کە هاتنی سوپای ئەڵمانەکان بە خاکی ئەودا بۆ هێرش بردنە سەر ئەیووبییەکان بە ویستی خۆی نەبووە، بەڵکو ئەو نەیتوانیوە بەر بەو هێزە شاڵاوهێنە خۆرئاواییە

(١) – المقريزي: السلوك لمعرفة دول الملوك، ج١/ ص ٢٤١.

(٢) – زبيدة عطا: الشرق الإسلامي و الدولة البيزنطية زمن الأيوبيين، ص ٨٧؛ محمد سهيل طقوش: تاريخ الأيوبيون، ص ١١١.

(٣) – ف.هايد: تاريخ التجارة في الشرق الأدنى في العصور الوسطى، تر: احمد محمد رضا، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٥م، ص ص ٢٤١-٢٤٢.

(٤) – ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦/ ص ٦١٦؛ زبيدة محمد عطا: الشرق الإسلامي و الدولة البيزنطية زمن الأيوبيين، ص ص١٤٩-١٥٠.

بگرێت، هاوکات موژدەی سەرکەوتنی بە سەلاحەدینی ئەیووبی دا و نزای کرد خوا ئەو هێزە مەسیحییە لەناوبەرێت، هاوکات لە یەکێک لە پەیامەکانیدا بەڵێنی ئەوەی دا لەنێو قوستەنتینیەدا مۆڵەت بدات وتاری رۆژی هەینی بدرێت، سەڵاحەدینیش نێردراوی خۆی و وتاربێژێک و مینبەرێکی نارد بۆ ئەوێ، ئیدی لەنێو پایتەختی بیزەنتییەکاندا وتاری هەینی درا و موسڵمانانی ئەوێ و بازرگان و گەشتیارە موسڵمانەکان بەشداری ئەو هەینیە بوون.(١)

لە سەردەمی مەلیک عەزیزدا ئیمپراتۆری نوێی بیزەنتی ئەلیکسۆسی سێیەم (٥٩٢-٦٠٠ک/١١٩٥-١٢٠٣ز) نامەیەکی بۆ نووسی و تیایدا باسی ئەوەی کردبوو کە هەنگاوی خەمخۆرانەی بەرامبەر بە موسڵمانانی ئەوێ گرتۆتەبەر و مۆڵەتی داون وتاری هەینی بدەن و بەشێکی مزگەوتەکەی قوستەنتینیەی نۆژەن کردۆتەوە، هەروەها داوای کرد مەسیحییەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەیووبییەکان زیاتر دەستواڵا بکرێن.(٢)

### چوارەم: پەیوەندی ئابووریی:

ئەیووبییەکان پەیوەندیی ئابوورییان لەگەڵ بیزەنتییەکاندا هەبوو، تەنانەت لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیاندا مامەڵە دەکرا بە دیناری بیزەنتییەوە، بەڵکو پێوانەی بیزەنتیش گرنگیی پێدەدرا بە تایبەت لە میسر و شام، هاوکات ژمارەیەکی بەرچاوی موسڵمانانی ژێر دەسەڵاتی ئەیووبییەکانیش سەردانی ناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتییان دەکرد، وەک دەبینین بەشێک لە بەشداربوانی یەکەم هەینی ناو مزگەوتی قوستەنتینیە بریتی بوون لە بازرگانە موسڵمانەکان، ئەوان لەوێ وێڕای ئەوەی بازاڕی تایبەت بە خۆیان هەبوو، تەنانەت شوێنی مانەوەو حەوانەوەشیان بە جیا بۆ دەستەبەرکرابوو.(٣)

هەریەک لە قوستەنتینیە و ئەسکەندەرییە دوو ناوەندی گەورەی بازرگانی بوون کە پەیوەندی بازرگانی نێوانیان لە سەردەمی ئەیووبییەکاندا لە ئاستێکی بەرزدا بوو و گەریدەکانیش لە گەشتنامەکانیاندا ئاماژەیان بەو حاڵەتە داوە.(٤)

---

(١) – ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦/ ص ٦١٦.

(٢) – المقريزي: السلوك لمعرفة دول الملوك، ج١/ ص ٢٤١.

(٣) – ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٦/ ص ٦١٦؛ زبيدة محمد عطا: الشرق الإسلامي و الدولة البيزنطية زمن الأيوبيين، ص ١٦٢، ١٦٨.

(٤) – زبيدة عطا: الشرق الإسلامي و الدولة البيزنطية زمن الأيوبيين، ص ١٦٦.

## باسی دووەم

## پەیوەندی نێوان ئەیووبییەکان و میرنشینی جۆرجیا و ئەرمەنستانی بچووک

### تەوەری یەکەم

### بەریەککەوتنی نێوان ئەیووبی و جۆرجییەکان

سەردەمی سەلاحەدینی ئەیووبی هاوکات بوو لەگەڵ مردنی جۆرجی سێیەمی پادشای جۆرجیادا (٥٥١-٥٨٠ک/١١٥٦-١١٨٤ز) و لەدوای خۆی تەنها تمارای کچی (٥٨٠-٦٠٩ک/١١٨٤-١٢١٢ز) جێهێشتبوو، ئەگەرچی ئەمە دەرفەتێک بوو بۆ سەلاحەدین هەتا بەرەو جۆرجیا فراوانخوازی بکات، بەڵام بەهۆی سەرقاڵبوونی بە جەنگی خاچییەکانەوە فریای ئەوە نەکەوت جۆرجیاش ملکەچی فەرمانڕەوایی خۆی بکات، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی لەسەردەمی ئەودا پەیوەندی ئەیووبی و جۆرجییەکان مۆرکی ئارامی و بەریەکنەکەوتنی بەسەردا زاڵ بوو، چونکە نەیدەویست بەرەی دوژمنایەتیەکەی بۆ هەردوو بەرەی خاچییەکان و جۆرجییەکان فراوان بکات، لە بەرامبەردا میرنشینی جۆرجیاش هەوڵیدا پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ ئەیووبییەکاندا هەبێت هەتا ئەم هێزە نوێ ئیسلامییە سەرئێشەی بۆ دروست نەکات، بە پێچەوانەوە دەیویست سوود وەربگرێت لە هێزی ئەیووبی بۆ لاوازبوونی خاچییەکان بەو هیوایەی خۆی ببێتە نوێنەری مەسیحییەکانی خۆرهەلات.[1]

زۆری نەخایاند پەیوەندیی نێوان ئەیووبی و جۆرجییەکان تێکچوو، هۆکارەکەشی بەستنی هاوپەیمانی بوو لەلایەن جۆرجییەکانەوە لەگەڵ هێزە مەسیحییەکانی دیکە، لەوانەش ئەو هاوپەیمانێتیەی کە جۆرجییەکان لە ساڵی (٥٩٨ک/١١٩٨ز) لەگەڵ ئەرمەنەکان بەستیان بۆ هێرشبردنە سەر ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی، لەوانەش ناوچەی خەلات کە ئەوکات بەدەست سەلجووقییەکانەوە بوو، بەڵام لە هەڵمەتی دووەمی جۆرجییەکان بۆ سەر شارەکە لە ساڵی دواتردا، بەهۆی لاوازی و بێهەڵوێستی بەرپرسە سەلجووقیەکەیەوە لە ئاست هێرشی جۆرجییەکان، خەڵکی شارەکە لێی راپەڕین و یەکێک لە سەرکردە هەوادارەکانی ئەیووبییەکانیان دانا. [2]

---

(١) - عادل بن محمد خضر: العلاقات بين المسلمين و الكرج، رسالة الماجستير، جامعة أم القرى (مكة المكرمة- ١٩٩٤م، ص ص ١٨٥ – ١٨٧؛ فتحي سالم اللهيبي: دراسات في علاقة الأرمن والكرج بالقوى الإسلامية في العصر العباسى، ط١، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠١٣م، ص ١٨٧.

(٢) - عادل بن محمد خضر: العلاقات بين المسلمين و الكرج، ص ص ١٨٧-١٨٨.

دوای سێ ساڵ و له ساڵی (٦٠٢ک/ ١٢٠٥ز) دا جۆرجییەکان هێرشیان هێنایه سەر خەڵات و گرتن و کوشتاریان تێدا ئەنجامدا.[١]

له ساڵی (٦٠٣ک/١٢٠٦ز) دا جۆرجییەکان پاش گەمارۆیەکی درێژخایەنی سەر شاری خەلات، توانییان ناوچەی قورسی سەر به خەڵات بگرن، ئەمەش پاش ئەوەی هەرچەنده لەلایەن سەرکردەو خەڵکه موسڵمانەکەیەوه داوای هاوکاری کرا و هیچ بەدەمەوەهاتنێک نەبوو، ناچار لەلایەن سەرکردەی قەڵاکەوه به رێککەوتن درایه دەست جۆرجییەکان،[٢] ئەم حاڵەته وای له مەلیک ئەوحەدی ئەیووبی کرد بیر له گرتنی خەڵات بکاتەوەو له ساڵی (٦٠٤ک/ ١٢٠٧ز) دا شارەکەی گرتەدەست،[٣] ئەمەش پاش داواکاری خەڵکی شارەکه، جۆرجییەکان بەم هەنگاوه ترسیان لێنیشت و رقیان لەم کەسایەتیه بوو، بۆیه هەڵمەتەکانیان بۆ سەر خەڵات و دەوروبەری یەکدوای یەک بەردەوام بوو.[٤]

جۆرجییەکان له ساڵی (٦٠٥ک/ ١٢٠٨ز) دا شاری ئەرجیشیان گرت و تاڵان و بڕییان تێدا ئەنجام دا و شارەکەیان سووتاند، هەرچەنده مەلیک ئەوحەد له خەڵات بوو، بەڵام لەبەر زۆری ژمارەی جۆرجییەکان و ترسی له هەڵگەڕانەوەی خەڵکی خەڵات نەڕۆیشت بۆ بەرنگاربوونەوەی ئەو هێرش و پەلاماردانەی جۆرجییەکان.[٥]

بەشێکی دیکەی تێکچوونی پەیوەندییەکانیان پەیوەست بوو به هەڵوێست وەرگرتنی جۆرجییەکان له ئاست هەڵسوکەوت و هەڵوێستی ئەیووبییەکان له شامدا، بۆ نموونه کاتێک موعەزەم عیسای بەرپرسی دیمەشق شووراکانی بەیتولمەقدیسی رووخاند، جۆرجییەکان زۆر بێزار بوون بەو هەڵوێسته و هەڕەشەیان لەو سەرکرده ئەیووبیه کرد.[٦]

(١) – ابن الساعي: الجامع المختصر في عنوان التواريخ و عيون السير، المطبعة السريانية الكاثوليكية في بغداد، ١٩٣٤م، ج٩/ ص ١٧٧.

(٢) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ٢٤٩؛ ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ص ٢٤٥-٢٤٦.

(٣) – ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ٢٤٧؛ ابن الساعي: الجامع المختصر في عنوان التواريخ و عيون السير، ج٩/ ص ٢٤٢.

(٤) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٣/ ص ١٧٦.

(٥) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ٢٦٨؛ ابن العبري: تأريخ الزمان، ص ٢٤٧؛ ابن واصل: مفرج الكروب، ج٣/ ص ١٨٣.

(٦) – يعقوب الڤيتري: تاريخ بيت المقدس، ص ١٢٧.

گرتنی شاری خەلات لە لایەن ئەیووبییەکانەوە لە ساڵی (٦٠٤ک/ ١٢٠٧ز) ترسی خستە نێو دڵی هێزە دراوسێکانەوە، لەنێویشیاندا جۆرجییەکان کە بەو گۆڕانکارییە بێزار بوون و ترس دایگرتن، ئیدی درێژەیان دا بە هێرش بردنە سەر ناوچەکانی دەوروبەری خەلات، چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیان لە خاکی ئەرمەنستان بکەونە بەر مەترسی فراوانخوازی ئەیووبییەکان، بۆیە بڕیاریان دا لەبری بەرگریکردن دەست بە هێرش بکەن و لە ساڵی دواتردا شاڵاویان بردە سەر چەند ناوچەیەکی دەسەڵاتی ئەیووبییەکان لەنێو خاکی ئەرمەنستاندا و گەمارۆی شاری ئەرجیشیان دا و گرتیان و کوشتارێکی گەورەیان تێدا ئەنجام دا و شمەکی نێو شارەکەیان برد و دواتر ئاگریان تێبەردا.[1]

مەلیک ئەوحەد بەرپرسی خەلات بوو و لەلایەن ئەیووبییەکانەوە دانرابوو، بەردەوام هاواری بوو بەدەست جۆرجییەکانەوەو نامە دوای نامەی دەنارد بۆ مەلیک عادل بەو هیوایەی بچێت بە هانایەوە، ئەویش لە ساڵی (٦٠٦ک/ ١٢٠٩ز) لە دیمەشقەوە بەڕێکەوت و نامەی بۆ ناوچەکانی وڵات نووسی و داوای ناردنی سوپای دەکرد بە نیازی هێرش بردنە سەر جۆرجییەکان، بەڵام دواتر ئاڕاستەی هێرشەکەی گۆڕی، هۆکارەکەشی ئەوەبوو کە جۆرجییەکان کاتێک ئەو هەواڵەیان پێگەیشت، ترس دایگرتن و بەرەو وڵاتی خۆیان گەڕانەوە،[2] هەرچەندە زەهەبی هۆکارەکەی بەم شێوازە خستۆتەڕوو"پێدەچێت عادل وازی لە جهاد هێنابێت و لەسەر دنیا جەنگابێت".[3]

لە ساڵی (٦٠٧ک/ ١٢١٠ز) دا هەریەک لە ئیمپراتۆری ڕۆم و بەرپرسی موصڵ و پادشای جەزیرە و بەرپرسی هەولێر دژ بە مەلیک عادل یەکیانگرت، پێکەوە پادشای جۆرجیایان هاندا بۆ هێرشبردنە سەر خەلات، ئەویش هێرشی بردە سەری، بەڵام کاتێک هێرشەکە تێکشکا، ئەو هاوپەیمانێتیە هەڵوەشایەوەو لەگەڵ مەلیک عادلدا ڕێککەوتنیان بەست، لەو کاتەی جۆرجییەکان گەمارۆیان لەسەر خەلات دانا، یەکێک لە ئەستێرەناسەکانی نزیک لە پادشای جۆرجیا دڵنیایی بە پادشا دا و پێی وت ئەمشەو لە قەڵای خەلات شەو دەکەیتەوە، بێخەمیەکەی ئیوانی سەرکردەی جۆرجییەکان گەیشتە

(١) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ٢٦٢؛ عادل بن محمد خضر: العلاقات بين المسلمين و الكرج، ص ١٩٧.

(٢) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٣/ ص ص ١٩١-١٩٢.

(٣) –- الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١٦/ ص١٨١.

ئاستێک مەی بخواتەوەو سەرخۆشی بکات،[1] بە بیست سوارەوە بەرەو خەلات چوو،[2] ئەسپەکەی خستیە خوارەوە، لەو کاتەدا ژمارەیەک لە قەیمەرییەکان – کە کورد بوون- و چووبوون بۆ بەرگرتن بە هێرشی جۆرجییەکان، ئیوانییان بینی و بەدیلیان گرت و بردیان بۆ لای مەلیک ئەوحەد، ئەویش کە ئیوانی بینی، ڕێزێکی زۆری گرت و لەسەر کورسیەکەی خۆی داینیشاند و خۆیشی لەبەردەمیدا دانیشت و پێی وت: ئەم ولاتە هی خۆتە،[3] ئیوانی پێ وت: (ئەگەر ئازادم دەکەن ئەوە خێرا ئەوە بکەن پێش ئەوەی هەواڵەکە بگاتە لای جۆرجییەکان و کەسێکی دی لە شوێنی من دابنێن، ئەوکات چیتان ویست وادەکەین)،[4] پاشان خێرا نامەی نارد بۆ براکەی و سەرجەم جۆرجییەکان و داوای لێکردن پاشەکشە بکەن.[5]

دواجار بە ڕێککەوتن بڕیاری ئازادکردنی درا، ڕێککەوتنەکەش لەسەر ئەم خاڵانە بوو:

١. ئیوانی دووسەد هەزار دینار بدات
٢. پێنج هەزار دیلی موسڵمانان ئازاد بکرێن.
٣. ماوەی سی ساڵ ڕێککەوتن و ئاشتی لەنێوانیاندا هەبێت.
٤. ئیوانی کچەکەی خۆی بدات بە مەلیک ئەوحەد.[6]
٥. چەند قەڵا و ناوچەیەک بگێڕێتەوە بۆ موسڵمانان.
٦. سوێند لەسەر بەجێگەیاندنی ئەو خاڵانە بخورێت.[7]

---

(١) – النويري: نهاية الإرب في فنون الأدب، ج٢٩/ ص ٤٨؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١٦/ ص ص ١٨١-١٨٣.

(٢) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٣/ ص ٢٠١؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١٦/ ص ١٢٩.

(٣) – النويري: نهاية الإرب في فنون الأدب، ج٢٩/ ص ٤٨.

(٤) – القزويني: آثار البلاد و أخبار العباد، ص ٥٢٤.

(٥) – النويري: نهاية الإرب في فنون الأدب، ج٢٩/ ص ٤٨.

(٦) - ابن واصل: مفرج الكروب، ج٣/ ص ٢٠١؛ الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١٦/ ص ١٢٩.

(٧) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٣/ ص ٢٠١.

تەنیا داواکاری جۆرجییەکان بنیادنانی پەرستگایەکی مەسیحی بوو لە خەلات کە تیایدا زەنگ لێبدرێت، رێککەوتنەکە جێبەجێ کرا و ئەو پارەی لە جۆرجییەکان وەرگیرا، لەلایەن دەسەلاتی ئەیووبییەوە بەکارهات بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو شوێنانەی کە پێشتر لەلایەن سوپای جۆرجییەوە وێران کرابوو.[١]

لە ساڵی (٦١٥ک/١٢١٨ز) دا کاتێک موعەززەم عیسا ناچار بوو شووراکانی قودس بڕووخێنێت، ئەم هەڵوێستە پێچەوانەی خواستی جۆرجییەکان بوو و زۆر لێی تووڕە بوون و هەڕەشەیان لێکرد کە تۆڵەی لێ دەکەنەوە، چونکە ئەوان بەردەوام سەردانی کڵێسای (قیامە) ی نێو قودسیان دەکرد، لەبەرئەوەی جەنگاوەری سەرسەخت بوون، موسڵمانەکانیش هەوڵیان دەدا بەرنگاریان نەبنەوە نەبادا لە رێی گەڕانەوەیاندا هێرش ببەنە سەر ناوچەکانی دیکەی موسڵمانان.[٢]

لە ساڵی (٦١٧ک/ ١٢٢٠ز) دا کاتێک تەتەرەکان هێرشیان بردە سەر ناوچەکانی جۆرجیا و کوشتارێکی زۆریان تێدا ئەنجامدا، پادشای جۆرجیا نامەیەکی بۆ مەلیک ئەشرەفی ئەیووبی نارد و پاش داوای ئاگربەستی نێوانیان، داوای لێکرد یەکدەست بن بۆ بەرنگاربوونەوەی تەتەرەکان، لەنێو نامەکەیدا هاتبوو ''ئەگەر لەگەڵمان نەبن بۆ جەنگی تەتەر و دوورخستنەوەیان لە وڵات و بە خۆتان و سەربازەکانتانەوە ئامادەی ئەم ئەرکە گرنگە نەبن، ئەوا لەگەڵ تەتەرەکان لە دژی ئێوە رێککەوتن دەبەستین''، بەڵام مەلیک ئەشرەف نەچوو بەدەم داواکەیانەوەو پۆزشی ئەوەی هێنایەوە کە دەبێت خۆی بگەیەنێتە میسر بۆ بەرنگاربوونەوەی هێرشی خاچییەکان، لە بەرامبەردا پێشنیارێکی دیکەی بۆ خستنەڕوو ''من میرنشینی خەلاتم بڕیوەتەوە بۆ براکەم و ناردوومە بۆ ئەوێ هەتا لێتانەوە نزیک بێت، سەربازیشم لا جێهێشتووە، هەرکات پێویستتان بە پشتیوانی ئەو بوو بۆ بەرگرتن بە تەتەر ئەوە لەگەڵتان ئامادە دەبێت''.[٣]

لە کاتی هەڵمەتی پێنجەمی خاچییەکان کە روو لە شاری دمیات بوو و تیایدا ئەیووبییەکان بەرنگاری ئەو هێرشە بوونەوە، خاچییەکان داوای یارمەتییان لە جۆرجییەکان کرد بۆ ئەوەی هێز

---

(١) - عادل بن محمد خضر: العلاقات بين المسلمين و الكرج، ص ٢٠٦.

(٢) - يعقوب الڤيترى: تأريخ بيت المقدس، ص ص ١٢٦-١٢٧.

(٣) - ابن واصل: مفرج الكروب، ج٤/ ص ص ٩٠-٩١.

بنێرن بۆ گرتنی شارەکە، ئەمەش لەو نامەدا روون دەبێتەوە کە لە (١٣/ئازاری/١٢٢١ز) دا نێردرا،[١] بەڵام هێرشی مەغۆلەکان رێگر بوو لەوەی جۆرجییەکان بیر لە شتێکی لەو چەشنە بکەنەوە، بە پێچەوانەوە بیریان لای ئەوەبوو لەگەڵ هێزە ئیسلامیەکانی ناوچەکەدا هاوپەیمانێتییەک ببەستن دژ بە مەغۆلەکان، بەڵام هاتنی سەرکردەی نوێی جۆرجییەکان (روسودان) (٦٢٠-٦٤٣ک/١٢٢٣-١٢٤٥ز) پەیوەندییەکانی جۆرجیا و ئەیووبییەکانی ئاڵۆز کرد، ئەویش بە ناردنی نامەیەک بۆ پاپا وەک وەڵامێک بۆ ئەو داواکارییەی کرابوو بۆ هێرشبردنە سەر دمیات و روونکردنەوەی ئەوەی دابوو کە شاڵاوی مەغۆلەکان شتێکی کتوپڕە و بە نەمانی ئەو مەترسییە بە دڵنیاییەوە بەشداری دەکات لە هەر هەڵمەتێکی خاچیی دژ بە موسڵمانان.[٢]

لە ساڵی (٦٢٠ک/ ١٢٢٣ز) دا بەرپرسی ناوچەی سورماری کە سەر بە دەسەڵاتی ئەیووبییەکان بوو، چوو بۆ خەڵات و لەوێوە هێرشی بردە سەر چەند ناوچەیەکی جۆرجیا و تاڵانی تێدا ئەنجامدا، ئەوانیش هێزێکیان کۆکردەوەو هێرشیان بردە سەر سورماری و تاڵان و برییان تێدا ئەنجام دا، خێرا بەرپرسی سورماری گەڕایەوەو هێرشی بردە سەر جۆرجییەکان و بەشێک لەوەی لێسەندنەوە کە بردبوویان، زۆری نەخایاند بە سەرکردایەتی بەرپرسی دوین جۆرجییەکان هێرشییان هێنایەوە سەر سورماری، بەرپرسی ئەوێیش هەواڵی پێگەیشت کە لەنێو دۆڵێکدا هێزەکە مۆڵی خواردووە، هەڵیکوتایە سەریان و کوشتارێکی زۆر لە سوپای جۆرجییەکان کرا و سەرکردەکەیان بەدیل گیرا و کەمینەیەکیان بە شەل و پەتی خۆیان گەیاندەوە جۆرجیا، خێرا پادشای جۆرجیا نامەیەکی نارد بۆ مەلیک ئەشرەف مووسای کوڕی عادل کە بەرپرسی جەزیرە بوو و پەیامێکی گلەیی ئامێزی پێ گەیاند ''ئێمە وامانزانی لە رێککەوتنداین، کەچی دەبینیت ئێستا بەرپرسی سورماری ئاوای کردووە، جا ئەگەر لە رێککەوتنداین دەمانەوێت دیلەکانمان ئازاد بکەن، ئەگەریش رێککەوتن هەڵوەشاوەتەوە ئەوا پێمان بڵێ با ئێمەش ئیشی خۆمان بزانین''،

(١) - ريتشارد سوذرن: صورة الإسلام في أوروبا في القرون الوسطى، تر: رضوان السيد، ط٢، دار المدار الاسلامي، ٢٠٠٦م، ص ٨٨.

(٢) - عادل بن محمد خضر: العلاقات بين المسلمين و الكرج، ص ص ٢٠٩، ٢١٢.

مەلیک ئەشرەف کە نامەکەی خوێندەوە، خێرا فەرمانی نارد بۆ بەرپرسی سورماری هەتا دیلەکان ئازاد بکات و ڕێککەوتن لەگەڵ جۆرجیادا نوێ بکاتەوە، ئەویش فەرمانەکەی بەجێگەیاند.[١]

لەساڵی (٦٢٢ک/١٢٢٥ز) ەوە پەیوەندییەکانی ئەیووبی و جۆرجییەکان بەرەو ئاڵۆزی چوون، ئەوەش بەهۆی بەزاندنی ڕێککەوتنی نێوانیان لەلایەن جۆرجییەکانەوە کاتێک لەو ساڵەدا هێرشیان بردە سەر چەند ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی ئەیووبییەکان، بەڵام لەلایەن ئەیووبییەکانەوە بەرپەرچ درانەوەو شکستێکی سەختیان تووشکرا، ئەم شکستە لە ناخی جۆرجییەکاندا مایەوە هەتا دواتر لەگەڵ سەلجووقییەکاندا هاودەست بوون بۆ گرتنی چەند ناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی ئەیووبییەکان،[٢] تەنها بەوەشەوە نەوەستان، بەڵکو دواتر دایانە پاڵ سوپای مەغۆل بۆ هێرشبردنە سەر ناوچەکانی جیهانی ئیسلامی.[٣]

لە ساڵی (٦٢٧ک/ ١٢٣٠ز) دا پاش ئەوەی مەلیک ئەشرەف شاری خەڵاتی لە خوارزمییەکان وەرگرتەوە، نامەیەکی نارد بۆ ئیوانی سەرکردەیەکی جۆرجییەکان، ئەویش بە نامەیەکی دۆستانە وەڵامی دایەوەو شمشێرێکیشی بە دیاری بۆ نارد، چونکە نەریتی جۆرجییەکان وابوو شمشێریان بە دیاری دەنارد بۆ لایەنی سەرکەوتوو.[٤]

---

(١) – ابن الأثير: الكامل في التاريخ، ج١٠/ ص ص ٣٧٨-٣٧٩.

(٢) – اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ص ١٩٠-١٩١.

(٣) – القلقشندي: صبح الأعشى في صناعة الإنشا، دار الكتب العلمية، بيروت، ٢٠١٢م ج٨/ ص ٢٧.

(٤) – ابن نظيف: التأريخ المنصوري، ص ص ٢١٨-٢٢٠.

## تەوەری دووەم

## پەیوەندیی دۆستانەی نێوان ئەیووبی و جۆرجییەکان

پەیوەندی دۆستانەی نێوان ئەیووبی و جۆرجییەکان خۆی لە سێ بواری سەرەکیدا دەبینیەوە، ئەوانیش بریتی بوون لە:

**یەکەم: سەردان و شاند و دیارییەکان:**

یەکەم نێردراوی جۆرجییەکان بۆ لای سەلاحەدینی ئەیووبی لە ساڵی (٥٨٨ک/ ١١٩٢ز) دا بوو کاتێک باسی ئەو ناوچانەی دەکرد کە لە قودس بەدەست جۆرجییەکانەوە بووەو داوای دەکرد ئەو ناوچانە بدرێنەوە دەستیان، لە بەرامبەردا سوڵتان سەلاحەدین رازی بوو وریێزێکی زۆری شاندەکەی گرت و کۆمەڵێک دیاریی پێدا ناردەوە.[١]

لە ساڵی (٥٩٩ک/ ١٢٠٢ز) دا شاندی ئەیووبییەکان لەلایەن مەلیک عادلەوە بە نوێنەرایەتی دادوەر ئیبن ئەبی عصروون چوو بۆ لای جۆرجییەکان.[٢]

لە ساڵی (٦١٠ک/ ١٢١٣ز) دا پەیوەندییەکانی نێوان ئەیووبی و جۆرجییەکان لە ئاستێکی باشدا بوون بە چەشنێک مەلیک عادل فیلێکی لە میسرەوە نارد بۆ پادشای جۆرجیا کە دیارییەکی زۆری لێنرابوو، خەڵکی کە فیلەکەیان دەبینی پێی سەرسام بوون.[٣]

لە ساڵی (٦١٩ک/ ١٢٢٢ز) کاتێک پادشای جۆرجیا کۆچی دوایی کرد و پادشا و کەسایەتیەکی گەورەیان نەبوو سەرکردایەتییان بکات، ئەم هەواڵە لەلایەن جۆرجییەکانەوە بە رەسمی گەیەنرا بە مەلیک ئەشرەف،[٤] ئەمەش ئاماژەیە بە ئاستی پەیوەندی دۆستانەی نێوانیان، ئەگەرنا هەواڵێک کە ئاماژەیە بە لاوازییان، بەو چەشنە نەیاندەگەیاند بە مەلیک ئەشرەف.

---

(١) – أبوشامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، ج٤/ ص ٣٢٦؛ اللهيبي: مملكة جورجيا في العصور الوسطى، ص ١٧٦.

(٢) – ابن الفرات: تاريخ ابن الفرات، مج٢، ج٤/ ص ٢٤٩.

(٣) – ابن كثير: البداية والنهاية، ج١٧/ ص ٣٥.

(٤) – ابن نظيف: التاريخ المنصوري، ص ٩٤.

**دووەم: مامەڵەی ئایینی:**

جۆرجییەکان جیاواز لە مەسیحییەکانی دی لە ئاست ئایینی ئیسلامدا نەرمییەکی زیاتریان دەنواند، بۆ نموونە سەرەتا کە لە ساڵی (٥١٥ك/ ١١٢١ز) شاری تفلیسیان گرت کوشتارێکی زۆریان کرد،[١] بەڵام دواتر هەوڵیاندەدا زۆر شت کە موسڵمانان رازی دەکات جێبەجێی بکەن، بۆ نموونە دەرفەتیان دا دروشمەکانی ئیسلام لە شارەکەدا پەیرەو بکرێن، سەربرِینی بەرازیان قەدەغە کرد، خودی سەرکردەکەیان ئامادەی وتاری هەینی موسڵمانان دەبوو، زێرِی بە دیاری دەبەخشی بە بانگبێژ و وتاربێژی موسڵمانان، سەرکردەکەیان چەند خانەقای بۆ سۆفییەکان بنیادنا و بەخشندەیی و رێزێکی زۆری لە ئاست موسڵماناندا نیشان دەدا،[٢] ئەمەش ئەزموونێکی باش بوو بۆ مامەڵەیەکی گونجاوی ئایینی لە سەردەمی ئەیووبییەکاندا.

هەر لەم سەردەمەدا دەبینین پادشای جۆرجییەکان نێردراوی نارد بۆ لای سەلاحەدینی ئەیووبی و داوای لێکرد خاچی پیرۆز (صەلەبوت) ی پێ بدات لە بەرامبەر ئەوەدا جۆرجیا دووسەد هەزار دینار دەدات بە سوڵتانی ئەیووبی، بەڵام سەلاحەدین بەو پێشنیارە رازی نەبوو،[٣] ئەبووشامە باسی لەوە کردووە نێردراوی هەریەک لە بیزەنتییەکان و جۆرجییەکان چەند جار بەو مەبەستە هاتوونەتەوە بۆ لای سەلاحەدینی ئەیووبی، بەڵام سوڵتان بەڵێی بۆ نەکردون.[٤]

لەو ماوەی قودس بە دەست موسڵمانەکانەوە بوو، جۆرجییەکان دەهاتن بۆ سەردانی کڵێسای قیامە، ئەوان بە چەکەوە دەهاتن و دەرِۆیشتنەوە.[٥]

---

(١) -یاقوت الحموي: معجم البلدان، ج٢/ ص ٣٦.

(٢) - الذهبي: سير أعلام النبلاء، ج١٤/ ص٣٢٦.

(٣) - ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ٣١١.

(٤) - الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، ج٤/ ص ٢٧٠.

(٥) - يعقوب الڤيترى: تاريخ بيت المقدس، ص ١٢٦.

**سێیەم: پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:**

وەک جێبەجێکردنی بەندێکی رێککەوتنی ساڵی (٦٠٧ک/ ١٢١٠ز) نێوان ئەیووبی و جۆرجییەکان، کچەکەی ئیوانی سەرکردەی جۆرجی بە بووکێنی نێردرا بۆ لای مەلیک ئەوحەدی ئەیووبی، ئەو ئافرەتە لەسەر ئایینی مەسیحی خۆی مایەوە،[١] دوای مردنی مەلیک ئەوحەدیش ئەم ئافرەتە لەلایەن مەلیک ئەشرەفی برای مەلیک ئەوحەدەوە بەهاوسەرگیرا،[٢] دواتر جەلالەدین خوارزمشاە کە خەڵاتی گرت ئەو ژنەی بەدیل گرت، هەرچەندە مەلیک کامیل ئەشرەف داوای کرد ئازادی بکات کەچی رازی نەبوو،[٣] دواتر کە مەغۆلەکان هاتن و ئەو ئافرەتە کەوتە دەست مەغۆلەکان، خاقان نامەیەکی بۆ نووسی کە سەرجەم ناوچەی خەلات و دەوروبەری دایە دەست ئەو ئافرەتە، ئەویش نامەیەکی بۆ مەلیک شەهابەدین غازی ئەیووبی نووسی و پێی وت: من ژنی مەلیک ئەشرەفی برات بووم، ئەگەر هاوسەرگیریم لەگەڵ دەکەیت ئەوە با ئەم ناوچەیە بۆ تۆ بێت، بەڵام مەلیک شەهابەدین رازی نەبوو.[٤]

---

(١) – النويري: نهاية الإرب في فنون الأدب، ج٢٩/ ص ٤٨.

(٢) – النويري: نهاية الإرب في فنون الأدب، ج٢٩/ ص ٣١٧.

(٣) – الذهبي: تاريخ الإسلام، ج١٣/ ص ٦٥١.

(٤) – ابن الجوزي: المنتظم، ج٢٢/ ص ٣٨٩.

## تەوەری سێیەم

## پەیوەندی نێوان ئەیووبییەکان و ئەرمەنستانی بچووک

دەست تێکەڵکردنی ئەرمەنەکان لەگەڵ هێزە خاچپییەکان زۆرجار چەشنێک لە سەرکەشی و لەخۆباییبوونی پێدابوون، هەندێ جاریش جەنگی بە وەکالەتی تووش دەکردن، وەک چۆن پێشتر بیزەنتییەکان دژ بە موسڵمانەکان سەرسنوورەکانیان بە ئەرمەنەکان دەپاراست، خاچپییەکانیش هەمان ئەزموونیان دووبارە کردەوە، ئەم حاڵەتە لە سەردەمی ئەیووبییەکانیشدا درێژەی کێشا، ئەوەبوو لە ساڵی (٥٧٦ک/ ١١٨٠ز) دا ئەرمەنەکان بەرامبەر بە ژمارەیەک لە تورکمانە موسڵمانەکان ناپاکییان نواند، مەسەلەکەش ئەوەبوو ژمارەیەک لە تورکمانەکانیان رازی کردن مەڕو ماڵاتەکەیان ببەن لەنێو خاکی ئەرمەنەکاندا بیلەوەڕێنن، بەڵام کە تورکمانەکان رۆیشتن، ئەرمەنەکان ناپاکییان لە رووياندا نواند و ئەوانیان بەدیل گرتن، سکاڵای ئەم ناپاکییە لەلایەن سەلجووقییەکانەوە گەیشتەوە لای سوڵتان سەلاحەدینی ئەیووبی و داوایان کرد پشتیوانییان بکات و تۆڵەیان بسەنێتەوە، ئەویش هێرشی بردە سەر ئەرمەنەکان، ئیبن لاوونی سەرکردەی ئەرمەنەکان کە بەمەی زانی خێرا دەستیبرد بۆ سووتاندنی دانەوێڵە و شمەکی ناو قەڵاکە بۆ ئەوەی سوپای ئەیووبی دەستی بەسەردا نەگرێت، بەڵام دواجار لەبەردەم ئەیووبییەکاندا شکا و ملکەچی بۆ سەلاحەدین نیشان دا و دیلە موسڵمانەکانیشی ئازاد کرد، پاشان رێککەوتنێک لەنێوانیاندا بەسترا،[١] رۆبینی سێیەم بۆ رازیکردنی دڵی سەلاحەدین و راکێشانی سۆز و سەرنجی ئەو سەرکردە ئەیووبیە هەوڵێکی زۆری خستەگەڕ،[٢] لەوە بەدواش هەتا مردنی لە ساڵی (٥٨٢ک/١١٨٦ز) بەردەوام سەرانەی ساڵانەی بە ئەیووبییەکان دەدا.[٣]

هاتنی هەڵمەتی سێیەمی خاچپییەکان هیوایەکی بە ئەرمەنەکان بەخشی هەتا بتوانن لەوێوە دژ بە ئەیووبییەکان هەستنەوە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە پشتیوانی هاتنی پادشای ئەڵمانیایان کرد و چوونە نێو ریزی هەڵمەتەکەیەوە،[٤] تەنانەت کاتێک هێزی خاچپییەکان ئازووقەیان کەمبوویەوە، نامەیەکیان ئاراستەی لیۆنی دووەمی (٥٨٢-٥٩٦ک/١١٨٦-١١٩٩ز) پادشای ئەرمەنستانی بچووک کرد هەتا ئازووقەی پێویستیان بۆ دابین بکات، ئەویش وێڕای پێداویستی خواردن و خواردنەوە، کۆمەڵێک

(١) - ابن شاهنشاه: مضمار الحقائق وسر الخلائق، تح: د. حسن حبشي، عالم الكتب، القاهرة، ١٩٦٨م، ص ٤٢.

(٢) - البنداري: مختصر سنا البرق الشامي، ص ١٧٧.

(٣) - اللهيبي: مملكة ارمينيا الصغرى، ص ١٠٤.

(٤) - عماد الدين الكاتب: الفتح القسي في الفتح القدسي، ص ٢٠٨؛ ابن شداد: النوادر السلطانية، ص ١٩٠.

دیاری گرانبەهای بۆ ناردن، هەردوولا ئاڵوگۆڕی ترۆپکی هەواداری و پەیوەندی دۆستانە و ئایینی نێوان یەکدییان دەکرد، تەنانەت بەڵێن درا لەپای ئەو هاوکارییەی خاچپییەکان دژ بە هێزی ئەیووبی، پاش کۆتاییهاتنی جەنگەکە و گەڕانەوەی سەرکردەی خاچپییەکان بۆ ئەورووپا، تاجی رەسمی پادشایەتی بنێردرێت بۆ لیۆنی دووەم،(١) بەڵام سەرکردە ئەڵمانییەکە نەخۆشکەوت و هێزەکەشی لاواز و بێ شمەک بوون، گەیشتە ئاستێک لیۆنی دووەم تەمای ئەوەی هەبوو دەستبگرێت بەسەر شمەک و سامانەکەیدا، ئەم هەواڵانەش گەیشتنە لای سوڵتان سەلاحەدین،(٢) بۆیە دۆخەکە لە بەرژەوەندی ئەرمەنەکان و خاچپییەکاندا نەبوو و مردنی کتوپڕی ئەو پادشایە بارودۆخەکەی لێ تێکدان،(٣) بۆیە خێرا هێزی ئەرمەنی خۆی لە سوپای خاچپییەکان جیاکردەوەو لەنێو قەڵایەکدا خۆیان قایم کرد، خودی ئەم وردەکارییانەش لەلایەن سەرکردەیەکی دیکەی ئەرمەنیەوە بە نووسراوێک ئاڕاستەی سەلاحەدینی ئەیووبی کرا(٤) کە سەرەتای نامەکەی بەم چەشنە دەستی پێکردبوو ''كتاب الدَّاعِي المخلص الكاغيكوس مِمَّا أطالع بِهِ عُلُوم مَوْلَانَا ومالكنا السُّلْطَان الْملك النَّاصِر جَامع كلمة الايمان رَافع علم الْعدْل والاحسان صَلَاح الدُّنْيَا وَالدّين سُلْطَان الْإِسْلَام وَالْمُسْلِمين من أَمر ملك الألمان ..''.(٥)

ئەو شکستە کتوپڕەی هێزی خاچپییەکان ترسی لە دڵی ئەرمەنەکاندا دروستکرد و هەوڵیاندا لەوە بەدوا بێلایەن بن لە ململانێکاندا، ئاستی هێوربوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان گەیشتە ئاستێک سەرکردەی ئەیووبی پیرۆزبایی بوون بە پادشای لیڤۆنی دووەمی(٦) کرد کاتێک لەلایەن پاپای رۆماوە تاجی پادشایەتی پێ بەخشرا و بە کۆمەڵێک دیاری زۆر دەگمەنەوە نێردراوی نارد بۆ پیرۆزبایی پۆستەکەی.(٧)

مردنی سەلاحەدین و درووستبوونی ململانێی نێوخۆیی نێو بنەماڵەی ئەیووبی دەرفەت بوو بۆ ئەرمەنەکان هەتا جارێکی دی دژ بە ئەیووبییەکان بیر لە پێشڕەوی بکەنەوە، بەڵام ئەوانیش گیرۆدەی

---

(١) – انطون خانجي: مختصر تواريخ الأرمن، ص ٢٣١.

(٢) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٢/ ص ٣٢٣؛ الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٤١/ ص ٥٣.

(٣) – عماد الدين الكاتب: الفتح القسي في الفتح القدسي، ص ٢٠٨؛ انطون خانجي: مختصر تواريخ الأرمن، ص ٢٣١.

(٤) - عماد الدين الكاتب: الفتح القسي في الفتح القدسي، ص ٢٠٨؛ أبوشامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، ج٤/ ص ١٣٠.

(٥) – أبوشامة: الروضتين في أخبار الدولتين النورية و الصلاحية، ج٤/ ص ١٣٠.

(٦) – لیڤۆنی دووەم (١١٩٩-١٢١٩ز) پادشای ئەرمەنستانی بچووک بوو کە سەرکردەیەکی بەهێزی سەربازی و سیاسی بوو. بڕوانە: (ک.ل. استارجیان: م.س، ص ٢١٧).

(٧) - انطون خانجي: مختصر تواريخ الأرمن، ص ٢٣٣.

دەست ململانێی نێوخۆیی بوون، ئەمە وایکرد بەشێک لەوان ببنە هاوپەیمانی ئەیووبییەکان و بەشێکی دیکەشیان هاوپەیمانی خاچییەکان بن، هەرچەندە خاچییەکان ویستیان دژ بە ئەیووبییەکان ئەرمەنەکان یەکبخەن، بەڵام ئەو مەرامەیان نەهاتەدی، ئەیووبییەکان پشتیوانی سەرکردە هاوپەیمانیە ئەرمەنییەکەی خۆیان بوون (بوهیمندی چوارەم) دژ بە سەرکردەی ئەرمەنی هاوپەیمانی خاچییەکان لیۆنی دووەم، ئەم حاڵەتەش زیاد لە دەیەیەکی خایاند.(١)

لە ساڵی (٦٠٠ک/ ١٢٠٣ز) کاتێک لیڤۆنی دووەم (٥٩٦-٦١٦ک/١١٩٩-١٢١٩ز) هێرشی بردە سەر ئەنتاکیە، بەرپرسی ئەو میرنشینە مەسیحییە لە ڕێگەی کۆتری نامەبەرەوە هاواری گەیاندە لای مەلیک زاهیری ئەیووبی، ئەویش کە هەواڵەکەی پێ گەیشت بەرەو ئەنتاکیە هێزی جووڵاند، لیۆنی دووەم کە ئەو هەواڵەی بیست خێرا پاشەکشەی کرد.(٢)

لە ساڵی (٦٠٢ک/ ١٢٠٥ز) دا هێزێکی لیڤۆنی دووەم هێرشی بردە سەر دەوروبەری حەلەب و کەوتنە تاڵان و بڕی و بەدیلگرتنی خەڵک،(٣) لەم کاتەدا مەلیک زاهیری ئەیووبی هەڵمەتی ئامادە کرد بۆ سەر ئەو سەرکردە ئەرمەنییە و ئەویش بەهۆی لاوازیی زۆریەوە داوای ڕێککەوتنی لێکرد و بەڵێنی دا چی شتێکی دەست بەسەردا گرتووە هەمووی بگێڕێتەوە، مەلیک زاهیریش نێردراوێکی نارد بۆ لای و ڕێککەوتنیان کرد و هەمو دەستکەوتەکان گێڕدرانەوە، بەڵام زۆری نەخایاند لیڤۆنی دووەم ناپاکی نیشاندایەوەو لە حارم کوشتارێکی دیکەی تورکمانەکانی کرد، مەلیک زاهیر کە ئەو دیمەنەی بینی بڕیاری تۆڵەسەندنەوەی دا، لەگەڵ خاچییەکانی ئەنتاکیە ڕێککەوتنی بەست هەتا دە هەزار سەربازی خاچییەکان بەکاربهێنێت دژ بەو سەرکردە ئەرمەنییە و ئەوان لە بەرەیەکەوەو ئەمیش لە بەرەی خۆیەوە هێرشی ببەنەسەر و بە یەکجارەکی دەسەڵاتەکەی لەناو ببەن، لیڤۆنی دووەم تەواو ترسی لێ نیشت و ئامادەیی هەر جۆرە ڕێککەوتنێک بوو، مەلیک زاهیریش ڕازی بوو و نێردراوی نارد و ڕێککەوتن کرا و سەرجەم دیلە موسڵمانەکانیش ئازاد کران.(٤)

لە ساڵی (٦٠٥ک/ ١٢٠٨ز) دا کەیخوسرەوی کوڕی قلج ئەرسەلان داوای یارمەتی لە مەلیک زاهیری ئەییووبی کرد بۆ هێرش بردنە سەر ئەرمەنستانی بچووک، ئەویش هێزێکی پشتیوانی بۆ

---

(١) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٣/ ص ١٤٦؛ اللهيبي: مملكة ارمينيا الصغرى، ص ص ١٠٧- ١٠٨.

(٢) - ابن واصل: مفرج الكروب، ج٣/ ص ١٥٥.

(٣) – ابن الساعي الجامع المختصر في عنوان التواريخ و عيون السير، ج٩/ ص ١٧٧؛ الذهبي: تأريخ الإسلام، ج٤٣/ ص ٩؛ ابن الدواداري: كنز الدرر و جامع الغرر، ج٧/ ص ١٥٩.

(٤) – ابن العديم: زبدة الحلب في تاريخ حلب، ص ٤٤٦؛ ابن واصل: مفرج الكروب، ج٣/ ص ص ١٧٠-١٧١.

نارد و چەند ناوچەیەکیان گرت، خێرا سەرکردەی ئەرمەنی پەنای بردە بە مەلیک عادل بەو هیوایەی ئەو هێرشانە بوەستێنێت، ئەویش رازی بوو و پەیامی بۆ هەریەک لە کەیخوسرەو و مەلیک زاهیر نارد بوەستن و رێککەوتن بکەن.[1]

ئیبن مونقیز کە گەریدەیەکی موسڵمان بووەو لەناو دەسەڵاتی ئەیووبییەکانەوە چووەتە نێو میرنشینە خاچییەکان، باسی لە گەشتێکی کردووە هاودەم بە بیست کەس لە ئەرمەنەکان، ئەمەش ئاماژەیە بە بوونی پەیوەندی دۆستانەی نێوان ئەرمەنەکان و ئەیووبییەکان جیا لە هەر ململانێیەکی سەربازی و سیاسی، هاوکات باسی لە ئاڵوگۆڕی نێوانیان کردووە کە چۆن لە میسرەوە بۆنی خۆش براوە بۆ ئەرمەنەکان و لەوێشەوە باڵندەی باز نێردراوە بۆ ئەوان.[2]

لە ساڵی (٦١١ک/١٢١٤ز) دا لیڤۆنی دووەم دایە پاڵ سوپای فرەنجەکان بۆ هێرش بردنە سەر قەڵای ئەکراد، مەلیک مەنصوور ترسی لێ نیشت و نامەیەکی ئاڕاستەی مەلیک زاهیر کرد، ئەویش نامەیەکی ئاڕاستەی فرەنجەکان کرد کە دەست لەو نیازەیان هەڵگبرن و مەسەلەکە بە رێککەوتن کۆتایی پێ هات.[3]

لە ساڵی (٦١٢ک/١٢١٥ز)دا لیڤۆنی دووەم وازی نەهێنا هەتا ئەنتاکیەی گرت و ئەمجار مامەڵەیەکی نەرمی نیشاندا و ژمارەیەکی زۆر لە دیلە موسڵمانەکانی ئازاد کرد و ناردنی بۆ حەلەب و لەگەڵ مەلیک زاهیری ئەیووبیدا رێککەوتنی ئەنجامدا، بەڵام ئەمە زۆر درێژەی نەکێشا هەتا لە ساڵی (٦١٣ک/١٢١٦ز)دا عیزەدین کەیکاوسی سەلجووقی داوای پشتیوانی لە مەلیک زاهیری ئەیووبی کرد دژ بە ئەرمەنەکان هەتا ئەنتاکیەیان لەچنگ دەربهێننەوە، سەرکردەی ئەیووبیش رازی بوو و بڕیار درا هەرکامیان لە بەرەی خۆیەوە هێرش ببات، بەڵام دواتر مەلیک عادل پێشنیاری کرد هاوپەیمانێتییەکەیان هەڵبوەشێتەوە، لەو سەروبەندەشدا لیڤۆنی دووەم بە دەرفەتی زانی و نامەیەکی بۆ مەلیک زاهیر نارد و ملکەچی خۆی بۆ نیشاندا و هەوڵیدا رەزامەندیی بەدەست بهێنێت،[4] هاوکات

---

(١) – ابن العديم: زبدة الحلب في تاريخ حلب، ص ٤٤٨؛ ابن فضل الله العمري: مسالك الأبصار في ممالك الأمصار، ج٢٧/ ص ٢١٦.

(٢) – ابن منقذ: الاعتبار، مكتبة الثقافة المصرية، القاهرة، ص ١٠٦.

(٣) – ابن واصل: مفرج الكروب، ج٣/ ص ٢٢٣.

(٤) – بۆ خوێندنەوەی دەقی نامەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٠).

دەستپێشخەری سەلجووقییەکان بۆ کوشتاری بەشێک لە ئەرمەنەکانی حەلەب لەو سەروبەندەدا روویدا، هەموو ئەمانە بوونە هۆکار هەتا مەلیک زاهیر دەست لەو هاوپەیمانێتییە هەڵبگرێت.[1]

دوای ئەوە بەرەبەرە بەریەککەوتنی نێوان ئەیووبی و ئەرمەنەکان هێوربوونەوەی بەخۆیەوەدی، هۆکارەکەشی بوونی ململانێی نێوخۆیی بوو لای هەردوو لا، ئەمەش وایکرد زیاتر سەرقاڵ بن بە کێشە ناوخۆییەکانەوە.[2]

دوایین بەریەککەوتنی نێوان ئەرمەنستانی بچووک و ئەیووبییەکان ئەو کاتە بوو کە هاوپەیمانێتیەکی سێ قۆڵی نێوان مەغۆل و خاچپیەکان و هیتوومی ئەرمەنیدا (٦٢٣-٦٦٩ک/١٢٢٦-١٢٧٠ز) بەسترا دژ بە دەسەڵاتی ئەیووبی، چونکە کەتبوغای سەرکردەی مەغۆلیش چووبوویە سەر ئایینی مەسیحییەت،[3] ئامانجیش لەو هاوپەیمانییە ئەوەبوو قودس لە دەست ئەییووبییەکان دەربکەن، شاڵاوەکە بە هەڵمەتێکی ناوچەیی دەستی پێ کرد دژ بە میرنشینی میافارقین لە دیاربەکر کە لەوکاتەدا لەژێر دەستی یەکێک لە سەرکردە ئەییوبییەکانی ناسراو بە مەلیک کامیل موحەممەدی کوڕی مەلیک موزەفەری کوڕی عادل ئەبی بەکری کوڕی ئەییوبدا بوو. ئەوەی مەغۆل کردبوویانە بیانوو بۆ مەلیک کامیل، ئەوەبوو کە مەلیک کامیل بەهۆی دەمارگیرییەوە قەشەیەکی مەسیحی یەعقووبی لەخاچدا کە هاتبوو بۆ وڵاتەکەی و ناسنامەی هاتوچۆی مەغۆلی پێ بوو، دواجار پاش نزیکەی دوو ساڵ گەمارۆی سەر شارەکە، توانییان بیگرن، دواتریش لە هەڵمەتی سەر حەلەبدا ئەرمەنەکان و خاچپییەکانیش پشتیوانی سوپای مەغۆلی بوون، پاش گرتنی شارەکەش هیتومی پاشای ئەرمینیا ئەو هەلەی قۆستەوە و مزگەوتی گەورەی شارەکەی سوتاند، بۆ گرتنی دیمەشقیش هەریەک لە ئەرمەنی و خاچپییەکان هاودەستی مەغۆلەکان بوون.[4]

دەبینین پەیوەندیی نێوان ئەییووبی و ئەرمەنەکان بەردەوام لەسەر بنەمای دەستتێوەردانی دەرەکی و بەرژەوەندی و ئاستی توانا و بەهێزییان دامەزرابوو، بۆیە هەندێ جار پەیوەندییەکان ئاشتەوایی و زۆرجاریش بەریەککەوتن و جەنگ زاڵبوو بەسەر پەیوەندییەکانی نێوانیاندا.

---

